**د. فەوزی ڕەشید محەمەد بەرزنجی**

# سەرهەڵدانی

# بیرو باوەڕە ئاینییەکان



(١٩٣١-٢٠١١)

وەرگێڕانی

محەمەدوەسمان

هەولێر-2024

ناوی کتێب: سەرهەڵدانی بیرو باوەڕە ئاینییەکان

نووسینی: د.فەوزی رەشید

وەرگێرانی: محەمەد وەسمان

تیراژ:٥٠٠ دانە

چاپخانە :سنوور

ژمارەی سپاردن: لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٧٦٢ ) ی ساڵی(٢٠٢٤ )ی پێدراوە.

## د. فەوزی ڕەشید محەمەد بەرزنجی

## (١٩٣١-٢٠١١)

## مێژوونووس و ئەکادیمی وشوێنەوارناس



مێژوونووس و ئەکادیمیست و شوێنەوارناسێکی عێراقی، لە ساڵی ١٩٥٧ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە شوێنەوارناسی لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی بەغدا بە نایاب بەدەستهێناوە، بە ئەرکێکی خوێندن چووەتە ئەڵمانیا و بڕوانامەی ماجستێری لە شوێنەوارناسی بەدەست دێنێت و لە ساڵی ١٩٦٦ بڕوانامەی دکتۆرا لە شوێنەوارناسی(نووسینی مێخی ) لە زانکۆی هایدلبێرگ بەدەست دێنێت .

دکتۆر فەوزی ڕەشید ، بە دواهەمین گەورە شوێنەوارناس ونووسینی مێخیناسە عێراقییەکانی نەوەی پێشەنگ دادەنرێت ،

بەپڕ زانیاری قووڵ و ئاکاری نەرم و نیان ناسرابوو.

لەوزانادەگمەنامەبوو،کەوادەقە سۆمەری وئەکەدییەکانی بەنووسین وخوێندنەوە بەرەوانی دەزانی،سەرباری ئەڵمانی وئینگلیزی وعەرەبی.

له ماوەی ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٧ وەک بەڕێوەبەری مۆزەخانەی عێراق له بەغدا کاری کردووه.

پاشان له ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٧ بووه به بەڕێوەبەری خوێندن و توێژینەوه له بەشی شوێنەوارەکانی عێراق، پاشان له ١٩٨٧-١٩٩٥ مامۆستا بووه له کۆلێژی ئاداب له زانکۆی بەغدا ، دواتر عێراقی جێهێشتووه بۆ خوێندن له زانکۆ جۆربەجۆره عەرەبییەکان، لەوانه زانکۆی ٧ی نیسان له شاری زاویه و دواتر له زانکۆی النقاط الخمس- پێنج خاڵ له شاری زووارەی لیبیا ، ساڵی ١٩٩٧ کاری کردووه. له نزیک سنووری تونس.، که دواهەمینیان زانکۆی ئەلمەنار لەتونس بوو..

له زانکۆکانی لیبیا له ساڵی ٢٠٠٢ خزمەتەکانی کۆتایی پێهات، چونکه گەیشتبووه ئەو تەمەنەی که یاساکانی لیبیا ڕێگەی پێنەدەدا، زانکۆکانی تونس پەیوەندیان پێوەکرد، سەرەڕای هەژارییەکەی تونس به بەراورد به لیبیا، ئەویش له ساڵی ٢٠٠٢دا کاری کردووه له زانکۆکانی تونس تا ساڵی ٢٠١٠، هەرچەنده تەمەنی نزیک بوو له هەشتا ساڵی، خزمەتگوزارییەکانی به داواکاری تایبەتی خۆی کۆتایی پێنەهێنرا .

کتێبەکانی:


سرجون الأكدي
اول امبراطور في العالم
أبي سين
أمير كوديا
الملك حمورابي
مجدد وحدة البلاد
د. فوزي رشيد
الموسوعة الذهبية
٥
الملك
نبوخذنصر
الثاني
zoom


الشرائع العراقية القديمة
قواعد اللغة الأكدية
قواعد اللغة السومرية
الفكر عبر التاريخ
الدكتور فوزي رشيد
ظواهر حضارية وجمالية من التاريخ القديم
تأريخ الكرد القديم
zoom

-قواعد اللغة السومرية،1972 .

-قواعد اللغة الاكدية،1988 .

-الافكاروالمعتقدات الدينية في الشرق القديم.

-السياسة والدين في العراق القديم.

-الفكر عبر التاريخ.

-نصوص مسمارية في المتحف العراقي 1970.

-ماهو الجمال؟ 1975

-أقدم النصوص المسمارية في سد حمرين 1981.

-تاريخ ايران القديم (مشترك مع طه باقر ورضا جواد الهاشمي) 1976 .

- طه باقر حياته واثاره.

-ظواهر حضارية وجمالية من التاريخ القديم.

-الشرائع العراقية القديمة.

-علم المتاحف.

-سرجون الاكدي اول امبراطور في التاريخ.

-الملك حمورابي مجدد وحدة البلاد.

-اشور افق السماء.

-الاميركوديا.

-نرام سين ملك الجهات العالم الاربع.

-ابي سين اخرملوك سلالة اور الثالثة.

-نبوخذنصر الثاني.

چەندين وتارى هەبوو لە گۆڤارەكانى وەک:

-سومر.

-افاق عربية.

-مجلة كلية الاداب.

# بيرو باوەڕەئاينييەكان

## سەرهەڵدان



**بیرو باوەڕە ئاینییەکان-سەرهەڵدان**

بنەمای پەرەسەندن ، هەموو بەرهەمەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، جا ئەو بەرهەمانە ماددی بن یان هزری، وامان لێدەکات بڵێین باوەڕە ئایینییەکانی سەردەمی مێژوویی دەبێ لکێک بن لەو باوەڕانەی کە لە سەردەمی شارستانییەتە کشتوکاڵییەکاندا زاڵ بوون، لە بەشەکانی باکووری عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی ۸۰۰۰ بۆ ۵۰۰۰ی زایینی پ. م. هەبوون .

تا ئەو کاتەی باوەڕمان وایە کە بنەچەی ئەو خەڵکەی لە بەشی باشووری ئەو نیشتەجێ بووین ، دوای دروستبوونی لە کۆتایی هەزارەی شەشەمی پێش زایین، لەو ناوچانەن ئەم شارستانییەتە کشتوکاڵییانە دەیان گرێتەوە.

زانیارییەکانمان لەبارەی ئەو شارستانیەتانە دووپاتی دەکاتەوە کە ئەوان بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە باران بەستووە بۆ کشتوکاڵ کردن، هەروەک لە ئێستادا بۆ چاندنی دانەوێڵە لە ناوچەکانی باکووری عێراقدا هەیە.

هۆکاری ئەمەش ڕوون و سادەیە، چونکە زەویەکانی ئەو ناوچانەگەوەکن و بەکارهێنانی سیستەمی ئاودێری سوودی نییە، هەربۆیە ناچارن پشت بە ئاوی باران ببەستن. بە هۆی ئە م ڕاستیەوە یەکەمی ئە م شارستانیە کشتوکاڵیە دێمیانە لە و ناوچانە سەڕی هە ڵداوە ،کە بارانبارینی وەرزی بەس بووە بۆ گە شەی

بەرهەم، واتە لە دامێنی شاخەکان لە ناوچەکانی باکور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق.

لە ڕێگەی ئەو شوێنەوارانەی کە ئەم شارستانییە کشتوکاڵییە دێمیانە بۆمانیان بەجێ هێشتووە، دڵنیاین کە دانیشتووانەکانیان پیتوفەڕ و هەموو ئەو شتانەیان پەرستووە کە یارمەتیدەرە بۆ بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ژیاندا و ئەوان بووکەڵەیان کردووە بە هێمای ئەم پەرستنەیان ، کە بووکەڵەکانی خوداوەندی دایکیان وێناکردووە.



ثلاث دمى مختلفة للالهة الام ، يشاهد فيها التركيز على المناطق الخصبة في المرأة

نیگار:سێ بووکەڵەی جیاوازی خوداوەندی دایک، کە نیشاندانی گرنگیدان بە لایەنی پیتوفەڕی ژنە

هۆکاری پاڵنەری دانیشتوانی ئەو شارستانیەتانە بۆ پەرستنی پیتوفەڕ(الخصوبة) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هۆکارە گرنگ و بنەڕەتییە بووە، کە ژیانی ئەوانی داگرتوە، تا ئەو کاتەی بڕی باران بەس بووە بۆ گەشەکردنی بەروبوومەکان، بەرهەمی زۆر تەنها لەڕێگەی بەردەستبوونی پیتوفەڕی زەوی وبەروبوومەکانەوە بەدەست دێت ،بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەم شارستانیەتانە لە سەرەتای هەزارەی شەشەمی پێش زایینەوە لەو ناوچانەی کە دەکەونە باشووری هێڵی باران و درێژبوونەتەوە تا شوێنی تەل ئەلسوان، کەوتۆتە باشووری شاری سامەرای ئێستا، بووەتە هۆی ناسەقامگیری پایەکانی ئەو پەرستنە، چونکە بارانبارینی ساڵانە لەم ناوچانەدا ناوەناوە و ناجێگیر بووە، ئەوەی مەبەستمانە لە ناوەناوە ئەوەیە کە ساڵێک بڕی بارانبارینی بەسە بۆ گەشەکردنی بەرهەمەکان، لە ساڵێکی دیکەشدا بەس نیە.






دەفری سامارا، لە ساڵی ٤٠٠٠ پێش زایین، لەلایەن ئێرنست هێرزفێڵدەوە لە هەڵمەتێکی هەڵکەندندا لە ساڵانی ١٩١١-١٩١٤ دۆزرایەوە. ئێستا لە مۆزەخانەی پێرگامۆن لە بەرلیندایە. سواستیکا لە ناوەندی دیزاینەکەدا کۆکراوەتەوە.



شـكل ــ ٣
نماذج من الدمى الممثلة للالهة الام من موقع تـل الصوان

ئەم ناوەناوییە لە ڕێژەی باران بارین وای لە خەڵکی ئەو ناوچانە کرد، کە زیاتر سەرنجیان بخەنە سەر ئەو هۆکارانەی کەشوهەوا کە کاریگەرییان لەسەر باران و چاندن و دروێنە هەیە، زیاتر لە گرنگیدانیان بە پیتوفەڕ و هەموو ئەو شتانەی کە زۆری لە بەرهەمهێناندا دروست دەکەن، چونکە پیتوفەڕ بەبێ بارانبارین بە بڕی پێویست بێ بەها دەرکەوت بۆ گەشەکردنی بەرهەم و ئاژەڵەکان، کەوا سەرچاوەیەکی بنەڕەتین بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک، ژیانیشی لە مەترسیدایە بەهۆی نەبوونی کشتوکاڵ وبەرهەمێکەوە کە باران دەبێتە هۆی گەشەکردنی، و بەو هۆیەوە ئەم هەلومەرجانە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەیەکی ئایینی نوێ، کە لە ڕێوڕەسمەکانی پشت دەبەستێت بە پیرۆزی هۆکارە سروشتییەکان و سەیرکردنی ئاو وەک بنچینەوبنەمای ژیان.




گومانی تێدا نییە کە ئەو ناوچانەی بارانبارینیان لە گۆڕاندایە ناتوانن چڕییەکی زۆری دانیشتووان لەخۆبگرن، چونکە زۆرجار ڕوودەدات ،بەرهەمی ساڵێک بەسەر دوو ساڵدا دابەشدەکرێت، ئەمەش بە پێشبینیکردنی ساڵانێک بارانبارینی کەم بێت . ئەم ڕاستییە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە هەر زیادبوونێکی دانیشتوان دەبێت ناوچەکە بەجێبهێڵن، بەپێچەوانەوە هاوسەنگی نێوان دانیشتوان و بڕی خۆراکی بەرهەم هێنراو تێکدەچێت و لێکەوتەی کارەساتبار بۆ سەلامەتی و ئاسایشی کۆمەڵگای لێدەکەوێتەوە، بەو پێیەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەکانی باکوورن،
زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زیاتر لە پێویستی، هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمیدا نەبووە کە بتوانێت بیگرێتەبەر جگە لەو ڕێگایەی بەرەو بەشی باشووری عێراق بڕوات، چونکە ئەو بەشەی پێشتر باسکرا لە سەرەتای دروستبوونیدا بووە و خەڵکی تێدا نەبووە ، سەرباری ئەوەش قۆپییەکانی(الاهوار) و ئەو ماسی و باڵندانەی کە تێیاندا بوون خواردنی خێرایان بۆ هەرکەسێک دابین دەکرد، کە هاتوون بۆ ئەوێ ، هەربۆیە ئەوە بوو زیادبوونەکان کە لە ناوچەکانی بارانبارینی ناجێگیر ڕوودەدەن یەکسەر دەچنە ئەو بەشەی پێشتر باسمان کرد، و ئەم کۆمەڵەکۆچبەرانە بیرۆکەی پەرستنی ئەوەیان لەگەڵ خۆیان هێنا ،کە پەرستنی هێزە سروشتییەکانە، کەوا کاریگەرییان لەسەر باران و چاندن و دروێنەکردن هەیە و لەوێ بڵاویان کردنەوە.

## خوداوەندەسەرەکییەکانی سۆمەری




هەرچەندە ئەوەی باسمان لە سەرهەڵدانی بیروباوەڕی ئایینی لە سەردەمە مێژووییەکاندا ، لەسەر بنەمای هۆکاری لۆژیکییەوەیە، بەڵام ئەوە بە تەنیا بەس نییە مەگەر سروشتی ئایین لەو سەردەمە مێژووییانەدا لەگەڵ جۆری ئەو هۆکارانەدا بگونجێت کە ڕوونمان کردنەوە، ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەو قۆناغەی تیایدا شارستانیەتی سامەرا بڵاوبوویەوە ، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئایینی نوێ لەسەر بنەمای پیرۆزکردنی هۆکارەکانی کەشوهەوا کە کاریگەرییان لەسەر باران و چاندن و دروێنەکردن هەبووە.

ئەم بیرۆکانە کەوا گواستراونەتەوە بۆ بەشی باشووری عێراق لە جۆری ئەو خوداوەندە سەرەکیانەن کە سۆمەریەکان دەیانپەرست، کە بە خوداوەندەکانی ئانو، خوداوەندی ئاسمان، خوداوەندی ئێنلیل، خوداوەندی هەوا، خوداوەند ئێنکی، خوداوەندی زەوی، و خوداوەندی خۆر( ئوتو) (شمش)، خوداوەندی خۆر ناسراون. ئەمانە ئەو خوداوەندانەن کە زۆربەی داستان و ئەفسانەکانی سۆمەری و بابلی باسی گەورەیی ئەواندەکەن، ئەم خوداوەندانە لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی هۆکارە جیاوازەکانی

کەشوهەوا دەکەن، یان ئەو هۆکارانە لە خۆ دەگرن، ئەمەش ڕەوایەتی بۆچوونەکەمان پشتڕاست دەکاتەوە.




1-سومەر
2-زەوی (کی)
3-دەریای سەروو(سپی ناوەڕاست)ڕۆژئاوا
4-واڵایی (ئیل)
5-ئاسمان (ان)
6-بارەگای خواوەندانی جیهانی سەروو(ئانونا)
7-ئاوی یەکەم Nammu
8-دەریای قووڵ(ئاپسو)
9-جیهانی ژێرزەوی (کور kur)
10-بارەگای خواوەندانی جیهانی خواروو (ئیگالگینا)
11-دەریای ژێری (کەنداو)ڕۆژهەڵات
متوون سومر-ل 85 - 2022

| | | |
|---|---|---|
| Utu<br>Shamash[91] |  | E-Babbar temples at Sippar and Larsa[92] |

هەروەها ئەوەی شایانی باسە لەم ڕووەوە ئەوەیە، کە ئەو داستانانەی پێشتر باسمان کردن ئەوەمانیان بۆ دەرخستووە، کە دانیشتوانی میزۆپۆتامیا بە هیچ شێوەیەک پرسیاریان لە جۆری ئەو هێزە نەکردووە کە خوداوەندە سەرەکییەکانی دروست کردووە، بەڵکو بوونیان بە بابەتی هەرهەبوو وئەبەدی زانیوەو پێویستیان پێی نییە گفتوگۆی لەسەر بکەن، هەروەها ئەم خوداوەندانەش ئەوانە بوون کە گەردوون ومرۆیان دروست کردووە.

هەروەها هۆکاری ئەم باوەڕە ڕوون و سادەیەش ئەوەیە، چونکە هەستیار بوون بەرامبەر کاریگەری ئەو هۆکارانە لەسەر ژیانیان و بەروبوومە کشتوکاڵییەکانیان، بەڵام نەیاندەزانی لە بنجدا چۆن دروستبووین، بۆیە کردیان بە خودا و بە هەمیشەیی داندران.

لە خوارەوە زانیارییە بەردەستەکان سەبارەت بە دیارترینی ئەم خوداوەندانە دەخەینەڕوو.

(١) خوداوەندی ئانو - ئەو خوداوەندی ئاسمانە ،لە ڕووی گرنگییەوە لە لوتکەی خوداوەندە سەرەکییەکانی سۆمەریدا ڕیزبەندی کراوە، ناوەکەی بە نیشانەیەکی میخی نووسراوە، کە لە بنەڕەتدا وێنەیەک بووە کە لە وێنەی ئەستێرەی هەشت نووکدار بە بەکارهێنانی ئەم نیشانەیە وشەی "ئاسمان" و وشەی "خودا"یش نووسراوە بۆیە نیشانەی ئەستێرە هەشت نووکدارەکە وەک نیشانەیەکی بەرچاو لە پێش ناوی هەموو خوداوەندە کۆنەکانی عێراق دادەندرا.

کاتێک ئێمە لە هۆکاری نووسینی ناوی خوداوەند ئانو و وشەی ڕەهای خودا بە ئەستێرەیەکی هەشت نووکدار لێکۆڵینەوەمان کرد، دڵنیا بووین کە ئەم هەشت خاڵە لە ڕاستیدا هیچی تر نەبوون جگە لە نیشاندەر بۆ هەموو ئاراستە جوگرافییەکانی گەردوون ،ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەمانە هەشت نووکدارییەکە هەمەلایەنە بوون دەردەبڕێت و هەروەها ئامانجیان پشتڕاستکردنەوەی ئەوە بوو کە خوداوەند لە هەموو شوێنێکی گەردووندا بوونی هەیە.

| Name | Image | Major cult centers |
|---|---|---|
| **An** Anu[52] |  | Eanna temple in Uruk[53] |



شكل (18): رموز الإله آن: 1. الجهات الثمان (رمز الألوهية) الألف الخامس ق.م
2. العلامة الكتابية دنگر (الإله، الألوهية) في الألف الرابع ق.م




ئەوەی پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەم هەشت نووکداریە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئەستێرەکەوە نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئاماژە بە هەموو ئاراستەکانی گەردوون دەکەن، ئەوەیە کە ئەو نیشانەیە بە هیچ شێوەیەک بۆ ئاماژەدان بە ئەستێرەکە بەکارنەهێنراوە، بەڵام لێکچوونەکەی لەگەڵ ئەستێرەکە بووە هۆی پاڵنەری عێراقییە دێرینەکان بۆ نووسینی وشەی ئەستێرە بە دووبارەکردنەوەی ئەو نیشانەیەی کە پێشتر باسمان کرد سێ جار بە مەبەستی جیاکردنەوەی وشەی ((ئانو )ی خوداوەند و لە نێوان وشەی ((ئەستێرە)) .

خوداوەند ئانو، وەک لە دەقە مێخییەکان دەردەکەوێت، باوکی زۆر خوداوەندبووە

وەک:

خوداوەندی هەوا، ئینلیل، خوداوەندی هەوا، ئەشکور (ئاداد)، و خوداوەندی خۆشەویستی و ژیان، ئینانا (سەرنج بدەن کە باوەڕێکی تر هەیە کە خواوەندی ئینانا

کچی خوداوەندی مانگە) .هەروەها باوکی مێخوداوەند بابا و مێخوداوەندی شاری لاگاش و هاوسەری خوداوەند تینکەرسو و خوداوەندی (کاتوم دوک)ە کە بە دایکی هەموو منداڵان دادەنرێت و دایکی شاری لاگاش و... مێخوداوەند نەسابا، مێخوداوەند دانەوێڵە، جگە لەوەش خوداوەندی ئانو باوکی ژمارەیەک جنۆکە و دێوودرنج بووە و باوکی حەوت مێخوداوەندە خراپەکان بووە کە پێیان دەوترێت ((سێپیتو)).

لە ڕێگەی باوکایەتی ئەم خوداوەندەوە بۆ کۆمەڵێک خوداوەندی باش و باوکایەتییەکەی بۆ ژمارەیەک جنۆکە و دێوودرنج وگیانی خراپ، جگە لەوەی چەندین کردەوەی زیانبەخشی بۆ مرۆڤ ئەنجامداوە، ئەمەش وایکرد عێراقییە کۆنەکان هۆکاری زۆربەی باشی یان خراپەی بەسەریاندا هاتووە لەم خوداوەندەدا ببینن، لە دیارترین کردەوە نەرێنییەکانی خوداوەند ئانو سەباریت بە مرۆڤەکان ئەوەیە کە داستانی گیلگامێش پێی ڕاگەیاندین کاتێک پشتڕاستی کردەوە کە خوداوەند ئانو ئەو کەسەیە کە گامێشی ئاسمانی لەسەرداوای خوداوەندی ئینانا (ئیشتار) دروستکردو هێنایە خوارەوە بۆ سەر زەوی.

لە ڕێگەی ئەوەوە ترس لەناو مرۆڤەکاندا بڵاودەکاتەوە گیلگامێش و هاوەڵەکەی ئەنکیدو ئەوانەن کە مرۆڤایەتییان لە خراپەکارییەکانی ئەم گامێشە ڕزگار کردووە ئەوە خوداوەند ئانو بوو کە بڕیاری مردنی گیلگامێشی دا دوای ئەوەی گۆڕا بۆ مرۆڤێک کە پێی وایە نەمریی مرۆڤ بە ئەنجامدانی کارە گەورەکان بەدەست دێت کە سوودی بۆ خەڵک و مرۆڤایەتی بە گشتی هەیە و هەر ئەو کەسەیە کە خوداوەندی نەخۆشی و خوداوەندی مردنی بۆ مرۆڤایەتی دروست کردووە.

گومانی تێدا نییە، هۆکاری ئەوەی وایکرد خوداوەند ئانو بۆ خەڵکی میزۆپۆتامیا وادەرکەوێت کە سەرچاوەی چاکە و خراپەیە لە هەمان کاتدا، لەبەر ئەوەیە کە ئاسمان ئەو هۆکارانەی کەشوهەوا لە باوەش دەگرێت کە بە شێوەیەکی نەرێنی یان ئەرێنی کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ و سەرچاوەکانی خۆراکیش هەیە هەر لەبەر ئەمەشە کە زەوی بە ژنی خوداوەند ئانو هەژمار دەکرا، بەڵام پێی نەدەگوترا ((کی))، کە ناوی ئاسایی خاکە، بەڵکو پێی دەگوترا ئوراش((Urash)). هەر لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە، ناوی ((کی)) دەستی کرد بە جێگرتنەوەی ناوی ((ئوراش)).هێمای خوداوەند ئانو

سەبارەت بە زمانی ئەکەدی، ناوی "ئەنتوم" بە ژنی خوداوەندی ئانو دراوە.

شاری ئوروک کە پێکهاتووە  لە دوو هەرێمەوە: کۆلاب و ((ئی ئەننا)) ، ناوەندی پەرستنی ئەم خوداوەندە و پەرستنی ئەنانای کچەکەی بوو، وەک چۆن خوداوەندی ئەنو بە تایبەتی لە ناوچەی کۆلاب دەپەرسترا و خوداوەندی ئاننا لە ((ئی ئەننا)) و نیشانەی خوداوەند ئانو لەسەر داتاشراوەکانە، بە تایبەت لەسەر کێلەبەردەکانی سنوورەکە ئەویش تاجی قۆچدارە ،کە لەسەر سەکۆیەک دانراوە.

٢ - خوداوەندی ئێنلیل - خوداوەندی هەوایە و بە پلە لە دوای خوداوەندی ئانو، خوداوەندی ئاسمان دێت، چونکە وەک ئاماژەمان پێدا، یەکێکە لە کوڕەکانی ئەو ،کە پێشتر باسمان کرد. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت لە ئەم خوداوەندە ، ئەو نازناوە زۆرانەیە کە هەیەتی، وەک چۆن دەقە میخییە جۆراوجۆرەکان پێیان دەگوت پەروەردگاری هەموو وڵاتان، باوکی هەموو خوداوەندەکان، چیای گەورە، ئەو خودایەی بڕیار لە چارەنووسەکان دەدات، ئەو خودایەی بڕیارەکانی گەڕانەوەیان بۆ نییە، ئەو خوداوەندەی کان خاوەن دوو چاوی درەوشاوەیە، و ئەو خوداوەندەی کە دەپەکانی چارەنووسی لە دەستدایە.

| | | |
|---|---|---|
| **Enlil** **Nunamnir,** Ellil[64][65] |  | Ekur temple in Nippur[66][67] |

جگە لەوەش داستانەکانی تایبەت بە دروستکردنی گەردوون پشتڕاستیان کردەوە کە خوداوەند ئێنلیل ئەو کەسە بووە کە ئاسمانی لە زەوی جیاکردووەتەوە و ئەو کەسە بووە کە تەقەمەنی دروستکردووە کە ئامرازی کارە و شاری نیپپور-نەفەر شوێنی

پەرستنی ئەم خوداوەندەبووە، و ٧ کم لە قەزای عفک -عەفەکەوە دوورە لە پارێزگای دیوانییە، و دەقە مێخییەکان ڕوونیان کردووەتەوە ئێمە گرنگی ئەم خوداوەندە و گرنگی شاری نبیپور-نەفەر دەزانین لە ڕێگەی ئەو نەریتەی کە داوای دەکرد باقی خوداوەندەکان ساڵانە بچن سەردانی خوداوەند ئێنلیل بکەن لە شوێنی پەرستنەکەی و داوای بەزەیی و چاکە وفەڕی لێ بکەن بۆ فەرمانڕەواکانی ئەو شارانەی کە ئەو خوداوەندانەیان تێدا پەرستراون.

پەرسگاکەی لە شاری نبیپور-نەفەر ناوی ((ئیکور)) واتە ((ماڵی شاخ)) و ئەم مانایەش لەگەڵ نازناوی ((شاخی گەورە))دا یەکدەگرێتەوە، کە یەکێکە لە نازناوەکانی ئێنلیل ئەو خوداوەندەی کە پێشتر باسمان کرد . هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە نازناوی شاخی گەورە یەکێک بووە لە دیارترین نازناوەکانی خوداوەندی ئێنلیل ، ئەگینا پەرسگاکەی لە ماڵی شاخەکەدایە بەهۆی توانای هەواوە بێت بۆ هێنانی باهۆزی گەورەی تۆزوگەرد یان هەوری چڕ کە لە شێوەکانیدا لە شاخی بەرز دەچێت.

هەروەها خوداوەند ئێنلیل هەڵوێستی نەرێنی بەرامبەر مرۆڤ و خوداوەندەکان  هەیە ،سەبارەت بە مرۆڤەکان، ئەو کەسەیە کە بڕیاری لافاوەمەزنەکەی داوە بۆ سەر زەوی ، کە هەموو مرۆڤەکانی لەناوبرد جگە لەوانەی کە (ئوتوناپیشتیم) ڕزگاری کردوون لە کەشتییەکەیدا، بەپێی چی چیرۆکی لافاوەکە، یەکێک لە بەشەکانی داستانی بەناوبانگی گیلگامێش، پێی ڕاگەیاندین و ئەو ئێنلیل کەسە بوو کە بەدوای گیلگامێش و هاوڕێکەی ئەنکیدودا دەگەڕا بۆ دروستکردنی کێشە بۆیان بۆ ئەوەی ڕێگرییان لێبکات لە ئەنجامدانی ئەرکەکەیان.

سەبارەت بە هەڵوێستەکانی لەسەر خوداوەندەکان، خوداوەندی نینگاڵ، هاوسەری خوداوەندی مانگ، خوداوەندەکانی ئانو و ئێنلیلی بە بەرپرسیار زانی لە وێرانکردنی شاری ئور لەسەر دەستی ئیلامییەکان و سیوئییەکان جگە لەوەش خوداوەندی ئێنلیل تاکە خودایەک لە نێو ئەو خوداوەندانەی کە دەستدرێژی سێکسی کردە سەر ژنەکەی، نینلیل.

سەبارەت بەم دەستدرێژییە، داستانێک هەیە کە پوختەکەی ئەوەیە کە دایکی خوداوەند نینلیل ئامۆژگاری کچەکەی کردووە کە لە کەناڵێکدا خۆی بشوات بە ناوی ((نوبیرا)) و پێی وتووە کە خوداوەندی ئێنلیل پێتداهەڵدەڵێت وئەوینداریت لەگەڵت دەکات، و نابێت وەڕس بیت. خوداوەند نینلیل ئەوەی کرد کە دایکی ئامۆژگاری کردبوو، بەڵام وەڵامی

ئەویندارى خوداى شەوى نەدایەوە، کە ئەمەش واى لێکرد دەستدرێژى بکاتە سەرى، لە ئەنجامى ئەو دەستدرێژیەشدا لەلایەن خوداوەندەوە دووگیان بوو بە ((ننار) ) خوداوەندى مانگ، بەم پێیە پەنجا خوداوەندە گەورەکان و ئەو حەوت خوداوەندەى کە بڕیار لەسەر چارەنووسەکان دەدەن لە شارى نەفەر بڕیاریان دا بەهۆى کارە بێ ئاکارییەکانیەوە تاوانبارى بکەن، بۆیە لە شارى نەفەر دەریانکرد.

لە ئەنجامدا مێخواوەندى نینلیلیش شارەکەى بەجێهێشت بۆ ئەوەى شوێنى بکەوێ و لەم نێوەندەدا خوداوەند ئەنلیل کەسایەتى خۆى لە خوداوەند نینلیل شاردەوە و واى لێکرد بەسێ خوداوەندى دیکە لێ دووگیان بێت، جگە لە خوداوەندى نینار کە خواوەندى مانگە ، و بەبێ ئەوەى ئەو بزانێت کە تاوانبارەکە خۆى بووە و ئەم سێ خوداوەندەى دیکەش هەموویان خوداوەندى جیهانى ژێرى بوون.

بە پشت بەستن بەوانەى سەرەوە، عێراقییە کۆنەکان خوداوەندى ئێنلیلیان وەک ئەو خوداوەندە دەبینى کە داواکارییەکانى جێبەجێ دەکرێن و ڕەتناکرێنەوە، بۆیە دایکى خوداوەند نەنلیل ئامۆژگارى کچەکەى کرد کە وەڵامى ئەویندارى نواندنى خوداوەندى شەوانە بداتەوە، چونکە پێشوەختە دەیزانى کە ناڕەزایەتى بەرامبەر بەو هیچ سوودێکى نابێت، هەروەها مانگیان وەک دەرئەنجامى پەیوەندییەکى نایاسایى دەبینى.

ڕوونکردنەوە بۆ ئەم دوو دیاردەیە ، بە باوەڕى ئێمە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زریان و باهۆز و هەلومەرجانەى تر کە بەهۆى هەواوە دروست دەبن ،کە مرۆڤ ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات، ئەمە ماناى ئەوەیە خوداوەندى ئێنلیل ، هەرچى بیەوێت دەیکات و کەس ناتوانێت لە ڕێگەیەوە بوەستێت، لە ئێستادا، ئێمە ئەو کەسانەش کە ڕەفتارى ناجێگیریان هەیە وەک کەسى هەوایى وەسف دەکەین.

سەبارەت بە تێڕوانینى خەڵکى میزۆپۆتامیا بەرامبەر بە مانگ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەى ، تاکە تەنێکە لە ئاسماندا کە لە قەبارەى ڕواڵەتیدا نزیکە لە شێوەى خۆر، بەڵام ڕەنگاوڕەنگە و یەکجار دەدرەوشێتەوە و بۆ جارى دووەم ون دەبێت و هیچ سەقامگیرییەکى نییە، نە لە شێوەى خۆیدا و نە لە ڕووناکییەکەیدا، وەک ئەوەى شێوەى خۆر و ڕووناکیەکەى بەگشتى جێگیرە،، بۆیە ڕەفتارى مانگیان بە ڕەفتارى منداڵە نایاساییەکان چواندووە، سەبارەت بە هێماکەى لەرسە پەیکەر و بەردى سنووریدا، تاجى قۆچدارە ،کە لەسەر سەکۆیەک دانراوە و بەمجۆرە بە تەواوى لە هێماى باوکى دەچێت کە خوداوەند ئانوە.



**خوداوەند (ئینکی -ئئیا) گۆزەی ئاوی فیچقەکردووی لەدەستە پێلەکانی ئاوی دجلەو فوراتن لە شوێنی خۆی لە ئابسو دانیشتووە و وەزیرەکەی ئیسمود لە پێشی وەستاوە ودووپاسەوان دەرگاوانن - لخمو**



**وێنەی خوداوەندی سۆمەری ئێنکی نزیکەی ٢٣٠٠ پێش زایین**

(3) خوداوەندی ئێنکی - ئەو خوداوەندی زەوییە و خوداوەندی ئاوی ژێر زەوییە و پلەکەی لە نێو خوداوەندەکاندا لە دوای خوداوەندی ئێنلیلەوە دێت.

ئەم خوداوەندە، لە چوارچێوەی زمانی ئەکەدیدا، ناوێکی دیکەی هەیە کە جیاوازە لە ناوی لە زمانی سۆمەرییدا ، لە ئەکەدیدا دەوترێت ((ئایا)).

ئەم ناوە دەبێت جیاواز بێت لە ناوی سۆمەری، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بێت کە خەڵکی نیمچە دوورگەی عەرەبی پێش هاتنیان بۆ میزۆپۆتامیا خاکیان وەک خوداوەندێک پیرۆز کردووە، هەر بۆیەش ناوێکی لە زمانی خۆیاندا هەبووە، و ئەم ناوەش دەبێت جیاواز بێت لە ناوی سۆمەری، بەهۆیەوە بۆ ئەو جیاوازییە گەورەیەی کە لە نێوان ئەو دوو زمانەدا هەیە.

جگە لەوەی کە خوداوەند ئێنکی خوداوەندی زەوییە و گەورەی ئاوی ژێر زەوییە، دەقە مێخییەکان بە خودای پەندزانی -حیکمەتیشیان زانیوە، و خاوەنی ئەو هێزە ئیلاهییانە بووە کە لە سۆمەریە پێیان دەوترێت می ((Mi))، بۆیە خوداوەندەکان لە دۆخە سەختەکاندا ڕاوێژیان پێدەکرد و داوای ئامۆژگاری و هاوکارییان لێدەکرد، نموونەی هەرە دیارەکانی ئەمەش ئەوەیە، کە لە ئەفسانەی دابەزینی خوداوەندی ئینانا بۆ ناو جیهانی ژێرزەویدا هاتووە، کە لە ڕێگەی ئەم دابەزینەیەوە، ئینانا ویستویەتی ئەو جیهانەی پێشتر باسمان کرد کۆنترۆڵ بکات و مرۆڤایەتی لە مردن ڕزگار بکات.

ترسی خوداوەندی ئینانا لە شکستی ئەرکەکەی، نەک خوشکەکەی (ئیرێش-کیگال)، شاژنی جیهانی ژێرزەوی بکوژێت، وای لێکرد خۆپارێزی بکات، بۆیە وەزیرەکەی خوداوەندە ((نینشوبار))ی ڕاسپارد و پێی وت: ئەگەر دوای سێ ڕۆژ سەرکەوتوو نەبووم و نە گەڕامەوە لە ژێرزەوی، ئەوا پێویستە داوای یارمەتیم بۆلە خوداوەند ئێنلیل بکەیت، ئەگەر ڕەتیکردەوە، داوای لە خوداوەند ننار بکە، خوداوەندی مانگ، ئەگەر ڕەتیکردەوە، داوای یارمەتیم بۆلە خوداوەند ئینکی بکە.

بەڕاستی ئەفسانەکە دەریخستووە ، ئەو خوداوەندەی کە لە ڕاستیدا دەستوەردانی کردووە و یارمەتی خوداوەند ئینانای داوە، خوداوەند ئێنکی بووە و بەدڵنیا لە مردن ڕزگاری کردووە.



مۆری لوولەیی ئێنکی Enki لەسەر تەختێک دانیشتووە، کڵاوێکی قۆچداری لەسەردایە

خوداوەند ئێنکی بە پێچەوانەی خوداوەندەکانی ئانو و ئێنلیل، هەمیشە نیاز و هەستێکی باشی هەیە بەرامبەر بە مرۆڤەکان و داستانی لافاوەکەش شایەتحاڵی دڵنیایە بۆ ئەوە، بەو پێیەی خوداوەند ئێنلیل بڕیاریدا لافاو دروست بکات و مرۆڤ لەناوببات، لە کاتێکدا خوداوەند ئێنکی ئوتو-ناپیشتیمی لە بڕیاری خوداوەندەکان ئاگادار کردەوە و داوای لێکرد کە ماڵەکەی بڕوخێنێت و کەشتییەکی دروست بکات و دوو لە هەر جووتێک بیخاتە ناویەوە، جگە لەوەش داستانەکانی تایبەت بە دروستکردنی مرۆڤ ڕۆڵێکی چالاکیان بە خوداوەند ئێنکی بەخشیوە لە پرۆسەی دروستکردنی مرۆڤدا.

ئێنکی باوکی خوداوەند ئاسار لۆخی (مەردوک)ە، کە کاردەکات بۆ یارمەتیدانی باوکی لە ڕێوڕەسمەکانی دەرکردنی جنۆکە و گیانە خراپەکان لە جەستەی نەخۆشەکاندا ، دەتوانێت کۆبوونەوەی جنۆکە و گیانە خراپەکان ببینێت، بۆیە بە وردی وەسفیان دەکات بۆ باوکی،ئەرکی خوداوەند ئەسالوخی بەڵگەی زیاترە لەسەر هەوڵی خوداوەند ئێنکی بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێک کە یارمەتی مرۆڤ بدات و تەندروستی و بەختەوەرییان بۆ دابین بکات یەکێک لە کوڕ و کچەکانی ئەم خوداوەندە نانشیایە کە یەکێکە لە مێخوداوەندەکانی شاری لاگاش، و یەکێک لە گرنگترین ئەرکەکانی ئەرکی لێکدانەوەی خەونەکان بوو.

شاری ئێریدو یەکێکە لە شارە کۆنەکانی سۆمەری لە پەرستنی ئەم خوداوەندەدا، پەرسگاکەشی لەوێ ناوی ئی -ئاپسو ((I-Apsu)) یان ئی – ئیتکورا ((I-Inkura)) ناودەبرێت، هێمای ئەم خوداوەندە بوونەوەرێکە کە لە بزن و ماسی پێکهاتووە، بزنەکە بەشی پێشەوەی دە نوێنێت و ماسییەکە بەشی دواوەی دە نوێنێت لەگەڵ سەکۆی پەرسگاکە.

کۆمەڵێک ئەفسانە سەبارەت خوداوەند ئێنکی هەیە، گرنگترینیان ئەفسانەی ناسراو بە ئێنکی و خوداوەندی نەخرساگ، بەو پێیەی ئەم ئەفسانەیە پەیوەندی بە تێڕوانینی عێراقییە کۆنەکانەوە هەیە بۆ بەهەشت و شوێنەکەی.

ئەم ئەفسانەیە بە چوونی خوداوەندی نەنخرساگ بۆ دیلمون ( بەحرەین ) دەست پێدەکات، کە تیایدا سۆمەرییەکان نموونەی بەهەشتی خۆیان تیابینییەوە ، لەوێش داوای لە خوداوەندی ئێنکی کرد ئاوی ژێر زەویەکەی بگۆڕێت بۆ ئاوی شیرین کە گونجاو بێت بۆ خواردنەوە و ئاودێریکردنی بەروبوومەکان، وەک چۆن بەرپرسیارە لە ئاوی ژێر زەوی، دوای ئەوەی خوداوەند ئێنکی ئەرکەکەی بە باشی ئەنجامدا، ئەو سێکس لەگەڵ مێخوداوەند ((نین-تو)) بکات، کە ناوێکی تری خوداوەند نونخارساگە.

دوای ماوەی نۆ ڕۆژ لە دووگیانی،خوداوەند نن-مو ((Nin-mu)) لەدایک دەبێت.
دوای لەدایکبوونی ئەم خوداوەندە، خوداوەند ئێنکی بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە دەست دەکات بە ئەویندار ی، ئەمەش وای لێدەکات لەگەڵیدا جووتبێت، دوای ماوەی نۆ ڕۆژ لە دووگیانی، مێخوداوەند ((نین-کورا)) لەدایک دەبێت. پاشان خوداوەند ئێنکی هەمان کار لەگەڵ مێخوداوەند (نین-کورا) دەکات، دوای ماوەی نۆ ڕۆژ لە دووگیانیدا، مێخوداوەند ((ئوت-تو)) لەدایک دەبێت ، خوداوەندی چنین و شۆردن

لەم خاڵەدا خوداوەندەکانی نەخرساک دەستوەردان لە بابەتەکەدا دەکەن و خوداوەندەکان ((ئوت-تو)) فێر دەکەن کە چۆن مامەڵە لەگەڵ خوداوەندی ئێنکی بکەن بۆ ئەوەی بەم شێوەیە ئەم لەدایکبوونانە بوەستێنن، بەڵام خوداوەندی ئێنکی توانای ئەوەی هەیە بە دزییەوە بچێتە ناو باخچەی ماڵی مێخوداوەند ((ئوت-تو)) بە پاساوی ئەوەی کە ئەو باخەوانێکی شارەزایە لە دارە میوەکان، و لە ڕێگەی ئەم فێڵەوە، خوداوەند ئێنکی دەتوانێت لەگەڵ خوداوەند ((ئوت-تو)) جووتبێت.

لێرەدا خوداوەند نەخراساگ دێت و بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دەستوەردان لە بابەتەکەدا دەکات، بەجۆرێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو تۆوەی کە خوداوەند ئێنکی لە سکی خوداوەند ((ئوت-تو)) چاندویەتی لەبری ئەوەی ببێتە هۆی لەدایکبوونی خوداوەندێک یان مێخوداوەندێک هەشت جۆر ڕووەک دەدات، هەروەها لە ئەفسانەکەدا دەردەکەوێت کە خوداوەند ئێنکی لە وەزیرەکەی کە ناوی لێنراوە ئەسیمۆ((ASIMO)) داوادەکات

ئەم ڕووەکانەی بۆ کۆبکاتەوە و دوای ئەوەی ئەو کارەی کرد، هەمووی خوارد، بۆیە خوداوەند، نینخریساگ، تووڕە بوون و نەفرەتی مردنیانی لەسەر دانا و بۆ ئەوەی بڕیارەکەی نەگۆڕێت، لە نێو خوداوەندەکاندا ون بوو.

تەندروستی خوداوەند ئێنکی دەستی کرد بە تێکچوون و هەشت ئەندامەکانی نەخۆشکەوتن. کاتێک خوداوەند ((ئەنکی)) خەریک بوو بمرێت، خوداوەندە گەورەکان دڵتەنگ بوون و لەسەر خۆڵدا دانیشتن، تا ئێنلیل خوداوەندی هەوا لە بابەتەکەدا سەری سوڕما و نەیتوانی هیچ بکات بۆ ڕزگارکردنی ((ئێنکی) ).

بۆیە ڕێویەکە هاتە دەرەوە و بە خوداوەند ئێنلیلی وت ئەگەر پاداشتی باشی پێ بدرێت، ئەوا خوداوەند نونخارساگ لەو شوێنەی خۆی حەشارداوە دەهێنێت، ڕێویەکە سەرکەوتوو بوو، بە شێوەیەک کە نەیتوانی بیناسێتەوە، وای لە خوداوەند نونخارساگ کرد بڕیار بدات بگەڕێتەوە بۆ کۆڕی خوداوەندەکان و خوداوەندی ئاو چاک بکاتەوە، کە خەریک بوو بمرێت.

لە تەنیشتی خۆی داینا و دەستی کرد بە پرسیارکردن لە نەخۆشیەکانی، ئەو باسی هەشت جۆر نەخۆشی بۆ کرد، بۆیە خوداوەند ناخێرساگ، خودایەکی تایبەتیان بۆ هەریەک لە نەخۆشیەکانی دروستکرد، تا چارەسەری بکات و کاتێک ئێنکی لە نەخۆشییەکانی چاک بووەوە، گەڕایەوە بۆ وەرگرتنی پێگەی خۆی لە نێو خوداوەندەکاندا، چارەنووسی هەر یەکێک لە خوداوەندەکانی یەکلاییکردەوە و بۆی دیاریکرد، بۆوڵاتی دڵمون خوایەکی تایبەت بە ناوی ((ئینزاک))دانا.

(4) خوداوەند ئوتو - کە خوداوەندی خۆرە، هەرچەندە لە خوداوەندە سەرەکییەکاندایە، بەڵام لە دوای پلەی خوداوەندی مانگدا دێت ،ئەو نیشانە مێخییەی کە ناوی ئەم

خوداوەندەی پێ نووسراوە، هەروەها وشەی ((ڕۆژ)) و سیفەتی ((ڕووناک))ی پێ نووسراوە، و ناوی ئەم خوداوەندە لە زمانی ئەکەدیدا بە "شەمش" دەخوێندرێتەوە.




خوداوەند شەمش لە دەقە مێخییەکاندا بە کوڕی خوداوەندی مانگ دادەنرا و هەر بۆ یەش پلەکەی لە دوای پلەکانی باوکیەوە هاتبوو ،هەروەها بە برای خوداوەندی ئینانا (= ئیشتار)یش دادەنرا ناوی سۆمەریی هاوژینەکەی ((شێ-نیر-دا)) و بە ئەکەدی ((ئەیا)) و پێغەمبەرەکەی خوداوەند بۆنینا و خوداوەند شەمشە ، کە دەتوانێت بە ڕووناکییەکەی تاریکی لابەرێت،توانای بینینی هەموو شتێکی هەیە، بۆیە بە خوداوەندی ڕاستی و دادپەروەری دادەنرا، جگە لەوەش بە گەورەی پێشگۆکاری وپێوارزانی دادەنرا، ئەوەی لە بابەتی ئەم خوداوەندەدا سەرنجڕاکێشە ، ئەوەیە کە ئەو گەرماییەی کە بەهۆی خۆرەوە لە گەرمترین کاتدا مانگەکانی هاوین دروست دەبێت، لەلایەن دانیشتوانی میزۆپۆتامیا بۆ خوداوەندی شەماش نەگەڕێندراوەتەوە، بەڵکو خواوەندی نێرگال ،کە یەکێکە لە خوداوەندەکانی جیهانی ژێرزەوی، بە هۆکاری ئەمەزانراوە، هەروەها خوداوەندی ئاگریش کە پێی دەوترێت (( کەبێل))

بەپێی بیروباوەڕی سۆمەرییەکان، خوداوەند شەماش شەوانە دەچێتە ناو دەریاوە، بەیانیان لە نێوان شاخەکانەوە هەڵدێت، دیمەنی دەرکەوتنی خوداوەند شەماش لە نێو

چیاکانەوە لەسەر مۆرەلوولەییەکاندا لە شێوەی پیاوێکدا وێنا کراوە بە تیشکی خۆرەوە ،کە لە پشتیەوە دێتە دەرەوە پێی ڕاستی لەسەر شاخێک دادەنێت و پێبڕۆکێکی بە دەستەوەیە و لە بەردەمیدا دوو خوداوەند دەرگای بۆ دەکەنەوە.

خوداوەند شەمش لە ڕووی نیازی باشەوە بەرامبەر بە خوداوەندەکان و مرۆڤەکان جیاواز نییە لە خوداوەند ئێنکی ، لە داستانی گیلگامێشدا، یارمەتی گیلگامێش وئێنکیدو دەدات پاسەوانی دارستانی کاژ،یا ئرز، هومبابا، وەک لەبری خوداوەند ئینا لە ئەفسانەی دابەزینی خوداوەند ئینانا بۆ جیهانی ژێرزەوی، ئەو کەسەیە کە یارمەتی ئیتانای داوە ئەو هەڵۆیە بدۆزێتەوە کە پێی بەرز بووەتەوە بۆ ئاسمانی خوداوەند ئانو، واتە ئاسمانی حەوتەم، بۆ ئەوەی لە خوداوەندی ئانو ئەو ڕووەکە بەدەست بهێنێت،کەژنە نەزۆکیەکەی پێی چاک دەبێتەوە لە ئەفسانەی ئایتانادا .

سەبارەت بە هێمای خوداوەند ئوتو (شەمش)، ئەوە خڕۆکەی خۆرە ،کە زۆربەی کات وەک لە نیگاری هێڵکاری هاوپێچدا وێنا کراوە، هەروەها سەبارەت بە ناوەندی پەرستنەکەی .لە شاری سپار و لە شاری( لارسا)ش بوو.

## دیارترین خوداوەندەکانی

## دەسەڵاتی سیاسی دەنوێنن

هەرچەندە ئەو خوداوەندانەی کە لەم بڕگەیەدا باسیان دەکەین بە پایەی دیار لە پێکهاتەی بیروباوەڕی خەڵکی میزۆپۆتامیا دادەنرێن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە پلەی یەکەم زیاتر هێمای دەسەڵاتی سیاسین نەک هێمای دەسەڵاتی ئایینی.

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ، زانیارییە مێژووییەکان پشتڕاستیان کردۆتەوە ، عێراقی کۆن چاوەری -شاهیدی ئەوە بووە، لە سەرەتای نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە، قۆناخی گواستنەوەی سەرکردایەتی بنەماڵەکانی سۆمەری لە دەستی دەسەڵاتی ئایینیەوە گوێزراوەتەوە بۆدەستی دەسەڵاتی سیاسی، گواستنەوەیەک ، لەلایەن خودی دەسەڵاتی ئایینییەوە پێشوازی لێکراوە، چونکە بارودۆخی ئەو بنەماڵانە لەو سەردەمەدا زیاتر پێویستیان بە سەرکردایەتی سەربازی هەبوو لەوەی پێویستیان بە سەروەری ئایینی هەبوویێت، بۆ ئەوەی قەوارەی ئەو بنەماڵانە بپارێزن و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بپارێزن ، کە بەشێکی زۆری سەر بە خاوەندارێتی پەرسگا بووە، واتە خاوەندارێتی دەسەڵاتی ئایینی بووە.

خوداوەندی نێنگێرسو - مانای ناوەکەی بریتییە لە ((پەروەردگاری شاری کرسو)). یەکێکە لەو شارانەی کە لەلایەن شانشینی لگشەوە بەڕێوەبراوە، هەروەها بەرجەستەکردنی دەسەڵاتی فەرمانداریيە لەو شارەدا، واتە بەرجەستەکردنی ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی وەک ئاماژەمان پێدا، نزیکەی ٢٥٠٠ پێش زایین هاتوتە ئاراوە، ، چونکە ناوەکەی پەیوەست نەبووە بە هیچ دەرکەوتەیێکی سروشتی یان هیچ ئەرکێکی خوداوەندەکانی ترەوە، بەڵکو زۆر ئەرک و کاری خراوەتەپاڵ..

ئەم خوداوەندە کۆمەڵێک خوشک و برای هەیە، کە هەموویان پەرستراون، بەتایبەتی لەناوچەی کاریگەریی بنەماڵەی لاگاش، و ئەوانیش مێخوداوەندی نانشی، لێکدەرەوەی خەونەکان، مێخوداوەندی نەسەبا، مێخوداوەندی دانەوێڵە، مێخوداوەندی کاتوم دوک کە وەک دایکی هەموو منداڵان وەسف دەکرێت، و خوداوەند خندرسێنکا ،کە پێشی

دەوترێت ((ئیشۆم))، کە پاڵەوان و ڕاوێژ دابینکەرە بۆ خوداوەند نێرگال، خودای جیهانی ژێرزەوی،.

سەبارەت بە ژنەکەی، ئەو مێخوداوەندی بابایە، خوشکی خوداوەندی ئانو سەبارەت بە باوکی، خوداوەندی تینکەرسو بە کوڕی خوداوەندی ئێنلیل، خوداوەندی هەوا دادەنرێت. جگە لەوەش دەقە مێخییەکان خوداوەندی نێنگێرسو یان وەک وێنەی دووەمی خوداوەند نینورتا دەزانی، هەروەها بە "خوداوەند"ی پیتوفەڕ بەخێوکردن و سەرداری زەوییە کشتوکاڵییەکان و ڕێکخەری کەناڵەکانی ئاودێرییان دەزانی. جگە لەم تایبەتمەندیانەی کە پەیوەندییان بە کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێرییەوە هەبوو، دەقە مێخییەکان خوداوەند نێنگێرسو، بە خوداوەندی جەنگاوەریان وێنا کردووە.
بەرفراوانترین زانیاری دەربارەی خوداوەند نێنگێرسوله نووسینەکانی شازادە گودیا ٢١٤٤-٢١٢٤ پێش زایین پشتڕاستکراوەتەوە. م. شازادەی دووەمی شانشینی دووەمی لاگاش. ئەم نووسینانە جگە لە ئەرکەکانی تری وەک خودای دادپەروەری وەسفیان کردووە سەبارەت بە ڕواڵەتی دەرەکی ئەم خوداوەندە، بە تەواوی وەسفەکانی لە نووسینەکانی ئەو شازادەی کە باسمان کردا هاتووە.

ئەم نووسینانە پشتڕاستیان دەکردەوە کە ئەو بەقەد ئاسمان و زەوی گەورە بووە و سەری وەک سەری خوداوەندێکە و باڵەکانی لە باڵەکانی باڵندەی ئەنزو دەچن و بەشی خوارەوەی جەستەی گڕکانێکە.

پەرسگای ئەم خوداوەندە لە شاری لاگاش پێی دەوترێت پەرسگای ئی ینینۆ کە بە واتای پەرسگای جوان دێت کە هێماکەی لەسەر پەیکەرەکان وێنەی ئەو باڵندەیە کە بە ئەنزۆ ناسراوە.

(5) خوداوەند مەردوک - کە خوداوەندی سەرەکی شاری بابلە، و مانای ناوەکەی بە زمانی سۆمەری بریتییە لە (( گوێرەکەکەی خوداوەندی خۆر) سەبارەت بە ناوەکەی لە زمانی بابلیدا، ئەوە بریتیە لە ((مار-دوکو))، بە واتای کوڕی خوداوەند ((دوکو))، و مانای دوکو ((گردی پیرۆز). )) کە بە ئەنجومەنی خوداوەندەکان دادەنرێت، و شوێنی لەناو ناوچەی شاخاویی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی بابلە، واتە لەناو زنجیرە چیای حەمرین. ناوی خوداوەندی مەردوک لە سەردەمی مەسالیمەوە دەرکەوتووە، کە لە دەوروبەری ساڵی ٢٦٠٠ پێش زایین بووە .

سەبارەت بە پەیوەستبوونی ناوەکەی بە شاری بابل و دانانی بە خوداوەندێکی سەرەکی ، ئەمە لە سەردەمی شانشینی سێیەمی ئورەوە لە ساڵی ۲۱۱۱-۲۰۰۳ پێش زایینەوە ڕوویداوە،خوداوەند مەردوک بە کوڕی خوداوەند ئێنکی دادەنرێت، لە کاتێکدا ئەو مانایەی لە ناوەکەیدا هاتووە زیاتر ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکەی لەگەڵ خوداوەند شەمش نەک پەیوەندییەکەی لەگەڵ خوداوەند ئێنکی.

کۆنترین وەسفی ئەدەبی خوداوەند مەردوک لە پێشەکی یاساکانی حەمورابیدا دەرکەوتووە کە ئەمانەی خوارەوەی تیاخراوەتەڕوو: ((کاتێک خوداوەندی زاڵ ئانو، پاشای ئەنونناکیەکان و خوداوەندی ئێنلیل ،گەورەی ئاسمان و زەوی، بڕیاردەری چارەنووسی وڵاتان، بڕیاریان دا کە خوداوەند مەردوک، کوڕە گەورەکەی خوداوەند ئێنکی، دەبێ پیرۆزی خوداوەند ئێنلیل ی هەبێت ،بەسەر هەموو مرۆڤەکاندا و لە نێو خوداوەندەکانی ئێکیکی گەورەیان کرد ))

کاتێک شاری بابل گەورە بوو،بەتایبەتی لە سەردەمی شا حەمورابی و جێنشینەکانی و بوو بە پایتەختی بنەماڵەی بشانشینی یەکەم، کە دەوڵەتێکی فراوانی دامەزراند، پێگەی خوداوەندی مەردوک بەرز بووەوە و لە هەموو وڵاتاندا پیرۆز کرا،لەبەر ئەم هۆکارە، چیرۆکی دروستکرنی گەردوون ومرۆی بابلی، خوداوەند مەردوکی بەرز ڕاگرت وبەو کەسەی داناوە کە مرۆڤی دروستکردووە و ئەویش بڕیاریداوە ئەو کارە بکات، کە لەلایەن خوداوەندەکانەوە پێش دروستبوونی مرۆڤ ، خوداوەندان ئەنجامیان داوە. لە ساڵی ۱٤۰۰ پێش زایینەوە، ڕێوڕەسمەکانی خوداوەندی مەردوک گواسترایەوە بۆ ناوچەی ئاشوور، لەو کاتەوە، بوو بە ڕکابەرێکی کاریگەر لەگەڵ خوداوەند ئاشوور لە ناوچەی ئاشوور خۆیدا ،بەو پێیەی خوداوەند مەردوک بە پلەی یەکەم هێمای دەسەڵاتی سیاسی بابل بوو ئەو، هاوشێوەی ئەوەی لەگەڵ خوداوەند تینکەرسو بینیمان،ئەرکی زۆری کەوتەسەر، بۆیە دەقە مێخییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە خوداوەند مەردوک خوداوەندی پەندزانیی -حیکمەتە، خوداوەندی دەرکردنی جنۆکە خراپەکانە، خوداوەندی چارەسەرکەری نەخۆشیەکانە، گەورەی کەناڵی ئاو و کێڵگەکانە، خوداوەندی فەرمانڕەوا و خوداوەندی ڕووناکی هێنە . خوداوەند مەردوک چەند هێمایەکی هەیە، یەکەمیان ئەو هێمایە کە لە شاری بابلدا بەکارهاتووە، کە گیاندارێکی ئاوێتەیە، هەر ئەندامێک وەرگیراوە لە ئاژەڵێکی جیاواز لەو ئاژەڵەی کە ئەندامەکەی تری لێ وەرگیراوە، ئەم ئاژەڵە ئاوێتەیە بە زمانی بابلی ناودەبرێت ((موشخوشو)) و هێماکانی تری لەسەر بەردی سنوور دەرکەوتوون، کە هەندێکجار

لەسەر کورسییەکی پەرسگا جێگیر گراوە لەگەڵ ئاژەڵی موشخوشوشو، یان ئاژەڵی ((موشخوشو)) لەسەر سەکۆیەکی پەرسگا جێگیر گراوە ،یا لەسەر سەکۆیەکی پەرسگایە ئامێری میری لەسەر وێنا دەکرێت. پەرسگاکەی لە بابل ناوی ئیساکیلایە، واتە ئەو پەرسگایەی کە سەری بەرزە.

(5) خوداوەند ئاشوور - خودای نەتەوەیی ئاشوورییەکانە. شتێکی سەیر لە ناوی ئەم خوداوەندەدا ئەوەیە کە ئێمە نە مانایەکەی دەزانین، نە سەرچاوەکەی دەزانین بۆیە پێمان وایە سەرچاوەکەی زۆر کۆنە و ڕەنگە مێژووەکەی بۆ سەردەمی پەرستنی تۆتێمیەتی بگەڕێتەوە. ئەوەی کە کۆنیبوونی ناوی ئەم خوداوەندە پشتڕاست دەکاتەوە، دەرکەوتنی ناوەکەیە لە نووسینە میخییەکانی ئابێلا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری 2500 پێش زایین، دوایین باسی خوداوەندی ئاشوور لە نووسینە ئارامییەکاندا دەرکەوتووە، کە لەحەزەر( هاترا – الحضر) لە دەوروبەری سەدەی دووەمی زایینی دۆزراونەتەوە. لە سەدەی سێزدەهەمی پێش زایینەوە ئاشوورییەکان دەستیان کرد بەوەی خوداوەند ئاشووریان بە خوداوەند ئینلیل دە چوواند ، هەر بۆیەش نازناوەکانی بوون بە هەمان نازناوەکانی ئەو خوداوەندەی کە پێشتر باسمان کرد، کە بریتین لە ((شاخی گەورە))، ((پەروەردگاری وڵاتان). )) و ((باوکی خوداوەندەکان))، لە سەدەی نۆیەمی پێش زایینەوە ئاشوور هاوتا بوو لەگەڵ خوداوەندی ((ئەن-شار))، باوکی خوداوەندی ئانو و بەم شێوەیەش پێگەی خوداوەندی ئاشوور بەرزبووەوە بۆسەرووی هەموو خوداوەندەکانەوە.

دەقە مێخییەکان ناوی باوکی خوداوەندی ئاشووریان نەهێناوە و ڕەنگە ئەم ڕاستییە بە بەڵگەی زیاتر هەژمار بکرێت کەوا بنەچەی ئەم خوداوەندە زۆر کۆنە، سەبارەت بە ژنەکەی، ئیشتار-عشتارە، تایبەتە بەخەڵکی شاری ئاشوور. هەروەها خوداوەند نونورا کوڕی خوداوەند ئەنلیل بە کوڕی خوداوەندی ئاشوور دادەنرا. نازناوێکی دیکەی خوداوەندی ئاشوورییەکان بریتییە لە "پەروەردگاری شاخەکانی حەمرین" و هێماکەی خڕۆکەی خۆری باڵدارە، کە لە ناوەوەیدا جەنگاوەرێک کەوانێکی هەڵگرتووە.
سەبارەت بە ئەرکەکانی خوداوەندی ئاشووریش زۆرن، بەو پێیەی ئەم خوداوەندە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی سیاسی دەکات، بۆیە بە خوداوەندی بڕیاردان لەسەر چارەنووسەکان و خوداوەندی فەرمانڕەوا و خوداوەندی شەڕکەر و خوداوەندی پەندزانی –حیکمەتیش دادەنرا.

# دروستکردنی گەردوون و مرۆڤ




دروستکردنی گەردوون و مرۆڤ

عێراقییە کۆنەکان هیچ لایەنێکی ژیانیان بەجێنەهێشتووە بەبێ ئەوەی باسی بکەن لە باسێکی بابەتیدا ، کە لەگەڵ سروشتی ئەو قۆناغەی شارستانییەتدا بگونجێت، کە تێیدا ژیاون. سەبارەت بە دروستکردنی گەردوون و مرۆڤ، ئەو داستان و ئەفسانانەی پەیوەندارن پێیەوە ، بابەتەکە هەندێک جیاوازی لە دیدگاکاندا بۆ ئێمە بەرهەم هێناوە، بە تایبەت سەبارەت بە دروستکردنی مرۆڤ و خودای دروستکەرەکەی، هەندێکیان خوداوەند ئێنلیل بە دروستکەری گەردوون و مرۆڤ دادەنێن، هەندێکی تریش خوداوەندی ئێنکییان بە دروستکەری مرۆڤ داناوە، و گرووپێکی دیکەش خوداوەندی مەردوکیان بە دروستکەری گەردوون و مرۆڤ دەزانی.

ئەم جیاوازییە لە تێڕوانینەکانی داستان و ئەفسانەکان یارمەتیدەرمان بووە بۆ ئەوەی سەرچاوەی سەرەتایی ئەم بیروباوەڕانە بزانین و هەروەها یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی بزانین ئەو قۆناخانەی پەرەسەندنی پێیدا تێپەڕیون.

جگە لەوەش ئەم جیاوازییە بە بەڵگەی ڕوون دادەنرێت بۆ بابەتییەتی عێراقییەکان لەم ڕووەوە. ئەو بۆچوونانەی کە پێشکەشیان دەکرد، تەنانەت ئەگەر لە هەندێک لایەنیشدا جیاواز بوون، لە خەیاڵەوە سەرچاوەیان نەگرتبوو، بەڵکو دەرئەنجامی سروشتی ئەو ململانێیە بەردەوامەی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی بوون.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، ئاماژە بەوە دەکەین، کە باسمان لەوە کردووە کە بیروباوەڕی سۆمەرییەکان کە بە پیرۆزکردنی هۆکارە سروشتییەکانی لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین زاڵ بوون، بۆ یەکەمجار لە بەشەکانی باکووردا دەرکەوتوون، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە بارانبارینیان هەڵدەگۆڕێت وناوەناوەن. ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەو کەسانەی بۆ یەکەمجار ئەم ئایینە نوێیەیان فەلسەفاند ، لە ناوچەیەکدا دەژیان کە لە سروشتدا هاوشێوەی سروشتی بەشی باشووری عێراق نەبووە.

بۆیە ئێمە لە کۆنترین بۆچوونەکاندا سەبارەت بەم بیروباوەڕە نوێیانە ،تەنیا کاریگەرییەکانی ئەو ناوچەیە مان دۆزییەوە، کە ئەو بیروباوەڕانە تێیدا دەرکەوتووە ، سروشتی ئەو ناوچەیەی کە بۆ یەکەمجار بیروباوەڕە نوێیەکانی تێدا دەرکەوت تەنها شتێکی کەم بوو کە بارینی باران بە بڕی پێویست بوو بۆ گەشەکردنی بەرهەمەکان، لەبەرئەوەی هەوا هۆکاری کاریگەر بوو بۆ هێنان یان دوور خستنەوەی باران، بۆیە خوداوەندی هەوا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەو بابەتەدا، نەک تەنها ئەوەش، بەڵکو خوداوەند ئێنلیل،. خوداوەندی هەوا، لەناو بیروباوەڕە نوێیەکاندا وەک دروستکەری گەردوون و دروستکەری مرۆڤ دادەنرا.

ئەوەی ئەمەش پشتڕاست دەکاتەوە، کە ئێمە سەبارەت بە خوداوەند ئێنلیل گوتوومانە، نازناوی ((شاخی گەورە))یە، وەک ئەم نازناوە پشتڕاستی دەکاتەوە کە شکۆمەندکردنی ئەم خوداوەندە لەو سەردەمەوە ڕوویداوە کە ناوچەکانی باکوور هێشتا ناوەندی شارستانیەتی بووین. جگە لەوەش کۆنترین داستان سەبارەت بە دروستکردنی مرۆڤ کە ناوی (بیور)ە، بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ ئەمە دەخاتە ڕوو و ناوەڕۆکەکەی بەم شێوەیە دادەنرا.




داستانی (بیور)

خوداوەندی پەروەردگار ئێنلیل وایکرد هەموو شتێکی بەسوود گەشاوە دەربکەوێت

ئەو گەورەیەی کە بڕیاری چارەنووسی دەیدات بەهیچ جۆرێک ناگۆڕێت،

بە پەلە ئاسمانی لە زەوی جیاکردەوە

چونکە بەپەلە زەوی لە ئاسمان جیاکردەوە ،

دوای ئەوە کاری کرد بۆ ئەوەی مرۆی یەکەم دەربکەوێت.

بۆیە لە ناوچەی دورانکی درزێکی لە زەویدا هەڵکەند.

ئەو بیوری دروست کرد، پاشان ڕۆژەکە کۆتایی هات.

پاشان ئەرکی کارکردنی بڕیاریدا و چارەنووسی بڕیاریدا.

لە کاتێکدا دەسکی بیورو دەسکی سەبەتەی کارەکەی توند وچاک دەکرد،

خوداوەند ئێنلیل شکۆمەندی بەخشی بەئەو بیورەی کە دروستی کردووە.

بیورەکەی هێنایە ((ئۆزۆ-ئایا)).

سەرەتاكانی مرۆڤایەتی خستە ناو درزەكەوە،

كاتێک مرۆڤەكان وەک گژوگیا لە زەویەوە دەستیان كرد بە دەركەوتن،

خوداوەند ئینلیل  بە ئاسوودەیی سەیری گەلی سۆمەری خۆی دەكرد.

خوداوەندەكانی ئەنوناكی لە تەنیشتی وەستابوون.

دەستیان لەسەر دەمیان دانابوو،

نزاونوێژیان بۆ خوداوەند ئێنلیل دەكرد.

و بیورخرایە دەستی خەڵک.

هۆكاری ئەوەی وای لێكردین باوەڕمان بەوە هەبێت كە داستانی ((بیور)) پێش گواستنەوەی بیرۆكەی نوێ كە بە پیرۆزكردنی هۆكارە سروشتییەكانن بۆ بەشی باشووری عێراق نووسراوە، ئەوەیە كە تاكە داستانە كە پشتڕاستی دەكاتەوە كە مرۆڤ وەک چیمەن وگیا  لە قووڵایی زەویەوە دەركەوتووە، بیرۆكەكەی دەبێت وەک بیرۆكەكەی ئەو بێت،بێ گومان ئەم بیركردنەوەیە كشتوكاڵییە ولە ناوچەكانی باكووری عێراقدا باو بووە، بەتایبەتی لە ماوەی نێوان ٨٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ پ.ز، لەو سەردەمەی كە شارستانیەتەكانی پشت بە كشتوكاڵی دێمی دەبەستن باو بوون .

جەختكردنەوەمان لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە بیرۆكانە تەنها ڕەنگدانەوەی كۆمەڵگەیەكی پاكی كشتوكاڵین، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە بیرۆكەی داستان و ئەفسانە كە لە دوای نیشتەجێبوون لة بەشی باشووری عێراق بەرهەم هاتوون، جگە لە ڕەنگدانەوەی ڕوونی كۆمەڵگایەكی كشتوكاڵی پیشەسازی هیچی تر نین، و جگە لەوەش لەسەر بنەمای ئەو پێكهاتانە بوون كە بە شێوەیەكی بەرچاو لە بەشی باشووری عێراقدا بەردەست بوون.

ئەفسانەیەكی تر كە پەیوەندی بە بابەتی دروستكردنەوە هەیە، بەتایبەتی دروستكردنی گیاندار و ڕووەک كە هاوكات پێدەچێت پێش ئەوەی بچێتە بەشی باشووری عێراق نووسرابێت، ئەفسانەی ((خوداوەندی جۆ- ئاشنان- و مەڕ)ە )) و ناوەڕۆكی ئەم ئەفسانەیە بەم شێوەیەیە:

((لەسەر چیای ئاسمان و زەوی،

خوداوەندە گەورەکانی ئەنونناکی لەدایک بوون،

چونکە ئەشنان خوداوەندی جۆ هێشتا لەدایک نەبووە و هێشتا نەڕواوە.

وە خودا ((ئۆت-تۆ)) هێشتا دەزووی لە وڵاتدا دروست نەکردووە،

وە خوداوەندی "ئوت-تو" هێشتا چاڵەکەی هەڵنەکەندووە.

هێشتا مەڕەکە دروست نەکراوە و بەرخەکانیش زۆرنەبووین.

بزنەکە هێشتا دروست نەکراوە و بەچکەکانی زۆرنەبووین.

تا ئێستا مەڕەکە دوانەیەکی نەبووە.

تا ئێستا بزنەکە سێ جمکی نەبووە.

چونکە خوداوەندە گەورەکانی ئەنونناکی و ئیشنانی پڕ لە پاکی

هێشتا مەڕەکان ناناسن،

چونکە هێشتا جۆی سی ڕۆژە (شیکوشو) نەزانراوە،

چونکە هێشتا جۆی چل ڕۆژە (شیکوشو) نەناسراوە،

چونکە هێشتا جۆی شیکوشو کە تەمەنی پەنجا ڕۆژە نەزانراوە،

چونکە جۆی بچووک ، جۆی ناوچەی شاخاوی و جۆی (ئادەم-کو) هێشتا نەناسراون.

ئەو جلانەی مرۆڤ لەبەری دەکات هێشتا نەزانراوە.

خوداوەند ((ئو تو)) هێشتا لەدایک نەبووبوو و هێشتا تاجەکەی لەسەر نەنابوو:

خوداوەند ((سموقان)) هێشتا نەچووەتە ووڵاتانی وشک.

مرۆڤی سەرەتایی هێشتا نەیانزانیوە نان بخۆن.

هێشتا نەیاندەزانی جل و بەرگ لەبەر بکەن.

لەسەر دەست و قاچەوە دەڕۆیشتن.

وەک مەڕ بوون کە  گیایان دەخوارد،

لە رووبارەکانەوە ئاو دەخۆنەوە.

ئەوکات لەو شوێنەی کە خوداوەندەکان لێی بوون.

لە پەرسگاکەیان، گردە پیرۆزەکە ،، خوداوەندەکان بڕیاریان دا کە مەڕ و جۆ دەربکەون.

لە پەرسگادا، ئەو شوێنەی خوداوەندەکان نانی لێ دەخۆن،

بۆ بەرهەمهێنانی مەڕ و جۆ کۆبوونەوە

خوداوەندەکانی ئەنونناکی، خوداوەندەکانی گردە پیرۆزەکە  خواردیان.

بەڵام نەگەیشتنە ئاستی تێربوون.

ئەو خواردنەوە بەتامە، کە لەلایەن کێڵگەیەکی مەڕەوە بەرهەم دەهێنرێت،

خوداوەندەکانی ئەنونناکی، خوداوەندی گردە پیرۆزەکەوە خوردیانەوە،

بەڵام نەگەیشتنە ئاستی تێربوون.

لە کۆزی مەڕی پاکدا، ئەوەی دڵخۆشیان دەکرد، بەجێیان هێشت.

مرۆڤایەتییان بەجێهێشت گیانی ژیانیان.

ئەوکات خوداوەند ئێنکی قسەی لەگەڵ خوداوەند ئێنلیل کرد.

باوکە ئینلیل: مەڕ و جۆ،

کە لەسەر گردە پیرۆزەکە گەشەی کرد،

ئاواتەخوازە لە گردە پیرۆزەکەوە بیگوازێتەوە بۆ سەر زەوی.

بە پشت بەستن بە داواکاری خوداوەند ئێنکی و وەڵامی خوداوەند ئینلیل ،

مەڕ و جۆ لە گردی پیرۆزەوە گوێزرانەوە سەر زەوی".

جگە لەوەی کە بیرۆکەی ئەم ئەفسانەیە ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی پوختی کشتوکاڵییە، ڕووداوەکانی سەرەتای یەکەمی کشتوکاڵ و پرۆسەی ماڵیکردنی ئاژەڵیش دەگرێتەوە، وەک باسکردن لە دەرکەوتنی مەڕ و جۆ تەنها ئاماژەیە بۆ سەرەتای دەستکردنی مرۆڤ بە کشتوکاڵ و ماڵیکردنی ئاژەڵەکان.

هە ڕوە ها ئە و ئە فسانە یە کە ڕە نگدانە وە ی ئە و بیرۆکانە یە کە لە بارە ی سروشتی مرۆڤە کان گواستراوە تە وە ، کە لە ماوە ی پێش سە ڕ هە ڵدانی کشتوکاڵدا ژیاون، وە کو ئاماژە ی بۆ ئە وە بوو کە لەسەر پێ و دە ستە وە ڕۆیشتوون و ئەوان وەک مەڕ بوون گیایان دەخوارد،لە رووبارەکانەوە ئاویان دەخواردەوە، ئەم بۆچوونە کە سەبارەت بە مرۆڤ خراوەتەڕوو، ئاماژەیە بۆ باوەڕی عێراقییە کۆنەکان و پشتڕاستی دەکاتەوە کە مرۆڤی زۆر کۆن لە تایبەتمەندییەکانیدا لە ئاژەڵ دەچوو، هەروەها پشتڕاستی دەکاتەوە کە ئەوەی چارڵز داروین سەبارەت بە بنەچەی مرۆڤ باسی کردووە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نییە.

جگە لەوەش ئەم ئەفسانەیە باوەڕی خەڵکی میزۆپۆتامیا پشتڕاستکردەوە، کە مرۆڤ لە سەرەتای دروستبوونیەوە شارستانیەتی بەدەست نەهێناوە، بەڵکو وردە وردە پەرەی سەندووە، بە پێچەوانەی ئەو داستانانەی کە باس لە دروستبوونی مرۆڤ دەکەن، کە لە بەشی باشووری عێراق نووسراون، کە مرۆڤ تیایاندا لە گڵ دروست کراوە و بە یەکجارو تەواو گەشەسەندوو دروست کراوە و ئەمەش ئەوەیە کە دواتر دەیبینین.

هۆکاری ئەم جیاوازییە لە نێوان دووچەمکی باکوور و باشوور بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دانیشتوانی ئەو شارستانییەتە کشتوکاڵییە ئایینیانەی کە لە ناوچەکانی باکووری عێراقدا بڵاوبوونەوە، هێشتا لە قۆناغێکدا دەژیان کە تاڕادەیەک نزیک بوو لە قۆناغی کۆکردنەوەی بژێوی و خۆراک ، واتە قۆناخی جووڵەوگەڕان لە دەوروبەری بۆ ئاو و خۆراک وەک ئەوەی ئاژەڵەکان دەی کەن، هەربۆیە یادەوەرییەکانی قۆناغەکەی پێشتر باسمان کرد، هێشتا لە مێشکی دانیشتوانی ئەم شارستانیەتانەدا دەژین.

سەبارەت بە مرۆی بەشی باشووریش، ئەو لە گەشەپێداندا قۆناخێکی دوور و درێژی بڕی بوو و ماوەیەکی زۆر لە نێوان خۆی و قۆناخی کۆکردنەوەی خۆراکدا هەبوو،

جگە لەوەی کە دەوروبەرەکەی بە تەواوی جیاواز بوو لە ژینگەی ئەو ناوچانەی کە قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراک تێیدا زاڵ بوو، هەموو ئەم شتانە وای لێکرد کاریگەرییەکانی ئەو قۆناغە لەبیر بکات و هەربۆیە داستان و ئەفسانەکانی مرۆڤیان وا دروستکردووە بە تەواوی پەرەی سەندووە و هەروەها توانایی خوداوەندی دروستکەریشی لەخۆگرتووە.

ڕاستییەکە ئەوەیە، ئەم جیاوازییە کە لە نێوان ئەو داستان و ئەفسانانەدا هەیە کە لە سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی نوێدا نووسراون لەسەر بنەمای پیرۆزکردنی هۆکارە سروشتییەکان و ئەو داستان و ئەفسانانەی کە دوای کۆچی ئەو بیرۆکانە بۆ بەشی باشوور نووسراون لە عێراق، نەتەنیا لە تێڕوانین بۆ مرۆڤ، نەتەنیا لە جۆری ئەو مادەیەدا کە مرۆڤ لێی دروستکراوە، یان لە شێوازی دروستکردنیدایە، بەڵکو جیاوازییەکە قووڵدەبێتەوە بۆ جۆری خوداوەندی دروستکەریش. یەکەمین داستان و ئەفسانەکان خوداوەند ئینلیل، خوداوەندی هەوایان، بەدروستکەری گەردوون و مرۆڤ داناوە، لە کاتێکدا داستان و ئەفسانە کانی  لە بەشی باشووری عێراق نووسراون، خوداوەند ئینکییان کردە دروستکەری مرۆڤ.

ئەم جیاوازییە لە نێوان داستان و ئەفسانەکانی ئەو دوو هەرێمەداهەن، ئاماژەنین بۆ گۆڕانی بنەڕەتی لە سروشتی ئەم بیروباوەڕانەدا، بەڵکو ئاماژەن بۆ گۆڕانکاری لە جۆری ژینگەی هەریەکێک لەو دوو ناوچەیە کاتێک ئەم بیروباوەڕانە بۆ یەکەمجار لەناوچەی باکووری عێراق، ئەو ناوچەیەی کە پێشتر باسمان کرد بووکشتوکاڵەکەی پشتی بە باران بەستبوو، هەر بۆیەش بوو خودتوەندی هەوای کە کاریگەری لەسەر باران و جوڵەی هەورەکان هەیە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ژیانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەداهەبووە.

دوای ئەوەی ئەم بیروباوەڕانە گواستراونەتەوە بۆ بەشی باشووری عێراق، ڕۆڵی خوداوەند ئێنلیل، خوداوەندی هەوا، دەستی کرد بە کەمبوونەوە لەبەردەم ئەو پێگەیەی کە خوداوەند ئینکی، گەورەترین خوداوەندی زەوی و ئاو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بەشی باشووری عێراق بۆ کشتوکاڵەکەی پشت بە ئاودێری بێ باران دەبەستێت.

جگە لەم ڕاستییە، سروشتی بەشی باشوور تیشکی خستۆتە سەر گرنگی گڵ لە ژیانی دانیشتوواندا، چونکە تاکە مادەیە کە بە شێوەیەکی زۆر بەردەستە و بە ئاسانی دەستدەکەوێت و دەتوانرێت بە ئاسانی لە قاڵب بدرێت بۆ هەر شێوەیەک کە مرۆڤ

بیەوێت . هەر لەوەوە بوو کە پەرسگا و خانوو دروست دەکرا و لێیەوە کەلوپەل و بووکەڵە دروست دەکرا و لەسەری گرێبەست و وێژە و زانستەکانیان دەنووسی و لەسەریدا بەرهەمەکانیان بەنووسین جێگیردەکرا، بۆیە گڵ بووە پایەی سەرەکی ژیان بۆ ئەو بەشەی پێشتر باسمان کرد بەشی باشووری عێراق.

بۆیە دانیشتوانی باشوور گڵیان بەو مادده بنەڕەتییە دەزانی ،کە مرۆڤ لێی دروست بووە، ئەوەی زۆر پشتگیری ئەم باوەڕەشی دەکرد، ڕەنگی ئەم مادەیە بووکە زۆر لە ڕەنگی پێستی دانیشتوانی بەشی باشووری میزۆپۆتامیا دەچێت.

بەم پێیە ئەم گۆڕانکاریانەی کە بەسەر پەرستنی هۆکارە سروشتییەکاندا هات دوای گواستنەوەیان بۆ بەشی باشووری عێراق ، ناتوانین بە شۆڕشێک لە دژی ئەو بیروباوەڕانەیان بیانزانین، بەڵکو دەبێت بە شۆڕشی ڕۆشنبیری بچوێنین، واتە بەو شۆڕشەی کەهەوڵیدا ئەو بیروباوەڕانە بخاتە سەر ڕێگایەک کە لەگەڵ ژینگەی باشووردا بگونجێت و هەوڵیدا هەموو ئەو نەرێنییانە ڕاست بکاتەوە کە لە ئەنجامی ئەم گواستنەوەیەدا سەریان هەڵدا. لە خوارەوە ئەفسانەی خوداوەند ئێنکی و خوداوەندی ناتماخ سەبارەت بە دروستکردنی مرۆڤ دەخەینەڕوو، کە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی خوداوەند ئێنکی لەو بابەتەدا:

((کاتێک خوداوەندە دایکەکان لەدایک بوون

کاتێک خوداوەندە دایکەکان هاوسەرگیریان کرد

کاتێک خوداوەندە دایکەکان لە نێوان ئاسمان و زەویدا دابەش بوون.

کاتێک خوداوەندە دایکەکان لە ((ئاخا)) منداڵیان بوو.

لەو کاتەدا خوداوەندەکان پێویست بوو کار بکەن و پێویست بوو خواردن و خواردنەوە بۆ خۆیان دابین بکەن، خوداوەندە گەورەکان دەبوو سەرپەرشتی کارەکە بکەن و خوداوەندە بچووکەکان سەبەتەکان هەڵبگرن.

لە (خەرالی) خوداوەندەکان خۆڵیان کەڵەکە دەکرد بۆ دروستکردنی نۆکەندەکان.

خوداوەندەکان بەپەلە دەهاتنە ئەوێ و گلەییان لە جۆری کارەکە دەکرد.

لەو سەردەمەدا خوداوەندی ژێر ئێنکی، کە خوداوەندەکانی دروست کردووە،

لە ئێنکۆر بوو ، ئەو دەفرەی ئاو لێیەوە دەڕژێت،

ئەو شوێنەی کە خوداوەندەکان ناتوانن بچنە ناویەوە،

خوداوەند ئێنکی لە ژووری نووستنەکەیدا لە خەوێکی قووڵدابوو دا.

لە کاتێکدا خوداوەندەکان دەگریان و ناڵەیان دەگێڕا، چونکە کێشەوماندووبوونی بۆ دروست کردبوون،

بەڵام خوداوەندەکان نەیانوێرا بچنە ژووری نووستنەکەیەوە.

بەڵام خوداوەندی "نممو" ئەو دایکەیە کە لە هەمووان باڵاترە و ژمارەیەکی زۆر خوداوەندی لێبووە.

باسی سکاڵای خوداوەندەکانی بۆ کوڕەکەی خوداوەند ئێنکی کرد و وتی؛

کوڕم بەڕاستی خەوتووی.

خوداوەندە گەورەکان لە جەستەی خوداوەندە بچووکەکان دەدەن.

کوڕم لە ژووری نوستنەکەت دەربکەوە.

لە ڕێگەی دانایی و حیکمەتەکەتەوە لە هەموو هونەرێک تێدەگەیت.

جێگرەوەیەک بۆ خوداوەندەکان دروست بکە تا لەبری ئەوان سەبەتەی کارەکە هەڵبگرێت.

خوداوەند ئێنکی بە قسەکانی دایکی، خوداوەندی نیممو هەڵستا.

چووە ناو هۆڵی پیرۆز و دەستی کرد بە لێدانی ڕانی لەکاتێکدا بیری دەکردەوە،

دانا، زانا، بینەوەر، ئەو کەسەی کە لە هەموو شتێک و هەموو هونەرێک تێدەگات.

دوای ئەوە خوداوەند ئێنکی دەستانی هێنا و سنگی مرۆڤی داڕشت، لە قاڵب دا.

ئێنکی خولقێنەر بەشێک لە داناییەکانی ،حیکمەتەکانی خۆی لەناو دروستکراوەکانیدا داناوە.

پاشان بانگی دایکی کرد، خوداوەند نیممو و پێی گوت:

دایکە: ئەو بوونەوەرەی کە دروستت کردووە بە کاری خوداوەندەکانەوەی خەریک بکە،ببەستەوە.

دوای ئەوەی ئەو گڵانە تێکەڵ دەکەیت کە لە ئاوی ئەبو وەریدەگریت،

دەبێت ئەندامەکان لە قاڵب بدەیت و مرۆڤ دروست بکەیت.

دەشێ خواوەندی نینماخ لەم کارەدا یارمەتیت بدات.

ئەو خوداوەندانەی دیکەیش کە لەتۆ لەدایک بووین،

دەشێ لە کاتی کارکردندا یارمەتیت بدەن.

دایکە: چارەنووسی مرۆڤ بڕیار بدە، خوداوەند نێتماخ وەڵامی دەداتەوە:

ڕەنگە کار چارەنووسی ئەو بێت.)

جگە لەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، ئەفسانەی ناوی ((ئێنکی و مێخوداوەند نونخرساگ))ە، کە لە کاتی قسەکردنماندا لەسەر خوداوەندی ئێنکی وردەکارییەکانمان بە کورتی باس کرد، دەتوانین بە سەرەتایەکی دابنێین لە تیشک خستنە سەر ڕۆڵی خوداوەند ئێنکی ، چونکە لە کۆتاییدا دەریخست کە خوداوەند ئێنکی بڕیاری چارەنووسی خوداوەندەکانی داوە و هەروەها خوداوەندێکی بۆ ((دلمون)) دیاری کردووە کە لەلایەن ئەفسانە سۆمەرییەکانەوە بەو نیشتمانە دادەنرێت کە بەهەشتی عێراقییە کۆنەکانی تێدا بووە.

جگە لە دوو ئەفسانەی ((خوداوەندی ئێنکی و مێخوداوەند نینماخ)) و ((خوداوەند ئێنکی و مێخوداوەند نینخێرساگ)) ئەفسانەی سێیەمیش هەیە ،کە گرنگی خوداوەند ئێنکی نیشان دەدات لە دامەزراندن و ڕێکخستنی گەردوون، بۆیە پێی دەوترێت ((خوداوەند ئێنکی و ڕێکخستەی گەردوون)) و پوختەکەی ئەوەیە: خوداوەند ئێنکی

گەشتێکی بە جیهاندا کردووە لە خاکی سۆمەر دەستی پێکردووە، بۆ ئەوەی چاکەی ببەخشێتە دانیشتوانی جیهان و توخمەکانی شارنشینی و شارستانیەتی لە نێوانیاندا بڵاوبکاتەوە، دوای ئەوە، هەستا بە ڕێکخستنی بارودۆخی زەوی و ڕووبار و دەریاکانی، ڕووبارەکانی دیجلە و فوراتی پڕکرد لە ئاوی شیرین و ماسی ، چەندان خوداوەندانی دانا وهەریەکەیانی کردە بەرپرسی لایەنێکی تایبەتی چالاکیی شارستانیەتی.

سەرەڕای ئەم پێگە گەورەیەی کە خوداوەند ئینکی لە بەشی باشووری عێراقدا بەدەستی هێنا، بەڵام نەیتوانی بە درێژایی سەدەکان ئەم پێگەیە بپارێزێت چونکە ژیان وەک دەزانین لە گەشەسەندنی بەردەوامدایە و لەسەر یەک حاڵەت جێگیر نییە، زانیاریەکان پشتڕاستیان کردۆتەوە کە سەرکردایەتییەکەی بنەماڵەکان، یان بەناو شارە-دەوڵەتەکان، لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەستیان پێکردووە و سەرکردایەتییەکە لە دەستی دەسەڵاتی ئایینی گوێزراوەتەوە بۆ دەستی دەسەڵات سەربازی، واتە سیاسی، چونکە بارودۆخی دەوروبەری ئەم شارە-دەوڵەتانە وای لێکردن پێویستیان بە سەرکردەیەکی سەربازی هەبێت، سنوور و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بپارێزێت، زیاتر لەوەی پێویستیان بە پیاوی ئایینی هەبێت، سنوور و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بپارێزێت.

هەڵبەت دەرکەوتنی ئەم پێویستییە ئەوەیە بووەتە هۆی گواستنەوەی سەرکردایەتی بۆ دەستی دەسەڵاتی سیاسی و ئەوەی زۆر ئاسانکاری بۆ ئەم گواستنەوەیە کرد، بەرژەوەندی خودی دەسەڵاتی ئایینی بوو، بەو پێیەی پێویست بوو دەسەڵاتی سیاسی دەست بەسەر سەرکردایەتیدا بگرێت ، چونکە ڕێژەیەکی زۆر لەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە دەسەڵاتی سیاسی کار بۆ پاراستنی دەکات دەگەڕێتەوە بۆ پەرسگاکە واتە بۆ دەسەڵاتی ئایینی.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەم هەلومەرجانەی دەوروبەری شارە-دەوڵەتەکان نەک هەر سەرکردایەتییان لە دەستی دەسەڵاتی ئایینیەوە گواستەوە بۆ دەستی دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو بووە هۆی دەرکەوتنی خوداوەندە نوێیەکان، کە هێمای دەسەڵاتی سیاسی و شکۆمەندییەکەی بوون.

ئەم خوداوەندە نوێیانە دەستی کرد بە ڕاکێشانی زۆرێک لە ئەرکەکانی خوداوەندە سەرەکییەکان بۆیە ئیتر خوداوەند ئێنکی تاکە خوداوەندی گرنگ نەمایەوە لە بەشی باشووری عێراق.

ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە سوێری دەستی بە زیادبوون کرد لە خاکی بەشی باشووری عێراق و کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی دروستکرد. یەکێک لە یەکەم دەرکەوتەکانی ئەوەیە کە وای لە دانیشتوانی باشوور کرد لەبری گەنم جۆ بچێنن، چونکە جۆ زیاتر بەرگەی سووێری دەگرێت لە گەنم.

دابەزینی بەرهەمی دانەوێڵە تەنانەت ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسی ناچار کرد، واز لە پێگەی خۆیان لە باشوور بهێنن و کەمێک بەرەو باکوور بەرەو سەرەوە بچن بۆیە گرنگی خوداوەندی شاری بابل لە نزیکەی ساڵی ٢٠٠٠ پێش زایین دەستی بە زیادبوون کرد. لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠ پێش زایین. بوو بە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی لە میزۆپۆتامیا.

تا ئەو کاتەی خوداوەند مەردوک خوداوەندی شاری بابل بێت و هێمای دەسەڵاتی سیاسی ئەو شارە بێت، ئەم تایبەتمەندیانەی پێی دراوە وای کرد پێگەی لە خوداوەند ئیا (ئێنکی) زیاتربێت. ئەوەش وای کرد داستانەکان دەستکاری ئەو ئەفسانانە بکەن کە پەیوەندییان بە دروستکردنی گەردوون و مرۆڤەوە هەیە و ئەم هەموارکردنە بووە هۆی نووسینی داستانێکی نوێ، کە چیرۆکی ئافراندنی بابلییە، ئەو چیرۆکەی کە ئاماژەی بەوە دەکرد ، خوداوەند مەردوک ئەو کەسەیە کە زەوی و ئاسمانی دروست کردووە ، دوای ئەوەی جەستەی مێخوداوەندی ((تیامەت))ی کردە دوو نیوە، لە نیوەیەکی ئاسمانی دروستکرد ، لە نیوەکەی تریش زەوی دروستکرد ، تیامات ئاوی سوێردەنوێنێت ، واتە دەریا. سەبارەت بە مرۆڤ، خوداوەند مەردوک فەرمانی دروستکردنی دەدات، بەڵام دروستکەری ڕاستەقینە وەک خوداوەند ئیا (ئێنکی) بوو.

لە خوارەوە ئەو بەشەی چیرۆکی دروستکردنی بابلیی کە پەیوەندی بە دروستکردنی مرۆڤەوە هەیە پێشکەش دەکەین:

((دوای ئەوەی خوداوەند مەردوک گوێی لە قسەی خوداوەندەکان بوو،

دڵی سووتا بۆ ئەوەی کامڵبوون دروست بکات.

پاشان خوداوەند ئیا (ئێنکی)ی لە بڕیارەکەی ئاگادار کردەوە.

ئەو پلانی کارەی بۆ ڕوون کردەوە کە لە مێشکیدا کێشابووی

دەمەوێت خوێن و ئێسکم بۆ بهێنن،

من دەمەوێت - لوللو - دروست بکەم کە ناوی مرۆڤ دەبێت،

بەڕاستی دەمەوێت مرۆڤێک دروست بکەم،

چونکە دەمەوێت باری خوداوەندەکانی بخەمە سەری تا خوداوەندەکان بە ئاسانی پشوو بدەن.

دەمەوێت ڕێگای خوداوەندەکان والێبکەم بە داهێنان دەورە دراوبێت،

من دەمەوێت هەموویان ڕێزیان لێ بگیرێت، بەو مەرجەی دابەش بکرێن بۆ دوو بەش.

خوداوەند ئیا (ئێنکی) وەڵامی دایەوە و لەکاتێکدا وەڵامی دایەوە،

ئەو پلانەی بۆ دڵخۆشکردنی خوداوەندەکان پێشکەشی خوداوەند مەردوک کرد.

مەردوکیش وتی: دەبێ یەکێک لە براکانتان بهێنن.

با سەری ببڕین و مرۆڤی لێ دروست بکەین.

خۆزیا ئێستا خوداوەندە گەورەکان کۆببنەوە،

خوداوەندە گوناهبارەکە دەگەیەننە دادگا و خوداوەندەکان دان بەتاوانەکانیدا دەنێن.

خوداوەند مەرداک خوداوەندە گەورەکانی کۆکردەوە،

بە نەرمی فەرمانی پێکردن کە ئامۆژگاری بکەن،

لە کاتێکدا خوداوەندەکان گوێیان لە قسەکانی گرتبوو،

خوداوەند مەردوک، پاشا، لە قسەکانیدا بۆ خوداوەندەکانی ئەنوناکی وتی:

ئەگەر بەڕاستی خوداوەندی ئەنونناکیەکان بن

ئێستا دەتانخەمە ژێر سوێند و داوای ڕاستیتان لێ دەکەم

کامتان بووەتە هۆی شەڕەکە؟

تیامات ڕاپەڕینی وروژاند وشۆڕشی ڕێکخست.

دەبێت ئەو کەسە بهێنن کە هۆکاری شەڕەکە بووە.

چونکە دەمەوێت ئەو و بارگرانییەکەی پێهەڵبگرم بۆ ئەوەی ئێوە بە ئارامی بژین.

خوداوەندەکانی ئەنونناکی، خوداوەندە گەورەکان وەڵامیان داوەتەوە،

لەسەر ڕاوێژکارەکەی و سەروەری:

((کەنکۆ)) ئەو کەسەیە کە بووە هۆی شەڕەکە،

تیامات ڕاپەڕینی وروژاند وشۆڕشی ڕێکخست.

بۆیە کانکویان بەستەوە و هێنایان بۆ لای خوداوەند ئیا (=ئێنکی).

باری تاوانەکەیان خستەسەر و خوێنیان ڕشت.

لە خوێنی ئەوەوە خوداوەند ئیا (=ئەنکی) مرۆڤی دروست کرد .

ئەو (واتە مرۆڤ) باری خوداوەندەکانی هەڵگرت و خوداوەندەکان لە کار ڕزگاریان بوو.

دوای ئەوەی خوداوەندی دانا ئیا مرۆڤی دروست کرد،

کاری خوداوەندەکانی خستە سەرشانی ئەو...

کاتێک خوداوەند مەردوک ، پاشای خوداوەندەکان.

خوداوەندەکانی ئەنونناکی بەسەر بەشی سەرەوە و خوارەوە دابەش کرد.

٣٠٠ یانی لە ئاسمان دانا وەک پارێزەری،

پاشان ڕێگاکانی زەوی دامەزراند،

٦٠٠ خوداوەندی لە ئاسمان زەویدا جێهێشت ، کە تیایدا نیشتەجێبن.

دوای ئەوەی ئامۆژگاری خۆی پێداون،

خوداوەندەکانی ئەنونناکی دەمیان کردەوە،

لە قسەکانیدا لەگەڵ خوداوەند مەردوک سەروەریان، وتیان:

خودای مانگ، سەروەری ئێمە، لە بارگرانی کار ڕزگارت کردووە.

چۆن دەتوانین سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ ئێوە دەربڕین؟

# ژیان و مردن





KURکور

# ژیان و مردن

لە ڕێگەی داستانەکانی تایبەت بە دروستکردنی مرۆڤەوە بۆمان ڕوونە کە خوداوەندەکان هەر لە سەرەتاوە بڕیاریان دابوو مرۆڤ بمرێت و لە ڕاستیدا ئەم بڕیارە بە شتێکی زۆر سروشتی دادەنرێت چونکە ئەو ئەزموونانەی مرۆڤایەتی بە درێژایی سەردەمە جۆراوجۆرەکانیدا پێیدا تێپەڕیوە نەبووە ونە بینراوە یان بیستراوە کە تاکە بوونەوەرێکی زیندوو توانیبێتی لە مردن ڕزگاری بێت، بۆیە بڕیاری خوداوەندەکان لە داستانەکاندا سەبارەت بە دروستکردنی مرۆڤ ،بەشی مرۆڤ مردن بێت،شتێکی ئاساییە و لەگەڵ سروشتی ژیان خۆیدا ناکۆک  نییە.

سەرەڕای ئەو ڕاستییەی مردن ،کە مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانیدا چاوەری- شاهیدی بووە، بەڵام مردن نەیتوانیوە لە ڕووی زەویەوە کۆتایی بە ژیان بهێنێت، بەڵکو ژیان لە نوێبوونەوەیەکی بەردەوامدا ماوەتەوە و تەنانەت ڕێژەی نوێبوونەوەی زیاترە لە ڕێژەی مردن.

ئەم ڕاستییەیە ، وایکرد مرۆڤی کۆن باوەڕی بەوە هەبێت کە مردن لە ڕاستیدا جگە لە نەمانی کاتیی لە ژیاندا هیچی تر نییە، دوای ئەوە مرۆڤی مردوو دەگەڕێتەوە بۆ ژیان. ئەم باوەڕە بووە هۆی ئەوەی کە گەلانی کۆن و بە تایبەتی دانیشتوانی میزۆپۆتامیا باوەڕیان بە بوونی پەیوەندییەکی دیالکتیکی لە نێوان ژیان و مردندا هەبێت.

مەبەستمان لەم پەیوەندییە ئەو باوەڕەیانە کە ژیان بەبێ مردن نییە و مردنیش بەبێ ژیان بوونی نییە. کۆنینەکان هێمای ئەم پەیوەندییەیان بە ڕەنگی سوورەوە دیاردەکرد، کە تا ئەمڕۆش بەکاری دەهێنین بۆ ئاماژەدان بە خۆشەویستی، واتە بەردەوامیی ژیان، هەروەها بۆ ئاماژەدان بە مەترسی، واتە مردن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە مرۆڤی کۆن بە ڕوونی هەستی بەم پەیوەندییەی نێوان مردن و ژیان کردووە، بەڵام نەیتوانیوە بە وردی دەستنیشان بکات کە مردن چۆن دەگۆڕێت بۆ ژیان، بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە نووسینە میخییەکان وێنەیەکی یەکگرتوویان بۆ

دابین نەکردووین، بەڵکو وێنەی جیاوازیان بۆ دابینکردووە. بەڵام هەموویان دەکەونە یەک چوارچێوەوە.

سەبارەت بە قۆناغی هەزارەی شەشەمی پێش زایین، کە ئەو قۆناغە بوو، کە سەرەتای سەرهەڵدانی پەرستنی هێزە سروشتییەکان بوو، پەرستنێک کە دواتر لە بەشی باشووری عێراق گەشەی کرد و پەرەی سەند .

لە پاشماوە شوێنەوارییەکانەوە دەردەکەوێت، بە تایبەتی ئەو شوێنەوارییانەی کە لەگەڵ مردووەکان لە گۆڕەکەیدا دانراوون، دانیشتوانی ئەم قۆناغە باوەڕیان وابووە کە کەسەکە دەگەڕێتەوە ژیان دوای ناشتنی، هەربۆیە ئەو پێداویستییە سەرەتاییانەیان لەگەڵدا دادەنا کە پێویستییانە دوای گەڕانەوەی ژیانی. ئەمەش لە ڕێگەی گۆڕی منداڵانەوە بۆ ئێمە پشتڕاستکرایەوە، کە لە شوێنی تەل سەوان نزیک شاری سامەڕا دۆزرایەوە.





Nergal\Erra ,Son to Enlil and Ninlil
Lord of the Under World



شكل (50) رمز العالم الأسفل، رسم محمد علي
آل تاجر

**هێمای** جیهانی ژێرزەوی کور

هەموو ئەم گۆڕانە بووکەڵەیەکی دایکی تێدابووە، هەندێکجاریش هی دایک و باوکی تێدابووە، چونکە دوای گەڕانەوەی بۆژیان منداڵ تەنها لە پلەی یەکەمدا پێویستی بە دایکی و لە پلەی دووەمدا پێویستی بە باوکی هەیە، بەڵام ئەم باوەڕە کەمێک گۆڕاوە چونکە گەڕانەوەی مردووەکە خۆی بۆ ژیان لایەنێکە کە ناتوانرێت باوەڕپێکردنی بەردەوام بێت، چونکە ئەمە لە ڕوانگەیەکی کردەییەوە بە هیچ شێوەیەک نابێت.

بۆیە ئەو باوەڕە ڕووی لەو ڕاستییەکرد، کەوا مردووەکە خۆی ناگەڕێتەوە بۆ ژیان، بەڵکو ئەوەی لێیەوە دەگەڕێتەوە گیانە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مردن، لە چاوی خەڵکی میزۆپۆتامیادا، پرۆسەی جیابوونەوەی گیانە لە جەستە، و ئەوەی ژیانی دوای مردن دەژییێت گیانە نەک جەستە، بەڵام گیان تایبەتمەندی هەیە ، جیاوازی نییە لەگەڵ سیماکانی مردوو پێش مردنی.

گیانی مرۆڤ دوای مردنی بە سۆمەری (گێدیم) پێی دەوترێت وبە ئەکەدی (ئیتیمو). ئەم گیانە ئەو گیانە یە کە هەڵگری کردەوەی چاک یان خراپی کەسی مردووە.شوێنی نیشتەجێبوونی گیان جیهانی ژێرزەوییە.

سەبارەت بەو کەسانەی کە بە مردنێکی ناسروشتی دەمرن ،یان جەستەیان بەبێ ناشتن دەمێنێتەوە، گیانیان ئازار دەدرێت و دەگۆڕێت بۆ هێزێکی شەیتانی، جیهانی ژێرزەوی بەجێدەهێڵێت و بەرەو جیهانی سەرەوە بەرز دەبێتەوە، ئاسوودەیی زیندووەکانی سەر زەوی تێکدەدات.

جیهانی ژێرزەوی ، لە باوەڕی دانیشتوانی کۆنی عێراقدا، بە دوا چینی زەوی دادەندرا، و لە سەرووی بانەکەیەوە ئاوی قووڵی ژێر زەوی هەبووە و ئەم جیهانە بە حەوت دیوار و ڕووبارێک ،کەدەورەی یەکەم دیواری داوە، پێی دەوترێت ((خۆبور)). مردووەکان تا دوای تەواوکردنی ڕێوڕەسمی پرسەکە ڕێگەیان پێنەدەدرا لەم ڕووبارە بپەڕنەوە. گەیشتن بە جیهانی ژێرزەوی لە ڕێگەی چەندین دەروازەی چوونە ژوورەوە بەدەست دەهات، یەکەمیان لە ڕێگەی چاڵی گۆڕەکەوە و دووەمیان لە ڕێگەی هەر کونێکی تری زەوی یان لە ڕێگەی دەروازەی سەرەکی کە دەکەوێتە شاری -ئورک-وەرکا.

ئەو هۆکارەی کە وای لە دانیشتوانی عێراقی کۆن و بەتایبەت دانیشتوانی بەشی باشووری کرد، کە ژێرەوەی زەوی بکەنە بارەگای جیهانی ژێرەوی خۆیان، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کەشوهەوای ئەو بەشەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، وەک کەشوهەوای عێراق بەگشتی گەرم و شێدارە. گەرمای باشوورەکەی لە هاویندا تاڕادەیەک زۆرە، هەربۆیە شوێنەکانی قووڵایی زەوی وەک ژێرزەمینەکان بۆ نموونە بوونەتە یەکێک لە باشترین شوێنەکان کە مرۆڤەکان کاتەکانیان دوور لەو گەرمایە و هەروەها لە شێداری تێدا بەسەر ببەن، بۆیە نەدەکرا دانیشتووانەکەی خەیاڵی جیهانی ژێرزەوی بکەن لەشوێنێکی تر جگە لە شوێنێکی تر جگە لە بنەوەوناو زەوی.

دانیشتوانی میزۆپۆتامیا پێیان وایە مرۆڤ هەر تەمەنێک بژی، چ درێژ بێت یان کورت، لەلایەن خوداوەندەکانەوە بۆی دیاری دەکرێت، هەروەها هەموو ئەو شتانەی لە ژیانیدا بەسەریدا دێت لە ساتەوەختی لە دایکبوونیەوە بۆی دیاری دەکرێن ،بۆیە عێراقییە کۆنەکان هەوڵیان دەدا، لە ڕێگەی زۆرێک لە پراکتیزەکانەوە کە سروشتی پراکتیزەی جادووییان هەڵگرتووە، ئەوە بزانن کە چی لە چارەنووسی مرۆڤ نووسراوە. باشترین بەڵگە بۆ ئەمەش دەقە زۆرەکانی نیشانە وفاڵگرتنەوەیە، کە هەموویان هەوڵدەدەن ویستی خوداوەندەکان بزانن سەبارەت بەو کەسەی کە ئایندەکەی دەخوێندرێتەوەوئاشکرا دەبێت.

ڕاستییەکە ئەوەیە ئێمە هەرچەند زانیاری لەسەر بیروباوەڕی عێراقی کۆن کۆبکەینەوە، ئەم زانیاریانە ناتوانن وێنەیەکی ڕوونی وەک وێنەکەمان بۆ دابین بکەن وەک ئەوەی دەتوانرێت لە لێکۆڵینەوە لەو داستان و ئەفسانەکان دەربهێنرێت کە دانیشتوانی میزۆپۆتامیا بۆ ئێمەیان بەجێ هێشتووە، چونکە ئەم وێنەیە پوختەی هەموو ئەو شتانە دەنوێنێت کە لە ڕووی تیۆریەوە بیریان لێکردۆتەوە و ئەوەی بە کردەیی ئەزموونیان کردووە، داستان و ئەفسانەکان، کەواتە، دەرئەنجامی گۆڕینی تیۆرییە هزرییەکانە بۆ کردەییە- پراکتیزە ڕاستەقینەکان.

داستان و ئەفسانەکانی سەبارەت بە دروستبوونی مرۆڤن پشتڕاستیان کردووەتەوە کە دانیشتوانی میزۆپۆتامیا تا ڕادەیەکی بەرز باوەڕیان بەوە هەبووە کە مرۆڤ لە قوڕی وشک کراوو و گڵینەنەکراو دروست بووە، ئەگەر ئەم باوەڕە ئاماژە بە شتێک بکات، ئەوە ئاماژەیە بۆ چاودێریکردنی ئەو ئاسانییەی کە مرۆڤ ژیانی تێدا لەدەستدەدات ،

بە تایبەتی لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتاکان یان زیانی ئاوی لافاوەکان جگە لەو هۆکارە زۆرانەی تر کە دەزانین دەبنە هۆی لەدەستدانی ژیانی مرۆڤەکان.




دیمەنێکی گشتی گۆڕستانی شاهانە لە ئور، لە کاتی هەڵکۆڵینەکاند.

ئەوەی پشتگیری ئەم باوەڕەش دەکات، جگە لە داستانەکانی تایبەت بە دروستکردنی مرۆڤ، وەسفکردنی مردنی شا ئورونمو ٢١١٣-٢٠٩٦ پێش زایین. م. دامەزرێنەری شانشینی سێیەمی ئور، کە تێیدا گوتراوە "ئورنمو وەکو دەفرێکی شکاو کەوتە سەر زەوی".

بەدڵنیاییەوە تێڕوانینی عێراقییە کۆنەکان بۆ مرۆڤ و ژیانی لەم ڕوانگەیەوە ئەوەیە کە وای لێکردوون چاویان لە ڕێگا وئامرازێک بێت کە بتوانێت ڕێگری لە مردنیان بکات ، لە ئەنجامی ئەم خواستەدا کۆمەڵێک داستان و ئەفسانە نووسراون کە تێیدا مرۆڤی میزۆپۆتامیا هەوڵی داوە بەدوای نەمریدا بگەڕێت بۆ ئەوەی خۆی لە مردن بپارێزێت.

**Ur-Nammu**

*King of Ur*
*King of Sumer and Akkad*



Enthroned King Ur-Nammu, founder of the Third Dynasty of Ur, on a cylinder seal. Inscription of the upper segment: "Ur-Nammu, the Great man, King of Ur".[1] The name of King Ur-Nammu (□□□) appears vertically in the upper right corner.[2]

**King of the Neo-Sumerian Empire**

| | |
|---|---|
| **Reign** | c. 2112 BC – 2094 BC<br>(Middle Chronology)<br>c. 2048 BC – 2030 BC<br>(Short Chronology) |

پاشای دانیشتووی تەخت ئور-ناممو Ur-Nammu ، دامەزرێنەری شانشینی سێیەمی ئور، لەسەر مۆرێکی لوولەیی. نووسراوی بەشی سەرەوە: "ئور-ناممو، پیاوی گەورە، پاشای ئور".[1] ناوی پاشا ئور-ناممو لە گۆشەی سەرەوەی لای ڕاستدا بە شێوەیەکی ڕاست دەردەکەوێت. پاشای ئیمپراتوریەتی سۆمەری نوێ حوکمڕانی ٢١١٢ پ . ز – ٢٠٩٤ پ . ز





Ishtar

ئەو شتەی کە لە داستان و ئەفسانەکان سەبارەت بە نەمریدا سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە پاڵەوانەکانیان لە سێ جۆر بوون، پۆلی یەکەم :ژنە گەنجە جوانەکەی کردە ، ئەو پاڵەوانەی کە ئەرکی گەڕان بەدوای نەمریدا لە ئەستۆ بگرێت، ئەمەش لە ڕێگەی ئەفسانەی "دابەزینی خوداوەند ئینانا (ئیشتار) بۆ ناو جیهانی ژێرزەوی بۆمان پشتڕاستکرایەوە.

لە هەموو ڕووداوەکانی ئەم ئەفسانەیەدا، وا دیارە کە مێخوداوەند ئینانا، خاتوونی ئاسمان و مێخوداوەندی پیتوفەڕ و جوانی، بەهۆی مردنی مرۆڤەوە زۆر تێکچووە، بۆیە بڕیاریدا کۆتایی پێبهێنێت ، باشترین ڕێگەش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی داگیرکردنی جیهانی ژێرزەوی بووە، واتە جیهانی مردووەکان بۆیە ئەفسانە بە بڕیاری خوداوەند ئینانا دەست پێدەکات بۆ دابەزین بۆ ناو جیهانی مردووەکان و داگیرکردنی ،هەروەها وەسفکردنی ئامادەکارییەکان کە بۆ ئەو دابەزینە کرابوون.

سەبارەت بە بەشی کۆتایی ئەفسانەکە، شکستی خوداوەند ئینانا لە هەوڵەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو جیهانە و پێویستی ئەوەی باوەڕەی هەبێت مردن بۆ مرۆڤەکان شتێکی خۆزاییە و بەبێ ئەو ژیانێکی نوێ لەسەر زەوی بوونی نابێت.

پێدەچێت ئەم داستانە پێش یان لە کاتی گواستنەوەی پەرستنی هێزە سروشتییەکان بۆ بەشی باشووری عێراق دانرابێت، چونکە لەو نێوەندەدا ژنان پێشەنگایەتیی پراکتیزە ئاینییەکان بوون و بەڵگەی ئێمەش لە بوکەڵەکانی خوداوەندی دایک دایە، کە باو بوون لە پەرستنشدا پێش ئەوەی بچنە ئەو بەشەی پێشتر باسمان کرد.

جۆری دووەم ئەو کەسەیە کە مرۆڤی پێگەیشتوو و دانا وەک ئامرازێک دادەنێت کە ڕەنگە بتوانرێت، بەهۆی ئەو حیکمەتەی کە ئەم پیاوە خاوەنییەتی،بتوانیت نەمریی بەدەستبهێنیت ، ئەم جۆرە لە ڕێگەی داستانی ((ئەدابا))ەوە سەریهەڵدا، کە وردەکارییەکانی لە کاتی باسکردنی ئەدەبیات لە عێراقی کۆن باس دەکرێت.

سەبارەت بە جۆری سێیەمیش، ئەوە ئەو جۆرەیە کەبە نموونە گەنجێکی بەهێزی وەک گیلگامێش بێنێتەوە،وەک پاڵەوانێک وەرگرێت کە توانای بەدەستهێنانی نەمریی هەیە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام گیلگامێش، وەک وردەکارییەکانی داستانەکەی ڕوونی دەکاتەوە، هەروەها لە هەوڵەکەیدا شکستی هێنا و نەیتوانی هیچ کام لەم دووانە نەمری و گەنجبوونەوە بۆ خۆی بەدەست بهێنێت .

بەڵام داستانەکەی جەختی لە دوو حاڵەت کردووەتەوە یەکەمیان ئەوەیە کە نەمریی شیاوە، بەڵام تەنها لە حاڵەتی ئەنجامدانی کردەوەی سەرووی سروشتیدا، کە گرنگن و خزمەت بە هەموو مرۆڤایەتی دەکەن، وەک نەمریی ئوتونا بیشتیم، چونکە مرۆڤایەتی لە لەناوچوون ڕزگار کردووە کاتێک خوداوەندەکان بوونە هۆی دروستبوونی لافاوەمەزنەکە لەسەر زەوی.

حاڵەتی دووەم نەمری ئاکارییە-ئەخلاقییە، کە بە ئەنجامدانی کردەوەی بەسوود بەدەست دێت بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا، جگە لەوەی جەخت لەوە دەکاتەوە کە باشترین جۆری نەمریی ئەخلاقی بۆ مرۆڤی ئاسایی کاتێکە کە یەکێکیان خۆی بکاتە قوربانی لە پێناو نیشتماندا.

باشترین بەڵگە بۆ ئەمەش ئەو وتارەیە کە ئێنکیدو ئاراستەی گیلگامێشی دەکات کە ئەمانەی خوارەوەیە:

((هاوڕێم نەفرەتم لێ کراوە

من بە مردنی پیاوێک کە لە بەرەکانی شەڕدا کەوتبێت نامرم.

لە شەڕکردن دەترسام، بەڵام بە شەرمەزارییەوە دەمردم.

هەرکەسێک لە شەڕدا بکەوێت، هاوڕێم، پیرۆزدەبێت (چاوەر)( شەهید).

ئەم قسەیە بە بەڵگەیەکی دڵنیاکەرەوە دادەنرێت کە مرۆڤێکی ئاسایی، واتە دوور لە فەرهەنگ و دەستڕەنگینی، دەیتوانی میراتێکی جێی ستایشی لە دوای خۆی بەجێبهێڵێت کاتێک لە بەرگریکردن لە زێدی خۆی و گەلەکەی شەهید دەبێت، چونکە ئەنکیدو لە کەسایەتی خۆیدا کەسێکی ئاسایی بەرجەستەکردووە و هەڵگرتووە.

جگە لەوەی باسمان کرد سەبارەت بە داستانی گیلگامێش، تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسی، واتە دوای گواستنەوەی حوکمڕانی لە دەستی دەسەڵاتی ئایینی بۆ دەستی دەسەڵاتی سیاسی نووسراوە، ئەو ئەنجامەی کە داستان و ئەفسانەی گەڕان بەدوای نەمریدا پێی گەیشتووە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵەی سێیەمی چیرۆکەکانی کە تایبەتمەندن لە پێشکەشکردنی ئەو هەراسانکردنەی کە لەلایەن دانیشتوانی ناوچەی ڕۆژهەڵات لەسەر سنووری عێراق ئەنجامدراون و چۆنیەتی نەهێشتنیان.

ئەمەش بۆ ئەوەی جەخت بکاتەوە کە بەرگری لە نیشتمان و شەهیدبوون لە پێناویدا باشترین شتە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ماوەی ژیانیدا پێشکەش بکات.

لە دیارترین داستان و ئەفسانەکان لەم بوارەدا ئەو داستانانە هەن کە باسیان لە کردەوە سەربازییەکانی ئەو دوو پاشایە کردووە ((ئەینمەر کار)) و ((لۆکال بەندە))، کە هەردووکیان یەکێک لە پاشاکانی یەکەمین شانشینی ئوروکن ٢٧٠٠-٢٦٠٠ پێش زایین.

# خۆ بە خوداوەند دانانی پاشاکان



سەرگۆنی ئەکەدی: (شارو-کین)، بە واتای پاشای شێر (بە ئەکەدی)،من سەرگۆن، پاشای گەورە، پاشای ئەکەد،دایکم سەرۆکی پێشگۆ ژنەکان بوو، نازانم باوکم کێیە.

برای باوکم گردەکانی خۆشدەویست و شارەکەم ئازۆبێرانو ،کە دەکەوێتە کەناری فورات.

دایکم هەڵیگرتم و بە نهێنی منی بوو،لەناو سەبەتەیەکی لەقامیشدا دایناوم و سەرپۆشەکەی بەقیر مۆر کرد.پاشان فڕێیدامە ناو ئەو ڕووبارەی کەتێیدا ژێرئاونابم.بۆیە ڕووبارەکە هەڵیگرتم و بردمی بۆ ئاودێر(ئەکی)،پاشان ئاودێر (ئەکی)،منی بە کوڕی خۆی دانا.ئاودێر (ئەکی)، وای لێکردم ببمە باخەوان لەلای ئەو.(ئاودێر (ئەکی)، بەرپرسی کاروباری ئاودێرییە. ئاکی سەرگۆنی ئەکادی دامەزراند بۆ کارکردن لە زەوی و ئاودێری دوور لە کۆمەڵگا).. کاتێک باخەوان بووم، ئیشتار خۆشەویستی خۆی پێبەخشیم.بۆ ماوەی پەنجا و چوار ساڵ ئەرکی شاهانەم ئەنجامداوە.ئەمە دەقێکە لە دەپێکی گڵین کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین لە سەرزمانی سەرگۆنی ئەکەدیەوە.

دەقە مێخییەکان ئەوەمانیان بۆ دەرخستووە کە ژمارەیەک لە پاشاکانی عێراقی کۆن پێش ناوەکانیان نیشانەی میخی کە ئاماژە بە خوداوەند بوونیان دەکات بەکارهێناوە و ئەم بەکارهێنانەش بێ گومان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خۆیان بە چینی خوداوەندەکان دەزانن.

ئەو ڕوونکردنەوەی کە پرۆفیسۆر هێنری فرانکفۆرت لەم ڕووەوە پێشنیاری کردبوو، جێی ڕەزامەندی زۆربەی توێژەرانی ئەو سەردەمە بوو، کە تێیدا هاتبوو: ((ئەو پادشایانەی کە لە کاتی ڕێوڕەسمی پیرۆزی هاوسەرگیریدا سیفەتی خوداوەند تەموز دەگرنە ئەستۆ ئەوانەن کە نیشانەی ئاماژەدانی بە خوداوەند دانانیان هەبووە)).

هاوسەرگیری پیرۆز کە پێی دەوترێت هاوسەرگیری خوداوەندی- ئیلاهی، هاوسەرگیرییەکە لە نێوان خوداوەندێک و یەکێک لە مێخوداوەندەکانی پیتوفەڕدا ڕوودەدات، پاشا یان فەرمانڕەوا ئەو کەسەیە کە ڕۆڵی خوداوەندەکان لەگەڵ یەکێک لە پێشگۆیە باڵاکان دەگێڕێت کە ڕۆڵی مێخوداوەندەکانی پیتوفەڕدا دەگێڕێت پێیان وابوو کە ئەم جووتبوونە پیرۆزە دەبێتە هۆی هێنانی پیتوفەڕدا و چاکە بۆ وڵات.




ارام-سین، Narām-Sîn یان Naram-Suen (ئەکادی: DNa-ra-am DSîn، بە واتای "خۆشەویستی خوداوەندی مانگ Sîn"، " دیاریکەرێکە بۆ نیشاندانی ناوی خوداوەندێک)، بوو فەرمانڕەوایەکی ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی، کە حوکمڕانی بوو لە ٢٢٥٤-٢٢١٨ پێش زایین ی سێیەم جێنشین و نەوەی پاشا سارگۆنی ئەکادی بوو .

لە سەردەمی نارام-سین ئیمپراتۆریەتەکە گەیشتە ئەوپەڕی ئاستی خۆی، یەکەم پاشای میزۆپۆتامیا بوو کە ناسرابوو کە ئیدیعای خودایی بۆ خۆی کردووە، نازناوی "خودای ئەکادی" وەرگرتووە، هەروەها یەکەم پاشای ئیدیعای نازناوی "پاشا چوار لایەکان" کردووە.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەم بۆچوونەی کە پرۆفیسۆر فرانکفۆرت پێشکەشی کردووە تا ڕادەیەک لۆژیکییە، بەڵام ناتوانێت ئەو هۆکارە ڕوون بکاتەوە کە وایکردووە هەندێک لە پاشاکانی عێراقی کۆن، بەڵام نەک هەموویان، خۆیان بە خوداوەند دابنێن ، هەروەها ناتوانێت ئەو هۆکارە ڕوون بکاتەوە کە بووەتەهۆی ئەوەی پاشا حەمورابی و ئەوانەی دوای ئەو بوونەتە پاشا لە شانشینی یەکەمی بابل ١٨٩٤-١٥٩٥ پێش زایین.

جگە لە پاشا سامسایلونا، خۆیان لەبە خوداوەند دانان بەدوور بگرن، لە کاتێکدا زانیارییەکان بەردەوامیی ڕێوڕەسمی پیرۆزی هاوسەرگیری لە سەردەمی حوکمڕانی شانشینی حەمورابیدا پشتڕاست دەکەنەوە، کە ڕێوڕەسمی پیرۆزی هاوسەرگیری ٣٠٠ساڵ ماوە، بۆیە دوور نییە گریمانە بکەین کە ئەو منداڵانەی لە پرۆسەی هاوسەرگیری پیرۆزەوە لەدایک بووین، ئەوانە بوون کە خۆیان بە خوداوەند داناوە، لە کاتێکدا بارودۆخ ڕێگەی پێدەدان دەسەڵاتی حکومەت بگرنە ئەستۆ، چونکە خۆیان بە منداڵی

لەدایکبووی دوو دایک و باوک دەزانی ، کە هەریەکەیان لە کاتی دروستبوونیاندا کەوتوونەتە کەسایەتی خوداوەندێک.

هۆکاری ئەوەی وای لێکردین باوەڕمان بەوە هەبێت کە ئەو پادشایانەی خۆیان بە خوداوەند داناوە ، جگە لە منداڵی دەرئەنجامی پرۆسەی هاوسەرگیری پیرۆز هیچی تر نەبوون، لەبەر ئەوەیە کە دیاردەی خوداوەند بوون لە سەرەتای ئەو قۆناغەی کە بۆ پێشگۆیە ژنەکان نادیتوم و ئینتوم منداڵ بوون قەدەغە بوو، لەناو پاشاکانی بابلدا نەمابوو .

سەرەڕای بەردەوامیی ڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری پیرۆز، ئەگەر هۆکاری سەرەکیی خوداوەند بوون بەرجەستەکردنی کەسایەتی خوداوەند تەموز بووبێت، دیاردەی خۆ بەخوداوەنددانان دەبێت بەردەوام بێت، بەڵام پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە بەهۆی پرۆسەی هاوسەرگیری پیرۆزەوە پەیدا دەبوون، ئەوەیە کە هۆکارەکەی بووە نەمانی ،چونکە ئەو پێشگۆیە ژنانەی کە ئەو هاوسەرگیرییەیان ئەنجامدا کە پێشتر باسمان کرد، ئیتر نەیانتوانی منداڵ بنێنەوە بۆ ئەوەی سیفەتی خوداوەندیی بدەن بەخۆیان.

گەڕانەوەی دیاردەی خۆ بە خوداوەند کردنی پاشاکان ، دیسانەوە لە سەردەمی کاسییەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کاسیەکان لە ڕاستیدا خەڵکی وڵاتی ئێران بوون و لە شێوەی گروپگەلێکدا هاتوونەتە عێراق و بەدوای کاردا دەگەڕان، و بە تێپەڕبوونی کات ئەوان تا ئەو ڕادەیە زیادی کرد کە توانیان لە نزیکی ساڵی ١٦٠٠ پێش زایین. بابلییەکان لاببەن و دەستبەسەر حکومەت دابگرن ودەسەڵات بخەنە دەستیان.

بەو پێیەی ڕێوڕەسمی پیرۆزی هاوسەرگیری بە ڕەچەڵەک سۆمەریی بووە، کاسیەکان ڕێگەیان بەو پێشگۆیە ژنانە داوە کە ئەو کارەیان ئەنجام دەدا، لەبەر دوو هۆکار منداڵیان هەبێت: یەکەمیان بۆ ئەوەی بتوانن پێگەی منداڵەکانیان بەرز بکەنەوە بۆ ئاستی خوداوەندیی، دووەمیان بۆ ئەوەی بتوانن سۆز و خۆشەویستی سۆمەرییەکان لەسەر حیسابی شکستپێهێنانی دەسەڵات و پێگەی بابلییەکان بەدەستبهێنن.

بەڕاستی ئەم سیاسەتە توانی دانیشتوانی بەشی باشووری عێراق لەناو ببات و بیانخزێنێتە ناو ناکۆکی وململانێی نیشتمانیی بەردەوامەوە، بەجۆرێک ئەو بەشەی

پێشتر باسمان کرد تا ڕووخانی بابل لە ساڵی ٥٣٩ پێش زایین مایەوە لەلایەن گەلانێکەوە بەڕێوەدەبرا، کە لە بنەڕەتدا خەڵکی بەشی باشوور نەبوون.

سەبارەت بە دیاردەی خۆبەخوداوەند دانان جارێکی تر و بۆ هەمیشەیی نەما ،دوای ئەوەی ئاشوورییەکان توانیان کاسیەکان شکست بهێنن و دەستبەسەردەستەڵاتی حکومەت دابگرن ودەسەڵات بخەنە دەستی خۆیان.

# پەرسگا

Anu/ White Temple ziggurat




Anu / White Temple ziggurat at Uruk. The original pyramidal structure, the "Anu Ziggurat" dates to around 4000 BC, and the White Temple was built on top of it circa 3500–3000 BC.[15]

زانیارییە بەردەستەکان سەبارەت بە ئایین پشتڕاستی دەکەنەوە کە دەرکەوتنی یەکەمین بیروباوەڕی ئایینی لە ژیانی مرۆڤدا دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆرکۆن و دوور و درێژ و هەندێک لە لێکۆڵەران مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ نزیکەی ٩٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر، سەرەڕای ئەم ڕاستییەی سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئایین، بەڵام دەتوانین سەرەڕای ئەوەش پشتڕاستی بکەنەوە کەوا دەرکەوتنی پەرسگا وەک دامەزراوەیەکی ئایینی، تەنها لە بەشی باکووری عێراق و لە ماوەی ناوەڕاستی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین ڕوویداوە، واتە لە سەرەتای نیشتەجێبوون لە بەشی باشووری عێراقەوە.

دەرکەوتنی پەرسگاکە وەک دامەزراوەیەکی ئایینی لەو ڕێکەوتەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە بەشی باشوور لە سەرەتای نیشتەجێبوونیەوە تاقمێکی مرۆیی لەخۆگرتووە، کە هەڵگری بیرۆکەی ئایینی بوون کە

له جەوهەردا جیاوازبووه لەو بیرۆکانەی کە لە بەشەکانی باکووردا باو و زاڵ بوون و بەو هۆیەوە بڵاوبوونەوەی ئەم بیرۆکانە پێویستی بە دروستکردنی پەرسگا هەبووە.



پەرستگا ی ئینینۆ - ئینۆرتا - شاری گیرسو

پێشتریش گوتمان دەرکەوتنی مزگەوت لە ژیانی موسڵمانانداپەیوەست بووە بە سەرکەوتنی ئایینی ئیسلامەوە و هەمان شت بۆ پەرسگاش ڕاستە، بەو پێیەش دەرکەوتنی پەرسگاش پەیوەست بووە بە سەرکەوتنی بیرۆکەی پیرۆزکردنی هۆکارە سروشتییەکان، لەنێو ئەو ڕاستیانەی تر کە پشتگیری ئەم باوەڕە دەکەن سەبارەت بە دەرکەوتنی پەرسگا، جۆری کۆنترین پەرسگاکانە کە لە باکوری عێراقدا دۆزراونەتەوە و سادەیی کۆنترین جۆرەکانی پەرسگاکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە بیرۆکەکەی لە ژێر کاریگەری بنیات وبیناکانی پێشوودا نەبووە، بەڵکو بیرۆکەیەکی نوێ بووە.

ڕاستییەکەی تریش ئەوەیە ، پەرسگا لە بەشی باکووری عێراق، هەمیشە و بەبێ جیاوازی ناوەندی گوندەکەی یان شارەکەی پێکهێناوە و لە دەوروبەریدا بینای دیکە دروستکراون، جا فەرمی بێت یان شارستانی.

لە نێو ئەو شتە نەرێنییانەی کە زۆر کاریگەرییان لەسەر بیناکانی بەشی باشووری عێراق هەبوو، دوو لایەنی سەرەکی بوون: یەکەمیان بە ئاوی ژێر زەوی بوو، کە هەندێکجار لە قووڵایی یەک یان دوو پێ لە زەویەوە دەردەکەوت و ئێستاش دەردەکەوێت، ئەم ئاوەش زۆر کاریگەری هەبووە لەسەردیواری پەرسگاکان و بیناکانی تر، و لایەنی دووەم ئەو لافاوە زۆرانەبوون ، کە ئەو بەشەی پێشتر باسمان کرد جارجارە لافاو دەیگرتەوە، و ئەم دوو لایەنە دانیشتوانی باشووریان هان دا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو کە ڕێگری بکات لە ئاوی ژێر زەوی و ئاوی لافاو ،کە کاریگەری لەسەر بیناکان هەبوو، بەتایبەتی بینا پیرۆزەکانیان.

ئەو چارەسەرەی دۆزییانەوە ئەوە بوو ، پەرسگاکانیان لەسەر سەکۆیێک دروست بکەن کە تا ڕادەیەک لە ئاستی زەویەوە بەرزبێت بۆ ئەوەی ئەو ئاوانەی پێشتر باسمان کردن کاریگەریان لەسەر بینا پیرۆزەکانیان نەبێت.



دیمەن و پلیکانەی چوونە ژوورەوەی زیگوراتی ئور کە لە سەرەتادا لەلایەن ئور- ناموەوە دروستکراوە، نزیکەی ساڵی ٢١٠٠ پێش زایین

به تێپەڕبوونی کات ژمارەی سەکۆکان زیادی کرد تا لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین گەیشتە سێ سەکۆ ، پەرسگاکە لەسەر ئەو سەکۆیانە دروستکرابوو، ئەم بینایانە لە ڕابردوودا پێیان دەگوترا زیگورات (زقورە). لە شاری بابل ژمارەی چینەکانی زیگوراتەکەی گەیشتە حەوت چین.

بەو پێیەی ژمارەی سەکۆکان لە سەکۆیەک زیاتر بوو، پێویستی بەپەلە سەریهەڵدا کە پەرسگایەکی زەمینی بۆ پراکتیزەکردنی ڕێوڕەسمی ڕۆژانە و پەرسگایەکی دیکە لە سەرووی زیگوراتەوە هەبێت، بەڵام ئەم پەرسگایە تەنها بۆ مەبەستی ڕێوڕەسمە ئاینییە گرنگەکان بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی لە کاتی ئاهەنگەکانی سەری ساڵدا.

ڕەنگە کەسێک پرسیاربکات یەک سەکۆ بەسە بۆ پاراستنی پەرسگاکە لە ئاوی ژێر زەوی و لافاو کەواتە هۆکاری زیادبوونی ژمارەی مسەکۆکان چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین دانیشتوانی میزۆپۆتامیا جگە لە ساڵنامەی مانگی لە ژماری کات و لێشاوپڕۆژگاردا هیچ شتێکی تریان بەکار نەهێناوە و هەر بۆیە بینینی مانگی یەک شەوە بە لایەنێکی گرنگ دادەنرا، زۆرێک لە کاروباری ئایینی ودنیاییەکانی پێوە پەیوەست بوو.

پێویستی بینینی مانگی یەک شەوە لە یەکەم ڕۆژیەوە تیشکی خستۆتە سەر پێویستی شوێنی بەرز بۆیە پێمان وایە زیادکردنی ژمارەی چینەکان بۆ مەبەستی خزمەتکردنی ئەم پێویستییە بووە لەلایەک، هەروەها بۆ ئەوەی بینا پیرۆزەکانیش نزیک بن بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی خوداوەندەکان لە لایەکی ترەوە.



مۆری لوولەیی -ڕوونمای پەرسگەی سۆمەری



مۆری
لوولەیی -
روونمای
خانوو و
پەرسگەی
سۆمەری




پەرسگە لە گرعوبێد        شكل ــ ٧
شرفة معبد تل العبيد مع السور الدائري الذي يحيط بـه
وجزء من السور الخارجي



پەرسگەی
هێلکەیی لەخەفاجی

شكـل ـ ٨

المعبد البيضوي في خفاجي ـ بداية الاتجاه نحو الزقورة




پەرسگەی
چوارگۆشەیی
لەگرد ئەسمەر

شكـل ـ ٩

المعبد المربع ( معبد ابو ) في تـل اسمر ( فجر السلالات )

بەو پێیەی کە پەرسگا ، هەر لە سەرەتاوە، نوێنەرایەتی ناوەندی شاری دەکرد و بەو پێیەی دەقە میخییەکان دەریانخستووە کە حوکمڕانی لە عێراقی کۆن لە ماوەی هەزارەی چوارەمی پێش زایینیشدا حوکمێکی ئایینی بووە، ئەم دوو لایەنە پشتڕاستی دەکەنەوە کە پەرسگا لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا تەنها بۆ مەبەستی ئایینی بەکارنەدەهات، بەڵکو بۆ ئەرکەکانی تر کە دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵگا پێویستی پێی بوو، دەقە میخییەکان ئاماژەیان بەوە دەکرد کە پەرسگاکان بە قەرزدان زیو و جۆیان کردووە ، دیارترین بەڵگەی ماددی بۆ ئەمەش بریتییە لە سوود لەسەر زیو، کە پێی دەگوترا سوودی خوداوەند شەمش، واتە ئەو سوودەی کە پەرسگای خوداوەند شەمش بەسەر هەر کەسێکدا دەیسەپاند کە زیوی لێ قەرز کردبێت.

پەرسگاش بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان خەڵک بەکاردەهێنرا، هەر بۆیەش وەک دادگا کاری دەکرد.

دەقە مێخییەکان بەڵگەی زۆریان بۆ دابین کردووین کە دادگاییکردنەکان لەناو پەرسگاکاندا ئەنجام دەدران و ئەو بەڵگەنامەیەی هاوپێچ کراوە کە دووبارە بەرهەم هێنراوەتەوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی باشترین شایەتحاڵی ئەوە بووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ساڵی ٢١٠٠ پێش زایین.




(بەڵگەنامە- ژمارە 2)

جگە لەوەش، پەرسگاکان یەکەم جۆری قوتابخانەیان لەخۆدەگرت لە مێژوودا و بایەخدانیان بە پەروەردە بە درێژایی هەموو قۆناغەکانی شارستانیەتی عێراق بەردەوام بوو.

ئەم بایەخدانە لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە زیادی کردووە، بەو پێیەی ئەمە ڕێکەوتی قۆناغی گواستنەوەی حکومڕانییە لە دەستی دەسەڵاتی ئایینی بۆ دەستی دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئەوەی هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی بمێنێتەوە و بە ڕێکوپێکی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی باڵادەستی دەسەڵاتی ئایینی بەسەر کۆمەڵگادا بمێنێتەوە، گرنگی بە پەروەردە دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی فێرکارییە ئاینییەکانی لە لایەک و بۆ ئەوەی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەڵام ئەم بەرژەوەندییە ڕێگری لە سەرهەڵدانی پەروەردەی تایبەت نەکرد و ڕێگری نەکرد لەوەی کۆشکەشاهانەییەکان کتێبخانەی گەورە لە ناو دامەزراوەکانیاندا دامەزرێنن بۆ ئەوەی زانا و نووسەران بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی دەسەڵاتی سیاسی ڕابکێشن.

لە کۆتایی بابەتەکەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین کە پەرسگا کۆنەکانی عێراق هەرچەندە هەموویان سەرچاوەیان لە بەشی باکووری عێراقەوەیە، بەڵام لە نەخشە-دیزاینەکەیاندا کەمێک جیاواز بووە لە دیزاینی پەرسگاکانی باشوور، بەو پێیەی پەرسگاکانی باشوور ،پیرۆزترین شوێنی ناو پەرسگاکەیان خستۆتە هەمان تەوەرەکەی دەروازەی چوونە ژوورەوە، واتە دەرگای چوونە ژوورەوەی پەرسگاکە ڕاستەوخۆ ڕووی لە پیرۆزگەییەکانە، واتە ڕووگە-میحراب سەبارەت بە پەرسگاکانی باکوور، دەروازەکانی چوونە ژوورەوە لە میحراب لادرابوون و بە ئاراستەیەک دانرابوون کە ناچاری بکات ئەو کەسەی دەچێتە ناو پەرسگاکە بۆ ئەوەی بە گۆشەی نەوەد پلە بسوڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕووگە بێتەوە.

لایەنێکی تری تایبەتمەند بوو بە هەموو پەرسگاکانی عێراق و بە درێژایی هەموو چاخەکان ئەوەیە کە هەموویان لە قوڕ دروستکراون، جگە لەو ئلایەنانەی کە بەر ئاو دەکەون ، یان لە بەرد، یان لە کەرپووچ، یان قیر دروستکراون، هۆکاری دروستکردنی هەموو پەرسگاکانی عێراق لەگەڵ قوڕدا، بە بڕوای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکە کەرەستەیە کە بۆ بیناسازی تۆکمە لە بەشی باشووری عێراقدا بەردەستە.

کەرەستەکە قوڕ بووە، هەربۆیە کۆنترین پەرسگاکان بە خشت دروستکراون و ئەم ڕاستییەیە کە وایکردووە پەرسگاکانی دواتر هەمان ڕێگا بگرنەبەر، واتە خشتیان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنیان.

ڕەنگە ڕوونکردنەوەکەی تریش بگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانی بەشی باشووری عێراق و ئەو مادەیەیە کە مرۆڤی لێ دروست بووە، وەک ئەم دوو لایەنە، واتە قوڕ، جۆرێک لە پیرۆزییان پێبەخشیوە، بۆیە بەپێی ئەوەی ئێمە باوەڕمان پێیەتی. هەموو پەرسگاکان بە خشت دروستکراون، بە تایبەت دیوارە سەرەکییەکان.

# پێشگۆکان

**Early religious relief (c.2700 BCE)**



Carved figure with feathers. The king-priest, wearing a net skirt and a hat with leaves or feathers, stands before the door of a temple, symbolized by two great maces. The inscription mentions the god Ningirsu. Early Dynastic Period, circa 2700 BCE.[12]

نیگاری نەخشێنراو بە پەڕەمووچەوە. پاشا پێشگۆکە،
تەنوورەیەکی تۆڕەکی لەبەردایە و کڵاوێک بە گەڵای دار یان
پەڕەمووچەکانی دەبەردایە، لەبەردەم دەرگای پەرسگایەکدا
وەستاوە، کە بە دوو پێبەندی گەورە هێمای بۆ دەکرێت. لە
نووسراوەکەدا باسی خوداوەندی نینگیرسو کراوە. سەرەتای
.سەردەمی بنەماڵەکانی زوو، نزیکەی ٢٧٠٠ پێش زایین



پەیکەری
پیاوێک لە
ژوورێکی
پەرسگەدا لە
تەل حەلەف،
کۆتایی
سەردەمی
هیتیەکان.
ئەمڕۆ لە
مۆزەخانەی
ئەدەنە، تورکیە




نیگاری (٥٨) پێشگۆیێکی سۆمەری ڕێوڕەسمی تراوڕشتن ئەنجام دەدات



پەرسکارێکی سۆمەری

شکل (٦٠) متعبد سومري

هەموو لایەنێکی ژیانی ڕۆژانە، چ کۆن بێت یان نوێ، دەبێت دەزگایەک هەبێت کە کاروباری سەرەتایی بەڕێوە ببات. پێشگۆکان ئەو دەزگایە بوون کاروباری پەرسگاکانیان لە عێراقی کۆن بەڕێوەبردووە و بەڕێوەبردنی هەر دەزگایەک دەبێت شوێنی کارکردنی جیاواز لەخۆبگرێت و هەریەکێک لەو شوێنانە کەسێک یان زیاتریان هەبووە کە بەڕێوەی دەبردن، بە پشتبەستن بەم ڕاستییە، دەبێت لە پێشدا ئەوە بزانین ی کە پێشگۆکان پلەی جیاوازیان هەبوو ، هەریەکەیان بەپێی شوێن و جۆری

کارەکەی، لە خوارەوە نموونەی ئاستە جیاوازەکانی پێشگۆ لە قۆناغە جیاوازەکانی شارستانیەتی میزۆپۆتامیادا دەخەینەڕوو:

**ا- ئین ( لە ئەکەدیدا:ئینوم و ئینتوم):**

ئەوەی لەبارەی زمانی سۆمەرییەوە دەزانرێت ئەوەیە کە جیاوازی لە نێوان نێرینە و مێینەدا ناکات بۆیە وشەی (ئین )ی ڕەهای سۆمەری  بە واتای پێشگۆی پیاو ،یان پێشگۆی ژن دێت، سەبارەت بە زمانی ئەکەدی کە جیاوازی لە نێوان ڕەگەزەکاندا کردووە، ئەوەیە وشەی ((ئینوم))ی دەگوتەوە ئەگەر ئەوەی مەبەست لێی پێشگۆی پیاو بوو بێت و ((ئینتوم) ئەگەر مەبەستی پێشگۆی ژن بێت. پێشگۆی ئینتوم، وەک لە قسەکانماندا سەبارەت بە خۆ خوداوەندکردنی پاشاکان ڕوونمان کردەوە، بە دوو نیشانەی ((ئین و دینگەر))یش نووسرابوو. سەبارەت بە پێشگۆ ، هەمیشە بە نیشانەی ((ئین)) دەنووسرا. ومێپێشگۆی ئیینتوم کە ناوەکەی بە دوو نیشانەی ((نین و دینکەر)) نووسرابوو، لە سەردەمی بابلی کۆن ((ئوکابابتوم)) یان ((کوبابتوم))یان پێ دەوت،هۆی ئەمەی بە هەمان شێوە ناوی لێنرا مێپێشگۆی ئوکبابتوم ئەوەیەلە هەمان پلەی مێپێشگۆی ئینتومە و هەر بۆیەش بە هەمان نیشانە مێخییەکان نووسراون وئەم لایەنە وامان لێدەکات بڵێین کە مێپێشگۆی ئوکبابتۆم دەبێ جۆرێک لەجلە خوداییەکان بانگەشەی خوداوەند بوونی کردبێت، هەر بۆیەش ناوەکە بە دوو نیشانەی ((نین و دینگەر)) نووسراوە، کە بە واتای ((ئەو خانمەی خوداوەندە)) دێت.

زانیارییە مێژووییە بەردەستەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە مێپێشگۆی ئینتوم لە سەردەمی سۆمەرییە کۆنەکاندا پێگەیەکی بەرزتری هەبووە لە پێشگۆی ئینۆم، چونکە دەقە مێخییەکان بەردەوام ناوی ئەو لە پێش ناوی پێشگۆ دەهێنن، تەنانەت ئەگەر ژنەکەیش بووبێت. هەر ئەم زانیاریانە پشتڕاستیان کردەوەتەوە کە هاوسەرگیری و منداڵبوون بۆ ئەم جۆرە ومێپێشگۆیانە ڕێگەپێدراوبووە، بەڵام ئەوە لە سەردەمی پاشا حەمورابیەوە، لە ساڵی ١٧٩٢ پێش زایین، لێیان قەدەغە کرابوو،هەر لەم زانیاریانەشەوە دەردەکەوێت کە پێشگۆی ئینومیش لەو سەردەمەی هاوسەرگیری لەخۆی قەدەغە کردووە، هەر لەو سەردەمەی هاوسەرگیری و لەدایکبوونی منداڵ بۆ مێپێشگۆی ئینتوم قەدەغە بووە، و هەرکەسێک ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆ چوونە ناو ئەم پۆلە ومێپێشگۆیە ، جا پیاو بێت یان ژن، ئەوەیشی پابەند نەبووبێت بە دوورکەوتنەوە

لە سێکس، بەڵکو پەنادزی کردبێت، سزاکەی بە ئاگر دەسوتێنرت جا پیاو بێت یان ژن.

یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی مێپێشگۆی ئینتوم بریتییە لە ڕۆڵی بووک بوون لە پرۆسەی هاوسەرگیری پیرۆزدا و پێشگۆی ئینۆم هەندێک جار ڕۆڵی زاوای بینیوە، هەڵبژاردنی ئەم جۆرە ومێپێشگۆو پێشگۆیانە لە ڕێگەی فاڵگرتنەوە ئەنجام دەدرا و بە ڕاسپاردەی شاهانە دادەمەزران ، مێپێشگۆی ئینتوم تەنیا لە بینای تایبەتی خۆیدا دەژیا کە ناوی "کیبار" بوو، ومێپێشگۆی ئینومیش تەنیا لەسەر تەختێکی گرانبەها دادەنیشت، کە بە تایبەتی دروستکرابوو بۆ پێگەی ئەو و ئەم تەختەش وا دیارە جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو تەختەی کە فەرمانڕەوا لە ماوەی هەزارەی چوارەم و لە نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایین ، لەسەری دانیشتوون، کاتێک حوکمڕانی لە دەستی دەسەڵاتی ئایینیدا بوو ، چونکە سەرۆکی بنەماڵە یان ئەوەی ئێمە شارە-دەوڵەتی پێ دەڵێین لەو سەردەمەدا بە (ئین) ناودەبرا ، ئەوەی زۆر پشتگیری ئەم گریمانەیە دەکات،هەمان ئەو ناوەیە کە بە سەرپۆشی پێشگۆی ئینۆم دەوترا، بەو پێیەی بە واتای تاج دێت.

ئەم جۆرە پێشگۆیانە نوێنەرایەتی بەرزترین پلە دەکەن لە پلەبەندیی پێشگۆییەتی لە مێژووی کۆنی عێراقدا ، هەر بۆیە هەموویان لە بنەماڵەی شاهانە یان هاوتاکانیان لە پێگەی کۆمەڵایەتیدا هەڵبژێردراون.

**ب- نادیتوم**

ئەم جۆرە مێپێشگۆیانە بە پلە لە دوای پلەی مێپێشگۆی ئینتوم دێن و ناوی نادیتوم بەو نیشانە مێخییە نووسراوە کە بە زمانی سۆمەر ((لۆکۆر)) دەخوێندرێتەوە، کە لە بنەڕەتدا لە دوو نیشانە پێکهاتووە: یەکەمیان ئاماژەیە بۆ ژن، و دووەمیان ئاماژەیە بۆ هێزە خوداوەندییەکان، ئەمەش ، تەنها ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مانای ((لۆکۆر)) هێمای ژنێکە کە هەڵگری جۆرێک لە دەسەڵاتی خوداوەندییە، و هەڵبژاردنی ئەم جۆرە مێپێشگۆیانە لە ڕێگەی فاڵگۆتنەوە نییە ، بەڵکو لە ڕێگەی نەزرکردنیانەوەیە بۆ پەرستگا هەر لە لەدایکبوونەوە.

ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەستدان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە هەموویان کچی بەرپرسانی باڵای دەوڵەتن و هەمان ئەم زانیاریانەش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە مافی هاوسەرگیریان هەیە، بەڵام بەو مەرجەی منداڵیان نەبێت ، لەبەر ئەم هۆکارە نادیتوم ژنێکی بەدیاری دەدا بە هاوسەرەکەی لە ناوەندێکی ئایینییەوەیە بە ناوی ((شوکویتم)) بۆ ئەوەی جێگەی بگرێتەوە لە پرۆسەی منداڵنانەوە بۆ هاوسەرەکەی، و منداڵەکانی شوکویتم لە هەمان کاتدا وەک منداڵانی نادیتۆم هەژماردەکران.

شوێنی سروشتی نیشتەجێ بوونی مێپێشگۆی نادیتۆم ( کەکەوم )ە، کە دەتوانین بە دێرێکی بچوێنین، شوێنەکەی لەناو پەرستگای سەرەکی شارەکەدایە و سەرپەرشتیاری ئەم دێرە پێشگۆیەکە بە ناوی( شانکوم)، سەرباری ئەمەش پاسەوان و بەرگدروو و گەنم هاڕ هەن کە خزمەت بە پێداویستییەکانی ئەم دێرە دەکەن و سەرەڕای بوونی(کەکەوم)، بەڵام هەندێک لە مێپێشگۆنادیتۆمەکان مافی ئەوەیان هەیە لە دەرەوەی ئەم دێرە بژین، بەڵام ڕێگەیان پێنادرێت کاری بێ مۆڵەت بکەن، ئەگەرنا سزاکەیان بە ئاگریش بسوتێرێن.

شوێنی سروشتی نیشتەجێ بوونی مێپێشگۆی نادیتۆم ( کەکەوم )ە، کە دەتوانین بە دێرێکی بچوێنین، شوێنەکەی لەناو پەرستگای سەرەکی شارەکەدایە و سەرپەرشتیاری ئەم دێرە پێشگۆیەکە بە ناوی( شانکوم)، سەرباری ئەمەش پاسەوان و بەرگدروو و گەنم هاڕ هەن کە خزمەت بە پێداویستییەکانی ئەم دێرە دەکەن و سەرەڕای بوونی(کەکەوم)، بەڵام هەندێک لە مێپێشگۆنادیتۆمەکان مافی ئەوەیان هەیە لە دەرەوەی ئەم دێرە بژین، بەڵام ڕێگەیان پێنادرێت کاری بێ مۆڵەت بکەن، ئەگەرنا سزاکەیان بە ئاگریش بسوتێرێن.



ئێنهیدوانا ،لە باوکێکی ئەکادی و دایکێکی سۆمەری، ئێنهیدوانا، یان ئێن-هێدو-ئانا، کە بە واتای "پێشگۆی بالا، جوانی ئاسمان" دێت، لە سالی ٢٢٨٥ پێش زایین لەدایکبووە.دایکی شاژنی سۆمەری تاشلولتوم بوو کە خەلکی باشووری عێراق بوو، هەروەها "پێشگۆی ، پلە بالای خوداوەندی مانگ نانا (سین) بوو. باوکی، شا سارگۆنی ئەکەدی بوو، دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ئەکاد بوو.

**ج- شۆکۆیتم**

لەمانەی سەرەوە فێربووین کە هەندێکجار ژنی دووەمی هاوسەری مێپێشگۆی نادیتۆمە و لەم حاڵەتەدا ئەرکی منداڵبوونە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە مەرجە و هەمیشە ژنی دووەم بێت. بەڵکو زانیاریەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە زۆرجار ژنی پیاوەکەی خۆیەتی و ژنی دووەم نییە. یەکێک لە گرنگترین ئەرکە ئایینیەکانی بەشداریکردنە لە مەراسیمی هاوسەرگیری پیرۆزدا، بەتایبەتی یاوەریکردنی بووک لە شەوی زەماوەنددا بە جوانترین جلوبەرگ و خشڵیکانییەوە.

**د- كاديشتوم**

لە زمانی ئەکەدیدا بە واتای (بە خوداوەند بەخشراو) یان پیرۆزدێت، سەبارەت بە ناوە سۆمەریەکەی ((نو-کیک)) ئەم ناوە لە مانای خۆیدا جیایە لەگەڵ ناوی ئەکەدەکەیدا ، قادشتوم مافی هاوسەرگیری و منداڵبوونی هەیە، زۆرجار دەقەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو وەک شیردەرودایەنێک کاردەکات ، هەروەها وەک نازناوێک بۆ خوداوەند عیشتار بەکارهاتووە کە بە ئیشتاریتوم دەخوێندرێتەوە. کادیشتوم لە یەک کاتدا لە خزمەتی کۆشک و پەرستگادا کار دەکات و هەر بۆیە بۆ بژێوی ژیانی تەنیا پشت بە پەرستگا نابەستێت.

**هـ- ئی- کۆلماکیتۆم**

ناوی ئەم مێپێشگۆیە بە زمانی سۆمەری بە((نو-بار)) دەوترێتەوە ،ئەم جۆرە پێشگۆژنە لە خێزانە ناسراوەکان هەڵدەبژێردرێت کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، مێپێشگۆیە کۆلماکیتۆم مافی هاوسەرگیری و منداڵبوونی هەیە. جگە لەوەش نەریتەکان ناچاری ناکەن لە دێردا بژی، بەڵکو ئازادی ئەوەی هەیە کە شوێنی نیشتەجێبوون هەڵبژێرێت، کۆلماکیتۆم لە پلەدا لە کادیشتوم نزمترە، بەڵام ئەرکەکەی لە پەرستگادا زۆر لە کارەکەی کادیشتوم دەچێت.

**و - شانکوم**

ئەم جۆرە مێپێشگۆیە لە پلەدا هاوتایە لەگەڵ پێشگۆی جۆری ئینۆم، جیاوازی نێوان ئەو دوو جۆرە ئەوەیە کە ئینۆم بە پلەی یەکەم ئەرکە ئاینییەکانی پەرستگاکە لە ئەستۆ دەگرێت، لە کاتێکدا شانکوم ئەرکی کارگێڕی و ڕێکخراوەیی لە ئەستۆ دەگرێت، خزمەت بە پێداویستییەکانی پەرستگاکە دەکات و مافی ئەوەی هەیە لەگەڵ دادوەرەکاندا دابنیشێت لە کاتی ئەو کۆبوونەوانەدا کە تێیدا باس لە کاروباری دادوەری دەکەن.

ز- ئاشیبووم

یەکێک لە کارە هەرە دیارەکانی ئەم جۆرە پێشگۆیە ، ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی دەرکردنی گیانی خراپە ودەرکردنی جنۆکەیە لە جەستەی نەخۆشەکاندا ،

هەروەها ڕێوڕەسمی "دەم شۆردن" ئەنجام دەدات، لە ڕاستیدا ئەم ڕێوڕەسمانە ئەو هەنگاوە بنەڕەتیانە دەنوێنن کە دەبێت لە کاتی پێشکەشکردنی گا وەک پێشباری کردن بۆ خوداوەند پەیڕەو بکرێن. یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ئاشیبووم بەشداریکردنە لە ڕێوڕەسمی پاککردنەوەی پەرستگاکە.

دەقە جۆراوجۆرەکانی میخی جەختیان لەوە دەکردەوە کە ئەم جۆرە پێشگۆیە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکە سەرەتاییەکانیدا دەبێت بە تەواوی ڕووت بێت.

**ە- لۆماخم**

لە ناوی ئەم جۆرە پێشگۆیە، کە بە زمانی سۆمەری ((پیاوە گەورەکە)) دەگەیەنێت، دەردەکەوێت کە لە یەکێک لە دامەزراوە ئاینییەکان سەرۆکایەتی کۆمەڵێک کرێکار دەکات و دەقە مێخییەکان پشتڕاستیان کردووەتەوە کە سەرپەرشتی پەرستگاکە دەکات کە لە لوتکەی زیگوراتدا دروستکراوە، کە پێی دەوترێت ((کیکونو)) ئەم جۆری پێشگۆیە لە ڕێگەی فاڵگرتنەوە هەڵبژێردراوە.

**- کۆدایشوم و نەشاکۆم**

یەکێک لە کارە هەرە دیارەکانی ئەم دوو جۆرە پێشگۆیانە، پاککردنەوەی پەرستگاکە و پاککردنەوەی هەموو ئەو شتانەیە کە نەریتی ئایینی فەرمانی پاککردنەوەیان هەیە پێش، دوای، یان لە کاتی ڕێوڕەسمی ئایینیدا بکرێن، جا لە ناوەوە یان دەرەوەی پەرستگاکەدا بێت.

**ج- باشیشوم**

واتای ئەم ناوە لە زمانی ئەکەدیدا ((چەورکراو))ە، بەڵام کاری سەرەکی باشیش ئەنجامدانی ئەرکەکانی پاککردنەوەیە، هەربۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو شتانەی

پاکیان دەکاتەوە بە زەیت-ڕۆن لێدان دەیکات. بەشیشوم بەشداری لە ڕێوڕەسمی قوربانیدان بۆ خوداوەندەکان دەکرد، ڕێوڕەسمێک کە لەگەڵ ژەنینی قیسارە بووە، هەر بۆیە دەبوو لە ژەنینی قیسارە باش بێت.

**ک- ناروم و کالوم**

لە ئەرکەکانی ئەم دوو جۆرە پێشگۆیە بریتییە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی گۆرانی وتن و ژەنینی ئامێری مۆسیقا، پێشگۆی ناروم تایبەتمەند بوو لە پێشکەشکردنی گۆرانی خۆش، کە بە ئاوازی مۆسیقا پێشکەش دەکرا، لە کاتێکدا پێشگۆی کالۆم تایبەتمەند بوو لە پێشکەشکردنی گۆرانی خەمناک و خوێندنەوە لاواندنەوەکان کە مۆسیقایان لەگەڵدا نییە.

ناروم دەقەکانی دەوتەوە کە بە زمانی ئاسایی نووسراون، لە کاتێکدا کالوم تەنیا خوێندنەوەی ئەو دەقانەی بە زمانی ئەدەبی نووسراون، کە پێی دەوترێت زمانی ژنان ئەنجام دەدا.

**ل- باروم**

ئەم جۆرە پێشگۆیە بەرپرسیار بوو لە ئەرکی ئاشکراکردنی بەخت بە خوێندنەوەی جۆرەها نیشانە وفاڵ گرتنەوە .

جگە لەم ئەرکە، پێشگۆ باروم ئەرکی لێکدانەوەی خەونەکانی ئەنجام دەدا. باشترین لێکچوون بۆ ئەم پێشگۆیە "الفوال"ە واتە فاڵگرەوە، کە سی چل ساڵ لەمەوبەر لە گەڕەکەکاندا دەسوڕایەوە.

جگە لەوانەی سەرەوە، کۆمەڵێک پێشگۆی ترهەبوون، بەڵام ژمارەیان کەم بوون، کردەوەکانیان بە هیچ شێوەیەک جیاواز نەبوون لەگەڵ کردەوەی ئەو پێشگۆیانەی سەرەوە باسمان کردن.

**المصادر- سەرچاوەکان**

1- عقائد ما بعد الموت في حضارة بلاد وادي الرافدين القديمة- رسالة ماجستير للسيد نائل حنون عليوي، 1975.

2- الاعياد في حضارة بلاد وادي الرافدين- رسالة ماجستير- للسيدة راجحة خضر عباس النعيمي، 1976.

3- مجلة سومر- المجلد الثاني والثلاثون- 1976.

4- مجلة آفاق عربية- السنة السادسة- ايار- 1981.

5- Th. Jacobsen, the Treasures of Darkness, a history of Mesopotamian Religion, New-Haven and London, 1976.

6- Fischer Weltgeschichte 2, die Altorientalischen, Reiche, I.

7- A. Falkenstein, An Or 30 die Inschriften Gudeas von Lagash I, Einleitung, Roma, 1966.

8- Zeitschrift für Assyriologie, Neue Folge 24 (1967), 25 (1969), J. Renger, Untersuchungen zum Priestertum der Altbabylonischen Zeit.

9- G. Pettinato, das Altorientalische Menschenbild und die Sumerischen und Akkadische Schöpfungsmythen, Heidel- berg, 1971.

10- XXVI. und XXVII. Vorläufiger Bericht über die von dem Deutschen Archälogischen Institut und der Deutschen Orien Gesellschaft aus Mitteln der Duetschen Forsch- ungsgemeinschaft

Unternommenen Ausgrabungen in Uruk- Warka, 1968 und 1969, .von Jürgen Schmidt

حضارة العراق – تاليف نخبة من الباحثين العراقيين –ج1-1985-صص145-196

- د. فوزى رشيد،الديانة-المعتقدات الدينية،حضارة العراق،تاليف نخبة من الباحثين العراقيين،ج ١ ، بغداد، 1985 .

شارستانیەتی عێراق-نووسینی کۆمەڵێک توێژەری عێراقی

بەشی یەکەم-بەغدا ١٩٨٥-چاخە دێرینەکان-

بەشی پێنجەم-ئایین-توێژینەوەی یەکەم- د.. فەوزی ڕەشید،

بیرو باوەڕە ئاینیەکان.

# بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی
# لە سەردەمی چاخەکانی پێش مێژوو و
# پەیوەندیی  بە هونەری سۆمەرییەوە




Tullul Eth-Thalathat
Tell Brak
Hassuna
Tell Halaf
Jarmo
Matarrah
Yarim Tepe
Umm Dabaghiyah
Choga Mami
Samara
Tell es Sawwan
Susa
marsh
current
shoreline
a






دەفری سامارا، لە سالّی ٤٠٠٠ پێش زایین، لەلایەن ئێرنست هێرزفێلّدەوە لە هەلّمەتێکی هەلّکەندندا لە سالّانی ١٩١١-١٩١٤ دۆزرایەوە. ئێستا لە مۆزەخانەی پێرگامۆن لە بەرلیندایە. سواستیکا لە ناوەندی دیزاینەکەدا کۆکراوەتەوە.



ئەم لێکۆڵینەوە کورتە، ڕەنگە سەرەتا بۆ کۆمەڵێک خوێنەر وەک هەوڵێکی بێهیوا و بێهودە دەرکەوێت، چونکە لێکۆڵینەوەیەکە هەرگیز ناتوانێت بزووتنەوەیەکی هزری بسەلمێنێت کە لە سەردەمەکانی پێش مێژوودا ڕوویداوە.

هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە،  گروپێکی تر هەبن چاویان لە ناونیشانی بابەتەکە بێت و بە سۆزەوە هەوڵی خوێندنەوەی بدەن بۆ ئەوەی سروشتی ئەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازە بزانن، پێموایە ئەم گروپە ڕەنگە دوای تەواوکردنی خوێندنەوەی هەندێک نائومێدییان بەخۆوە ببینێت، بەتایبەت ئەگەر پێی وایە ئەم بابەتە توانای ڕوونکردنەوەی ئەوبزووتنەوە ڕزگاریخوازییە و هەموو ئەو شتانەی هەیە کە هاوڕێیەتی لە ڕێکخستن وتێکۆشان وئەشکەنجە وەک لە ئەوبزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی ئەم دواییانەدا دەخوێندرێتەوە .

بە کورتی، ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە هەوڵەکانیدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بزووتنەوەیەی کە پێشتر باسمان کرد، زۆر لە هەوڵی هەر کەسێک دەچێت کە بیەوێت نووسینێکی کۆن و خراپبوو بخوێنێتەوە، کە تەنیا سێبەری وشەکانی لێ دەمێنێتەوە. لەم لێکچوونەوە بۆ خوێنەران ڕوون دەکەینەوە کە هەوڵێکە بۆ باسکردنی بابەتێک کە لە شوێنەواری ماددی بە هەمان شێوە تەنها سێبەری ماوەتەوە.

تا ئەو کاتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە بابەتێکی هەستیار دەکات کە لە قۆناغێکی پێش سەرهەڵدانی نووسیندا ڕوویداوە، بە پێویستی دەزانم بەم شێوەیە دەست پێ بکەم، کە لێکۆڵینەوەمان لە مێژووی کۆن و دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر گەشەسەندنی هەبوە، لە هیچ بارێکدا مانای ئەوە نییە مێژووی ڕاستەقینە لە ڕاستیدا بەو شێوەیە ڕۆیشتووە ، بەپێی ئەو هۆکارانەی کە ئێمە دەتوانین دیاری بکەین، چونکە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێژەی هەستکردنمان بە مێژوو و ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی هەیە.

زانستە سرووشتییەکانیش هەمان شتە، بۆ نموونە یاساکانی فیزیا لە ئەنجامی زانینی ئێمە بۆئەو پەیوەندییە ڕاستەقینەیە نییە کە لە نێوان شتە مادییەکاندا لە سروشتدا هەیە، بەڵکو لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی جۆری هەستکردنی ئێمەیە بە ئەو پەیوەندییانە .

بۆ نموونە هێزی کێشکردن لەلایەن نیوتنەوە بە هێزێک دادەنرا، لە کاتێکدا ئەنیشتاین بە دیاردەی دەزانێت.

هەموومان دەزانین هەستەکانمان، وەک ئەم واقیعە دەیسەلمێنێت، مەرجدارن بە کاریگەرییەکانی لەو بەهێزترن ، وەک ماوەو کات، قۆناغی زانستی کە تێیدا دەژین و سروشتی کۆمەڵگاکەمان، جگە لە کاریگەرییەکانی دیکە، وەک نەتەوەخوازی و چینایەتی و ئەو بارودۆخە دەروونییەی کە هەریەکەمان بەدەستیەوە دەناڵێنین. هەموو ئەم کاریگەرییانە لەسەر هەستەکانمان دەمانخاتە حاڵەتێکەوە کە ڕێگەمان پێنادات بە ڕاستییە ڕەهاکەی-ئەبستراکتەکەیدا لە مێژوو تێبگەین.

لەم کورتە پێشکەشکردنەدا، دەمەوێت ئەوە نیشان بدەم کە ئەوەی لەبارەی کۆنترین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی لەمێژوودا کەلە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرچاو بووە، بۆ خوێنەران دەیخەمەڕوو، بێ گومان هەستیاری کەسیی منە بەرامبەر بە شوێنەوارەکانی ئەم قۆناغە، باس وگفتوگۆم لەم بابەتە لەسەر بنەمای یاسا شارستانییەکان دامەزراندوە، کە لە ڕووداوەکانی قۆناغە مێژووییەکانەوە دەرئەنجاممان هەڵێنجاوە و لە ڕێگەی ئەم یاسایانەوە هەوڵم داوە ئەوە نیشان بدەم کە عێراقی کۆن لە ڕاستیدا بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی ئەزموون کردووە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٥٠٠٠ساڵ پێش زایین.

**بۆ نیشاندانی ئەمە بەم شتانە دەست پێدەکەم:**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەکان بۆ چەند وەرزێک هەڵکەندنی شوێنەواری لە شوێنی تەل ئەلسەوان- تل الصوان- Tal-a-Saw wan- ئەنجام داوە کە دەکەوێتە نزیک شاری سامەرای ئێستا (١٨ کیلۆمەتر لەخوارووی سامەرایە لەسەر زێی دیجلە) و ئەو شوێنەوارو کەلوپەلە دێرینانەی لەم شوێنە دۆزراونەتەوە سەرنجی شوێنەوارناسانی وروژاندوە بەهۆی ئەو بووکەڵەبەردینانەی تێدایە کە بۆ یەکەمجار دەردەکەون، هەندێک لەم بووکەڵانە ئی مێینەن و هەندێکی تریان ئی نێرینەن، جگە لەم دوو جۆرە بووکەڵەبەردینانەش لەو شوێنەدا دۆزرانەوە کە پێشتر باسمان کرد، لەو شوێنەدا زۆر شوێنەواری بەردین دۆزرانەوە کە لە ئەندامی نێرینەی پیاو دەچێت لەو کاتیەدا وەک هێمای پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ لێکدەدرانەوە، لەم وتاروبابەتە تاڕادەیەک کورتەدا دەمەوێت نیشانی خوێنەران بدەم کە ئەو شوێنەوارانەی پێشتر باسکراون ئەوانەن کە ئیلهامبەخش بوون بۆ ئەوەی باس لەم لایەنە گرنگە بکەم ،کە لە ماوەی چاخەکانی پێش مێژوو لێخوێندنەوەیان ئەستەمە، ئەویش ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەن کە لە سەرەتای هەزارەی پێنجەمی پێش زایین ڕوویاندا، ئەو قۆناغەش بوو کە نووسین دانەهێنرابوو.

بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کە لە شوێنەوارەکانی تەل ئەلسەوان هەستم پێکرد، پێویستە جۆری ئەو شارستانیەتانە ڕوون بکەمەوە کە پێش ڕوودانی ئەم بزووتنەوەیە ڕزگاریخوازییە گریمانەییە لە عێراقدا هەبوون.

من پێم وایە بەشێکی زۆر لە خوێنەران دەزانن کە ئەو شارستانییانەی لە ناوچەکانی باکوری عێراق زاڵ بوون شارستانیەتێکی کشتوکاڵی بوون کە بۆ بەرهەمهێنانیان بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە باران بەستووە، هەروەک چۆن لە ئێستادا لەگەڵ کشتوکاڵ لە ناوچەکانی باکووری عێراقدا هەیە، وەک ئێستاش بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە باران دەبەستێت، لەبەر ئەم هۆکارە بۆمان دەرکەوت کەوا یەکەم شارستانیەتییە کشتوکاڵییە کۆنانە لەو ناوچانەدا سەریهەڵداوە کە بارانبارینی وەرزی بەسە بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ.

هەروەها لەپاشماوە شوێنەوارییەکانی ئەم شارستانییەتە کشتوکاڵییانە تێبینیمان کرد کە پەرستنی کە لەو سەردەمەدا باو بوو پیرۆزکردنی بیرۆکەی پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ بووە - تقديس فكرة الخصوبة- ، هێمای ئەم پەرستنەش ئەو مێخوداوەندە بوو کە وەک دایک وێنا کرابوو(لە بووکەڵەی مێیینە بەرجەستەکرابوو)، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دایک بە ڕواڵەت تاکە توخمە بەرهەمهێنەری ژیانە لە نێوان نەژادی مرۆڤدا.



شـكل ـ ٣



شـكل ـ ٣

نماذج من الدمى الممثلة للالهة الام من موقع تـل الصوان

جگە لەوەش، ڕەنگە هەندێک لەگەڵ ئەو ئەنجامەی ئێمە سەبارەت بە جۆری پەرستنی ئەم شارستانییەتە کشتوکاڵییانە لە ڕێگەی بووکەڵەی وێناکردنی دایکەوە هاوڕا نەبن، هەروەها لەگەڵ ئێمە هاوڕا نەبن سەبارەت بەو ڕاستییەی کە ئەم بووکەڵە خوداوەندە دایکانەکان دەنوێنن، بەڵکو تەنها بووکەڵەی مێینەن، وەڵامی ئێمە بۆ ئەوەش ئەوەیە کە هەموو پەرستنە کۆنەکان هەرچەندە کۆن بن، لە ئێستادا پاشماوەیان لە ئایینەکانی هەندێک گەلی سەرەتاییداماون یان لە شێوەی دابونەریتەکاندا دەیانبینینەوە کە لە بۆنە ئایینی و دونیاییەکاندا لە نێو گەلانی شارستانیدا پەیڕەو دەکرێن.

کولتوری پەرستنی پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ ، کە ئێمە گریمانەمان دەکرد لەنێو دانیشتوانی ئەم  شارستانییەتە کشتوکاڵییە کۆنانەدا بوونی هەبێت، پاشماوەی ئێستا دەبینینەوە لەنێو ئەو نەریتانەی کە لە جەژنی ئیستەردا - الفصح لەنێو کریستیانەکاندا پراکتیزە دەکرێن، کە لەم بۆنەیەدا دیاری شیرینی لە شێوەی هێلکە و کەروێشکدا پێشکەش دەکرێت. هێلکە هێمای ژیانی نوێیە، کەروێشکیش هێمای پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ بوو،چونکە کەروێشک وەک دەزانرێت، یەکێکە لەو ئاژەڵانەیە کە زۆربێچووی دەبێت، هەروەها لە پەرستنە توتەمیەکاندا، کە ئێمە پاشماوەی ئەمانە لە نێوان هۆزە سەرەتاییەکانی ئوسترالیادا دەبینینەوە، هەروەها لە شێوەی هێما لەناو شارستانییەتە  پێشکەوتووەکاندا دەدۆزینەوە، وەک نموونەیەک بۆ ئەمەش دەوڵەتە شارەکانی میسر بۆ خۆیان چەندان هێمای بنەچە تەوتەمییان هەڵبژاردبوو وەک: باز و سەگ و دووپشک. لێرەوە دەتوانین بڵێین سیستەمی سیاسی کۆن لە میسردا سروشتێکی تۆتەمی هەبوو، هەروەها لەهەمانکات سەربەخۆ بوو لە ئایینی تۆتەمی پوخت .



جگە لەوانەی سەرەوە، شارستانییەتە کشتوکاڵییە کۆنەکان کە پشت بە باران دەبەستن، پێویستیان بە هیچ شتێک نییە جگە لە بەپیتی زەوییەکە ، بەو پێیەی بەردەستبوونی بەرهەمهێنان زیاد دەکات، ئەمەش بنەمای مانەوەیە بۆ ئەو دانیشتووانانە.

ئەو هۆکارەی کە پاڵمان دەنێت بۆ ئەوەی جەخت لەوە بکەینەوە کە پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ تەوەرەی ئایینی ئەم شارستانییە کشتوکاڵییانە بووە، پەیوەستە بەو یاسایەی کە پەرەسەندن کۆنترۆڵ دەکات، دەقی ئەم یاسایە دیاری دەکات کە هەموو دیاردەیەکی شارستانی، چ نوێ بێت یان کۆن، دەبێ بە قۆناغی پەرەسەندن تێپەڕیبێت و شێوەکەی زۆر جیاواز بووبێت لەو بنجەی لێیەوە سەریهەڵداوە، بەڵام بۆمان دەردەکەوێت کە پەرەسەندن تەنها توانای گۆڕینی ڕواڵەتی هەیە، بەڵام ناتوانێت کاکڵ-الجوهر بگۆڕێت.

مرۆڤ و سروشت بە یاساگەلێک بەڕێوە دەچن، کە ناتوانرێت وازیان لێ بهێنرێت. وەک نموونەیەکی سادە لە یاسا سروشتییەکان کە ناتوانرێت وازی لێبهێنرێت، ئەو پرۆسەی گەشەکردنە دەبینین کە ئامرازەکانی گواستنەوەی ئاوی بینیویە بە درێژایی

سەدەکان و ئەو قۆناغەی کە لە ئێستادا پێی گەیشتوون، کە بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئامرازە بەراییەکان، بەڵام وەک ئەم ئامرازانە گەیشتوونەتە قۆناغی پێشکەوتووی گەشەسەندن، نەیانتوانی وازلە جەوهەری شتە سەراوبووەکان بێنن وەک لە یاسای ئارخیمیدس هاتووە ، ئەمەش لە مرۆڤیشدا وایە، هەرچەندە گەشە بکات، لە پێشوودا وئێستاش ئەو هێزە دەپەرستێت کەیارمەتیدەرە بۆ مانەوە و لەناوچوونی لە هەمان کاتدا.

چونکە بزوێنەری سەرەکی لە مرۆڤدا ترسی یەتی لە لەناوچوون، و ئارەزووی بەپەلەوجێی پێداگرییەتی بۆ نەمربوون، تا ئەو کاتەی شارستانییەتە کشتوکاڵییەکان کە پشت بە باران دەبەستن، بەردەوامیی و مانەوەیان لە ڕێگەی بەردەستبوونی توانای پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ و زاوزێی ئاژەڵەکانەوە مسۆگەر بکەن، بە دڵنیاییەوە دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە ئەمانە ئەو دوو هۆکارەبوون تەوەرەوجێگەی سەرنجی ئایینیی ئەم شارستانییەتانە بوون ،



دەفری گڵێنەی وێنەی چوار ژنی لەسەرە ، پرچیان کراوەتەوە وبۆچوارلا بڵاوبووەتەوە، هێمای سواستیکا -خاچی چەماوە-چوارئاڕاستە- دەنوێنێت ئاماژەبووبۆ پیتوفەڕ،سەماونزای بارانبارین بوو،لە هەزارەی شەشەمی پ.ز بەشێک بوولە رۆشنبیریی سامەرا

ئەوەی زیاتر و زیاتر پشتگیری لەم بابەتە دەکات، ئەو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازەیەی کە ئەم بابەتە بەنیازە بیسەلمێنێت، لە ڕاستیدا ڕووی نەداوە تەنها وەک دەرئەنجامێکی ناچارەکی-حەتمی ئەو ئایینەی کە باسی لێوە دەکەین:

لە سەردەمی شارستانیەتی سامەرادا 5500-4500 پێش زایین، کە یەکێک بوو لە دوا شارستانیەتەکانی کشتوکاڵی دێمی لە ناوچەکانی باکوری عێراق باو بوو و بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەو ناوچانەی کە بارانبارینی ساڵانەیان جارتاجارێک دەگۆڕێت و ناجێگیر بوو، بڵاوبووەوە، ئەوەی مەبەستم لە جارتاجارێک دەگۆڕێت ئەوەیە کە باران لەم ناوچانەدا دەبارێت ساڵێک بەسە بۆ گەشەکردنی بەروبووم و ساڵێکی تر بەس نییە، وەک ئەوەی لە ئێستادا لە  زۆرێک لە ناوچەکانی باکووردا بە تایبەت لە ناوچەی جزیرە وایە.



الشكل ٢ – تل الصوان : دمية من الطين المشوي ، مزينة باللون الاحمر تمثل رجلا جالسا عاري الجسم .

Fig. 2. Tell as-Sawwan: Baked clay figurine painted in red, showing a seated male with pronounced sexual organ.

ئەم ناجێگیرییە لە ڕووی بارانەوە وایکرد مرۆڤی ئەم قۆناغە زیاتر خەمی ئەو هۆکارانەی کەشوهەوا بێت کە کاریگەرییان لەسەر باران و چاندن و دروێنە هەیە نەک بە توانای پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ و زاوزێ، چونکە پیتوفەڕ بەبێ باران هیچ بەهایەکی نییە، هەروەها ئەو ئاژەڵانەی ژیانی نوێ بەرهەمدەهێنن ژیانیان بەبێ چاندن دەکەوێتە بەر هەڕەشە ، ئەم لایەنە، وەک پێم وایە، بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ئایینی نوێ کە لە ڕێوڕەسمەکانیدا پشت دەبەستێت بە پیرۆزکردنی هۆکارە سروشتییەکان.

ئەم تێگەیشتن بیرو بۆچوونە بێ گومان پەیوەستە بەوەی کە پێشتر باسمان کرد، کە مرۆڤ هەمیشە و بۆ هەمیشە ئەو هێزە دەپەرستێت و گرنگی بەو هێزە دەدات کە یارمەتی مانەوەی دەدات و لە لەناوچوون دەیپارێزێت و تا ئەو لایەنە بە بەردەستبوونی باران لە سەردەمی شارستانیەتی سامەرادا بێتەدی، بێ گومان تێڕوانینەکەمان ڕاست دەبێت کاتێک وا گریمانە دەکەین کە مرۆڤ لەم قۆناغەدا دەستی کردووە بە گرنگیدان بە هۆکارەکانی کەشوهەوای کاریگەر لەسەر باران و چاندن و دروێنەکردن زیاتر لە بایەخدانی بە توانای پیت وفەڕی زەوی و زاوزێی ئاژەڵەکانەوە.

بەڵام تا ئەو کاتەی کۆمەڵگای شارستانیەتی سامەڕا بە پێی ئایینی یەکەم ئاشتەوایی و قازانج و خۆی یەکخستبوو، بە دڵنیاییەوە بە هەموو هێزێکەوە شەڕی بیرۆکە نوێیەکانی دەکرد و گومانی تێدا نییە کە ئەوانەی بەرژەوەندیان زیانی پێگەیشتبوو ، ئایینی نوێیان لە باوەش دەگرت، تێکۆشەر و بیرمەندی بەهێز لە نێویاندا سەریان هەڵدا وبیرمەندەکانیان ئەو بیرۆکانەیان فەلسەفاند و پرۆگرامیان بۆ داڕشت، ئەوەش بوو بە بانگەوازبۆ ئەو کەسانەی کە هیچ بەرژەوەندییەکیان نەبوو، باوەڕیان پێبێنن بەو هیوایەی کە ڕەنگە بیرۆکە نوێیەکان بارودۆخیان باشتر بکات، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کاریگەری لەسەریان نابێت بە هەر شێوەیەک بێت چونکە موڵک وبەرژەوەندییان نییە کە بەهۆی وەرگرتنی بیرۆکەی نوێوە زیانیان پێ بگات.



دیله
سۆمەرییەکان
لەسەر
کێلێکی
سەرکەوتنی
پاشای
ئەکەدی
سارگۆن،
نزیکی ساڵی
٢٣٠٠ پێش
زایین.
مۆزەخانەی
لۆڤەر.

دەبێ ئەمەش بووبێتە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی لەم قۆناغە هەرە دێرینەدا، کە لایەنگرانی ئەو کەسانە بوون کە هیچ بەرژەوەندییەکیان نەبوو و چینی هۆشیار بوون و نەیارەکانیان ئەو چینە بوون کە سوودیان لە پەرستنی پێشوو- پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ و زاوزێ -هەبوو و وەرگرتبوو، بە لەبەرچاو گرتنی لێکچوون لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازە زۆرەکانی کەلە سەردەمە مێژووییەکان روویان داوە وشایەتحاڵی بوون و تا سەردەمی ئێستامان، دەتوانین پێشبینی بکەین کە لایەنگرانی بیرۆکەی نوێ ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و ئاوارەبوون و دژایەتی بوونەتەوە، نەیارەکانیان هەوڵی چاکسازییان داوە کە هەوڵدەدەن خەڵک بگەڕێننەوە بۆ بیرۆکە کۆنەکانی لەسەر بنەمای پەرستنی پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ ، لە نێو ئەم چاکسازیانەدا کە پێشبینی دەکەین لەم قۆناغەدا ئەنجام درابن، ناساندنی توخمی نێرە، کە پیاوە وەک هێمای پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ و هێمای ئەمەش ئەندامی نێرینەی پیاوانە کە لە شوێنەواری تەل ئەلسەوان لە نزیک شاری ئێستای سامەرا زۆری لێ دۆزراونەتەوە.

من ئەم هەوڵە چاکسازییە بە هەوڵێکی زیرەک دەزانم چونکە لە ڕوانگەی کردارییەوە دوو ئاڕاستە یە ، یەکەمیان ئەوەیە کە ناساندنی توخمی نێرینەیە شانبەشانی ژن وەک

هێمای پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ، پەرستنی کۆن ناخاتە دەرەوە، دووەمیان ئەوەیە کە لە ڕوانگەی سۆزدارییەوە پیاوان بەدەستبهێنێت و ڕایانبکێشێت بۆ ئایینی کۆن، لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەدا یاخیبوونی تاک لە بیرۆکەی پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ، دوای ئەم چاکسازییە ، دەبێتە یاخیبوون لە خۆی.

لایەنێکی تر کە بۆ من ئاماژەن، ئەوەیە کە کۆمەڵگای شارستانیەتی سامەرا لە ڕاستیدا هەموو هێزەکانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکە نوێیەکان کۆکردبووەوە و هەموو ئامرازێکی دڵکێشی بەکارهێنابوو بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ لای پەرستنی کۆن و ئەم لایەنەش ئەوەیە کە کۆمەڵگای سامەرا ئێمە بووکەڵەی وێناکردنی دایک و هێماکانی دەربڕینی پیاوی لە مەڕمەڕەوە بە ژمارەیەکی زۆر دروستکرد ، ئەمەش بۆ یەکەمجارە لە گردی ئەلسەوان بینیمان ، لە کاتێکدا بووکەڵەی شوێنەکانی دیکە لە گڵ دروستکراون و ژمارەیان ئەوەندە کەم بووکە ناتوانین بەراوردیان بکەین لەگەڵ ژمارەی ئەو بووکەڵە بەردینانەی کە لە تەل ئەلسەووان دۆزراونەتەوە.

شتێکی تر کە پشتگیری لە گریمانەکەمان دەکات ئەوەیە، کە ئێمە لە شوێنەواری تەل سەوان ، بە ناوی بووکەڵەی بەردینمان دەستکەوتووە کە کەروێشکیان وێنا کردووە. مەبەست لەم بووکەڵانە، ئێمە پێمان وایە، جەختکردنەوە لەسەر بیرۆکەی پیتوفەڕونانەوەی ژیان و زۆری لە بەرهەمهێناندایە، چونکە کەروێشک وەک ئاماژەمان پێدا، یەکێکە لەو ئاژەڵانەی کە بە ژمارەیێکی زۆرەوە لەدایک دەبێت و هێمای پیتوفەڕونانەوەی ژیانە تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشماندا.

## پەیکەری بەدیل گیراو و ئازاردراوان ـلە شاری ئوروک دۆزراونەتەوە



رقم - ١



رقم - ٢

ئەمە لایەنێکە و لایەنەکەی تریش، پشتگیری لەو ڕاستییە دەکات   دانیشتوانی شارستانیەتی سامەرا لە ڕاستیدا هەوڵی  چاکسازیی بەرفراوانیان دا بۆ دوورخستنەوەی مرۆڤەکان لە بیرۆکە نوێیەکان و  هونەرەکانیان بەکارهێنا بۆ دامەزراندنی بیرۆکەی پەرستنی پیتوفەڕونانەوەی ژیان ، چونکە ئێمە ئەوەمان دۆزیوەتەوە کە گڵێنەسازیی شارستانیەتی سامەرا بە تەنیا توخمەکانی هونەری

ڕووەکی و ئاژەڵییەکانی بە دابەشکردنێکی تایبەت لەناو یەک پارچەی هونەریدا کێشراون، ئەو دابەشکردنە.ئەڵقەیی وبازنەیی تێکبەستراوە، کە پێمان وایە پەیامێک دەردەبڕێت و پشتڕاستی دەکاتەوە کەوا بەردەوامی ژیان تەنها لە ڕێگەی پیتوفەڕونانەوەی ژیان و زاوزێیەوە بەدەست دێت ئەوەیش جەوهەری پەرستنی ئەم قۆناغەن. سەیری وێنەی ژمارە (٨) بکە.



بۆیە من پێم وایە ئەم هەوڵە چاکسازییە لەگەڵ ئامرازە دڵکێشییەئامێزەکانی دیکەوە، بە دڵنیاییەوە پاڵنەری پیاوانی بەرەو بیرۆکەی نوێ کەمکردۆتەوە، هەر بۆیەش لە ناوچەکانی کاریگەری شارستانیەتی سامەرادا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکو لە بەشی باشووری عێراق گەشەی سەند و بڵاوبوویەوە، کە ئەوشوێنە بووە پەرسگای تێدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی میزۆپۆتامیادا دەرکەوتووە، هەر ئێستاش ئەو شوێنەیە کە ڕێوڕەسمی پەرستنی خوداوەندەکانی تێیدا بەڕێوەدەچێت کە هێزە سروشتییەکان دەنوێنن.



زیگوراتی ئانو و پەرستگای سپی لە ئوروک. پێکهاتەی هەرەمی ڕەسەن، "ئەنو زیگورات"، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سۆمەرییەکان لە دەوروبەری ساڵی ٤٠٠٠ پێش زایین و پەرستگای سپی لەسەری دروستکراوە لە نزیکەی ٣٥٠٠ پێش زایین.




دەرکەوتنی پەرسگا بۆ یەکەمجار لە بەشی باشووری عێراق خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی ڕوونە کە باشووری عێراق بیرۆکەی ئایینی جیاوازی پەسندکردووە، کە جیاوازە لە بیرۆکەکانی باکورەکەی، بەجۆرێک کە پێویستی بە سەرهەڵدان و دروست کردنی ئەم بینا ئایینییە بووە.

سەبارەت بە لایەنگرانی ئایینی نوێ، کە گوتمان دەبێ ڕووبەڕووی گۆشەگیری و ئاوارەبوون بوونەتەوە، ڕاستییەکە ئەوەیە کە گریمانەکردنی شتێکی وا مومکینە، بەڵام سەلماندنی بە شێوەیەکی ماددی و ڕوونی بێ گومان بابەتێکە تا ڕادەیەک سەختیی تێدایە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک نموونەی ماددی هەن کە ڕەنگە بتوانێت وێنەیەکمان پێ ببەخشێت، تەنانەت ئەگەر بە تەواوی ڕوونیش نەبێت، لە نێو ئەم نموونە فیزیکیانەدا ئەوەیە کە کۆنترین پارچە داتاشراوە -پەیکەرەبەرجەستەکان کە لە بەشی باشووری عێراقدا دۆزراونەتەوە، پیاوانێک دەنوێنن کە تێیدا کەوتوونەتەسەرچۆک وزنجیردار، بە کۆت و بەند و لە دۆخێکدا کە بە هیچ شێوەیەک جیاواز نییە لەو دۆخەی کە دیلەکانی جەنگ تێیدا کۆت و بەند دەکران. لە داتاشراوەکانی سەردەمە مێژووییەکاندا.

بۆیە من پێم وایە ئەم پارچە داتاشراوانە زۆرترینیان هیچ نین جگە لە دەربڕینی ئەو چەوساندنەوەیەی ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبتەوە کە بیرۆکەی پەرستنی هێزە

سروشتییەکانیان هەیە لە سەردەمی خەباتیان لە دژی پەرستنی بیرۆکەی پیتوفەڕونانەوەی ژیانی نویَ،ئەو بیرۆکەیەی کە بۆ ناوچەکانی ژێر کاریگەری شارستانیەتی سامەرا، بووبووە بیرۆکەیەکی بەسەرچوو و پێداویستییەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی دابین نەدەکرد.

ڕەنگە من زیادەڕەوی نەکەم ئەگەر بڵێم بەشێک لە داتاشراوەکانی سۆمەرییەکان لە ژێر کاریگەری هەڵوێستێکی وادا بووە، هەر بۆیە لە ئێستادا بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو پەیکەرەکانی سۆمەری دەستەکانیان لە دۆخێکدا وێنا کراوە کە زۆر لە حاڵەتی دەستە بەستراوەکان دەچێت، ئەوەی پشتگیری ئەم بیرۆکەیە دەکات زیاتر و زیاتر ئەوەیە کە پەیکەرە سەرەتاییەکانی سۆمەری حاڵەتی دەستەکانیان تێیدا دەبینین جیاوازی نییە، سەبارەت بە حاڵەتی دەستەکان لە یەکەم پارچە داتاشراوەکاندا کە پیاوانیان بە کۆت و بەندەوە وێنا کردووە، ئەمە لایەنێکە، لایەنەکەی تریش کە منیش وەک بەڵگەیەکی دیکە دەیبینم کە پشتگیری لە ڕەوایەتی ئەم گریمانەیە دەکات، ئەویش ئەوەیە کە هەموو پەیکەرەکانی مرۆڤ لە سەردەمی سۆمەرییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەقینە نوێن دروستکراون، بە جۆرێک کە پەیکەرەکانی مرۆڤ لە حاڵەتی ڕەها-ئەبستراکتدا نەخشێنراون کە ئەو مەینەتیەی هەڵگرانی بیرۆکە نوێیەکان ڕووبەڕوویان بوونەتەوەدەگەیێنێت، گومانی تێدا نییە کە زۆرێک لەوانەی کە دژی بیرۆکە کۆنەکان وەستانەتەوە، لە قۆناغەکانی تێکۆشانیان ، نایابترین وێنەی قارەمانێتی و خەباتیان خستۆتەڕوو و منیش باوەڕم بەو وێنەیەی هەیە ژمارە (٣) لەوانەیە دەربڕینێکی تێدابێت یان لاساییکردنەوەی وێنەی ئەو قارەمانانە بێت کە خۆڕاگر بوون تا خەباتەکەیان گەیشتە سەرکەوتن.

لەم ڕووەوە، ئەوە پشتگیری دەکات ، کە پەیکەرە مرۆییەکانی سۆمەری بەم شێوازە جیاکراونەتەوە لەبەر ئەو هۆکارەی ئێمە ئاماژمان پێکرد، چونکە کاتێک هونەرمەندی سۆمەری هەر پێداویستییەک وێنا دەکات کە پەیوەندی بەو قۆناغەی خەباتەوە نییە کە ئێمە گریمانەمان کردووە، بۆمان دەردەکەوێت کە بە شێوازێکی تاڕادەیەک ڕاستەقینە -واقیعی وێنای دەکات و هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە بۆمان دەردەکەوێت کە هونەر لە سەردەمی ئەکەدیەکاندا تا ڕادەیەک لە ئەبستراکت و ڕەنگی ئازارومەینەتی ڕزگاری بووە، کە لە پەیکەرەکانی سۆمەریدا دەبینرێت، چونکە ڕابردووی ئەکەدیەکان هیچ پەیوەندییەکی بە ڕابردووی سۆمەرییەکانەوە نییە.

کەواتە، ڕەهاکردنی پەیکەرەکانی مرۆیی سۆمەری و جێدەستی ئازاری کە ئەو پەیکەرانە هەڵیانگرتووە بە مەبەست بووە و ئەم شێوازە، ئێمە پێمان وایە، جۆری پەیکەرە بەرابیەکان سەپاندوویانە.

زیادەڕەوی لەم قسانەدا هەرچییەک بێت، لەسەر ڕاستییەکی ڕوون دامەزراوە، ئەویش ئەوەیە کە هونەرەکان هەمیشە و هەتا هەتایە لەخزمەتی مرۆڤ دایە و کارەسات و خۆشییەکانی دەردەبڕن، گومانی تێدا نییە هەمووان بە ڕوونی هەستیان بە کاریگەریی ئازارەکانی شکۆمەند (مەسیح )ی کردووە لەسەر هونەرە کریستیانەکان، ئەو خاچەی کە لەسەری لە خاچ دراوە بۆتە هێمایەکی گرنگ بۆ کریستیانەکان و بناغەیەک، بۆ پلاندانان بۆ کڵێساکانیان، هەروەک چۆن هەموو بەرهەمە هونەرییە کریستیانەکان جێدەستی ئەو ئازارانەی تێدایە کە شکۆمەند تووشی بووە کاتێک بانگەوازی بۆ ئایینی کریستیانییەتی دەدا ، بۆیە سەیر نییە ئێستا بۆ ئێمە وا دابنێین ئەوەی لەگەڵ سەرهەڵدانی هونەرە کریستیانەکان ڕوویدا، شتێکی هاوشێوە لەگەڵ سەرهەڵدانی هونەری سۆمەریدا ڕوویداوە.

بێ گوێدانە ئەو بەڵگە ماددیانەی کە پێشکەشم کرد، دەتوانم ئەوە پشتڕاست بکەمەوە، کە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە لەو قۆناغەدا ڕوویداوە کە پێش دەرکەوتنی نووسینی میخی بووە، چونکە ئەوانەی کار لەسەر شوێنەوارناسی ئەم قۆناغە مێژووییە دەکەن، دوو جۆر بیرۆکەی ئایینییان بۆ ئێمە جیاکردۆتەوە،

یەکەمیان بریتیە لە پەرستنی مێخوداوەندی دایک، کە هێمای پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ دەکات، ئەم پەرستنە باوبووە و لە بەشەکانی باکوری عێراقدا زاڵ بووە، دووەمیش پەرستنی هێزە سروشتیەکانە کە ڕێوڕەسمەکانیان لە پەرسگەکان ئەنجام دەدا، ئەم پەرستنە لە بەشەکانی باشووری عێراق بڵاوبووەوە ، دوای ئەوەی ناوەندی شارستانیەتی کۆن لە بەشەکانی باکوورەوە بۆ بەشەکانی باشووری عێراق گواسترایەوە.



دیله
سۆمەرییەکان
لەسەر
کێلێکی
سەرکەوتنی
پاشای
ئەکەدی
سارگۆن،
نزیکی ساڵی
۲۳۰۰ پێش
زایین.
مۆزەخانەی
لۆڤەر.



· · Es-Sawwan Statues · ·



پەیکەری
خوداوەندی دایک لە
لە تەل سەوان لە
عێراق، سالانی
٥٨٠٠-٦٠٠٠ پێش
زایین.

بە لێکچواندنی ئەو ململانێیەی کە لە نێوان ئەو بیرۆکانەدا ڕوودەدات لە کۆمەڵگایەک پێی ڕاهاتووە لەگەڵ ئەو بیرۆکە نوێیانەی کە لەو کۆمەڵگایەدا تازە سەرهەڵدەدەن ودەردەکەون، لەگەڵ شتێکی هاوشێوە لە کۆمەڵگە کانی بەرایی ڕووی داوە ،بە ئاسانی دەتوانین لەو ململانێیە بگەین کە گۆڕانی مرۆڤەکان لە بیروباوەڕەکانیان لە پەرستنی پیتوفەڕ و نانەوەی ژیانی نوێ وگواستنەوە بۆ پەرستنی هێزە سروشتییەکان بە ئاسانی ڕووی نەداوە، بەڵکو دوای ململانێیەکی درێژخایەن ڕوویداوە، لە نێوان ئەو دوو بیرۆکەیەدا، ئەم ململانێیە ڕێگەی نەدا بیرۆکە نوێیەکە لەو شوێنەی کە تێیدا دەرکەوتووە گەشە بکات و هەر بۆیەش پەرستنی هێزە سروشتییەکان تا ئەو کاتەی لە کۆمەڵگەیەکی تری دراوسێ لە بەشی باشووری عێراق بڵاونەبووەوە سەرکەوتوو نەبوو .



لە نێو ئەو نموونە زۆرانەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا کە دژی بیرۆکە نوێیەکان وەستاوە کە تێیدا دەردەکەون و ڕێگەیان پێنەداوە لەناو ئەودا گەشە بکەن، بەڵکو لە کۆمەڵگەیەکی دیکەی دراوسێدا کە شارستانیی کەمترە لە کۆمەڵگەی یەکەمدا، گەشە دەکات و دەگۆڕێت ، نموونەی بیرۆکەی یەکتاپەرستی یە لە میسر لە سەردەمی فیرعەون ئەمینۆفسی چوارەمدا دەرکەوت کە نازناوی ئەخناتۆنی لێنرا، بەڵام لە فەلەستین گەشەی کرد و گۆڕا، ... سۆسیالیزمیش لە ئەڵمانیا و ئینگلتەرا دەرکەوت، بەڵام لە ڕووسیا و چین و زۆرینەی وڵاتانی تازەپێگەیشتودا سەرکەوتو بوو.

ئەوەی وا دەکات ئەو گریمانەیەی کە دەڵێت ئەو بیرۆکانەی لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا سەرهەڵدەدەن، یەکسەر سەرکەوتوو نابن، تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی دیکە کە کەمتر لە کۆمەڵگەی یەکەم گەشەسەندووە سەردەکەوێ و گەشەدەکات، یاسایەکی شارستانییە، ئەمەش ئەوەیە کە ئێمە بینیمان لە کاتی هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی کۆمۆنیزم لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریی پێشکەوتووی وەک ئەڵمانیای دیموکراتی و چیکۆسلۆڤاکیادا، هەوڵەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بوونەوە، تەنانەت بە سەختییەکی زۆر خۆیان سەپاند.



هەمان شت بۆ پەرستنی هێزە سروشتییەکان دەگونجێت، وەک چۆن لە ناوچەکانی کاریگەری شارستانیەتی سامەڕا دەرکەوت، بەتایبەتی لە تەل ئەلسەوان، بەڵام لە بەشی باشووری عێراقدا گەشەی کرد و وسەرکەوت، لەو سەردەمەدا کەمتر پەرەی سەندبوو لە چاو ناوچە باسکراوەکان، ئەو لایەنەی کە پاڵپشتی ئەم گەشەسەندنە ئایینییە دەکات کە لە عێراقی کۆن لە ماوەی پێش سەرهەڵدانی نووسیندا ڕوویدا، ژینگە و هۆکارە کەشوهەواکانن ئەوانەن کە پێویستیان کرد گەشەکردن بەو شێوازەبێت کە پێشکەشمان کرد،چونکە ئەگەر چاوخشاندنێکی هەمەلایەنە بە گەشەسەندنی ئایینی میسریدا بکەین لەو قۆناغەی پێش سەرهەڵدانی نووسینی هیرۆگلیفی، بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕانی ئایینی لە میسردا بە هۆکاری سیاسی سەریهەڵداوە و نەک ژینگەیی لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانەی شارستانیەتی میسری دەیانگرێتەوە ئەم جیاوازییەیان نەبووە لە ژینگە کە لە عێراق بینیمان، چونکە وڵاتی میسر لەو سەردەمەدا وەک یەکەیەکی یەکگرتوو بوو لە ژینگەی کەشوهەوا و جوگرافیایدا ، لەبەر ئەمە ئەو گۆڕانکارییە ئایینییەی لە میسر ڕوویدا، کە دواتر ڕوونی دەکەینەوە، گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی نەبوو وەک ئەوەی سەبارەت ئایین لە عێراقی کۆنداهەبوو، ئەمەش بۆ کاتێک ئێمە ڕوون بووەوە، کە زانایانی کۆمەڵایەتی هەوڵیان دا کێشەی پاشایەتی فیرعەون و چۆن فیرعەون بوو بە خوداوەند لێکبدەنەوە، کێشەیەک بوو بۆ ماوەیەکی زۆر چارەسەر نەکرا ،چونکە پاشایەتی فیرعەون لە کۆنەوە ، لە دەوروبەری ساڵی ٢٨٠٠ی پێش زایینی لە شێوەی سیستەمێکی تەواو گەشەسەندوودا دەرکەوت ، ئەو وەهمەی دروست کرد کە بە یەکجار و بەبێ زەحمەت گەیشتووەتە ئامانجی گەشەسەندنی خۆی، وەک مینێرڤا، خوداوەندی یۆنانی حیکمەت و هونەر و شەڕ، کە لە ئەفسانەکەدا باس دەکات کەوا بە چەکدارییەوە لە مێشکی جوبیتەر دەرکەوتووە.





کەچی ، لە هەڵکۆڵینە زۆرەکانی سەردەمی بەردینە نوێیەکان ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە میسر پێش ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی یەک پاشادا یەکبگرێت، دابەش بووبوو بەسەر چەندین بەش ، هەریەکەیان خوداوەند و فەرمانڕەوای خۆیان هەبووە، واتە دابەش بووە بەسەر شارە-دەوڵەتەکانی هاوشێوەی شارە-دەوڵەتەکانی سۆمەری و هەر شارە-دەوڵەتێک دروشمێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، کە یەکێتی خۆی لەخۆگرتبوو و ئەم دروشمانە وێنەی ئاژەڵەکانی وەکو: هەڵۆ، سەگ، دووپشک و هتد، یان وێنەی ڕووەکی وەک زەل و تووەکێویلە و دارخورما بوون ، بۆیە زانایانی کۆمەڵایەتی

پشتڕاستیان کردۆتەوە کە ئەم نیشانانە هێمای تۆتەمی جیاواز بوون و هەر بۆیە دەتوانین وا دابنێین کە شارە-دەوڵەتەکانی میسریش خێڵی تۆتەمی جیاواز بوون.

کاتێک دەسەڵات لە دەستی یەک کەسدا کۆبووەوە و دەسەڵاتی پاشایەتی فیرعەونی دەرکەوت، پاشا بە نەوەی ئەو تۆتەم دادەنرا، وەک ئەوەی تۆتەمەکە لە کەسایەتی پاشادا بەرجەستە بووبێت و نوێنەری ئەو بێت و ئەم لایەنە تایبەتە ئەوەیە کە فیرعەونی دروستکردووە بەوشێوەیەی خوداوەند بێت و تاکە خاوەنی خاکەکە بێت و دابەشکەری هەموو نیعمەتە زەمینی و خوداییەکان بێت، و تەنها ئەو ناوەندگیری لە نێوان خەڵک وخوداوەندەکان بکات.

هەرخۆی پێشگۆیە-کاهن- وجادووگەر وسەرکردەی خەڵکە لەم جیهانەداو ڕێبەرە لەڕێی چوونە بەهەشت. لەبەر ئەمە فیرعەون وەک گەورەترین هێزی گوزارەیی دەرکەوت، کە مرۆ وێنای کردبێت.

لەوەوە دەردەکەوێت گۆڕانی ئایینی کە لە میسر ڕوویدا لە چاخە مێژووییەکاندا زۆر لەوە سروشتی ئایینی تەوتەمی چاخی بەردینی نوێ جیاوازنییە، جگە لە چڕبوونەوەی دەستەڵات لەدەست یەک تەوتەمدا ئەویش بەهۆی چڕبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی بوو بەدەست دەوڵەتە شاری ئەو تەوتەمەوە.

بۆیە -وەک ئاماژەمان پێدا، گۆڕانکاریی ئایینی لە میسری کۆندا بە هۆکاری ژینگەیی سەریهەڵنەداوە، بەڵکو بە هۆکاری سیاسییەوە سەریهەڵداوە،هەربۆیە پەرەسەندنی ڕێبازێکی گرتبووەبەر جیاواز لەو ڕێگایەی پەرەسەندنی ئایینی لە عێراقی کۆندا گرتبوویەبەر، پێشکەوتنێک کە لە سەردەمی مێژووییدا لە دوای ململانێ و کۆڵنەدان و خۆڕاگرییێکی زۆرو بەردەوام گەیشتووەتە لوتکەی کامڵبوونی.

دوای ئەم باسکردنە دەگەڕێینەوە و دەڵێین ئەگەر ئەم گریمانانەی کە باسمان کردن ڕاست بن، ئەویش ئەوەیە کە بیرۆکەی ئایینی سۆمەری کە لە پەرستنی هێزە سروشتییەکان دەردەکەوێت، لە ناوچەکانی کاریگەری شارستانیەتی سامەرادا دەرکەوتووە و سروشتی هونەری سۆمەری لە ژێر کاریگەری ئەو شتانەدا بووە کە سۆمەرییەکان لە قۆناغی خەباتیان بۆ ئەو بیرۆکەیە تووشی هاتوون، هاوشێوەی ئەوەی لەگەڵ هونەرە کریستیانییەکان ڕوویدا، بەو پێیەی خەسڵەتی جیاوازی

ئازارەکانیان تەنیا بۆ تیشک خستنە سەر ئەو ئازارەیە کە حەزرەتی مەسیح کێشاویەتی لەکاتی مژدەدانەکانیدا.

لەم حاڵەتەدا دەتوانین پشتڕاستی بکەینەوە، کە سۆمەرییەکان دانیشتووی بەشەکانی باکوور بووین، کە بەشێکی زۆریان بەهۆی ئەو چەوسانەوەیەی لە ڕابردوودا ڕووبەڕوویان بووەوە،لەو ماوەیەی گریمان هاتنە باشوور وتیایدا بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە ڕوویداوە کە داوای پەرستنی هێزە سروشتییەکانی دەکرد و گاڵتەیان بە پەرستنی پیتوفەڕو نانەوەی ژیانی نوێ دەکرد.

ئەم گرووپە کۆچبەرە تێکەڵ بەو کەسانە بوون کە پێش گەیشتنیان بۆ بەشی باشووری عێراق لەوێ بوونیان هەبووە. ئەو گرووپەی کە پێش کۆچی ئەم بەشە لە باشووری عێراقدا هەبوون، ئەم گرووپە کۆچبەرە ئەو ئایینە نوێیەی لەگەڵ خۆی هێناوە کە پەرستنی هێزە سروشتییەکانە ، بە بڕوای من لەو کۆچبەرانە پێکدێت کە لە باکوورەوە هاتوونەتە بەشی باشووری عێراق بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، کە لە نێوان شارستانیەتەکانی حەسونە و حەلەف و سامەڕا ڕوویداوە لەو ماوەیەی پێش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی پێشتر باسکرا، هەروەها لەنێو دانیشتوانی ڕەسەنی باشوور کە لەو سەردەمەدا بەهۆی سروشتی ئاشتی خوازانەیان بەهۆی ژینگەی باشوورەوە، یان ڕەنگە بەهۆی کەمی ژمارەیانەوە بە بەراورد بە کۆچبەرانی بەشەکانی باکوور و دواکەوتوویی شارستانییان، دەستەوەستان بوون.

گومانی تێدا نییە کە ئەم بۆچوونە، کە وا گریمانە دەکات کە باشوور پێش کۆچبەران، واتە سۆمەرییەکان، لە بەشەکانی باکوورەوە هاتوونەتە ئەوێ، نیشتەجێ بووینە، بە ئاسانی ناوی ئەو شارانەی سۆمەریمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە لە بنەڕەتدا سۆمەری نین، چونکە لەم حاڵەتەدا دەبنە ناوی سەپێنراو لەلایەن زمانی دانیشتوانی ڕەسەن و لەلایەن سۆمەرییەکانەوە دوای هاتنیان وەرگیراون، چونکە ناوی ناوچەکان بە ئاسانی ناگۆڕدرێن.

ئەمە لایەنێکە، لایەنێکی دیکەش کە حەز دەکەم بۆ باسکردن بیوروژێنم ئەوەیە، کە من پێم وایە ناوی سۆمەرییەکان و ناوی ناوچەی سۆمەر لە ناوی کۆنی ناوچەی سامەراوەرگیراوە، ئەو ناوچەیەی کە من گریمانەم کردووە زێدی ڕەسەنی خۆیان بووە پێش کۆچکردنیان بۆ باشوور، چونکە ئەگەر لە وشەی ئەڵ سامەرا ئەو پیتانەی ئەلیف و هەمزە بسڕینەوە، کە بەهۆی کاریگەری زمانی عەرەبییەوە بۆ ناوی کۆنی

زیادکراون، هەروەک چۆن لە ناوی کۆنی شاری (اورک -ئورک)) کە لە سەردەمی ئێستادا بوو بە ئەتَل وە رکاء ، بۆیە تەنها لەناوی شارەکە ((سامر))مان بۆ ماوەتەوە، ئەم ناوەش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ناوی ((سومەر)) نییە، وەک چۆن پیتەدروستەکان لە هەردوو وشەکەدا وەک یەکن(بەسۆمەری بەوناوچانە وتراوە) سوبیر-su-bir (سو-واتە گەل،خەڵک ،بیر-واتە بەهەشت،یا دەشتایی،یاهەرێم وناوچە). ئەمە لایەنێکە، لایەنەکەی تر و گرنگتر ئەوەیە کە شاری سامەڕا لە رابردوودا بە تایبەت لە ساڵی ٣٦٢ی زایینی و پێش ئەم ریَکەوتەشەش بە هەمان شێوە،بە بێژەوی ((سومەر - Sumere))دەوترا، کە بە هیچ شێوەیەک جیاوازی نییە لەگەڵ بێژەکردنی ناوی ناوچەی سومەر لە نووسینە مێخییە کۆنەکاندا (دەربارەی ئەوە بڕوانە وەرگێڕانی پرۆفیسۆر فواد جەمیل وەسفێکی جوانی مێژوونووسی ڕۆمانی ئەمیانۆس مارسێلینۆس لە ڕووداوەکانی هەڵمەتە سەربازییەکە بە سەرۆکایەتی ئیمپراتۆری ڕۆمانی جولیان بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەڵات و مردنی لە شەڕی شاپووری دووەم لە چیای حەمرین (لە گۆڤاری سومەر، بەرگی ١٧دا بڵاوکراوەتەوە. سەبارەت بە ناوی کۆنی سامەرا، بڕوانە لاپەڕە ١٦٧ و تێبینی ژمارە ٧٤).

لە کۆتاییدا نامەوێت لەم بوارەدا بڵێم ئەو بۆچوونانەی کە گریمانەیان کردووە، کە سەرچاوەی سۆمەرییەکان لە هەرێمێکەوەیە، کە دەکەوێتە دەرەوەی سنوورەکانی عێراقەوە، بۆچوونی هەڵەن، بەڵام لە واقیعدا بۆچوونی شێواون، چونکە وایان زانیوە سۆمەرییەکان کۆچبەرن و بە ڕوونی بۆمانیان ڕوون نەکردۆتەوە کە لە کوێوە هاتوون.

سەبارەت بەوەی ئەم وتارەش بەشێوەیەکی نوێ باسی بنەچەی سۆمەرییەکانی کرد، هیوادارین ئەم شێوازە ببێتە جێی ڕەخنەی گشتی و سەرنجی پسپۆڕەکان رابکێشێت،بەڵکو بتوانین لە داهاتوودا ڕەوایەتی یان ڕاست نەبوونی پشتڕاست بکەینەوە تا بتوانین هەوڵی دیکە دەست پێبکەین ،کە ڕەنگە سەرچاوەی سۆمەرییەکانمان پیشان بدات، کە بووەتە چیرۆکێکی بێکۆتایی.لە خوارەوە نموونەی پەیکەرسازی بەرجەستەبووی سۆمەری دەخەینەڕوو کە بە شێوەیەک هەڵمانبژاردووە و وەسفمان کردووە کە پشتگیری لەم بیرۆکەیە بکات کە لەم بابەتەدا خراوەتەڕوو:




وێنەی ژمارە (١)

سێ پەیکەر کە لە بەردی کلسی دروستکراون لە هەڵکۆڵینەکاندا لە ساڵی ١٩١٢/١٣ لە شاری وەرکاء دۆزراونەتەوە. لە نێو ئەو وێرانەدا دۆزرایەوە کە لە ژێر پەرسگەی( پارثی)( بەیت ڕێشدا) بوون. سێ کەسی دەستبەندکراو نیشان دەدات، وەک لە وێنەی ژمارە (٢)دا ڕوونە.

پێم وایە ئەو ڕاستییەی کە بابەتی کۆنترین پەیکەری بەرجەستەکراوی سۆمەرییەکان دیلبوون و ئەشکەنجەیە، لایەنێکە کە سەرنج ڕادەکێشێت و ڕەنگە پشتگیری لەو گریمانەیە بکات کە بابەتەکە ئامانجی بووە.

ئێستا پەیکەرەکان لە مۆزەخانەی بەرلیندان و وێنەکانیان لێرە بڵاوکراونەتەوە:

.(A. Moortgat, Die Kunst des Alten Mesopolamien)




وێنەی ژمارە (٢)

پەیکەرێکی پیاوێکی ڕیشدارە دەستەکانی بە کۆت و بەندەوە بەستراوەتەوە، لە شاری وەرکاء لە ساڵی ١٩٦٦ لە کاتی هەڵکۆڵینەکانی نێردەی ئەڵمانی دۆزرایەوە، ئێستا پەیکەرەکە لە کۆگاکانی بەڕێوەبەرایەتی مۆزەخانەی عێراقدا پارێزراوە.

لە ڕاستیدا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە شاری ئوروک بە تەنیا نموونەی سەرەتایی هونەری پەیکەری مرۆڤی سۆمەری بە شێوازێک دروستکراون ئاماژە بۆ دیلبوون و کۆتوبەندکردن دەکات، هۆکاری ئەمەش لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوەیە کە شاری ئوروک یەکێک بووە لە کۆنترین و گرنگترین شارەکانی سۆمەری کە دەسەڵاتی سیاسی تێدا چڕبووەتەوە نەک ئایینی، بێ گومان جەختکردنەوە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خەباتدا خزمەتێکی زۆری هەبووە وەک پاساوێک بۆ دەرکەوتنی و وەرگرتنی سەرکردایەتی ودەستەڵات، لەسەر حیسابی سەرکردایەتی ئایینی. پێم وایە ئەم وێنەیەی خوارەوە ڕەنگە پشتگیری لەم گریمانەیە بکات.




وێنەی ژمارە (٣)

وێنەی پەیکەرێک کە لە سەرەتای هۆڵی سۆمەری مۆزەخانەی عێراق نمایشکراوە، لە شاری وەرکاء دۆزراوەتەوە، بە بۆچوونی من پەیکەرەکە دەربڕینێکی تێدا هەیە یان لاسایی پەیکەری ئەو کەسانەیە کە لە ماوەی قۆناغەکانی خەباتیان، سەرسوڕهێنەرترین وێنەی قارەمانێتییان پێشکەش کرد، تا ئەو کاتەی خەباتەکەیان سەرکەوت . ئەوەی کە ئەم پەیکەرە لاشەی ڕووتە و شێوەی دانانی دەستەکانی بە شێوەی دەستی زیندانییەکان دەچێت، هەروەها وێناکردن و دەربڕی دۆخی دیلێتی و ئەشکەنجەییەی تێکۆشەران ڕووبەڕوویان بووەتەوە. بەو پێیەی ئەم پەیکەرە لە هەمان کاتدا تاکە پەیکەرە لە نێو پەیکەرەکانی سۆمەری کە تیشک دەخاتە سەر ماسولکەکانی جەستە بە شێوەیەکی ورد و گوزارشت لە هێز دەکات، وامان لێدەکات باوەڕمان بەوە هەبێت کە زۆرترین وێناکردنی ئەو شەڕکەرە سەرسەختە دەکات، وەک چۆن نیگاکانی متمانە بە سەرکەوتن ، بەرگەگرتن، و خۆڕاگری دەردەبڕن.

ئەم پەیکەرە خۆی بەڵگەیەکی دڵنیاکەرەویە لەسەر ئەوەی کە هونەرمەندی سەرەتایی سۆمەری توانیویەتی پەیکەرەکانی بە شێوازێکی واقیعی دروست بکات، بەڵام سەرەڕای ئەمەش پەیکەرەکانی دیکەی بە فۆرمێکی ڕەها-ئەبستراکت بە ڕەنگێکی دەربڕی ئازارەوە دروستکردووە، مانای ئەمە ئەوەیە پەیکەرە سۆمەرییەکان بۆ ئەو

مەبەستە کاریان کردووە کە مەبەستمانە لەم شێوازە. پەیکەرەکە لە سەردەمی جەمدەت نەسرەوەیە.




وێنەی ژمارە (٤)

لە وێنەی ئەم دوو پیاوەدا دەبینین کە شوێنی دانانی دەستەکان بە شێوەیەک ئەنجام دراوە کە تەواو هاوشێوەی شوێنی دەستەکانە لەسەر ئەو چوار پەیکەرەی کە مرۆڤ بە زنجیروکۆت وبەندەوە وێنا کراوە.

بە بۆچوونی ئێمە ئەمە بێ گومان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە شوێنی دانانی دەستەکان لە پەیکەرەکانی سۆمەریدا زۆر لە ژێر کاریگەری شوێنی دانانی دەستی زیندانییەکاندایە، لایەنەکەی تریش پشتگیری لەو ڕاستییە دەکات کە وێنەی ئەم دوو پەیکەرە و پەیکەرە سەرەتاییەکانی دیکە هێمان بۆ چەوساندنەوە و دیلبوون، چونکە هەموویان بە ڕووتی وێنا کراون و دەزانین کە زیندانییەکان هەمیشە لە میزۆپۆتامیا بە ڕووتی وێنا دەکران .

بۆیە من پێم وایە ئەوەی کە پێشگۆیە سۆمەرییەکانیش ڕووت بوون، هۆکارێکە بۆ جەختکردنەوە و شکۆمەندکردنی قۆناغە سەرەتاییەکانی خەبات ، وەک چۆن هەموو گەلان لە ئێستادا دەیکەن.

ئێستا ئەو دوو پەیکەرە لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس نمایشکراون و هەروەها لە:

ئا.مۆرتگات، مردن ئاڵتن مێزۆپۆتامیان کونس.

.A. Moortgat, die Kunst des Alten Mesopotamien




وێنەی ژمارە (٥)

لەم وێنەیەدا سێ شوێننومای جیاوازی یەک پەیکەر هەیە ،دەڵێی کۆپییەکی وردی ئەو دوو پەیکەرەیە کە لە وێنەی ژمارە (٤)دا نیشان دراوە. ئەم پەیکەرە و پەیکەرەکانی دیکە پشتگیری لەو بیرۆکەیە دەکەن' کە پەیکەرە سەرەتاییەکانی سۆمەرییەکان تەنیا دەربڕینی ئەوەن کە سۆمەرییەکان لە کاتی خەباتیاندا بۆ دامەزراندنی بیرۆکەی پەرستنی هێزە سروشتییەکان تووشی بووین.

وێنەی پەیکەرەکان لە هەمان سەرچاوەی لە ژێر نووسین وسەردێڕی وێنەی ژمارە (٤) بڵاوکراوەتەوە. ئێستا پەیکەرەکە لە زانکۆی زیوریخ پارێزراوە.




وێنەی ژمارە (٦)

پەیکەری ژنێک لە شاری وەرکاء دۆزرایەوە و ئێستا لە سەرەتای هۆڵی سۆمەری مۆزەخانەی عێراق نمایش کراوە، ئەم پەیکەرە بۆ من ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەو ژنە لەگەڵ ئەو پیاوەدا وەستاوە لە خەباتی بۆ سەرکەوتنی بیرۆکەی پەرستنی هێزە سروشتییەکان، چونکە پەیکەرەکە بە شێوەیەک دروستکراوە کە تیشک دەخاتە سەر مێینەییەک خۆی لە هەموو خۆڕادەست کردنێک دەپارێزێت. لەدژی هەموو ئەو کارانەی نەیارەکان کردوویانە. سەبارەت بە ئەوەی کە پەیکەرەکە ڕووت بووە، وەک پەیکەرەکانی دیکە، دەربڕینی قۆناغەکانی دیلبوون و ئەشکەنجەیە.

لەوانەیە هەندێک وابزانن کە ئێمە زیادەڕەوی دەکەین کاتێک هەوڵدەدەین نیشان بدەین ژنان لەم قۆناغە دێرینەدا لە پاڵ پیاواندا وەستاون و هاوبەشی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانیان بووین ، بەڵام هەرچەندە هەوڵبدەین وا گریمانە بکەین ژنان دووربووبن لە

بەشداری پیاوان لە ژیانی پراکتیکی و خەباتگێڕانە، ناتوانین بێنینە بەرچاومان کە دایکان و ژن و کەسوکاری خەباتکاران بێدەنگ وەستاون ،بێ ئەوەی هاوبەشی خەبات و ئازارەکانی منداڵەکانیان و هاوسەرەکانیان، یان براکانیاندا بکەن.




وێنەی ژمارە (٧)

سێ بووکەڵەی گڵین ژن بە شێوازێکی تەواو جیاواز لە خوداوەندی دایک وێنادەکات، وەك لە سەردەمی شارستانییەتە کشتوکاڵییەکاندا وێنا کراوە لە ناوچەکانی باکووری عێراق زاڵ بووە. بە تێڕوانینی ئێمە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ژنان لە بەشی باشووری عێراق وەک هێمای پیتوفەڕوژیانی نوێ نانەوە بەکارنەهێنراون، وەک ئەوەی لە باکووردا ڕوویدا.

بێگومان ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە ، باشوور لە ڕاستیدا بیرۆکەی جیاوازی پەسندکردووە جیا لەو بیرۆکانەی لە باکوور هەبوون. ڕەنگە کەسانێک هەبن بڵێن لە باشوور هەندێک بووکەڵەی مێینەشی پێشکەش کردووە، بە تایبەت لە سەردەمی عوبێددا، کە بە تەواوی لەو بووکەڵانە دەچن کە خوداوەندی دایک  وێنا دەکەن،

وەڵامی ئێمە بۆ ئەوەش ئەوەیە : بە دڵنیاییەوە لە نێو دانیشتوانی باشووردا ژمارەیەک لەو کەسانە هەبوون، کەوا پەرستنەکانی کۆنیان پاراستووە و بیرۆکە نوێیەکانیان ڕەتکردووەتەوە، ئەم جۆرە دیاردانە تەنانەت لە سەردەمی ئێستاشماندا بوونیان هەیە.

پوختەی کۆتایی

ئێمە هەوڵمان داوە ئەوە نیشان بدەین ، ئەوبزووتنەوە ڕزگاریخوازییەی پێشتر باسمان کرد، لە کۆتایی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین ڕوویداوە و ڕەنگە تا ناوەڕاستی هەزارەی چوارەمی پێش زایین بەردەوام بووبێت، تا هەوڵەکانی گەیشتنە سەرکەوتن ، هەروەها چەندان نموونەی هونەری سۆمەریمان خستەڕوو و وەک بەڵگەیەک لە قەڵەممان دا بۆئەو بزووتنەوەیە. بۆ زانینیش ، ئەو پارچە هونەرییانەی پێشکەشمان کردن مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی نێوان ساڵانی ٣٥٠٠-٣٢٠٠ پێش زایین.

ئەو پرسیارەی لەم بوارەدا دێتە ئاراوە ،ئەوەیە بۆچی سۆمەرییەکان دوای چاوەڕوانییەک ، پێدەچێت نزیکەی هەزار ساڵ بخایەنێت، دەستیان بە وێنەکێشانی قۆناغەکانی خەباتەکەیان کردووە.

ڕوونکردنەوەی ئێمە بۆ ئەمەش ئەوەیە، دوای هەموو شۆڕشێک کە دەست بەسەر دەسەڵاتی حکومەتدا دەگیرێت، کێبڕکێ لە نێوان سەرکردەکاندا بۆ سەرکردایەتیکردن دەست پێدەکات و لەبەر ئەوەی عێراقی کۆن لە شێوەی شارە-دەوڵەتەکاندا بووە، قۆناغی ململانێ لەسەر سەرکردایەتی ئەم ماوەیە دوور و درێژە بەردەوام بووە ،تا دەرفەت بۆ شاری ئوروک هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی ئەم سەرکردایەتییە بەدەستبێنێت و قۆناغی یەکەمی خەباتی بە شکۆمەندییەوە تۆماربکات ، هەربۆیە بەرهەمی هونەری خۆی لە شێوەی وێنەی جیاواز بۆ ئەو قۆناغە پێشکەشی ئێمە کردووە.

ئەمەش لە داهێنانی هونەرە کریستیانەکانیشدا ڕوویدا، چونکە خاچ و باقی بەرهەمە هونەرییە کریستیانەکان تا زیاتر لە سێ سەدە دوای مەسیح دەرنەکەوتن.

ئەمەیش لە ڕاستیدا هەموو بزووتنەوە هزرییە کۆنە سەرکەوتووەکان دەگرێتەوە، بەو پێیەی شکۆمەندی و جەختکردنەوەیان دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی دوور و درێژ لە سەر ڕوودانیان دەست پێدەکات.

سەرچاوە :


- د. فوزى رشيد،حركة تحررية في فترة عصور ماقبل التأريخ وعلاقتها بالفن السومري،مجلة ( سومر) ،ج ١و٢ ،مجلد ٢٩، ١٩٧٣ .







الجمهورية العراقية
وزارة الاعلام
مديرية الآثار العامة
بغداد

سومر
مجلة علمية تبحث في آثار الوطن العربي وتاريخه

الجزء الاول والثاني | ١٩٧٣ | المجلد التاسع والعشرون

ثبت الجزء


| الصفحة | | |
|---|---|---|
| ١ | تقديم | الدكتور عيسى سلمان |
| ٣ | نظرة في عملية تدجين النبات والحيوان | سعدي الرويشدي |
| ١٣ | التنقيب في قاليج آغا ( أربيل ) الموسم الرابع (١٩٧٠) | اسماعيل حجارة |
| ٣٥ | عشتار وتموز جذور المعتقدات الخاصة بهما في حضارة وادي الرافدين | الدكتور فاضل عبدالواحد علي |
| ٧١ | حركة تحررية في فترة عصور ما قبل التاريخ وعلاقتها بالفن السومري | الدكتور فوزي رشيد |
| ٨٣ | بحث في الامثال العراقية دراسة مقارنة لامثال المجتمع العراقي القديم والمعاصر | الدكتور عبدالهادي الفؤادي |
| ١٠٧ | دراسة تحليلية للتاثير البابلي في آثار تيماء | الدكتور صبحي انور رشيد |
| ١٥١ | مرقل – جندا ( اله الحظ في الحضر ) | الدكتور واثق الصالحي |
| ١٥٧ | معبودات الحضر | جورج حبيب |
| ١٧١ | تنقيبات البعثة الآثارية في منطقة مليحه – الشارقة – دولة الامارات العربية المتحدة | الدكتور طارق مظلوم |
| ١٨٣ | فخار حفريات منطقة مليحه – الشارقة – دولة الامارات العربية المتحدة | منير يوسف طه |
| ١٩٧ | سقايا بغداد | عطا الحديثي |
| ٢٠٧ | مميزات الزجاج العراقي في العصور الاسلامية | هناء عبدالخالق |
| ٢٢١ | ملابس الندامى في العصر العباسي | الدكتور صلاح العبيدي |
| ٢٢٩ | نقود الدولة الجلائرية المحفوظة في المتحف العراقي | مهاب البكري |
| ٢٤٥ | جامع الحيدرخانة عمارته وموضعه | أسامة النقشبندي |
| ٢٥٧ | معالجة صدأ النحاس والبرنز | علي النقشبندي |
| | **التقارير والانباء والمراسلات** | |
| ٢٦٧ | اقتصاد دولة سومر | ترجمة – سليم طه التكريتي |
| ٢٨٩ | من تاريخ الفترة الآشورية في القسم الجنوبي من العراق | ماجد عبدالله الشمس |
| ٢٩٩ | منجزات ومشاريع مديرية الآثار العامة | صادق الحسني |

# سەرهەڵدانی ئایین و شارستانی
# و چاخە سەهۆڵینەکان




مێژوونووسان سەرەتای چاخەکانی پێش مێژوویان بە ئەوماوەیە دەستنیشان کردووە، مرۆڤ بۆ یەکەمجار بەردی تێدا بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی کەرەستەی خۆی. کۆنترین کارسازیی بەرد لەلایەن مرۆڤەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٦٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر، بەو پێیەی هەڵکەندکاران ئامێری بەردیان دۆزیوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم مێژووە و پێدەچێت دروستکراوی مرۆڤ بێت. ئەم شوێنەوارە کۆنانە بۆ یەکەمجار لە ئینگلتەرا و لەم شارانەی خوارەوە دۆزرانەوە:

((ئیپسویچ Ipswich ، نۆرویچ Norwich ، کرۆمەر Cromer ، شێلی Shelly ، و فاکسهۆڵ Faxhall ، نزیک ئیپسویچ).

(الدكتور عبدالرحيم بدر، الكون الاحدب الجاذبية عند اينشتاين، ص227- 236 )

هەروەها لە کەنارەکانی باکووری کیشوەری ئەفریقا دۆزراونەتەوە ، دواتر توێژەران چەندین دۆزینەوەیان دەستکەوت لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و چەندین هەڵکۆڵین، ئەمەش وای لێکردن قۆناغەکانی پەرەسەندنی یەکەم شارستانییەکان بدۆزنەوە ، لەو قۆناغەدا ژیاون کە پێی دەوترێت چاخە بەردیینە کۆنەکان. ئێستا دەبێ ئەو هۆکارانە بخەینەڕوو، ئەگەرچی بە کورتی بێت، کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی یەکەم شارستانییەکان لە مێژوودا.

ئەگەر چاوێکی خێرا لە نەخشەی جیهانی شارستانییەکانی پێش مێژوویی بکەین، بە دڵنیاییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ناوچانەی دانیشتوانی ئەو شارستانییە یەکەمانە و ئەو شارستانیەتانەی دوای ئەوان، تا ئێستا، لە ئاسیا و ئەوروپا و باکووری ئەفریقا تێناپەڕن و بە وردیتر لەو بەشانە تێناپەڕن کە لە نێوان خولگەی قرژاڵ و بازنەی جەمسەری باکووری زەویدا هەڵکەوتوون. بێ گومان ئەمە دیاردەیەکە لە یەکەم نیگادا دەبێتە جێی سەرسوڕمان، بە دڵنیاییەوە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە.

ڕوونکردنەوە بۆ ئەمەش لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەوەیە کە ئەو بارودۆخەی کەشوهەوای لەم بەشانەی پێشتر ئاماژەمان پێدا بەردەستە و سروشتی جوگرافییان بە گشتی یارمەتیدەر نییە بۆ دابینکردنی خۆراک بۆ مرۆڤەکان، مەگەر کاری تایبەت ئەنجام نەدەن بە مەبەستی دابین وئامادەکردنی. لێرەوە ڕوونە ژینگەی ئەم ناوچانە یارمەتیدەر بووە بۆ دامەزراندنی شارستانیەتەکان تیایاندا نەک لە بەشەکانی تری جیهان، چونکە ئەگەر ئێمەی مرۆڤ بە وردی چاودێری ڕەفتارەکانمان بکەین ، بۆمان دەردەکەوێت مرۆڤ بە سروشت مەیلی ناچالاکی هەیە و حەز بە کارکردن ناکەن و بەم جۆرە هاوشێوەی دیاردە فیزیاییەکەیان  هەیە کە پێی دەوترێت خۆ سنووردارکردن ،ئەمە ئەو دیاردەیە دەڵێت ماددە لە سروشتدا نایەوێت ئەو حاڵەتەی کە تێیدایە بگۆڕێت مەگەر هێزێکی دەرەکی کاریگەری لەسەر دروست بکات، بە هەمان شێوە مرۆڤیش کار ناکات، یان شارستانیەتێک بەرهەم ناهێنێت گەر بە ئاسانی خۆراکی بۆ دابین بوو، ئەوەی ئەم لایەنە پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە ، دانیشتوانی ناوچە گەرمەکان- المناگق الاستوائیە لەبەر خۆراکی زۆرەوە هیچ شارستانیەتێکیان دابین نەکردووە، سەبارەت بە ناوچە بیابانییەکان، ئەوان بێ بەرهەمن و تەنانەت کارکردنیش هیچ سوودێکی نییە لە بەرهەمهێنانی خۆراکدا (بەبێ گوێدانە تواناکانی چاخی  ئێستامان)، لەبەر ئەم هۆکارە دانیشتووانەکانیان نەیانتوانی شارستانیەتێکی دیاریکراو دابین بکەن، بەڵکو زیاتر ناچار بوون و ئێستاش ناچارن لەگەڵ زیادبوونی ژمارەکانیان کۆچ بکەن.

لەمەوە وا دیارە مرۆڤ و بەرهەمە هزرییەکانی بە یاسا فیزیاییەکانەوە بەندە هەروەک چۆن ماددە لە سروشتدا کۆنترۆڵ دەکەن. کێشکردن، بە گوێرەی تیۆری ئەنیشتاین، دیاردەیەکە لە ئەنجامی ئەو سنووردارکردنی خۆکارانەیە کە لە ماددەدا هەیە و ئەو جووڵەیەی کە کاریگەری لەسەر ئەو مادەیە هەیە سەری هەڵداوە، ئەمەش لە شارستانیەتدا وایە، وەک چۆن لە ئەنجامی بەرەنگاریی سروشت بۆ ناچالاکیی مرۆڤەوە دێتە ئاراوە، ئەگەر ئەم بەرەنگارییە نەبێت، ئەوا شارستانیی بە هەمان شێوە نامێنێت.

## شارستانیەت و چاخی سەهۆڵین

باسمان لەوە کرد کۆنترین کەرەستەی بەردین کە بۆ یەکەمجار لە ئینگلتەرا دۆزرایەوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٦٠٠ هەزار ساڵ و ئەم ڕێکەوتەش بە پێی زانیارییەکانی ئێستامان تا ڕادەیەکی زۆر هاوچاخە لەگەڵ یەکەم چاخی سەهۆڵبەندان کە زەوی بەخۆی بینیوە.

H. Jurgen Eggers, Einfuhrung in die Vorgeschichte, Munchen١٩٥٩ , p ١٩٤f .

ئەم هاوچاخییەی نێوان یەکەم شارستانیەتی مرۆڤ و چاخی سەهۆڵبەندیی یەکەم بێ گومان وامان لێدەکات باوەڕی ئەوەمان هەبێت کە دەبێ چاخی سەهۆڵین هۆکارێک بووبێت کە مرۆڤی کۆنی ناچار کردبێت بیربکاتەوە بۆ ئەوەی ئامرازە بەردینەکانی

وەک تەوری دەستی دروستبکات، ئەو ئامرازانەی کە بەڕاستی لەبەرچاو دەگیرێن و بە یەکەم تۆوی شارستانییە کۆنەکانن، ئەوەی پشتگیری ئەم باوەڕە دەکات، ئەو ئامانجەیە مرۆڤ لە پشت دروستکردنی تەوری دەستییەوە هەیبووە، بەو پێیەی ئەم تەورانەیانە، وەک باوەڕمان وایە، لە سەرەتادا تەنها بۆ هەڵکەندنی زەوی و دەرهێنانی ئەوەی لەناوەوە بووە، دروستکردووە، لەوانەش ڕەگی ڕووەک و ڕووەکی ڕیشەدارە.

ئەو هۆكارەی كە بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ پێویستی بەو ڕووەكەكانە هەبێت كە پێشتر ئاماژەمان پێدا و بیركردنەوەی لە دروستكردنی تەوری دەستی بۆ دەرهێنانیان لەو ماوەیەی كە چاخی سەهۆڵبەندان تێیدا دەستیپێكردووە، بە تایبەت لە كیشوەری ئەوروپا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەشوهەوای ئەو كیشوەرە كە پێشتر ئاماژەمان پێكردوە لە چاخی سەهۆڵبەنداندا زۆر سارد بوو، هۆكاری یەكەم دابەزینی پلەی گەرمی خۆر بوو، كە لە ئەنجامدا چاخەكانی سەهۆڵبەندانی لێكەوتەوە، دووەمیان ئەوەیە كە دوای ئەوەی بەشێكی زۆری ئەوروپا بە سەهۆڵ داپۆشرا، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ زیادكردنی ساردی لە كەشوهەوا.

ئەم ساردییە بێ گومان زۆربەی ئەو ڕووەكانەی لەناوبرد ، لەسەر ڕووی خاكەكە گەشەیان دەكرد و بەشێك بوون لە خۆراكی ئاژەڵ و مرۆڤ . كەمبوونەوەی ئەم جۆرە ڕووەكە لە چاخی سەهۆڵبەندان بووە هۆی كۆچی ئاژەڵان، یەكێك بوو و ئێستاش یەكێكە لە گرنگترین سەرچاوەكانی خۆراك بۆ مرۆڤ دوای ڕووەك. ئەم لایەنە، ئێمە پێمان وایە، مرۆڤی ئەوروپی خستە سەر لێواری لەناوچوون، چونكە سەرچاوە خۆراكیەكانی بچووك بووبووەوە و سنووردار بووبوو بە ڕووەكی ڕیشاڵی كە توانای بەرگەگرتنی سەرمای هەیە، بەم پێیە مرۆڤ هەموو هەوڵێكی دەدا بۆ بەدەستهێنانی ئەو جۆرە ڕووەكانە، و پێویستی بەپەلەی بۆیان بێ گومان وای لێكرد كە تەوری بەرد دروست بكات بۆ ئەوەی بەكارهێنانی ئاسانتر بێت بۆی،

هەروەها بەدەستهێنانی ئەم جۆرە ڕووەكانە ئاسانكاری دەكات بۆ شكاندنی سەهۆڵی دەریاچە و ڕووبارەكان بۆ ئەوەی ئەو جۆرە ماسییە جیاوازانە بگرێت كە تێیدایە. چونكە ئەگەر بە هەموو هێزە خەیاڵكردنمانەوە هەوڵبدەین ئەو مەبەستە خەیاڵ بكەین كە مرۆڤی كۆنی هانداوە بۆ دروستكردنی تەور، ناتوانین مەبەستێكی دیكە لە خەیاڵدا بێنین جگە لە مەبەستی هەڵكەندنی زەوی و سەهۆڵ و دەرهێنانی مادده خۆراكیەكانی ناوەوەیان.

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین وا دابنێین ،ئەو ئامرازانەی مرۆڤ پێش ڕوودانی چاخی سەهۆڵبەندان بەكاریان هێناوە زیاتر لە لق و پۆپی دار و ڕەنگە لە بەردی سروشتیش پێكهاتبن. ڕاستییەكە ئەوەیە كە ئەم بۆچوونە تازە نییە، وەك چۆن مێژوونووسێكی یۆنانی پێش ئێمە كەوتووە كاتێك لە كتێبی (DererumNatura)دا دەربارەی چەكی مرۆڤ و گەشەكردنیان نووسیوە، لەوێدا دەڵێت یەكەمین چەك كە مرۆڤ بەكاری

دەهێنا   دەست و پێ بوون، واتە ئەندامەکانی جەستە، دوای ئەم قۆناغە چەکەکانی لە لقی دار دروست دەکرد، دوای ئەوەش لە بەرد، پاشان لە بورونز، پاشان ئاسن، بەم دابەشکردنە، ئەم نووسەرە یۆنانییە ناوی لوکرێتیۆسی کاروس (( Lucretius Carus)) گریمانە دەکات کە ئامرازەکانی مرۆڤ پێش دەستپێکردنی چاخی سەهۆڵبەندان، لە لق و پۆپەکانی دار پێکهات بوون.

ئێستا بۆمان ڕوون بووەتەوە ، سەرەتای چاخی سەهۆڵین بەرەنگارییەکی سروشتی بووە بۆ مرۆڤ، ئەویش وەڵامی دایەوە بە داهێنانی تەوری دەستی ،کە لە بەرد دروستکراون.

بۆیە ئەوانەی سەرەوە پشتگیری لە بنەمای ((بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە)) ((التحدی والاستجابە)) دەکەن کە لەلایەن مێژوونووسی بەناوبانگی ئینگلیزی ((ئارنۆڵد تۆینبی Arnold J. Toynbee)) (1975 – 1889 )ناسێندرا (1).



(1) Arnold J. Toynbee, Der Gang der Geschichte, Erster Band, Stuttgart Zurich, Salzburg.

**انظر من هذا الكتاب بداية الفصل السابع**. Die Herausforderung **وانظر ايضا منهاج توينبي التاريخي، للاستاذ فؤاد محمد شبل ص** 41– 61.

ئێستا شایەنی باسە بەکورتی شتێک دەربارەی چاخی سەهۆڵبەندان و هۆکار و دەرئەنجامەکانیان و ئەو چاخەی تێیدا ڕوویانداوە و ئەو ناوچانەی کە لەو کاتەدا بە بەستەڵەکی داپۆشراون و چۆن زاناکان توانیویانە دەستنیشانیان بکەن.

**دۆزینەوەی:**

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە جیۆلۆجییەکانی  لەلایەن ئەو کەسانەی  لەم بوارەدا کاردەکەن ئەنجامدراون ، لەسەرووی هەموانەوە زانای ئەڵمانی ( پینک-  Penck)

،(Albrecht Penck (25 September 1858 – 7 March 1945))




توانیان بەو ئەنجامە بگەن، گۆی زەوی بە چوار چاخی سەهۆڵبەنداندا تێپەڕیوە ، لە نێوانیاندا قۆناغە نیمچەگەرمەکان هەبوون  (٢)، ئەو بەڵگانەی بوونە هۆی ئەوەی (پینک) ئەم ڕاستییە بزانێت  ئەو چینە نیشتووانە و شوێنەواری بەجێماوی بەستەڵەکە خزیوەکانی بەدرێژایی لێوارەکانی ڕووبارەکاندا بەجێیان هێشتوون، بە هیچ شێوەیەک

جیاواز نین لەو شوێنەوارانەی بەستەڵەکە خزیوەکانی لە ئێستادا لە بەشەکانی باکوورلە ئەوروپادا بەجێیان دەهێڵن.

بە پشتبەستن بە کوالیتی ئەم چینە نیشتووانە و کاریگەرییەکانی خۆلێخشاندن، ئەو زانایەی کە پێشتر باسمان کرد، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ژمارەی ئەو چاخانە چوار چاخە، هەروەها ئەو ماوەیەی کە لە سەرەتادا خایاندی بە ٦٤٠ هەزار ساڵی خەملاند، بەڵام ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لەسەر هەمان بابەتەکان دەریانخستووە کە سەرەتای چاخی سەهۆڵبەندان بە نزیکەی ٦٠٠ هەزار ساڵ دەخەملێندرێت.

(پینک) چوار چاخی سەهۆڵینەکەی بە ناوی ئەو ڕووبارانەوە ناوناوە کە کاریگەرییەکانی خۆلێخشانیان لەسەر جیاکردۆتەوە: (کونز)، (مێندێل)، (ر س)، و (فۆرم) ئەم ڕووبارانە دەکەونە ناوچەی بایرن لە باشووری ئەڵمانیا (2).

شایەنی باسە ئەو بەڵگانەی کە توانیان جیۆلۆجیەکان بزانن چوار چاخی سەهۆڵینەکە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای خراپبوون وڕووشان و کاریگەرییەکانی خۆلێخشانی سەهۆڵ لەگەڵ لێوارەکانی ڕووبارەکاندا بووە.

ئەم ڕاستییە بۆ خۆی بەڵگەیەکی دیاریکراومان پێدەبەخشێت کە سەهۆڵەکە لە ناوچە فراوانەکاندا بە شێوەیەکی ناوخۆیی دروست نەبووە کە داپۆشیوە ، بەڵکو لە ناوچە بەرزەکانی وەک بەشەکانی باکووری ئەوروپا و بەرزاییەکانی ئەلبەوە خۆی خزاندووەتە ناویەوە.هەروەها ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە سەهۆڵەکە ناوچە نزمەکان کە سەهۆڵەکە داپۆشیبوو، پلەی گەرمییان کەم نەبووە کە تا ڕادەیەکی زۆر دابەزیبێت، هاوشێوەی ئێستادا بە جۆرێکە ڕێگە بە سەهۆڵ دەدات لە ناوخۆدا دروست بێت. بۆیە لە ئێستادا توێژەران پێیان وایە لە چاخی سەهۆڵبەندان پلەکانی گەرما دابەزینی بەخۆوە نەبینیوە تەنها چەند پلەیەک نەبێت کە لە نێوان ٥-١٠ پلەی سەدیدایە.

---

(2) Prof. Dr. Vladimir Milojcic Grosser Historischer Weltatlas, Munchne 1858, p. 8.

ئەم دابەزینە کەمەی پلەی گەرمی وایکرد کە گەرمای هاوین نەتوانێت ئەو بڕە بەفرە بتوێتەوە کە لە زستاندا لەسەر شاخەکان کۆدەبووەوە و لە ئەنجامدا ئەو بەفرەی کە مابووەوە لەسەر لوتکەی شاخەکان کۆدەبووەوە و دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، ئەوسەهۆڵی کۆبووەوە لەسەر شاخەکان دەستی دەکرد بە خۆخزاندنە ناو ناوچە نزمەکانی دەوروبەریان. ئەمەش بەو زانینەی کە ئەو ناوچانەی چاخی سەهۆڵینیان تێدا ڕوویداوە بریتین لە بەشەکانی باکووری ئەمریکای باکوور و کیشوەری ئەوروپا و ناوچەی ئەلب.

**ئەنجامەکانی:**

لە سەرەوە نیشانماندا ئەو ناوچانەی کە سەهۆڵەکە لێیەوە جووڵاونەتەوە لە پێوەندی لەگەڵ کیشوەری ئەوروپادا بەرزاییەکانی ئەلب بوون،لەگەڵ ناوچەکانی باکووری ئەو کیشوەرە کە پێشتر باسمان کرد، و ناوچەکانی ئاوەدانی کردوونەتەوە، ئەو زەوییە نزمانەن کە نزیکن لەو ناوچانەی کە سەهۆڵیان تێدا کۆدەبێتەوە. بەهۆی ئەو سەهۆڵانەی کە ڕووبەرێکی زۆری کیشوەری ئەوروپای گرتووەتەوە، ئەو کیشوەرەی پێشتر باسمان کرد، بووە ناوچەیەکی فشاری بەرز لە چاخێکدا کە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ئەفریقا و ناوچەکانی دیکەی باشووری ئاسیا پەستانی نزمیان هەبووە بە بەراورد بە ئەوروپا. ئەم نایەکسانییە لە پەستاندا بووە هۆی هێرشی بای سارد کە هەڵمی ئاویان لە ئەوروپاوە دەگواستەوە بۆ ناوچەکانی پەستانی نزم.

ئەم نایەکسانییە لە پەستاندا بووە هۆی هێرشی بای سارد کە هەڵمی ئاویان لە ئەوروپاوە دەگواستەوە بۆ ناوچەکانی پەستانی نزم. ئەم بایانە بە شێوەیەکی سروشتی بووە هۆی بارانبارین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و لە ئەنجامدا چیمەن و ڕووەک لە چاخی سەهۆڵبەنداندا گەشەیان کردووە، تەنانەت لەو ناوچانەی کە لە ئێستادا بیابانن.

ئەمەش لە لایەک و لە لایەکی ترەوە ئەو بڕە زۆرەی سەهۆڵبەندانە کە لە ماوەی چاخی سەهۆڵبەندان لەسەر وشکانی کەڵەکە بوون بووە هۆی نزمبوونەوەی ئاستی دەریا (3)،

هەر بۆیەش بەشێک لەو ناوچانەی ئێستا ئاوی دەریاکان داپۆشیون ، لە ماوەی پێشوودا زەوی وشک بوون.

وەک نموونەیەک دەوترێت کەنداوی عەرەبی لە چاخی سەهۆڵبەنداندا بەهۆی کەمبوونەوەی ئاوی زەریاکانەوە لە سنوورەکانی ئێستای پاشەکشەی کردووە.

**هۆکارەکانی:** پسپۆڕانی فیزیا و فەلەکناسی و جیۆلۆجی لێکۆڵینەوەیان لەو جۆرە هۆکارە کردووە کە بووەتە هۆی ڕوودانی چاخی سەهۆڵبەندان و ئەو دەرەنجامەی پێی گەیشتوونە ئەوەیە کە لەسەر هۆکارێکی دیاریکراو ڕێکنەکەوتوون، بەڵکو هۆکاری جیاوازیان بۆ ئێمە پێشنیار کردووە، یەکێک لە هۆکارەکان ڕەنگە هۆکاری ڕاستەقینەی باسکراو بێت. بەم پێیە لەم بوارەدا ئەو هۆکارە زۆرانە ڕوون دەکەینەوە ، بەهۆی نەتوانینی ئێمە لە پێشتریدان بە یەکێکیان پێشنیار بکەین، بەم شێوەیەن:

---

([3]) Prof. Dr. Vladimir Milojcic. Grosser Historicher Weltatlas, Munchen 1958. P. 8: H. J. Eggers, Einfuhrung in die Vorgeschichte, p. 115 f.




## ١- گۆڕانی پلەی گەرمی تیشکی خۆر

پسپۆڕەکان ئەم هۆکارەیان وا ڕوونکردەوە، وا دیار بوو هۆکارگەلێک کە بۆیان ڕوون نەبووەتەوە لە خۆردا ڕوویداوە و بووەتە هۆی کەمبوونەوەی چڕی پلەی گەرمی لەسەر زەوی بە ڕێژەی ٥-١٠ پلەی سەدی لە هەریەک لە چوار چاخی

سەهۆڵبەندانەکەدا.. ئەوەی پاڵپشتی ئەم باوەڕەی بۆ ئەوان کرد ئەو توێژینەوەیە بوو کە لەلایەن یەکێک لە فەلەکناسە یوگۆسلاڤیە کانەوە ئەنجامدرا، ئەوانەی پێیان دەوترێت

((M. Milankovitsch))




چونکە ئەم زانایە لەسەر بنەمای ئەستێرەناسییەوە لێکۆڵینەوەی لە تیشکی خۆر کردووە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی لە ساڵی ١٩٢٠ گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە توندی تیشکی خۆر لە ماوەی ٦٠٠ هەزار ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە (4).

---

([4]) **المصدر السابق، ص** 194.

## 2- تۆزی گەردوونی نێوان خۆر و زەوی

هۆکاری دیکەی زاناکان گریمانەیان کردووە، کە بووەتە هۆی چاخی سەهۆڵبەندان، کۆبوونەوەی تۆزی گەردوونییە لە نێوان خۆر و زەویدا. ئەم خۆڵ و تۆزە بەشێکی کەمی تیشکی خۆری گرت و بووە هۆی دابەزینی کەمی پلەی گەرمییەکەی، کە بە تایبەتی گوتمان لە نێوان ٥-١٠ پلەی سەدیدایە. ئەم کەمبوونەوەیە وایکرد کە گەرمای هاوین لە ئەوروپا بەس نەبێت بۆ توانەوەی هەموو ئەو سەهۆڵانەی کە لە زستاندا لەسەر ناوچە بەرزەکانی کۆدەبوونەوە. تۆزی گەردوونی، وەک زاناکان ڕوونی دەکەنەوە، ماددەیەکی بەرایی و ڕەهایە لە گەردووندا، کە ئەستێرە و هەسارە و دوورەپەرێزەکانی لێیەوە دروست دەبن(5).

## 3- بەرزیی ناوچەی ئەورووپا لە سەرووی ئاستی دەریاوە

هۆکاری سێیەم کە گریمانە کراوە بۆ ڕوودانی چاخی سەهۆڵین لەسەر ئەو ڕاستییەیە کە کیشوەری ئەوروپا، بە هۆکاری جیۆلۆجی، لە ئاستی دەریاوە بەرزبووەتەوە بە ڕێژەیەکی کەمێک زیاتر لە بەرزی ئێستای. ئەوەی بە باشی زانراوەوجێگیرە بۆ ئێمە ئەوەیە تا لە ئاستی دەریاوە بەرزتر بێت پلەی گەرمیەکەی نزمتر دەبێتەوە.

ئەو بەرزبوونەوەیەی کە لە کیشوەری ئەوروپا ڕوویدا بووە هۆی دابەزینی پلەکانی گەرما بۆ ئەو ئاستەی کە لە سەرەوە باسمان کرد و بووە هۆی ڕوودانی چوار چاخی سەهۆڵبەندان.

---

(5) الدكتور محمد عبدالرحمن مرحبا- اينشتاين- ص 120 ملاحظة رقم (1).

## 4- کەمیی ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە بەرگەهەوادا(6)

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی کەشوهەوا، بەشێک لە توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ڕێـژەی ڕووەک و درەختەکـان لەسـەر زەوی پـێش هەریەکێـک لە چـوار چـاخی سەهۆڵینەکە زیادی کردووە و ئەم زیادبوونە لە ڕێژەی ڕووەک و درەختەکان ڕێژەی دووەم ئۆکسیدی کـاربۆن کە لە بەرگەهەوادا هەیە کەم کردبووەوە و ڕێـژەی شێداری زیاد دەکـات، ئەوەی دەزانرێت لە کـاتی پرۆسـەی تشـکە ئـاوێتە لە ڕۆژدا ڕووەکەکـان دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەکاردەهێنن و ئۆکسجین دەردەکەن.

تـا ئەو کـاتەی دووەم ئۆکسـیدی کـاربۆن یەکـێکە لەو گـازانەی کە تیشـکی خـۆر هەڵـدەمژێت، کەمبـوونەوەی لە بەرگەهەوادا دەبێـتە هـۆی زیـادبوونی ڕەنگـدانەوەی تیشـکی خـۆر بـۆ دەرەوەی گـۆی زەوی و دابەزینـی پـلەی گەرمـی لەسـەر زەوی بەو ڕێژەیەی باسمان کرد، هەروەهـا ئەوەش بووە هۆی گۆڕینی بڕێکـی زۆر هەڵمـی ئـاو بۆ سـەهۆڵ، و لە هەمـان کاتدا وای کـرد گەرمـی هـاوین      نە توانێت ئەو سـەهۆڵە بتوێنێتەوە کە لە زستاندا دروست دەبێت. لە ڕاستیدا گومانم هەیە کە ئەم ڕوونکردنەوە هۆکارێک بێت بۆ ڕوودانی چاخی سەهۆڵین.

5- لاربوونەوەی تەوەرەی زەوی

ئەم هۆکارە دوا هۆکارە لە هۆکارە پێشنیار کراوەکـان و پوختەکەی ئەوەیە کە مەیلێک لە تەوەرەکەی زەویدا ڕوویداوە و ئەم مەیلەش بـووە هـۆی دابەزینـی پـلەی گەرمـی لە بەشـەکانی بـاکووری هێڵـی کەمەری-ئیسـتوایی (بـڕوانە وێـنەی ژمـارە ١). ئەو سـەرچاوەیەی کە لەبەردەسـتمدا بـوو سـەبارەت بەم هۆکـارە کتێبـێکە بە نـاوی ((ڕاستییەکان دەربـارەی زەوی)) ، بەڵام شتە سـەیرەکەی بـابەتەکە ئەوەیە کە کتێبەکە کاتێـک ئەم هۆکـارە ڕوون دەکـاتەوە، ڕوونـی ناکـاتەوە کە کـاریگەری لاربـوونەوەی تەوەرەی زەوی لەسەر چاخی سەهۆڵبەندان چییە، بەڵکو دەست دەخـاتە سەر گۆڕینی ڕێڕەوی زەوی بە دەوری خۆردا بۆ پارچەی هێلکەیی ، وەک لە وێنەی ژمـارە (٣) دا دیـارە. (3)،لەبەر ئەم هۆکـارە هەوڵ دەدەم باسـی لاربـوونەوەی تەوەرەی زەوی و

---

(6)هۆکاری چوارەمیش، لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی کەسی لەگەڵ جیۆلۆجیستێکی عێراقی سەبارەت بە هۆکارەکانی سەردەمی سەهۆڵبەندانەوە ئاگاداربووم.

کاریگەرییەکـانی لەسـەر ڕوودانـی چاخەکـانی سـەهۆڵبەندان بـکەم، بەپێـی زانیـارییە تایبەتییەکانم لەم بوارەدا: ئەنیشتاین، تیۆری ڕێژەیی، سەلماندی ، هەموو ئەستێرەیەک، یـــان هەســـارەیەک لەم گەردوونەدا بەهــۆی چەقـــاوەیی بۆشـــایی لە دەوری خۆیـــدا چاڵاییەک-کونێک لە دەوری خۆی دروست دەکات (7).

.(8)

ئەم چـاڵاییە دەتـوانین بچـوێنین بەو چـاڵاییەی بەهـۆی تـۆپێکی لە قوڕقوشـم دروسـت دەبێت کە لەسـەر پـارچە قوماشـێک دانـراوە و لە هەردوو سـەرەکەیەوە بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەستراوەتەوە، ئەگەر تۆپێکی تری قوڕقوشمی، قەبارەکەی لە یەکەم گەورەتر بێت لە نزیکەوە دابنرێت، ئەوا ئەم تۆپە دووەمەش چاڵاییەک دروست دەکات بۆ خۆی لەسەر قوماشەکە و بەهۆی قەبارە گەورەکەیەوە کاریگەری لەسـەر چـاڵاییەکەی تۆپی یەکەم دەبێت، دەبێتە هۆی لاربوونەوەی لە ناو بۆشاییەکەیدا.

بەم پێیە من پێم وایە کاتێک زەوی بەو ئاراستەیە بوو کە زستان لە نیوەگۆی باکووردا ڕوودەدات، تەوەرەکەی لاربـوونەوەی لەئاسـایی خـۆی زیـاتر لاربـۆتەوە ، بەهـۆی بـوونی تەنێکـی ئاسـمانییەکی دیـکە کە نـاتوانرێ جـۆریەکەی دیـاری بکرێـت، کە چـاڵاییەکەی کـاریگەری لەسـەر چـاڵایی گـۆی زەوی هەبـووە و بـووەتە هـۆی وەرچەرخانی تەوەرەکەی. ئەم وەرچەرخانەش دەبێتە هۆی ئەوەی کیشوەری ئەوروپا زیـاتر دوور بکەوێتەوە لە مەودای ئێستای لە چاو ئەو نـاوچەیەی کە خۆر لە وەرزی زستاندا ستوونی دەبێت بەسەر زەویەوە.

کاتێک زەوی بەم نـاوچەیەدا تێدەپەڕێت، دەگەڕێتەوە بۆ دۆخـی سروشتی خۆی. هەر لەبەر ئەم هۆکـارەش ئەو بەفـرە زۆرەی کە لە وەرزی زسـتاندا لەسـەر لـوتکەی شاخەکان کۆدەبێتەوە، گەرمی هاوین بەشی تواندنەوەی ناکات .

---

(7) **الدكتور عبدارحيم بدر– الكون الاحدب، ص 237 والصفحات التالية.**

(8) **الدكتور عبدارحيم بدر– الكون الاحدب، ص 237 والصفحات التالية.**

لە ماوەی چەند ساڵێکدا، بڕی کەڵەکەبووی سەهۆڵ لەسەر لوتکەکانی بەرزاییەکانی ئەلب و بەرزاییەکانی باکووری ئەوروپا دەست دەکات بە خۆخزاندن و داپۆشینی ناوچە نزمەکانی دەوروبەری ئەم بەرزاییانە.

... ئێستا کە شتێک دەزانین لەسەر چۆنیەتی دۆزینەوەی چاخی سەهۆڵین و دەرئەنجامەکانیان و هۆکارەکانیان، باشترە بۆ ئێمە بزانین هەر چاخێک چەند درێژەی کێشاوە. هەروەها ئەو قۆناغە گەرمانەی چاخێک لە چاخێکی تر جیا دەکەنەوە بزانین(9).

## 1- گونز(Gunz)

زانایان، وەک ئاماژەمان پێدا، سەرەتای ئەم چاخە نزیکەی ٦٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر و کۆتاییەکەی لە ٥٤٠ هەزار ساڵ دیاری دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ٦٠ هەزار ساڵی خایاندووە، لەم ماوەیە دوور و درێژەدا کە ئەم چاخە خایاندوویەتی ، قۆناغێکی گەرم ڕوویدا کە تیایدا هۆکاری چاخی سەهۆڵبەندان نەما و سەهۆڵەکە کشایەوە ، ئەم ماوەیە گەرمە بە نزیکەی پێنج هەزار ساڵ دەخەملێنندرێت، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زاناکان ئەم چاخە دابەش بکەن بۆ دوو بەش: چاخی گونزی سەهۆڵبەندی یەکەم و چاخی گونز سەهۆڵبەندی دووەم. دوای کۆتایی بەشی دووەمی ئەم چاخەدا، قۆناغێکی گەرمی دیکە دەستی پێکرد، بەڵام درێژخایەن بوو، بووە هۆی کۆتایی هاتنی ئەم یەکەم چاخی سەهۆڵبەندانە و لە (٥٤٠) هەزار ساڵەوە بەردەوام بوو تا ٤٨٠ هەزار ساڵ.

---

(9) **انظر حول تفاصيل هذه التقسيمات:**

H. Jurgen Eggers, Einfuhrung in die Vorgeschichte, p. 195 f.

**وانظر كذلك الجدول الخاص بالعصور الجليدية الموجودة في بداية الجزء الخاص بالخرائط من:**

Grusser Historischer Weltatlas, Vorgeschichte und Altertum.

### 2- میندل(Mindel)

ئەم چاخە ماوەیەکی درێژتر لە چاخی یەکەم بەردەوام بوو، لە ٤٨٠ هەزار ساڵەوە تا ٣٤٠ هەزار ساڵ ، پسپۆڕان بەسەر سێ بەشی یەکەم و دووەم و سێیەمدا دابەشیان کرد، ئەمەش بەهۆی ڕوودانی ماوەی کورتی گەرمی لەو ماوەیەدا. لە کۆتایی بەشی سێیەمیدا، ماوەیەکی گەرمی تاڕادەیەک کورت ڕوویدا کە ٣٠ هەزار ساڵی خایاند، دوای ئەوە پلەکانی گەرما گەڕایەوە بۆ دابەزین، لە ئەنجامدا چاخێکی سەهۆڵینی دیکە ڕوویدا، بەڵام لە ١٥ هەزار ساڵ زیاتر نەخایاند. ئەم چاخە پێی دەگوترا سەرەتای (ڕ.س)، واتە سەرەتای چاخی سەهۆڵبەندی سێیەم. دوای ئەوە قۆناغێکی گەرم دەستی پێکرد کە لە ٢٩٥ هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە تا ٢٣٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر بەردەوام بوو.

### 3- ڕیس(Riss)

ئەم چاخە لەپێش ٢٣٥ هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە تا ١٣٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر بەردەوام بوو ، هەروەها بەسەر سێ بەشدا دابەش بوو، دوای ئەوە قۆناغێکی گەرم هات کە سەهۆڵەکە پاشەکشەی کرد و ١٥ هەزار ساڵ بەردەوام بوو.

### 4- ورم(Wurm)

ئەم چاخە لەپێش 120 هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە تا 10 هەزار ساڵ پێش زایین بەردەوام بوو، لە سێیەکی یەکەمی ئەو چاخەدا قۆناغێکی گەرمی ڕوویدا کە تیایدا سەهۆڵەکە کەمێک پاشەکشەی کرد، نزیکەی 12 هەزار ساڵی خایاند، ئەم چاخە کە دوا چاخە لە چاخی سەهۆڵبەندان ، هەروەها دابەش بوو بەسەر سێ بەشدا.

# سەرهەڵدانی ئایین



لە لێکۆڵینەوەکانی لەسەر چاخی بەردینی کۆن کراون، زانایان پشتڕاستیان کردووەتەوە، مرۆڤی کۆن ، نزیکەی ٨٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، بەرهەمە هونەریەکانی بەجێی هێشتوون، پێکاتوون لە داتاشینی درشت-دەرهاتوو لەسەر بەرد و ئێسک و لە وێنەکێشانە ڕەنگاوڕەنگەکانیدا بە هەمان شێوە لەم بەرهەمانەدا ڕوون دەبێتەوە کە بابەتەکانی هونەری پەیوەندییان بە جیهانی ئاژەڵان وپیشەکەی ڕاوکردنەوە هەبووە ، هەر بۆیە زانایان پێیان وابوو کە پیاوی ئەم چاخە ئاژەڵی دەپەرستێت و وێنەکێشانی بۆیان بۆ مەبەستی جادوویی دەقۆزتەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئاژەڵەکە بکات، چونکە ئاژەڵەکە سەرچاوەیەکی خۆراکی گرنگ بوو ، لە گرنگیدا کەمتر نەبوو لە ڕووەک بۆ مرۆڤی ئەو چاخە.

ڕاستییەکە ئەوەیە، ئەو زانیاریانەی کە شوێنەوارناسان سەبارەت بە پەرستنی مرۆڤی کۆن پێشکەشی دەکەن، ناتوانن وێنەیەکی ڕوونمان پێبدات لە جۆری ئەو پەرستنە و

وردەکارییەکانی و هۆکارەکانی دەرکەوتنی. بۆیە بۆ ئەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئایین بزانین، پێویستە سەیری لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی گەلانی سەرەتایی بکەین، بەتایبەتی ئەو هۆزانەی کەتا ماوەیەکی نزیك ، سەد ساڵ لەمەوبەر لە ناوەڕاستی ئوستراليا نیشتەجێ بوون.

ئەم هۆزانە ژیانێکی سەرەتایی ژیاون، جیاوازنییە لە ژیانی مرۆڤی لە چاخی بەردینی کۆندا ژیاوە، چونکە ئەندامانی ئەم هۆزانە نازانن چۆن خانوو یان کونج دروست بکەن، لە چاندنی زەوییدا باش نین، نایزانن ئاژەڵداری بەکەن، هونەر نازانن، یان گڵێنە دروست بکەن، تەنیا گۆشتی ، ئاژەڵی جۆراوجۆر دەخۆن و ڕەگی ڕووەکی خواردن . نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو لە لێکۆڵینەوە لە هەلومەرجی ئەم هۆزانە دەرکەوتووە ، لەدابڕاننێکی تەواو دەژین و هیچ پەیوەندییەک لە نێوان زمانی ئەم هۆزانە و باقی زمانەکانی ناوچەکانی نزیک لەئەوان لە ئوسترالیادا نەبووە،

جگە لەوەش ڕوون نەبوو کە هیچ پەیوەندییەکی ڕەچەڵەکی لەگەڵ دراوسێکانیان هەبووبێت و ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەوان لە ژێر کاریگەری زۆرێک لە شارستانیەتەکاندا نەبووین.ئەزموونی هەندێک وڵاتی گۆی زەوی بووین، لێکۆڵینەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتییان و جۆری پەرستنەکانیان بە دڵنیاییەوە، ڕاستگۆیانە وێنەی کۆنترین جۆرەکانی پەرستن لە ژیانی مرۆڤان پێدەبەخشێت.

لە لێکۆڵینەوەکانی بەردەست لەسەر ئەم خێڵانە دەرکەوتووە ، ئەوان کۆمەڵگەیەک دەنوێنن ، پاشا و سەرۆک ناناسن، هەروەها ئەنجومەنی پیاوەکانیان بڕیار لەسەر کاروباری ئایینی و تایبەتیان دەدات و بیروباوەڕەکانیان ، ئەنترۆپۆلۆژیستەکان ناویان ناوە تۆتەم پەرستی ((10).

زانایان لەسەر دەستپێکی تۆتەمیزم ناکۆک بوون و هەندێکیشیان دەڵێن: ئامانجی تۆتەمیزم چالاکیی هاوبەشە بۆ ئامادەکردنی زۆرترین بڕی...

کەرەستەی خاو بو خێڵ:

---

قوتابخانەی یەکەم (ئیستێد - Estied)، دەڵێت: تۆتەمیزم لە لێکدانەوەیەکی هەڵە بۆ نازناوەکانەوە سەریهەڵداوە، ئەوکاتەی ناوی خۆیان بە ناوی شتە سروشتییەکانەوە ناوە و دواتر تێکەڵ بە ناوی باوباپیرانیان بوون و دواتر ئەو شتانە لەگەڵ پیرۆزکردنی باوکان بە تێپەڕبوونی کات پیرۆز کراون.

سەبارەت بە قوتابخانەکەی تر (فرایزەر -Fraizer )، دەڵێت : تۆتەمیزم لە نێوان هۆزەکانی ناوەڕاستی ئوسترالیا لە ڕێوڕەسمی ئەنتیجیۆما سەریهەڵداوە.سیستەمێکە لەسەر بنەمای سیحر و تەلیسم، لە پشتیەوە خەڵکی تۆتێم دەیانەوێت کەرەستە زیاد بکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خێڵ.

تۆتەم شتێکە کە ڕەنگە زیندوو بێت یان نازیندوو، بەڵام زیاتر یان ئاژەڵێکە یان ڕووەکێکە، تۆتەمی ئاژەڵیش زۆرتر و بەربڵاوترە لە تۆتەمی ڕووەکی. کەم تۆتەم هەیە کە شتێکی بێ گیان، یان ڕواڵەتێکی سروشتی بێت. ئەوەی مەبەست لە تۆتەمی ئاژەڵی، یان ڕووەکی ئەو خێزانە گشتییەیە کە ئاژەڵ یان ڕووەکەکە سەر بەو خێزانەیە ، نەک تاکێکی دیاریکراو یان تاکانێکی دیاریکراو.

کاتێک تۆتەمی خێڵێک کەرویشک بێت، بۆ نموونە، ئەوەی مەبەست لێی جۆری کەرویشکەکەیە بە گشتی، بەبێ ئەوەی تایبەت بێت بە ناوچەیەکی دیاریکراو. ئەندامانی خێڵەکە پێیان وایە تۆتەمەکەیان باپیرەی یەکەمیانە. هەتا ئەندامانی خێڵی تۆتەم خۆیان بە یەک ڕەچەڵەک بزانن، ئەوا خزمایەتییان تەنها لەسەر هاوبەشی تۆتەمەکە دامەزراوە، خزمایەتییەکە لەسەر بنەمای پەیوەندی خوێن نییە، وەک ئەوەی لە ئێستادا لای ئێمەدا هەیە.

بەو پێیەی خێڵە تۆتەمییەکان پاشا و سەرۆکیان نییە، کۆمەڵگای سۆسیالیستییەکان دە نوێنێت، کەوا یەکسانی تێیدا زاڵە و هەموو ئەندامەکانیان لە یەک پلەدان.

هەرچەندە لەم خێڵە تۆتەمیانەدا دەسەڵاتێکی ناوەندی نییە، بەڵام ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی هاوئاهەنگیان هەیە، بەو پێیەی یەک خێڵی تۆتەمی لە دوو یەکێتیی-فیدراسیۆندا ڕێکخراوە و هەر فیدراسیۆنێک کۆمەڵێک خێڵ لەخۆدەگرێت کە پێیان وایە شوێنپێیان دەگەڕێتەوە بۆ یەک بنەچە لە چاخی کۆن. خێڵ تۆتەمێکی دیاریکراوی نییە، بەڵام یەکێتییەکە تۆتەمێکی گشتی هەیە کە پیرۆزکردنی لەلایەن ئەو

خێڵانەی یەکێتییەکە پێکدەهێنن هاوبەشە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بۆمان دەردەکەوێت، هەر خێڵێک دوو تۆتەمی هەیە، یەکەمیان تۆتەمی خۆیەتی و دووەمیان تۆتەمی یەکێتییەکەیەتی.

پیرۆزکردنی ئەم تۆتەمانە چەندین شێوەی هەیە، گرنگترینیان ئەوەیە کە بۆ هەموو ئەندامانی خێڵ قەدەغەیە زیان بە هەر ئەندامێکی تۆتەمی تایبەتی خۆی یان تۆتەمی یەکێتی گشتییەکەی بگەیەنن، هەروەها بۆ ئەوان قەدەغەیە کە گۆشتی ئەو بخۆن ، یان هەر یەکێک لە توخمەکانی بخەنە ناو هەناویانەوە .

لە چاوی ئەم هۆزانەدا پێشێلکردنی ئەم یاسایە بە یەکێک لە تاوانە گەورەکان دادەنرێت و پێیان وایە کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە هۆی مردنی خێرا یان هێواشی تاوانبارەکە یان ئازاردانی بە ئازارێکی بەژان.

هەڵاواردە لەم یاسایە لە هەندێک حاڵەتدا هەیە ئەویش بە نەریتەکان دیاری کراوە، بۆ نموونە، لە هەندێک بۆنەی ئایینیدا بۆ ئەندامانی خێڵ دروستە لە تۆتەمی خۆیان یان تۆتەمی یەکێتی گشتی خۆیان بخۆن، بەو پێیەی خواردنێکی پیرۆز و پەروەرندەییە - دواتر هۆکارەکانی ئەمە ڕوون دەکەینەوە.

هەروەها ئەمەش بەتەواوی دروستە ئەگەر ژیان بەبێ تۆتەم مومکین نەبێت، بەتایبەتی ئەگەر تۆتەمەکە ئاو بێت یان شتێکی هاوشێوەی لە پێویست بوونی بۆ ژیان. دروستە تۆتەم لە حاڵەتی بەرگریی ڕەوا لەخۆتدا بکوژرێت و بۆ دوورکەوتنەوە لە زیان، بە تایبەت ئەگەر تۆتەمەکە لە سروشتدا دڕندە، یان زیانبەخش بێت، وەک پڵنگ و مار و هاوشێوەکانی (11).

بەڵام هەموو ئەو حاڵەتانەی کە دروستە هێرش بکرێتە سەر تۆتەمێک سنووردارە بەو ڕێگایانەی شیاوەو دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە کەسێک کە گۆشتی تۆتەمەکەی نەخوات، ژیانی لە مەترسی دابێت، ڕێگەپێدراو نییە زیاتر بخوات لەو بڕەی برسییێتی تێر دەکات و لە لەناوچوون ڕزگاری دەکات.

---

(11) **الدكتور علي عبدالواحد وافي– الطوطمية اشهر الديانات البدائية، ص**15.

یەکێک لە دەرکەوتەکانی پیرۆزکردنی تۆتەمەکان بریتییە لە پراکتیزەکردنی پابەندبوونی ئەندامەکانیان بە ڕێوڕەسمی ماتەمینی لای هەندێک خێڵی کاتێک ئەندامێکی خێزانی تۆتەمەکانی سەر بە خۆیانن یان کاتێک تەرمێکیان دەدۆزرێتەوە، لەوێ لە ڕێوڕەسمی ئایینی تایبەت و بە شێوایێکی تایبەت دەینێژن ... .



# هێماکانی تۆتەم

هەر خێڵێکی تۆتەمی بووە داب و نەریتی وابووە ، تۆتەمەکەی بە هێمایەکی تایبەت بناسێتەوە. ئەم هێمایە بە شێوازی جیاواز وێنا دەکرێت، هەندێک جار وێنەی خودی تۆتەمە، کێشراو یان بەرجەستەکراو، ئەم جۆرە هێمایە لەو خێڵانەدا باو بووە ، سەلیقەی هونەرییان پەرەپێداوە و لە بنەماکانی وێنەکێشان و فۆتۆگرافیدا پێشکەوتوون، وەک خێڵە ڕەسەنەکانی هیندییە سوورەکان لە ئەمریکا. هەندێک جار هێماکە شێوەیەکی ئەندازەیی یان کۆمەڵێک هێڵە ، هیچ شتێکی وێنەی تۆتەمی تێدا نییە، بەڵکو وەک هێما وەرگیراوە. ئەم جۆرە هێمایە لە هۆزەکانی دواتردا لە بوارەکانی وێنەکێشان و نیگارکێشاندا باو بووە، وەک هۆزە ڕەسەنەکانی ئوسترالیا.

**هەندێک جار** تۆتەمەکە بە دارێک یان چەند دارێک هێما دەکرێت دوای ئەوەی کەرەستەی دیکەی بۆ زیاد دەکرێت. خێڵە تۆتەمییەکانی ئوستراليا سێ هێما بەکاردەهێنن کە پێیان دەوترێت (( چورینگە- گورونگا - Tjurunga ،یا چورینگا- Churinga و تیۆرینگا- Tjuringa ، شتێکە کە لەلایەن خەڵکی ڕەسەنی ناوەڕاستی ئوستراليا لە گروپەکانی ئارێرنتی - Arrernte (ئاراندا، ئارونتا) ( Aranda, Arunta)بەشتێکی گرنگی ئایینی دادەنرێت. وشەکە لە وشەی Arrernte Tywerenge وەرگیراوە کە بە واتای پیرۆز یان بەنرخ دێت. زۆرجار گیۆرۆنگا گرنگییەکی ڕەسەنی فراوان و نادیاریکراوی هەبوو. لەوانەیە لە ڕێوڕەسمە پیرۆزە جۆراوجۆرەکاندا بەکارهاتووە، وەکو گایەکان، لە تابلۆی زەوینی پیرۆزدا، لە ستوونەڕێوڕەسمییەکاندا، لە سەرپۆشی ڕێوڕەسمەکاندا، لە سروودی پیرۆزدا و لە هاوارە پیرۆزەکانداو لە تەپۆلکە پیرۆزەکاندا بە شێوەیەکی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێن. )) و (نورتونجە - Nurtunja)، قەدەغە بوو بۆ هەر تاکێک کە مەعمودیەت نەبووبێت- لەئاوهەڵکێشان- baptism (لە یۆنانی βάπτισμα، لە ڕۆمانی: váptisma، 'نقومکردن، نوقمبوون لە ئاودا'- ، واتە گەر پەیوەندی بە ئەنجومەنی ئایینی خێڵەکەوە نەبووبێت، قەدەغە بوو دەستیان لێبدات، بەڵکو، قەدەغە بوو تەنانەت سەیریان بکات تەنها لە دوورەوە نەبێت و لە هەندێک بۆنە وحاڵەتدا،

ئەمەش بۆ ژنان بە تەواوی قەدەغەبوو، چونکە ڕێگە بە ژنان نادرێت مەعمودیەت بکرێت.ئەم هێمایانە بەزۆری لە حەشارگە تایبەتەکاندا دەهێڵرێنەوە دوور لە ڕێگاوبانەکان. ئەم حەشارگەیانە و دەوروبەریان بە شوێنێکی پیرۆز دادەنرێت، گەڕان وسووڕان لە ناویان، یان لە نزیکیان ڕێگەپێدراو نییە، جگە لەو کەسانەی کە مەعمودیەتیان وەرگرتووە و ناویان لە کۆمەڵگەی ئایینیدا تۆمارکردووە. هەروەها بە پلنتایی وحەرەمێکی سەلامەت دادەنرێت ، هیچ خراپەیەک تێیدا ئەنجام نادرێت و هیچ زیانێک بەسەر ئەو کەسانەدا نایەت کە پەنایان بۆ دەبەن.





خێڵە تۆتەمییەکان پێیان وایە ، چارەنووسیان پەیوەستە بە چارەنووسی ئەم هێمایانەوە، هەر بۆیە لەدەستدانی ئەوان بە گەورەترین کارەسات دادەنرێت ، خێڵەکە بەسەریدا بێت. ئەگەر یەکێک لە خێڵەکان ڕەمزی خۆی لەدەست بدات، هەموو ئەندامانی خێڵەکە بۆ ماوەی دوو هەفتە بەردەوام دەبن لە گریان و لەخۆدان و دەموچاو و جەستەیان بە قوڕ دەسوون. هۆزەکانی ئوسترالیا پێیان وایە تەنها دەست لێدان لە هێمای شورینگا، ئەو کەسەی دەستی لێداوە لە هەموو نەخۆشی و برینێک چارەسەر دەکات، هەروەها پێیان وایە هەڵگرتنی، هێزی سەروو سروشتی بە تاکەکەسەکە دەبەخشێت، بە ڕادەیەک ئەگەر جەنگاوەرێک بەرامبەرەکەی ببینێت ، شورینگاکەی هەڵگرتووە، ئەوا هێزی لاواز دەبێت و ڕادەست دەبێت.

**تاکەکان هاوبەشی تۆتەمەکەدەکەن لە سروشت و پیرۆزییەکەیدا:**

لە سەرەوە باسمان لەوە کرد ، ئەندامانی خێڵی تۆتەمی پێیان وایە تۆتەمەکەیان باپیرەی یەکەمی خۆیانە و هەر بۆیەش ئەوان و تۆتەمەکە یەک سروشتیان هەیە. بۆ نموونە لە خێڵێکدا کە کەروێشک وەک تۆتەمی خۆی بەکاردەهێنێت، هەریەک لە ئەندامەکانی نازناوی کەروێشکیان پێدەدرێت و لە هەمان کاتدا پێی وایە کە ئەندامی ئەم خێزانە ئاژەڵەیە. بەو پێیەی ئەندامانی خێڵەکە سروشتی خۆیان لەگەڵ تۆتەمەکەیاندا بەهاوبەش دەزانن، لەپیرۆزییەکانیشیدا هاوبەشن. هەموو تاکێک پێی وایە کە لەناو خۆیدا شتێک لە پیرۆزی ئەو تۆتەمە هەڵدەگرێت ،کە خێڵەکەی سەر بەو تۆتەمە.

ئەم پیرۆزییە لە هەموو بەشەکانی جەستەدا بەربڵاوە، بەڵام ئەم خێڵانە زیاتر پێیان وابوو لە خوێن و قژی مرۆڤدا دیارە. بۆیە خوێن و قژ لەو توخمە مرۆییانە بوو، زۆرترین جار لە ڕێوڕەسمەکاندا بەکاردەهێنران. پرۆسەی تاشینی قژ بە بابەتێکی گرنگی ئایینی دادەنرا و بە چەندین ڕێوشوێن و ڕێوڕەسم دەورە درابوو. ئەو کەسەی کە قژی دەتاشی دەبوو ڕووی بەرەو ئەو ئاراستەیە بێت  کە خێڵەکەی پێیان وابوو شوێنی یەکەم سەرچاوەی تۆتەمەکەیە.

جگە لەوەش ئەندامانی یەک خێڵ پیرۆزییەکی یەکسانیان نییە ، بۆ نموونە پیاوان پیرۆزترن لە ژنان، لە ڕاستیدا ژنان بە جۆرێک لە جۆرەکان بە بێبەش بوو لە پیرۆزی دادەنرێت، هەروەها نێرە بێ مەعموودییەکان بە بێبەش لە پیرۆزی دادەنرێن. سەبارەت بە گەورەکانی خێڵ لە پیر و جادووگەر و پزیشک و پێشگۆکانی خێڵەکە، ئەوان لەوانی تر بە پیرۆزتر دادەنرێن، تا ئەو ڕادەیەی کە ڕێگەیان پێدەدرێت ئەوەی بۆ کەسانی تر ڕێگەپێنەدراوە سەبارەت بە تۆتەم و هێماکانی.

## سیستەمی خێزان و خزمایەتی:

باسمان لەوە کردووە ، خزمایەتی لە نێوان ئەندامانی خێڵی تۆتەمیدا تەنها لەسەر بنەمای هاوبەشی تۆتەمە و خزمایەتی لەسەر بنەمای پەیوەندی خوێنی نییە، ئەندامانی خێڵی تۆتەمی خۆیان بەیەک بنەماڵەدەزانن، واتە هەموو نێرەکان برای یەکن ، هەروەها مێینەکانیش. سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ئەوانیش لەسەر سێ سیستەم دامەزراوە، یەکەمیان سیستەمی هێڵی دایکییە، لە سیستەمێکی وادا منداڵ دەچێتە پاڵ دایکی و تۆتەمی خێڵی دایکی دەپەرستێت، سەبارەت بە باوکی و ئەندامانی بنەماڵەی باوکی، ئەوان بە بێگانە دادەنرێت بۆی، هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتییان لەگەڵدا نییە، بەڵکو نەریتەکان داوایان لێدەکرد شەڕیان لەگەڵ بکات ئەگەر هێرش بکاتە سەریان، یەکێکیان هێرش دەکاتە سەر ئەندامانی خێزانەکەی، تەنانەت ئەگەر دەستدرێژکارەکە باوکی خۆیشی بێت. سیستەمی هێڵی دایکی لە زۆربەی خێڵەکانی ئوسترالیادا باو بووە.

یەکێک لەو شتە خۆشانەی کە دەتوانین لەم بوارەدا ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە، توێژەران بۆیان دەرکەوتووە کە دوژمنایەتییەکی گەورە لە نێوان مێرد و خەسوو دا هەیە لەناو خێڵە تۆتەمییەکاندا کە سیستەمی هێڵی دایکی -ماتریاریکی ڕەچەڵەک پەیڕەو دەکەن. ئەم دوژمنایەتییە ئەوەندە توند و تیژە، کە دروست نییە یەکتر ببینن. ئەگەر بە ڕێکەوت لە ڕێگادا یەکتریان بینی، هەریەکەیان دەبێت خۆی لە پشت بەربەستێکەوە بشارێتەوە بۆ ئەوەی ئەوی دیکەیان نەبینێت. ئەگەر هەلومەرجەکان داوایان کرد کە قسە بکەن، دەبێت گفتوگۆکە لەگەڵ هەریەکەیان لە شوێنێکدا ئەنجام بدرێت کە نەتوانن یەکتر ببینن. هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە و باقی دیاردەکە دوای تەواوبوونی ئەم کورتە پێشکەشکردنە لەبارەی سروشتی سیستەمی تۆتەمییەوە ڕوون دەکرێنەوە.

سیستەمی دووەمی ڕەچەڵەک بریتییە لە سیستەمی باوکایەتی، واتە منداڵ پەیوەندی بە باوکیەوە دەکات و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ دایکی و خێڵەکەیدا نییە. هەندێک پێیان وایە ئەو خێڵانەی کە سیستەمی باوکایەتی پەیڕەو دەکەن لە بنەڕەتدا پەیڕەوی لە سیستەمی دایکایەتی دەکەن، وەک لە خێڵەکانی خاوەن سیستەمی باوکایەتی بۆمان دەردەکەوێت کە قەدەغەیە منداڵ گۆشتی تۆتەمی دایکی بخوات، یان دەستی لێبدات ،یا هەر زیانێکی پێبگەیەنێت .

سیستەمی سێیەم سیستەمی خۆجێییە، واتە منداڵ سەر بە تۆتەمی دایکی یان باوکی نییە، بەڵکو سەر بە تۆتەمی ئەو شوێنەیە کە دایک بۆ یەکەمجار هەستی بە جوڵەی منداڵەکەی کردووە لە سکی دایکیدا لەکاتێکدا کۆرپەلە بووە. شوێنەکان لە نێو خێڵەکانی ئوسترالیادا تۆتەمی تایبەت بە خۆیان هەبوو، بۆ نموونە ئەگەر دایکەکە هەستی بە جوڵەی کۆرپەکەی کردبێت لە شوێنی تۆتەمی ڕێوی بووبێت، ڕێوی دوای لەدایک بوونی منداڵەکە دەبێت بە تۆتەمی منداڵەکە و دەبێت پەیوەندی بەو خێڵە بکات کە سەر بەم تۆتەمەیە .

ئەوەی شایەنی باسە لەم ڕووەوە ئەوەیە، جۆری نێر لە هەندێک خێڵی تۆتەمدا تۆتەمی تایبەتی خۆیان هەیە و جۆری مێینەش تۆتەمی تایبەتی خۆیان هەیە.

## هاوسەرگیری لە نێو خێڵەکانی تۆتەمی:




لە نێو خێڵە تۆتەمییەکاندا داب و نەریتە ، هاوسەرگیری نێوان خزمەکان بە توندی قەدەغە بکرێت و هەر کەسێک پێشێلی ئەم یاسایە بکات دەکوژرێت. ئەوان قەدەغەکردنەکەیان هێندە ورد کردووە ، دروست نییە هیچ پەیوەندییەکی سۆزداری لە نێوان خزمەکاندا ڕوودبات، تەنانەت ئەگەر بەڕێکەوتیش بێت (12)،

---

(12)

هەروەها هەموو ئەندامێکی خێڵەکە پابەندن بە جێبەجێکردنی سزای هەر کەسێک کە لەم یاسایە لابدات.

بۆیە خێڵە تۆتەمیەکان بە سیستەمێکی هاوئاهەنگ ڕێکخراون بۆ ئەوەی قەدەغەکردنەکە لە نێوان خزمەکان لە لایەک جێبەجێ بکرێت و هاوسەرگیری لەناو هۆزدا لە لایەکی دیکەوە شیاوببێت . ئەم سیستەمە هەماهەنگە نوێنەرایەتی ئەوە دەکات کە هۆزێک لە دوو یەکییەتی- فیدراسیۆن پێکدێت و هەر فیدراسیۆنێک لە چەند خێڵێک پێکدێت و ئەم خێڵانەش کە یەک فیدراسیۆن پێکدەهێنن بەسەر دوو چینی هاوسەرگیریدا دابەش دەبن، وەک لەم هێڵکاری-دیاگرامەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

ئێستا با گریمانە بکەین ، پیاوێک لە خێڵی ژمارە یەک، واتە لە چینی هاوسەرگیری (A) ولە ڕەچەڵەکی پەیڕەوی لە سیستەمی هێڵی دایکی دەکات، ژنێک لە خێڵی ژمارە (١٢)، واتە لە چینی هاوسەرگیری (D) هاوسەرگیری دەکات. منداڵی دەرهاویشتە، بەپێی سیستەمی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان، مافی هاوسەرگیریی نییە، لە هەر خێڵێکی ئەو یەکێتییەی کە دایکی سەر بە ئەوانە، چونکە هەموویان خزمی ئەون بەپێی ئەوەی هەموویان هاوبەشن لە تۆتەمی گشتیی ئەو یەکێتییە.

جگە لەوەش بەدەق پرەنسیپی قەدەغەکردن وای لێهاتووە کە بۆی دروست نییە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ کام لەو دوو چینە هاوسەرگیرییە بکات کە یەکێتیەکەی تر پێکدەهێنن، با لێرەدا وا دابنێین کە ئەو چینەی بۆی قەدەغەکراوە چینی باوکیەتی، واتە چینی هاوسەرگیری ( A)، کەواتە ئەو بوارەی کە ڕێگەی پێدراوە لەم حاڵەتەدا هاوسەرگیری لێ بکات تەنها چینی هاوسەرگیرییە ( B). هەمان شت بۆ ئەو منداڵەش دەگونجێت کە لەم هاوسەرگیرییە لەدایک دەبێت.

ئێستا کە پوختەیەکمان لەسەر سروشتی سیستەمی خێڵی تۆتەمی خستووەتەڕوو، دەبێت هۆکاری نەریتی ئەو خێڵانە ڕوون بکەینەوە، بەتایبەتی ئەو هۆکارانەی کە پاڵیان پێناوە بۆ پەرستنی تۆتەم، چونکە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ، ئایین چۆن سەریهەڵداوە لە ژیانی مرۆڤدا و هۆکارەکانی ئەوە چین.

## سەرهەڵدانی تۆتەم:

ئەو پرسیارەی لە کاتی قسەکردن لەم بوارەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە: چۆن ئەم خێڵە سەرەتاییانە پێیان وایە ، پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان خۆیان و پەرستراوەکانیاندا هەیە کە بریتین لە ئاژەڵ و ڕووەک و کەرەستەی بێ گیان، و باوەڕیان بەم بیروبۆچوونانە هەیە ،کە جەوهەری ئایینەکەیان وێنا دەکات ، هەرچەندە ڕاستیی دۆخەکە پشتگیری لە بوونی هیچ پەیوەندییەکی خۆیەکی ناکات لە نێوان مرۆڤ و ئەوەی لە دەوروبەریدا هەیە لە ئاژەڵ و ڕووەک ، نە لە ڕابردوودا و نە لە ئێستادا. ئەم لایەنە تایبەتە وایکردووە زۆرێک لە توێژەران کە لێکۆڵینەوەیان لە بارودۆخی ئەم خێڵە تۆتەمیانە کردووە، ئەم ڕوونکردنەوانە پێشکەش بکەن بۆ پەیوەندییەکی لەو شێوەیە:

### ا- کۆنترین بۆچوونەکان سەبارەت بە سەرهەڵدانی تۆتەم:

کۆنترین کەسی لەسەر بنەچەی تۆتەمی نووسیوە کەسێک بوو بە ناوی گارسیلاسۆ فێل ڤیگا (Garcilaso fel Vega)،ئەندامی بنەماڵەی دەسەڵاتدار بوو لە سەدەی حەڤدەهەمدا، لە وڵاتی پیرۆ، ئەم کەسە دەستنووسێکی لەسەر مێژووی گەلەکەی نووسیوە، لەم دەستنووسەدا باسی کردووە لەم ڕووەوە ئاماژەی بەوەدا کە خێڵەکان پێویستیان بە ناونانی خۆیان بووە بۆ ئەوەی دیاربن لەیەک جیا بکرێنەوە ، لە بەر ئەمە پێویستیان بە ناوی ئاژەڵ یان ڕووەکەکان هەبووە ناوی ئەوانیان وەرگرتووە.

دوای سەدەیەک بەسەر ئەو بۆچوونەی کە لەلایەن (جی.دێل ڤاگا) (G. del Vaga)ەوە پێشکەشکرا، (ئە.ک.کین) (A. K. Keane) و کەسانی دیکە بۆچوونێکی هاوشێوەیان سەبارەت بە سەرهەڵدانی تۆتەمەکان خستەڕوو (13).

---

(13) Freud, Totem und Tabu, p. 124.

## ٢- تیۆری سێر جۆن لوبک(Sir John Lubbck)



( ٣٠ی نیسانی ١٨٣٤ - ٢٨ی ئایاری ١٩١٣) ناسراو بە سێر جۆن لوبۆک، بانکدارێکی ئینگلیزی، سیاسەتمەداری لیبراڵ، خێرخوازی، زانا و ڕۆشنبیر بوو. لوبۆک لە کۆمپانیای خێزانەکەیدا وەک بانکدارێک کاردەکات بەڵام بەشدارییەکی بەرچاوی لە شوێنەوارناسی و ئێتنۆگرافی و چەند لقێکی بایۆلۆجیدا کردووە. ئەو زاراوەی "بەردی کۆن" و "بەردی نوێ"ی بۆ ئاماژەدان بە سەردەمی بەردی کۆن و نوێی بە ڕێککەوت داهێناوە. یارمەتی دامەزراندنی شوێنەوارناسی داوە وەک دیسیپلینێکی زانستی، و کاریگەر بووە لە مشتومڕەکانی تایبەت بە تیۆری پەرەسەندن. یەکەمین یاسای پاراستنی میراتی شوێنەواری و تەلارسازی بەریتانیای خستەڕوو. )

ئەم توێژەرە کە دواتر ناوی بووە لۆرد ئەڤیلۆری(Lord Avelury) ، پێی وایە ئێمەی مرۆڤ، زۆرێک لە ناوەکانمان، لە ناوی ئاژەڵەوە وەرگیراون،ئەم ناوانەش کە لە ئاژەڵەوە وەرگیراون دواتر بوونەتە ناوی خێڵەکان، لە ڕێگەی ناوی سەرکردەکانیانەوە. لوبۆک دەڵێ: دوای ئەوەی ناوی ئاژەڵەکان گەیشتە ئەم قۆناغە،

ناوەکانیـان بـوو بە هێمـای خێڵەکـان و سـەرەتا ڕێزیـان لێـدەگیرا و دواتـر ڕێزیـان پیرۆزکران.

ئەو ڕەخنەیەی ئاراستەی ئەم تیۆرییە کراوە، لەلایەن فیسۆنەوە ((فیزون- Fison)) پێشکەش کراوە(14)،

، دەڵێت تۆتەم هەرگیز ناوێک نەبووە بۆ تاکە کەسێک، بەڵکو بەردەوام نیشانەیەکی جیاواز بووە بۆ کۆمەڵێک مرۆڤ.

ئەگەر دۆخەکە بەو شێوەیە بووایە کە لوبۆک پێیوابوو، چۆن ناوی باوکەکە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکانی لەکاتێکدا خێڵەکانی ئوسترالیا سیستەمی ماتریاریکی ڕەچەڵەک پەیڕەو دەکەن؟ بەم شێوەیە فەیزۆن دەیەوێت ئاماژە بەوە بکات کە ناوی تاکەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە هێمای خێڵەکەوە نەبووە و هەر بۆیەش هێماکانی واتە تۆتەمەکان دەبێ لە ڕێگایەکی دیکەوە هاتبێت.

**٣- تیۆری ئەی لانگ((لانک A. Lang))**

بۆ ماوەیەک ئەم توێژەرە مەیلی ئەوەی هەبووە ، تۆتەمەکە لە بنەڕەتدا تەنها وەک هێمای خێڵەکە وەرگیراوە (15).

. بەڵام دواتر ئەم باوەڕەی پشتگوێ خست و دەستی کرد بە باس نەکردن کە چۆن ناوی ئاژەڵەکان بوونەتە هێما بۆ خێڵە تۆتەمیەکان، چونکە پێی وابوو ئەم خێڵانە خۆیان بێ ئاگان لەو هۆکارەی کە ئاژەڵیان کردووە بە هێما بۆ خێڵەکان. بۆیە باوەڕی بە واقیع هەبووە و لەهەمانکاتدا هەوڵیدا پاساو بۆ ئەو لایەنە بدۆزێتەوە، چونکە هەڵبژاردنی ناو لەلایەن مرۆڤەکان یان خێڵەکانەوە، کۆن و مۆدێرن، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نایەت، بەڵکو گرنگییەکی زۆر بە ناوەکە دەدرێت بەهۆی کاریگەرییە گەورەکەی لەسەرباری دەروونیی هەڵگری و لەسەر کەسایەتی ئەویش.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، لانک پێی وایە ئەم خێڵانە وێرای ئەوەی هەوڵی ڕەوایەتیدان بە واقیعی هێماکانیان دەدەن، وایان زانیوە کە لە ڕابردوودا پەیوەندییەکی بەهێز لە

---

([14]) Fison, Kamilaroi and Kurmai (1880). P. 165.
([15]) A. Lang, The secret of the Totem, 1905, p. 34.

نێوان خۆیان و تۆتەمەکانیاندا هەبووە و بەو پێیەی پەیوەندیی خوێن یەکێک بووە لە پەیوەندییە بەهێزەکان، دەستیان پێکردووە بۆ ئەوەی باوەڕیان بەوە هەبێت کە دەبێ لە ڕابردوودا پەیوەست بوون بەو ئاژەڵانەوە کە نوێنەرایەتی تۆتەمەکانیان دەکەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش قەدەغە بوون بۆ سەربڕین، کوشتن، یان زیانگەیاندن بە تۆتەمەکە. ((لانک)) پێی وایە ئەم لایەنە تایبەتە، واتە باوەڕبوونی خێڵەکە کە لە ڕابردوودا پەیوەندییەکی خوێنی لە نێوان ئەو و تۆتەمەکەیدا هەبووە، ئەوەش بووەتە هۆی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان (16).

## 4- تیۆری دورکهایم ((دورك هايم Durkheim)) (17)

دەیڤید ئیمیل دورکهایم (David Émile Durkheim )، فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکی فەرەنسی بوو . یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی مۆدێرن، میتۆدۆلۆژیای سەربەخۆی بۆ ئەم زانستە داڕشتووە کە لەسەر بنەمای تیۆری و ئەزموونکردن دامەزراوە.

دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە "لەبارەی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی" (١٨٩٣) و "یاساکانی میتۆدی کۆمەڵناسی" (١٨٩٥). ئەو بە فەرمی دیسیپلینی ئەکادیمی کۆمەڵناسی دامەزراند- لەگەڵ دو بۆیس، کارل مارکس و ماکس وێبەر. بە شێوەیەکی باو وەک دامەزرێنەری سەرەکی زانستی کۆمەڵایەتی مۆدێرن ناودەبرێت.

---

([16])لە سێ شت زیاتر نەبوو- ناوی ئاژەڵێکی گرووپی کە بنەچەی نادیارە: باوەڕبوون بە پەیوەندییەکی زاڵ لە نێوان هەموو هەڵگرانی هەمان ناو ، لە مرۆڤ و ئاژەڵ،: و باوەڕبوون بە خورافاتەکانی سەبارەت بە خوێن- پێویست بوو بۆ ئەوەی هەموو باوەڕوپەیرەوییە تۆتێمیکەکان سەرهەڵبدەن، لەوانەش هاوسەرگیریی دەرەکی .

No more than rhese three things-a group animal name of unknown origin: belief in a transcendental connection between all bearers, human, and bestial, of the same name: and belief in the blood superstitions- was needed to give rise to all the totemic creeds and practices, including exogamy, (The Secret of the Totem, p. 126).

([17]) A. Durkheim, Les forms elementaires de la vie religieuse. Le systeme totemique en Australie, 1912.



**دورك هایم Durkheim**

ئەم توێژەرە لە تێڕوانینی خۆیەوە تیۆری خۆی هەڵێنجاوە ،تێبینی کردووە ئەو شتانەی پیرۆزکردنیان ئاراستە دەکرێت لە ئایینی تۆتەمیدا، جا چ خودی تۆتەمەکە بێت یان ئەو هێمایانەی ئاماژەی پێدەکەن، تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەوان، واتە تۆتەمەکان و هێماکانیان، دەرکەوتە وڕواڵەتی هەمان خێڵن و هێمایەکن ئاماژەن بۆ خێڵەکە. تۆتەم نازناوی خێڵە، سروشتەکەی بەشێکە لە سروشتی ئەو و وێنەکێشانەکانی هێمای ئەوەن.

کەواتە پیرۆزکردن ئاراستەی ئەم شتانە دەکرێت تەنها لەبەر ئەوەی هێمای خێڵن، بە واتایەکی تر: پیرۆزکردنی ئەم شتانە لە ڕاستیدا پیرۆزکردنی خودی خێڵە. کەواتە تۆتەم و هێماکانی وەک ئەو ئاڵایانە وان کە گەلانی مۆدێرنمان وەک هێما وەریدەگرن. وەک چۆن پیرۆزکردن و شکۆمەندکردنی ئاڵای وڵاتەکەمان لە ڕاستیدا پیرۆزکردن و شکۆمەندکردنی ئەوەیە کە ئەم ئاڵایە هێمای چییە، واتە پیرۆزکردنی نەتەوەکەمان و کۆمەڵگاکەمان، بە هەمان شێوە هەڵوێستی سەرەتاییەکان بەرامبەر بە تۆتەمەکانیان وابوو. ئەو خوداوەندەی لە ئایینی تۆتەمیدا پیرۆزکردنی ئاراستە دەکرێت، خودی

خێڵە یان خودی کۆمەڵگاکەیە، کە بە هەندێک نیگار و هەندێک ئاژەڵ یان ڕووەک هێمایان بۆ دەکرێت.

دورکهایم پێی وایە ئەم سیستەمە خۆبەخۆ لە ئاوەز-عەقڵی بەکۆمەڵەوە سەریهەڵداوە، و سوودی کۆمەڵایەتیی گرنگییەکی زۆری بەدەستهێناوە. ژیانی کۆمەڵایەتی دروست نییە مەگەر کۆمەڵگا و سیستەمەکانی و فەرمانەکانی و قەدەغەکراوەکانی بابەتی پیرۆزکردن و ڕێزگرتن نەبن لەلایەن تاکەکانیەوە.

سیستەمی تۆتەمیی ئامرازێک بوو بۆ ڕاهێنانی تاکەکان و ڕاهێنانیان بەم پیرۆزکردن و ڕێزگرتنە، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵگاکەیان، و بۆ ئاسانکردنی سەرکردایەتیکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو سیستەم و ڕێسایانەی کە دەیسەپێنێت کە ناکۆکی لە زۆرێک لە دەرکەوتەکانیاندا لەگەڵ خواست و ئارەزووی تاکەکان.

دورک هایم پێی وایە کە تۆتەمیزم کۆنترین ئاییني مرۆڤ دەنوێنێت، بەهۆی پەیوەندییەکەی بە سادەترین پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە پێکهاتنی خێڵ و کۆمەڵگاش بە یەکەم خوداوەند دادەنرێ مرۆڤ دپەرستوویەتی (18).

لەگەڵ ئەوەشدا ڕایناخ ((S. Reinach)) پێش دۆرکهایم کەوتووە لە پێشنیارکردنی بیرۆکەیەکی هاوشێوە سەبارەت بە تۆتەم پەرستی (19).

---

([18]) **الدكتور عبدالواحد وافي، الطوطمية اشهر الديانات البدائية، ص**103– 105. **وانظر كذلك نشأة النظام الاجتماعي وتطوره من العشائر الى الامبراطوريات، تأليف آ. موري وج. دفي، ترجمة الدكتور عبدالعزيز برهام ومراجعة الدكتور محمود قاسم، ص**93– 95.

([19]) S. Freud, Totem und Tabu, p.127.



سالۆمۆن ڕیناخ (Salomon Reinach ) (۲۹ی ئابی ۱۸۵۸ – ٤ی تشرینی دووەمی ۱۹۳۲) شوێنەوارناس و مێژوونووسی ئایینیی فەرەنسی بووە و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا کەسایەتییەکی سەرەکی بووە لە دامەزراوەی فەرەنسی-جوولەکەدا. )

کەموکوڕی لەم تیۆرییەدا ئەوەیە کە هۆکارە ئەرێنییەکانی نیشان نەداین کە وای لەم خێڵە سەرەتاییانە کردووە هەندێک ئاژەڵ یان ڕووەک وەک نیشانەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیان وەربگرن.

## ٥- تیۆری هادۆن (A.C. Haddon) (20)

**Alfred Cort Haddon**



Portrait by Philip de László, 1925

| | |
|---|---|
| **Born** | 24 May 1855<br>London, England, UK |
| **Died** | 20 April 1940 (aged 84)<br>Cambridge, Cambridgeshire, England, UK |
| **Nationality** | British |
| **Alma mater** | Christ's College, Cambridge |
| | **Scientific career** |
| **Fields** | Anthropology |

[ ئەلفرێد کۆرت هادۆن، Sc.D.، FRS،FRAI FRGS ] (٢٤ی ئایاری ١٨٥٥ - ٢٠ی نیسانی ١٩٤٠، کامبریج) مرۆڤناس و ئێتنۆلۆژیستێکی کاریگەری بەریتانی بوو. سەرەتا زانای بایۆلۆجی بوو، کە دیارترین کاری مەیدانی خۆی بەدەستهێنا، لەگەڵ W.H.R. ڕیڤەرز، سی.جی. سێلیگمان و سیدنی ڕەی لە دوورگەکانی گەرووی تۆریس. گەڕایەوە بۆ کۆلێژی مەسیح لە کامبریج کە پێشتر خوێندکاری بەکالۆریۆس

(20) A. C. Haddon, Address th the Anthropological section, British Association, Belfast, 1902: S. Freud, Totem und Tabu, p. 127.

بوو، و بە شێوەیەکی کاریگەر قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆژی دامەزراند. هادۆن کاریگەرییەکی سەرەکی لەسەر کارەکانی ئیتنۆلۆجی ئەمریکی کارۆلین فۆرنیس جەین هەبووە. لە ساڵی ٢٠١١دا، کتێبی تۆمارەکانی گەشتی ئەنترۆپۆلۆژی کامبریج لە ساڵی ١٨٩٨ی هادۆن بۆ گەرووی تۆریس زیادکرا بۆ ئەرشیفی نیشتمانی فیلم و دەنگی تۆماری دەنگەکانی ئوستراليا لە ئوستراليا. تۆمارە ڕەسەنەکان لە کتێبخانەی بەریتانی هەڵگیراون و زۆربەیان بە شێوەی ئۆنلاین بەردەست کراون. ]

ئەم توێژەرە وا گریمانە دەکات ، خێڵە تۆتەمیەکان، پێش ئەوەی هێماکانیان بەدەست بهێنن، جۆرێکی دیاریکراو لە ئاژەڵ یان ڕووەکیان خواردووە، یان بازرگانییان بە جۆرێکیان کردووە. لە ئەنجامدا خێڵەکان بە ناوی ئەو جۆرەی کە خۆراکیان بووە ،یان لەگەڵ خێڵەکانی تردا ئاڵوگۆڕیان پێدەکرد، بانگی یەکتریان دەکرد.

هودۆن بۆچوونەکەی لەسەر ئەو ڕاستییە دادەنێت، کە خۆراک یەکێک بووە لە توخمە گرنگەکان بۆ مرۆڤی کۆن و سەیر نییە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ناوی ئەو خێڵەی کە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

لە ئەنجامی کارلێکی خێڵەکە لەگەڵ جۆرێک لە ئاژەڵ یان ڕووەک، جۆرێک لە ئاشنابوون و دواتر پیرۆزکردن دروست بووە ، بە مەرجێک بوونی ئەم خێڵانە تەنها پەیوەست بووبێت بەو جۆرە. ئەو نارەزایەتییەی بەرامبەر بەم تیۆرییە وروژێنراوە، لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە، کە لێکۆڵینەوەکان لەسەر بارودۆخی خێڵەکانی تۆتەم ئاماژەیان بەوە نەکردووە یان پشتڕاستیان نەکردووەتەوە کە خێڵە ئاماژەپێکراوەکان ئاڵوگۆڕ یان خۆراکیان لەسەر جۆرێک لە ئاژەڵ یان ڕووەک بووە. زیمبۆند فرۆید ئەمەیش زیاد دەکات: ئەگەر تیۆری هادۆن ڕاست بێت کە خێڵە یەکەمەکان لە ڕاستیدا خۆراکیان لەسەر جۆرێک لە ئاژەڵ یان ڕووەک بووە، یان بازرگانییان پێوە کردووە، چۆن دەتوانین بە شێوەیەکی قەناعەت پێکەر گۆڕینی ئەم لایەنە بۆ پەرستنێکیتوکمەو یەکگرتوو ڕوون بکەینەوە؟

## 6- تیۆری ((تایلەر Sir Edward Burnett Tylor)) و ((ویلکین)) (21)




---

([21]) **المصادر الاصلية الخاصة بشرح هذه النظرية هي:**

V. Tylor, Civilization Primitive I, p. 465:
II p. 305: Wilken, Het Animisme bij den Volken von den indischen Archipel, p. 69-75.

**واضافة الى ما تقدم من مصادر فان ملخص نظرية هذين الباحثين التي اورتها منشورة في نفس المصدر السابق للدكتور عبدالواحد وافي، ص**95– 96.

واتای ئەم تیۆرییە ئەوەیە کە ئایینی تۆتەمی لە پەرستنی گیانی مردووەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. کە (((تایلەر)) و ((ویلکین)) وادەبینن ،ئەم دابەشبوونە لە ڕێگەی ئەوەی کە زۆرێک لە گەلانی سەرەتایی باوەڕیان بە ئەگەری گواستنەوەی گیانەکان و خزانیان بۆ جەستەی تردا جگە لە جەستەی یەکەمیان هەبووە سەریهەڵداوە.

[ سێر ئێدوارد بێرنێت تایلۆر

Sir Edward Burnett Tylor

(٢ی تشرینی یەکەمی ١٨٣٢ - ٢ی ژانویەی ١٩١٧)

مرۆڤناسێکی ئینگلیزی بووە، و مامۆستای ئەنترۆپۆلۆژی بووە.

بیرۆکەکانی تایلۆر تایبەتمەندی پەرەسەندنی کولتووری سەدەی نۆزدەهەمن. لە بەرهەمەکانیدا کەلتووری سەرەتایی (١٨٧١) و ئەنترۆپۆلۆژی (١٨٨١)، کۆنتێکستی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای پێناسە کردووە، کە لەسەر بنەمای تیۆرییە پەرەسەندنییەکانی چارلز لیل. ئەو پێی وابوو کە بنەمایەکی کارایی هەیە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگا و ئایین، کە ئەو دیاریی کرد کە گشتگیرە. تایلۆر پێیوابوو کە هەموو کۆمەڵگاکان بە سێ قۆناغی بنەڕەتی گەشەکردندا تێدەپەڕن: لە دڕندەییەوە، لە ڕێگەی بەربەرییەتەوە تا شارستانیەت . تایلۆر کەسایەتییەکی دامەزرێنەری زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە و بەرهەمە زانستییەکانی یارمەتیدەر بوون بۆ بنیاتنانی دیسیپلینی ئەنترۆپۆلۆژی لە سەدەی نۆزدەهەمدا. ئەو پێیوابوو کە "لێکۆڵینەوە لە مێژوو و پێش مێژووی مرۆڤ دەتوانرێت وەک بنەمایەک بۆ چاکسازی لە کۆمەڵگەی بەریتانیا بەکاربهێنرێت.

تایلۆر زاراوەی ئەنیمیزمی (باوەڕ بە گیانی تاکەکەسی یان ئەنیمای هەموو شتەکان و دەرکەوتنە سروشتییەکان)ی هێنایەوە بۆ بەکارهێنانی باو. ئەنیمیزمی بە قۆناغی یەکەمی گەشەسەندنی ئایینەکان دەزانی. ئەنیمیزم ئەو باوەڕانە دەگرێتەوە کە هەموو دیاردە مادییەکان بریکاریان هەیە، کە جیاوازییەکی کاتگۆری لە نێوان جیهانی گیانی و فیزیکیدا بوونی نییە و گیان، یان هەست نەک تەنیا لە مرۆڤدا بەڵکو لە ئاژەڵەکانی دیکە، ڕووەک، بەرد، تایبەتمەندییە جوگرافییەکاندا بوونی هەیە وەک شاخ و

ڕووبار)، و بوونەکانی تری ژینگەی سروشتی. نموونە لەوانە سپرایتەکانی ئاو، خوداوەندە ڕووەکییەکان و گیانی دارەکان و ئەوانی تر. ڕەنگە ئەنیمیزم زیاتر هێزێکی ژیان بگەڕێنێتەوە بۆ چەمکە ئەبستراکتەکانی وەک وشە، ناوی ڕاستەقینە، یان مێتافۆر لە ئەفسانەدا. هەروەها هەندێک لە ئەندامانی جیهانی ناخێڵەکی خۆیان بە ئەنیمیست دەزانن، وەک نووسەر دانیال کوین،پەیکەرتاش لاوسۆن ئۆیکان و زۆرێک لە تاغوتەکانی هاوچەرخ.

گیانی باوباپیران بابەتی پیرۆزکردن و پەرستنی جێنشین ونەوەکان بووە و لە بنەڕەتدا سەربەخۆ بوونیان هەبووە، جیا لە جەستەکان. پاشان باوەڕ بە گواستنەوەی گیانەکان وردە وردە کەوتە ئەم بابەتە، تا هەندێک گەلی سەرەتایی گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەم گیانانە کەوتوونەتە جەستەی هەندێک ئاژەڵ یان هەندێک ڕووەک. ئەم گیاندار و گیایانە بوونە شوێنی گیانی باوک و باپیرانەوە و پیرۆزکردن بەرەو ئەوان ئاراستە دەکرا،بەڵام ئەو بە وابەستەیی ڕووی لە ئەو دەکرد، ئەویش لە ڕاستیدا ڕووی لەو گیانانە دەکرد کە ئەوان بەرجەستەیان دەکرد. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئەم سەرچاوەیە فەرامۆش کرا و ئەم گیاندار و ڕووەک و شتە بێ گیانانە لە خۆیاندا بوون بە پیرۆز و لەوەوە سەریهەڵدا کە ئێمە پێی دەڵێین سیستەمی تۆتەمی.

بۆ پشتگیری لە تیۆرەکەیان، تایلۆر و ویلکین چەند بەڵگەیەکیان هێنایەوە کە لە هەندێک ڕێوڕەسمی ئایینی لە دوورگەکانی جاوا و سوماترا و میلانیزیا تێبینیان کردووە. لە هەندێک لەو دوورگانەدا خەڵک تیمساحەکان پیرۆز دەکەن و قوربانییان پێدەدەن، هەروەها ڕەفتارەکانیان ڕوون دەکەنەوە کە دەڵێن ئەو گیانی باوباپیرانە پیرۆز دەکەن کە خزاوەتە جەستەی ئەم ئاژەڵانەوە .

سەبارەت بەم تیۆرە، من پێموایە ڕوونکردنەوەیەکی متمانەپێکەری بۆ سەرچاوەی تۆتەمەکە نەخستۆتەڕوو، بەڵکو تەنیا دیدگای بەشێک لە دانیشتوانی دوورگەکانی جاوا و سوماترای بۆ ئێمە خستۆتەڕوو، کە پێشکەشکردنی قوربانیدانیان بۆ تیمساحەکان لە ڕێزگرتنیان لە گیانی باوباپیرانەوە سەرچاوەی گرتووە کە خزاوەنەتە جەستەی ئەم ئاژەڵانەوە وتیایدا نیشتەجێ بووین.

**من لەبەر دوو هۆکار** متمانەم **بەم تیۆرییە نییە:**

یەکەمیان ئەوەیە ، ئەو تیۆرییەی کە باسمان کرد بۆی ڕوون نەکردینەتەوە کە پاساوی ڕاستەقینەی پەرستنی گیانی باوباپیران چین؟، چونکە ئەگەر ئەوە ڕاستیش بووایە، دەبێ گیانی باوباپیران بۆ نەوەکانی دواتر شتێکیان بەجێهێشتبێت کە پەرستنەکەیان ڕەوا بکات، و بۆیە دەبێت ئەوە ڕوون بکەینەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو هۆکارانە بین کە بوونەتە هۆی پەرستنی گیانی باوباپیران. ئەمە لایەنێک و دیوەکەی تر، ئەندامانی کام نەوەی نەوەکانی پێش ئەم گەلە سەرەتاییانە گەیشتوونەتە ئەم پیرۆزکردنە؟ ئایا ئەوان ئەندامی ئەو نەوەیەن کە نوێنەرایەتی سەرەتای یەکەمی مرۆڤایەتی دەکەن، نەوەی دەیەم، یان ملیۆن؟ تەنانەت ئەگەر بتوانین ئەونەوەیش دیار بکەین، وەک وتم، دەبێت هۆکارەکانی ئەوە ڕوون بکەینەوە.

لایەنی دووەم ئەوەیە کە تیۆرەکە نیشانی نەداین کە واقیع چییە و ئەو هۆکارە کۆنکرێتییەی کە وا دەکات ئەو خێڵەی کە بۆ نموونە تۆتەمی ڕێویەوە ، باوەڕی بەوە هەبێت کە گیانی باپیرەکەی لە جەستەی ڕێویدا نیشتەجێ بووە نەک لەناو هەر ئاژەڵێکی تر،یا ڕووەکێک، یان شتێکی بێ گیان. تیۆرەکە بۆی ڕوون نەکردووینەتەوە کە پەیوەندی نێوان گیانی باوباپیران و ئەو تۆتەمانەی کە تێیداخزازن و نیشتەجێن چییە.

**٧- تیۆری جیڤۆنس (22)**

جیڤۆنس پێی وایە کە تۆتەمیزم لە پەرستنی دەرکەوتە سروشتییەکان کەوتۆتەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤی سەرەتایی لە ژێر کاریگەری ترس و تۆقین لە دەرکەوتەکانی سروشت، لەوانەش ئاژەڵ و ڕووەک و شتە بێ گیانییەکان، حەزی دەکرد لە هەندێکیان نزیک بێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لە خراپییەکانیان بەدوور بگرێت و

---

([22]) V. Jevons: Introduction to the history of Religion, p. 96.

**وانظر كذلك حول ملخص نظرية هذا العالم، الدكتور عبدالواحد وافي، الطوطمية اشهر الديانات البدائية، ص** 100– 101.

قازانجەکانیان مسۆگەر بکات و سەرنجیان ڕابکێشێت بۆ هاوسۆزییان بەرامبەر بەو. هیچ ئامرازێکی هاوپەیمانی و گرێبەستی متمانە دروستکردن بەردەست نەبوو جگە لە خزمایەتی ،واتە بەخزمی خۆدانان.

لە گەلانی سەرەتاییدا، خزمایەتی بە تەنیا هاودەنگی و وابەستەیی و ئاسایش و ئاشتی بەدەست دەهێنا. ئەندامانی یەک خێڵ بەهۆی ئەو خزمایەتییەی نێوانیان یەکیان گرتبوو، دڵسۆز بوون بۆ یەکتر، هەرچەندە کەسانی غەیرە خزم وەک ڕکابەر و دوژمن تەماشای دەکران. بۆیە عەقڵی سەرەتایی پەیوەندییەکی خزمایەتی لە نێوان خۆی و هەندێک دەرکەوتە و لایەنی سروشتدا دروستکرد.

ئەم پەیوەندییەی لە نێوان تاک و تاکدا دانەمەزراندووە، بەڵکو لە نێوان خێڵەکانی مرۆڤ لە لایەک و ئاژەڵ و ڕووەک و جۆرە سروشتییەکان لە لایەکی دیکەوە دامەزراندووە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خێڵ ئەو لایەنە بوو کە لە عەقڵیەتی سەرەتاییدا ئامادەیی هەمیشەیی وبەهێزی هەبوو، لە کاتێکدا تاکەکان ئامادەییەکی بەرچاویان نەبوو.

تێڕوانینی مرۆی سەرەتایی بۆ جیهانی گیاندار و ڕووەک و شتە بێ گیانەکان،هەمان تێڕوانینییەتی بۆ جیهانی مرۆڤ، تاکەکانی ئەم جیهانەی لەبەرچاو نەگرتووە، بەڵکو جۆر و تیرەکانی لەبەرچاو گرتووە، نزیک بووەتەوە لەم جۆر و تیرانە و بەیەکەوەی بەستوونەتەوە لەگەڵ خێڵەکانی بە پەیوەندیی خزمایەتی و ڕەچەڵەکی نزیک.

ڕەخنەی ئەم تیۆرییە، کە زۆر بە گونجاوی دەزانم، ئەوەیە کە لەلایەن دکتۆر عەبدولواحید وافی لە کتێبەکەیدا کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، خراوەتەڕوو، بەو ئاسەوارەی کە: ئەگەر مەبەستی تۆتەمیزم بەڕاستی بۆ ئەوە بووبێت کە مرۆڤ لە هەندێک لایەنی سروشتدا نزیک بێتەوە بۆ ئەوەی خۆی لە خراپەکارییەکەی بەدوور بگرێت و سوودەکەی مسۆگەر بکات و هاوسۆزی خۆی بۆ لای بگێڕێتەوە، ئەوا ئەم پەیوەندییەی لە نێوان ئەو و گەورەترینی ئەم هێز و دەرکەوتە بەهێز وترسناک و دەستوەشێنانە بەرانبەرمرۆڤدا دروست دەکرد ، هەرچەندەلە واقیعدا ئەوەیە کە زۆربەی تۆتەمەکان لە ڕووەک و ئاژەڵی لاواز پێکهاتوون ، نەترسیان هەیە نەتۆقاندن و هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر ژیانی مرۆڤدا نییە.

ئەگەر ئەو ئامانجەی کە خێڵەکان مەبەستیان بوو بۆ تۆتەمیزم، ئامرازێک بێت بۆ سوودوەرگرتن لە دەرکەوتنەکانی سروشت و دوورکەوتنەوە لە خراپەکارییەکانی، ئەوا هەر خێڵێک هەموو هەوڵێکی خۆی دەدا بۆ پێکهێنانی ئەم پەیوەندییە بە زۆرترین ژمارەی ئەو دەرکەوتنانە، بەجۆرێک کەزۆرترین بڕی سوود مسۆگەر بکات، و بڕی دڵنیاکردنەوە لە ژیانیدا زیاد بکات، ئامرازی پاراستن لە مەترسییەکان زیاد بکات ، هەرچەندە واقیعەکە ئەوەیە کە تۆتەمیزم لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە هەر خێڵێک تەنها یەک تۆتەمی دەبێت .

## 8- تیۆری جەیمس فرایزەر(James George Frazer))




(جەیمس جۆرج فرایزەر، (لە شاری گلاسکۆی سکۆتلەندا لە ١ی ژانویەی ١٨٥٤ لەدایک بووە - لە ٧ی ئایاری ١٩٤١ی زایینی لە شاری گلاسکۆی سکۆتلەندا کۆچی دوایی کردووە). ئەنترۆپۆلۆژیستێکی گەورەی سکۆتلەندی بوو. کتێبی بەناوبانگی خۆی بە ناوی "لقە زێڕین" نووسیوە، کە لێکۆڵینەوەیە لە بواری سیحر و ئایین (١٨٩٠). تێیدا ڕوون کراوەتەوە کە زۆرێک لە ئەفسانە ئایینییەکان و ڕێوڕەسمی

ئایینی لە ڕۆژانی هاتنی کشتوکاڵ لە سەردەمی پێش مێژووەوە سەرچاوە دەگرن. گەشەی دەروونی مرۆڤ بە سێ قۆناغدا تێپەڕی: سیحری سەرەتایی، ئایین و زانست.)

ئەم زانایە سێ تیۆری سەبارەت بە سەرچاوەی تۆتەمەکان خستەڕوو و یەکەمیان لەم سێ تیۆرییە لە ئەنجامی چاودێریکردنی باوەڕی خێڵەکانی تۆتەم بە گیانەکان، لەلایەن ئەوەوە دروست بوو، لەم ڕووەوە مرۆڤی سەرەتایی هەوڵی داوە ژیانی خۆی بپارێزێت دوور لەو مەترسیانەی کە لە ماوەی ژیانیدا ڕووبەڕووی بووەتەوە، بۆیە مەبەستی بووە گیانی خۆی لە جەستەی ئاژەڵێکی دیاریکراودا بپارێزێت، بۆ ئەوەی ببێتە پەناگەیەک،بۆ بەرگریی لە مەترسییەکان، بێگومان لە ئەنجامدا، ئەوە بووە هۆی پاراستنی ئەو ئاژەڵەی کە گیانی هەڵگرتووە. ((فرایزەر)) پێی وابوو ئەم مرۆڤە سەرەتاییە نەیدەزانی کام ئاژەڵ بە تایبەتی هەڵگری گیانی خۆیەتی، بۆیە ئاگاداری جۆری ئاژەڵەکەی بووە و پاراستوویەتی ،نەک تەنیا یەکێک لە ئەندامەکانی .(23).

بەڵام فرایزەر خۆی ئەم تیۆرەی پووچەڵکردەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئاگاداری ئەو لێکۆڵینەوەیە بوو، کە لەلایەن سپێنسەر((سبنسر Spencer)) و گیلیم (کلّن Gillem)ەوە پێشکەشکرا، کە وەسفێکی بەرفراوانی لە داب و نەریتی خێڵەکانی ئۆرۆنتا کە لە ناوەڕاستی ئوسترالیادا دەژیا، لەخۆگرتبوو. فرایزەر هاوشانی ئەو توێژەرانەی پێشتر باسمان کردن، پێیان وابوو کە بارودۆخی خێڵەکانی ئۆرۆنتا نموونەی یەکەم سەرچاوەی سەرهەڵدانی تۆتەمە و لە ئەنجامدا خەیاڵی ئەوە بوو کە داب و نەریتی ئەم خێڵانە وای لێدەکات بتوانێت هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تۆتەمەکە بناسێت. دیارترین داب و نەریتی ئەو خێڵانەی باسکراون بەم شێوەیە کورت دەکرێنەوە:

١ - ئەندامانی ئۆرانتا بە تەواوی هاوسەرگیری نێوان خزم وکەسوکاریان قەدەغە نەکرد، بەڵام سنووورداریان کرد بە سیستەمی چینەکانی هاوسەرگیرییەتی (کە پێشتر باسمان کرد)، بەو پێیەی ئەو چینە هاوسەرگیرییەتیە کە تاک ڕێگەی پێدەدرێت هاوسەرگیری بکات، لە ڕاستیدا خزمایەتییەکی لەگەڵدا هەیە لە ڕووی پەیوەندییان بە

---

(23) Sir James Frazer, The Golden Bough II, p. 332.

خێڵەکەوە. ئەم پێناسەیە بۆ هاوسەرگیری، لە ڕوانگەی توێژەرانی پێشووەوە، پەیوەندی بە تۆتەمەوە نییە.

٢ - ئەندامانی ئۆرانتا لەشێوەی خێڵی تۆتەمی ڕێکخرابوون و لەگەڵ ئەم ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەشدا ئەو منداڵەی لەدایک دەبێت بە خۆی تۆتەمی خۆی بەدەست دەهێنێت (بڕوانە ئەم بڕگەیەی خوارەوە (4)).

3- یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی خێڵەکانی ئۆرۆنتا ئەوەیە کە هەریەکەیان ئەو ڕێوڕەسمە جادووییە ئەنجام بدەن کە پێی دەوترێت (ئینتیچیوما ) ((انتیخیوما Intichiuma))، وەک چۆن لە ڕێگەی ئەم ڕێوڕەسمە جادووییەوە خێڵەکانی پێشوو هەوڵدەدەن ژمارەی ئەو تۆتەمانەی کە دەخورێن زیاد بکەن. خێڵەکانی ئۆرۆنتا پێیان وایە کە دەتوانرێت گیانەکان دیسان لەدایک ببنەوە، لە ئەنجامدا وایان داناوە کە گیانی تاکە مردووەکان لە هەندێک شوێنی دیاریکراو لە وڵاتەکەیان چاوەڕێی ئەوەن لە سکی ئەو ژنانەدا نیشتەجێ بن کە بەو شوێنانەدا تێدەپەڕن، بۆیە ژنێک ئەوەی منداڵێکی دەبێت، ناوی تۆتێمی ئەو شوێنەی کە پێی وایە تێیدا دووگیان بووە، ئاماژەی پێبدات. پاشان منداڵەکە دەبێتە ئەندامی خێڵی تۆتێمی ئەو شوێنە.

دوو لایەنی ئەوانەی سەرەوەن کە وایان کرد فرایزەر باوەڕی بەوە هەبێت کە داب و نەریتی ئۆرانتا یەکەم سەرچاوەی سەرهەڵدانی تۆتێمن، یەکەمیان بوونی هەندێک ئەفسانەیە کە ئاماژە بەوە دەکەن کە گیانی باوباپیران بە بەردەوامی خۆراکیان تەنها تۆتێمەکانیان بووە، واتە، تۆتێمی ئەو خێڵەی کە ئەم گیانانە سەر بەو خێڵەن، بە هەمان شێوە، ئەوان تەنها لەگەڵ ژنێک هاوسەرگیری دەکەن لە هەمان تۆتێمەکەیان بێت.

دوای ئەوەی ئەم باوەڕە لای فرایزەر پتەو بوو، پابەند بوو بە ڕێوڕەسمی ئەنتیکیۆما بۆ ئەوەی سەرچاوەی تۆتێم ڕوون بکاتەوە. لەو باوەڕەدا بوو ، ئەم خێڵانە پێدەچێت پێش ئەوەی ببنە خێڵی تۆتێمی، هەریەکەیان تایبەتمەند بوون لە زۆرکردنی جۆرێکی دیاریکراوی ئاژەڵ یان ڕووەک بە بەکارهێنانی ڕێگەی جادوویی .

لە ئەنجامی ئەم پسپۆڕییەدا، بینی کە بەپێی سیستەمێک دەڕوات یەکیان دەخات و یارمەتی زیادکردنی کەرەستەی پێویست بۆ ژیان دەدات، بەرەوپێش دەچێت، بۆیە پابەند بوو پێیەوە چونکە سوودەکەی هەموو کەسێک دەگرێتەوە (بڕوانە تیۆری

هێدۆن)، بۆیە لە ئەنجامدا ئەو ئاژەڵ یان ڕووەکەی کە هەر خێڵێک بەرپرسیار بوو لە زۆرکردنی، بوو بە تۆتێم بۆ ئەو خێڵە.

سەبارەت بە هۆکاری ئەوەی کە خێڵەکانی تۆتێمی خۆیان لە خواردنی تۆتێمەکانیان بەدوور دەگرت جگە لە بۆنە تایبەتییەکان، فرایزەر پێی وایە ئەم خێڵانە کە بەهۆی ڕێوڕەسمی ئەنتیخیۆمەوە گۆڕاون بۆ خێڵی تۆتێمی، پێشتر بەبێ شەرمەزاری تۆتێمەکانیان خواردووە، بەڵام دواتر بینیویانە کە ئاژەڵەکان جۆری خۆیان نەدەخوارد، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش خۆیان لە خواردنی تۆتێمەکانیان بەدوور دەگرت بە مەرجێک هەر خێڵێک و تۆتێمەکەی لە یەک تیرە بن ، لە هەمان کاتدا ئەم خۆبەدوورگرتنە یارمەتی هەر خێڵێک دەدات تۆتێمەکەی وەک خۆراک بۆ خێڵەکانی تر دابین بکات ، بەو پێیەی ئەم ڕەفتارە ئامانجی خوازراو لە ڕێوڕەسمی ئەنتیۆکۆما بەدەست دەهێنێت. تەنانەت ئەو خێڵانەی کە تۆتێمەکانیان لەو جۆرە بوو کە ناتوانرێت بخورێت، وەک ئاژەڵە زیانبەخشەکان، یان دەرکەوتەیێکی سروشت بوون، ئەم خێڵانە دەبوو بە شێوازە جادووییەکانیان ئەو جۆرە تۆتێمانە بە شێوەیەک لەبەرچاو بگرن کە خێڵەکانی تر لە مەترسی یان زیانەکانی ئەم تۆتێمانە دوور بخەنەوە .

فرایزەر ڕوونکردنەوەکانی خۆی بۆ هۆکاری قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ خزمان بۆ تیۆرەکەی زیاد دەکات و سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت، تا ئەو کاتەی گیانی باوباپیران، بەپێی ئەفسانەی "ئۆرێنتا"، تۆتێمی خێڵەکەیان دەخوارد،کە گیان سەر بەئەوە و هیچ ژنێک ناتوانێت هاوسەرگیری بکات جگە لە هەمان خێڵ نەبێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە پێش ئەوەی خێڵەکان خۆیان لە خواردنی تۆتێمەکانیان بەدوور بگرن، هاوسەرگیریان لەگەڵ کەسوکاریان قەدەغە نەکردووە، بەڵام خۆبەدوورگرتنیان لە خواردنی تۆتێمەکانیان بەو هۆکارەی باسمان کرد، بووەتە هۆی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسوکار.

تیۆری سێیەم و کۆتایی فرایزەر دوای ئەوە هات کە تێبینی کرد کە سیستەمی ئەنتیۆکۆما بەهۆی ڕێکخستن و هەماهەنگەکەیەوە ناتوانێت یەکەم سەرچاوەی کۆمەڵگا مرۆییەکان بێت، بیرۆکەیەکی سێیەم و دەستکاریکراوی هێنایە ئاراوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە ناوەڕۆکەکەیدا لەسەر بڕگەی (٤ ) لە داب و نەریتی ئۆرانتا.دامەزراوە.

بنەمــای تیـۆری سـێیەمی ئەو ئەوەیە کە فرایــزەر پێیوابــووە ژنــان بــوونەتە هــۆی سـەرهەڵدانی تـۆتێم ،ئەمەش بەو ڕاسـتییە ڕوون بـووەوە کە ژنەکە لە ڕابــردوودا بە باشی نەیدەزانی کێ هۆکارە بۆ جوڵەی کۆرپەلەی لە سکیدا، هەر بۆیە کاتێـک هەستی بە جـوڵەی کـۆرپەلەکەی دەکـرد لە سـکی خۆیـدا، پێـی وابـوو کە ئەوەی خەیـاڵ یـان سـەرنجی وروژانـدووە لەو سـاتەدا کە کۆرپەلە دەجووڵایەوە ئەوە بووە کەوا کەوتـۆتە سکیەوە و کۆرپەلە کە بووە .

**ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو قسانەی فرایزەرە لەم بارەیەوە:**

بەڕاستی هەر شتێک کە ژنێک سەیرماو دەکات لەو سـاتەوەختە نهێنـی ولێڵەی ژیانیدا کاتێـک بـۆ یەکەمجـار خـۆی دەزانێـت کە دایـکە، زەق بـووەتەوە، ڕەنـگە بە ئاسـانی ئەوسەیرمانە لەلایەن ئەوەوە لە ڕێگەی ئەو منداڵەی لە سکیدایە بناسرێتەوە. ئەم جۆرە خەیـاڵانەی دایکــان، کە ئەوەنــدە سروشــتین و بەڕواڵەت ئەوەنــدە گشــتگیرن زۆر جیهانین، پێدەچێت ڕەگی تۆتەمیزم بن.

Anything indeed that struck a woman at that mysterious moment of her life when she first knows herself to be mother might easily be identified by her with the child in her womb. Such maternal fancies, so natural and seemingly so universal, appear to be the root of totemism.

سـەبارەت بەم تیۆرییە، فرایزەر دەڵێت : بە شێوەیەکی مەنتقی هەموو ئەو پرسیارانە ڕوون دەکــاتەوە ، ســەبارەت بە ســەرچاوەی تـۆتێمەکە وروژێنــراون. لە ســەرووی هەمووشیانەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، کە پەیوەندییان بەو بـابەتەوە هەیە کەوا چـۆن بـووە مـرۆڤ بــاوەڕی بەوە هەبێـت ، خـۆی و هەر گیانـدارێک، ڕووەکێـک، تەنێکــی بــێ گیــان، یــان هەر دەرکەوتێکــی سروشــتی یەک سروشــتیان هەیە و هەردووکیان لە هەموو شتێکدا هاوبەشن . ئەمە لایەنێکە و لایەنـی دووەمیش ئەوەیە ، بۆمان ڕوون بووەتەوە ، بۆچی خێڵـی تۆتێمی پێـی وایە تۆتێمەکەی، یەکەم بـاپیرەی خۆیەتی، بەو پێیەی، تا ئەو کاتەی تۆتێم پەیداکەری کۆرپەلەیە، ئەوا لەم حـاڵەتەدا بـێ گومان یەکەم بنج وسەرچاوەی خێڵەکە. هەروەها ئەم تیۆرە ئاسانکاریمان بۆ دەکات بۆ

تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی تاکی تۆتێمی بەرامبەر بە تۆتێمەکەی لەڕووی گرنگیدان پێی و پاراستنی ژیانی و خۆبەدوورگرتن لە کوشتن یان خواردنی.

### 10- تیۆری فرۆید (24)




(24) Sir James Frazer, Totemism and Exogamy IV, p. 63.

[سیگمۆند فرۆید FROYD سیگزمۆند شلۆمۆ فرۆید؛ لەدایکبووی ٦ی ئایاری ١٨٥٦ ــ ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٣٩) پزیشکی دەمارزانیی نەمسایی بووە و دامەزرێنەری شیکاری دەروونی بووە، کە شێوازێکی کلینیکییە بۆ هەڵسەنگاندن و چارەسەرکردنی نەخۆشییە بینراوەکان وەک ئەوەی لە ململانێکانەوە لە دەروونیدا سەرچاوەی گرتووە، لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان نەخۆش و دەروونشیکارەوە . ]

تیۆری فرۆید لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەیە، کە زانای ناسراو چارلز داروین سەبارەت بە جۆری ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکان پێشکەشی کردووە. داروین پێی وابوو مرۆڤی بەرایی لە چەندان کۆمە ڵەدا ژیاون ، بە هیچ شێوە یە ک جیاوازییان نییە لە گە ڵ کۆمە ڵە مە یموونە باڵاکان، کە وا لە کاتی لێکۆڵینە وە و چاودێریکردنی ئە و جۆرە گیاندارانە بەرچاوی کەوتوون . هەر کۆمەڵە مەیمونێکی باڵا (گۆریلا) سەرۆکێکیان هەبوو. ئەم سەرکردەیە خاوەنداریێتی مێینەکانی گروپەکەی دەکرد ، هیچ نێرێکی ناو گروپەکە مافی ئەوەی نەبوو پەیوەندی بە مێینەکانەوە بکات، لەبەر ئەم هۆکارەش مەیموونە نێرەکانی ناو هەرگروپێک دەبوو یەکێک لە دوو شت بکەن: یان ملکەچی ئەم یاسایە بن، یان هەریەکەیان بە تاک و بە تەنیا هەوڵی کوشتنی سەرۆکی هەر گروپێکی تربەن بۆ ئەوەی مێینەکان بەدەست بهێنن و ڕۆڵی سەرۆک بگێڕن.

تا ئەو کاتەی بۆچوونی داروین ئاماژە بەوە دەکات کە ژیانی مرۆڤی یەکەم هاوشێوەی کۆمەڵە مەیمونەکان بووە، فرۆید پێی وابوو کە منداڵانی سەرۆکی گروپی مرۆیی کە لە هەمان کاتدا نوێنەرایەتی نێرەکانی ئەو گروپە دەکەن، سەردەمانێک پیلانیان لە دژی باوک و سەرکردەیان گێڕا، لەبەر ئەوەی خۆی بەتەنیا کۆنترۆڵی مێینەکانی گروپەکەیان دەکات، بۆیە بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش کوشتیان، و گۆشت و ئێسکەکانیان خوارد و پێکەوە خوێنیان دەخواردەوە بۆ ئەوەی لە لایەک لە تاوانەکە هاوبەش بن و لە لایەکی ترەوە هێزی ئەو لەنێوخۆیان دابەشبکەن.

فرۆید پێی وایە ئەو کۆمەڵە برایەی کە پیلانگێڕییان لە دژی باوکیان کردووە، دوای تەواوکردنی کردەوەکەیان بەڵێنیان داوە کە هیچیان ئەو کارەی بەرامبەر باوکیان کردووە، بە بەرامبەر ئەوی تر ناکەن، هەروەها بەڵێنیان داوە خۆیان لە مێینەکانی گروپەکەیان بپارێزن ولەخۆیان قەدەغەبکەن بۆ ئەوەی ناکۆکی لە نێوانیاندا نەبێت

لەسـەر خاوەنـدارێتیکردنیان. فرۆیـد هۆکـاری قەدەغەکردنـی هاوسـەرگیری نێـوان خزمەکـان لە نێـوان خـێڵە تۆتێمەکانـدا دەگەڕێنێـتەوە بـۆ ئەم لایەنە تـایبەتە. فرۆیـد لە درێـژەدا تیـۆرەکەی خـۆی ڕوون دەکـاتەوە و دەڵێـت ئەم برایـانە جارجـارە ئاهەنگیـان دەگێڕا بە سەربڕینی ئاژەڵێکی دیـاریکراو کە هێمـای باوکیـان بـوو و بەیەکەوە دەیخـۆن بـۆ ئەوەی خۆشـی سـەرکەوتنیان بەسـەر باوکیانـدا نـوێ بـکەنەوە ولە پێنـاو چەسـپاندنی ئەو بەڵێنەی هەیانبوو. بۆیە تیۆری فرۆید لەسەر ئەوە دامەزراوە کە تۆتێم لە نێو خێڵە تۆتێمیەکاندا جگە لە قەرەبووکردنەوەیەک بۆ باوک هیچی تر نییە.

فرۆید بەم بیرۆکەیە ئەو هۆکارە ڕوون دەکاتەوە کە وایکرد خێڵە تۆتێمییەکان باوەڕیـان بەوە هەبێـت کە تۆتێمەکەیـان نـوێنەرایەتی بـاپیرەی یەکەمیـان دەکـات و بـاوەڕی ئەندامەکانیان کە خۆیان و تۆتێمەکە یەک سروشتیان هەیە، نەک هەر ئەوە بەڵکو بەم بیرۆکەیە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی خێڵەکانی تۆتێمی لە بۆنە تایبەتەکانـدا تۆتێمەکەیـان دەخوارد و بۆچی دوای ئەوە دوژمنایەتیان بەرامبەری دەکرد.

فرۆید بەم خاڵەی تیۆرەکەی وازی نەهێنـا، بەڵکو هەوڵیدا ڕوونـی بکـاتەوە کە بۆچی نێرەکـانی ئەو گـروپە یەکێـک لە ئاژەڵەکانیـان هەڵبـژارد بـۆ ئەوەی جـێگەی باوکیـان بگـرێتەوە. لەم ڕووەوە دەڵێـت پەیوەنـدی منـداڵ لەگەڵ ئـاژەڵان لە ئێسـتادا زۆر لە پەیوەنـدی نێـری گـروپە مـرۆییە بەراییەکـان دەچێت لەگەڵ ئەو ئـاژەڵانەی کە تـۆتێمی ئەوان بوون.

بەشێوەیەکی گشـتی منـداڵ هەسـت بە هـیچ شـانازییەک ناکـات بەرامـبەر ئاژەڵەکـان، جیاکەرێک لە نێوانیاندا دروست ناکات و خۆی لەوان بـاڵاتر نازانێت، وەک کەسێکی پێگەیشـتوو. منـداڵەکە قسـە لەگەڵ ئـاژەڵەکە دەکـات وەک چـۆن هاوتەمەنێـک لەگەڵ ئەوەی تر قسە دەکات، بەڵام زۆرجار وا ڕوودەدات کە منداڵەکە لەناکاو دەست دەکـات بە ترسان لە جۆرێک لە ئاژەڵ () (25).

---

([25]) ترسی منداڵ لە یەکێـک لە جۆرەکـانی ئـاژەڵ حـاڵەتێکی دەروونییە کە بە زمـانی ئەڵمانی پێی دەوترێت – Tierphabie.

سەبارەت بەم دیاردەیە لە منداڵاندا، فرۆید باس لەوە دەکات کە پسپۆڕان لێکۆڵینەوەیان لەم لایەنە کردووە و گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ترسی منداڵ لە جۆرێک لە ئاژەڵ لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم جۆرە باوکی بیردەخاتەوە، کە بە هۆکارێک ترساندوویەی . سەبارەت بە خودی فرۆیدیش ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی تر ڕوون دەکاتەوە، کە دەڵێت منداڵ لە ساڵانی یەکەمی ژیانیدا هەست بە باوکی دەکات وەک ڕکابەرێک ڕکابەری لەگەڵ دەکات لە چێژوەرگرتن لە دایکیدا، چونکە منداڵ بە نائاگایی ئارەزووەکانی سێکسی خۆی ئاراستە دەکات، کە هێشتا تازە دەستی کردووە بە دەرکەوتن، بەرەو دایکی.

ئەم هەستە لە منداڵدا گرێیێک لە ناویدا دروست دەکات وەک گرێیەکەی ئۆدیپ کە باوکی کوشت و هاوسەرگیری لەگەڵ دایکیدا کرد. بەڵام منداڵ لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا جگە لەوەی ڕق و کینەی لە باوکی کە بە ڕکابەری خۆی دەزانێت لەخۆشەویستیی دایکی ، ڕێزگرتن و سەرسامی زۆری بۆی حەیە. بەهۆی بوونی ئەم دوو مەیلە لە منداڵدا بەرامبەر بە باوکی، دەبێتە کەسێکی خاوەن کەسایەتی دووانە.

فرۆید پێی وایە منداڵەکە، لەم دۆخەدا، هەوڵدەدات چارەسەرێک بۆ قەیرانەکەی بدۆزێتەوە و لە ئەنجامدا ڕقی خۆی لە باوکی دەخاتە سەر ئاژەڵێک و ئەم ئاژەڵە دەکاتە جێگرەوەی باوکی. بە ڵام ئە وە ی منداڵ دە کات، دووانە ی خۆی لە ناو نابات، بە ڵکو دە یگوازێتە وە بۆ ئە و گیاندارە ی کە جێگە ی باوکی پێ گرتووە . فرۆید ئاماژەی بە هەندێک لێکۆڵینەوە کرد کە پشتڕاستیان کردەوە کە منداڵێک کە لە ئاژەڵێک دەترسێت ڕێزیشی بۆی هەیە.

فرۆید بەم شیکارییە پێی وایە ئەو نیشانی داوە کە بۆچی یەکەم گرووپە مرۆییەکان بە ئاژەڵ قەرەبووی باوکە دەستدرێژی کراوەسەرەکانیان کردووەتەوە و بۆچی ترسیان لێی هەبووە و ڕێزیان لێدەگرت و خۆیان لە زیانگەیاندن یان خواردنی بەدوور گرتووە جگە لە بۆنە تایبەتەکان.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە فرۆید زۆر دەڕواتە پێشەوە بۆ ئەوەی بەڵگە بخاتەڕوو بۆ سەلماندنی تیۆرەکەی و لەنێو ئەو لایەنانەی کە باسی کردووە پرسی قوربانیدان بە خوداوەندەکان هەیە و هەوڵیداوە نیشان بدات کە قوربانیدان لەو ئایینانەی کە دوای تۆتەمیزم کەوتوون و بەو هۆیەوە پەرەسەندنیان زیاد دەکات و لەوانەیە ببێتە هۆی لەناوچوونیان.

ئەوەی پشــتگیری بۆچــوونی ئــێمە دەکــات، پراکتیزەکردنــی خێڵەکــانی ئۆرۆنتــایە لە ڕێوڕەسمی جادوویدا کە پێی دەوترێت ئەنتیکیۆما ((Antychioma)).

لە ئەنجامی ئەو شتانەی سەرەوە، پرۆسەی سەربڕینی ئاژەڵە گۆشت زۆرەکان بوو بە بەرپرسیارێتی تەنها گروپە مرۆییە یەکەمەکان یان خێڵەکان. تەنها خێڵەکە بڕیاری سەربڕینی ئاژەڵەکە دەدات. لە نەریتەکانی دواترەوە دەرکەوت کە ئەم جۆرە ئاژەڵانە تەنها لە بۆنە تایبەتەکاندا سەردەبڕدرێن و هەموو ئەندامانی خێڵەکەش لە خواردندا هاوبەش بووین، نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە خێڵە بەدەوییەکان، تا ئێستا، تەنها لە بۆنە تایبەتەکاندا گۆشت تام دەکەن. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەگەر لە دوورەوە سەیر بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئاژەڵەکان لە سروشتدا خۆیان بە شێوەیەک ڕێکخستووە کە هیچ بوارێک نییە بۆ ئەوەی بڕی خۆراکەکانیان بەفیڕۆ بچێت.

وا دیارە کاتێک یەکەم گروپ یان خێڵە مرۆییەکان سەربڕینی ئاژەڵیان قەدەغە کردبوو بۆ خێزانەکان یان تاکەکان، پاساویان بۆ ئەوە دابین دەکرد، لە نێو ئەو پاساوانەشدا ئەوە بوو کە هەموو ئاژەڵەکان بە پیرۆز (26) دادەنران، سەربڕینیان بە تاوانێک لە دژی پیرۆزیەکانیان و دژی کۆمەڵگا دادەنرا .

هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بۆمان دەردەکەوێت کە کوشتنی گا لە نێو یۆنانییە کۆنەکاندا بە تاوان هەژمار دەکرا. لە جەژنی جەماوەریی بوفانیەکاندا Bouphanien ، دوای سەربڕینی گا قوربانیکراوەکە بە بۆنەی ئەو جەژنەی کە پێشتر باسمان کرد، دانیشتنێک بەڕێوەچوو بۆ ئەوەی تاوانی ئەنجامدراو لەبەرچاو بگیرێت و دوای گفتوگۆکردن، بڕیارێک لەلایەن دانیشتنەکەوە دەردەچوو کە ئەو چەقۆیەی کە گاکەی پێ سەربڕدرا تاوانباری ڕاستەقینە بووە ، هەر بۆیە دوای دەرچوونی بڕیارەکە فڕێددەرایە ناو دەریا (27).

لەمــانەی ســەرەوە بۆمــان ڕوون بــووەتەوە کە ئەنــدامانی یەک خێــڵ تەنهــا لە بــۆنە تایبەتەکانــدا و لە یەک ســەرچاوەوە گۆشــت دەخــۆن، هەر لەبەر ئەم هۆکــارەش ئەو هەستە لەنێوانیاندا گەشەی کردووە کە هەموویـان لە یەک بنج پێکهـاتوون، و نەریتەکە

---

[26] Freud, Totem und Tabu, p. 153.

[27] بڕوانە ((فرۆید)) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە .

لەدایک بووە لە نێوانیاندا کە هاوبەشکردنی یەک خواردن برایەتی دروست دەکات و ئەو برایەتییە لە نێوانیاندا سەرهەڵنادات تەنها لە ڕێگەی خواردن نەبێت. ئەوەی پشتگیری ئەم گریمانەیە دەکات ئەوەیە کە تا ئێستا هەمانە وەک ئەم نەریتە، کە دایکێک شیر بە منداڵێکی تر دەدات جگە لە منداڵەکانی لەوبووین، ئەم منداڵە دەبێتە برایەک بۆ منداڵەکانی چونکە لە سەرچاوەیەکەوە هاوبەشی خواردنی کردووە. لە ڕاستیدا ئەم پەندە بەڵگەیەکی ڕوونە کە پرۆسەی خواردنی هاوبەش بەڕاستی ئامرازێکی گرنگ بووە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی برایەتی لە نێوان ئەندامانی خێڵەکەدا.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە بۆمان دەردەکەوێت کە لە نێو خێڵەکانی تۆتێمدا ئەو داب و نەریتە دروست بووە کە ناوبەناو گۆشتی تۆتێمەکەیان بخۆن، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێڵەکە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بەهێزتر بکەن ، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ئەوان و تۆتێمەکەیان، چونکە بەخواردنی گۆشتی تۆتێمەکە لەلایەن هەر ئەندامێکی خێڵەکە بەو مانایەیە کە ئەم تاکە و تۆتێمەکەی بوونەتە یەک سروشت و یەک پیرۆزی.

لە کاتێکدا ئێمە نزیکەی بە وردی ئەوەمان پێشکەش کرد کە بۆچی خێڵەکانی تۆتێم تەنها لە بۆنە تایبەتەکاندا تۆتێمەکانیان دەخوارد و بۆچی دوای خواردنیان هەستیان بە دڵتەنگی وخەم دەکرد، چونکە ئاژەڵەکان، وەک نیشانمان داوە، پێش ئەوەی ببنە تۆتێم، بە خەرمانەیەك پیرۆزی دەورە دراون، و سەربڕینی ئەوان بە تاوان هەژمار دەکران، وەک چۆن لە نێو یۆنانییە کۆنەکاندا ڕوویدا. ڕوونمان کردەوە کە سەرچاوەی ئەمەش ئەوە بوو کە خوێنی تاک بە یەکێک لە گرنگترین شتە پیرۆزەکان و بێ دەستدرێژی و شایستەی ڕێزگرتن دادەنرا، بۆیە دەست لێدانی و نزیکبوونەوە لێی بە تەواوی قەدەغە بوو بۆ هەموو ئەندامانی خێڵەکە .

بەو پێیەی خوێنی ژنەکە لە هەندێک لە ئەندامەکانیەوە بە شێوەیەکی وەرزی لە کاتی سوڕی مانگانەدا دێتە دەرەوە و ئەم دەرکەوتنە تۆتێمییانە لە خوێنیدا دەردەچن و بەو پێیەی یاسای تابو (دەست لێنەدان یان قەدەغەکردن) پێویستی بە دوورکەوتنەوە هەیە لەم دەرکەوتنە پیرۆزانە و نزیک نەبوونەوە لەو شوێنانەی کە لێیەوە سەرهەڵدەدەن، بەو پێیەی هاوسەرگیری پێویستی بە جووتبوونە لەگەڵ ژنەکە لە هەمان ئەم شوێنانەدا، بۆیە هاوسەرگیری نێوان ئەو کەسانە قەدەغە بوو کە بە پەیوەندییەکی

خزمایەتی تۆتێمیکی یەکگرتوو بوون، و ڕێگەپێدراو بوو لە نێوان ئەوانەی کە بە یەک نەبوون بە پەیوەندییەکی خزمایەتیی تۆتێمی، و لە نێوان ئەو کەسانەدا دروست بوو کە بەم پەیوەندییە یەکگرتوو نەبوون، چونکە سیستەمی پیرۆزی و تابو (دەست لێنەدان یان قەدەغەکردن) لەلایەن خێڵەوە جێبەجێ ناکرێت تەنها لە پەیوەندیدا نەبێت بەو تۆتێمانەی کە سەر بە خۆیەتی، لەگەڵ تۆتێمی بێگانە، بەم ڕێوڕەسمانانە پابەند نین.

دورک هایم ئەم نەریتە تۆتێمییانە وەک یەکەم سەرچاوە دەزانێت کە دەتوانرێت قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان لە هەموو مرۆڤایەتیدا بۆ ئەم سەرچاوەیە بگەڕێنرێتەوە و پێی وایە لەگەڵ تێپەڕبوونی کات لەم نەریتانەدا قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان لە دەرونەکاندا ڕەگی داکوتاوە ونەوە بۆ نەوەی دواتر گوازرایەوە و ڕەگ و ڕیشەی لە سیستەمی ئایینی و کۆمەڵایەتیدا جێگیر بوو و سەرچاوەکەی لەبیرکرا.و ئەو هۆکارانەی کە داوای دەکرد، لە خۆیدا پیرۆز بوو و بەکارهێنانیشی بۆ مرۆڤایەتی درێژ بووەوە تەنانەت دوای لەناوچوونی ئەو بیروباوەڕانەی کە لەسەری دامەزراوە.

## 2- تیۆری لانگ ((A. Lang)) (28)

ئەم توێژەرە بۆچوونی خۆی لەگەڵ بۆچوونەکەی دۆرک هایم هاوڕابوو کە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان لە سروشتی خودی پەرستنی تۆتەمیەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام باوەڕی بەوە نییە کە پیرۆزی خوێن هۆکاری سەرەکیی قەدەغەکردنی بووبێت، بەڵکو بۆچوونەکەی لەسەر بنەمای نەریتێک داناوە لە یەکێک لەو خێڵانەی کە تۆتەمەکەیان دارێک بوو. ئەم نەریتە دانیشتنی ئەندامانی خێڵ لە سێبەری درەختی تۆتەمدا قەدەغە دەکات ، بۆیە لانک پێی وایە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان لە هەمان پاڵنەرەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەندامانی خێڵ لە ژێر سێبەری دار تۆتەمەکەیاندا دانیشتنیان قەدەغە کردووە. تا ژنەکە پیرۆزی تۆتەمەکە لەناو خۆیدا هەڵبگرێت، پیاوانی هۆزەکەی مافی ئەوەیان نییە چێژیان لێ وەربگرن، هەروەک چۆن لێیان قەدەغەکراوە چێژ لە سێبەری درەختی تۆتەمەکەیان وەربگرن.

---

(28) A. Lang, The Secret of the Totem. P. 125.

## ٣- تیۆری ماک لێنان Mak Lennan )) (29)

ئەم توێژەرە دیاردەی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لە نێوان خزمەکاندا گەڕاندەوە بۆ داب و نەریتێک، کە گریمانە دەکات لە ڕابردوودا هەبووە، پوختەی ئەم داب و نەریتە ئەوەیە کە لە ڕابردووی دووردا پیاوان بە دزینی ژنان لە خێڵەکانی تر ژنیان بەدەست دەهێنا. ئەم داب و نەریتەش، پێی وایە، گۆڕاوە بۆ نەریتێک کە پیاو ژنی هۆزەکەی خۆی نەخوازێت لێی قەدەغەبێت . ماکلینان پێی وایە هۆکاری سەرهەڵدانی داب و نەریتی دزینی ژن دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی ژنان لە چاخی کۆندا، بەو پێیەی وا گریمانە دەکرێت کە خێڵەکان منداڵی مێینەیان کوشتووە، هاوشێوەی دیاردەی مێینە کۆرپەکوژی کردن کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی لە چاخی پێش ئیسلام هەبووە.

## ٤- تیۆری وێستەرمارک Westermarck)) (30)

تیۆری ئەم توێژەرە لەسەر ئەو ڕاستییە دامەزراوە کە خزمانی خوێن بە گشتی لە یچووکییەوە لە شوێنێکدا دەژین و پێکەوە گەورە دەبن، بە بڕوای ئەو دوو ڕەگەزەکە لە منداڵییەوە ژیانێکی هاوبەش دەژین، هیچ پاڵنەرێکی سێکسییان بەرامبەر بە یەکتر نییە. ئەمەش زیاد دەکات کە هاوسەرگیری نێوان کەسوکارەکان زۆرجار زیان بۆ نەوەکان بەجێدەهێڵێت. بەهۆی ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە، پیاوی سەرەتایی خۆی لە هاوسەرگیری لەگەڵ کەسوکارەکەی بەدوور گرت و ئەم خۆبەدوورگرتنە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕا بۆ قەدەغەکردنێک کە نابێت تێپەڕێنرێت.

ئەو ڕەخنەیەی ئاراستەی ئەم تیۆرییە کراوە، لەلایەن سێر جەیمس فرایزەر( Sir James George Frazer January ) 1941 –1854 )ەوە پێشکەش کراوە،

---

([29]) Mac Lennan, Primitive Marriage (1865).

([30]) Freud, Totem und Tabu, p. 138- 139.




Sir James George Frazer  January

1854 –1941

که‌ ده‌ڵێت: تا مرۆڤ خۆی له‌ ژنخوازی له‌ خزمانی به‌خوێن به‌دوور گرتبێت، پێویست ناکات، له‌م حاڵه‌ته‌دا، یاسایه‌ک بۆ ئه‌وه‌ دابڕێژرێت، چونکه‌ ئه‌و شتانه‌ی مرۆڤ ڕه‌تیده‌کاته‌وه‌ بیکات، بۆ نموونه‌ خۆبه‌دوورگرتنی مرۆڤ له‌ ده‌ستی خستنه‌ ئاگره‌وه‌ ، هیچ یاسایه‌ک سه‌باره‌ت به‌و بابه‌ته‌ نییه‌، به‌ڵام به‌زۆری یاسا له‌ دژی ئه‌و شتانه‌

دادەنرێت کە مرۆڤ دەتوانێت بیکات و زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت، وەک وەک تاوان و ئەوانی تر () (31).

لە ڕاستیدا ڕەخنەکانی فرایزەر دژی بەشی یەکەمی تیۆرییەکەبوو. سەبارەت بە بەشی دووەمیش کە باس لەوە دەکات کە هاوسەرگیری نێوان خزم و کەسوکار زیان بۆ نەوە بەجێدەهێڵێت، فرۆید دەڵێت: هەرچەندە مرۆڤ لە چاخی ئێستادا ڕێگایەکی دووری بڕیوە لە ڕیزەکانی شارستانیەتدا، بەڵام پابەند نییە بەم لایەنەوە، چونکە ئەو زیانانەی لە ئەنجامدا دروست دەبێت لە هاوسەرگیری نێوان خزمەکانەوە بە شێوەیەک دیار نییە کە داوای دارشتنی یاسایەک بکات سەبارەت بەو.

لە کۆتایی خستنەڕووی بۆچوونی توێژەران سەبارەت بە سەرچاوەی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان، پێویستە ئاماژە بەو شتانە بکەین کە فرایزەر لەم بوارەدا وتوویەتی، وەک چۆن ئەمانەی خوارەوەی خستۆتە ڕوو:

((لە ڕاستیدا ناتوانین بزانین کە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان لە چ بنەچەیەکەوە سەریهەڵداوە. هەموو ئەو بۆچوونانەی کە سەبارەت بەم بابەتە خراونەتەڕوو، بەلای منەوە قەناعەت پێنەکراوە)).

5- بۆچوونی ئێمە لەسەر بابەتەکە

لەو نارەزایەتییەی کە ئێمە پێشکەشی تیۆری فرۆیدمان کرد سەبارەت بە سەرهەڵدانی تۆتەم و قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان، ڕامگەیاند کە من نکۆڵی لەو کاریگەرییە ناکەم کە سێکس لەسەر ژیانی ئێمە وەک مرۆڤ هەیەتی. بەڵام من بە پاڵنەری سەرەکی هەموو چالاکییەکانی مرۆڤی نازانم، چ فیکری بێت یان ماددی، بەڵکو پێموایە پاڵنەری ڕاستەقینە خواستی بەپەلەی مرۆڤە بۆ نەمریی و ترسی غەریزەیی لە لەناوچوون. ئەم ئارەزووە بۆ نەمریی و ترس لە لەناوچوون، دڵەڕاوکێ و نەبوونی هەستکردن بە بەختەوەری هەمیشەیی لە ئێمەدا دروستکردووە، چونکە مرۆڤ بە هەموو دەستکەوتە شارستانییەکەیەوە، نەیتوانی گەرەنتییەکی دڵنیا بۆ ژیانی خۆی دابین بکات، لە ئەنجامی ئەم دڵەڕاوکێیەوە، ئارەزوویەک لە ئێمەدا لەدایک بوو بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە خاوەنی نین، بەو هیوایەی کە زانستی نوێ یان

---

(31) Sir James Frazer, Totemism Exagamy IV, p. 97.

بەدەستهێنانی ئەوەی کە نیمانە یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی دڵەڕاوکێی ناوەومان. بەڵام تا ئەو دڵەڕاوکێیە غەریزەییە مابێت، هیچ ئاواتێکی بەدیهاتوو لە نێو ئێمەی مرۆڤدا ناتوانێت لێمانی لاببات. ئەو دیاردەیەی کە ئەو باوەڕەی لە مێشکمدا چەسپاند، ئەوەیە کە یەکەم شت کە مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، ئەو خۆراکەیە کە بە زیندووی دەهێڵێتەوە. سەبارەت بە سێکسیش لە پلەی دووەمدا دێت چونکە هاوکات تاکە ئامرازە کە بەردەوامیی جۆرەکەی دەپارێزێت. باشترین بەڵگە بۆ ئەمە ئەوەیە کە تاکی ناو ئێمە پێش ئەوەی بیر لە هاوسەرگیری بکاتەوە بیر لە ئاسایشی دارایی دەکاتەوە، چونکە هۆکاری یەکەم یارمەتیدەرە بۆ گەرەنتیکردنی هۆکاری دووەم، خۆراک، بەبێ مشتومڕ، گەرەنتی بەردەوامی جۆرەکە دەکات، لەکاتێکدا سێکس توانای ئەوەی نییە گەرەنتی خۆراک بکات.لەبەر ئەم هۆکارە مرۆڤایەتی لە چاخی کۆن و مۆدێرن بە شێوازی جۆراوجۆر سێکسی بەکارهێناوە و بەردەوامە بۆ دەستخستنی خۆراک گەرەنتی ژیان . لەسەر ئەم بنەمایە پێمان وایە مرۆڤ لە کۆندا ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ئایینی لەسەر بنەمای هەمان ئەو ڕێسایە بنیات ناوە.

ئێستا دەبێت بیخەینە بەرچاومان کە مرۆڤی کۆن چۆن ژیاوە و چۆن خۆراکەکەی دەستکەوتووە و جۆری خۆی پاراستووە. گومانی تێدا نییە مرۆڤی کۆن لە کشتوکاڵدا باش نەبووە و هیچ ئامرازێکی دیکەی نەدەزانی کە لە ڕێگەیەوە پێداویستییەکانی خۆراک زیاد بکات، جگە لە شێوازە جادووییە سەرەتاییەکانی، کە ڕەنگە دوای ئەوەی ڕێگایەکی دوور و درێژی بەسەر بردووە تەنانەت بە نەزانینی جادووەوە سەریهەڵدابێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە مرۆڤێک بووە ڕزق و ڕۆزی خۆی کۆکردۆتەوە و ژیانیشی پەیوەست بووە بەوەی کە ژینگەی سروشتی خۆی چی بۆ دابین دەکات لە ڕووی کەرەستەی خۆراکییەوە، وەک گۆشتی ئاژەڵ و ڕووەکی شیاوبۆ خواردن. ڕاستییەکە ئەوەیە کە تێڕوانینی ئێمە بۆ مرۆڤی کۆن ناتەواوە و پێویستی بە ڕوونکردنەوەی بەرفراوانتر هەیە، لە وتنی ئەوەی کە بۆ خواردنەکەی پشتی بە گۆشتی ئاژەڵ و هەروەها ڕووەک بەستووە، بۆچوونێکی ڕەهامان داوە کە هەروەها پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بناغانەی کە خواردنی گۆشت لەلایەن مرۆڤی کۆنەوە لەسەری دامەزرازوە .

گومانی تێدا نییە خواردنی گۆشت پێویستی بە سەربڕینی ئاژەڵێکی دیاریکراو هەیە، با بیخەینە بەرچاومان کە ئەو ئاژەڵەی لەبەردەستی یەکێک لە بنەماڵە مرۆڤە یەکەمەکاندا بوو، گا یان وشتر بووە، وەک چۆن لە گروپە بیابانەکاندا هەیە. گومانی تێدا نییە کە

تاکە خێزانێک ناتوانن لە یەک دوو ڕۆژدا لە چارەکێک یان نیوەی گۆشتی گایەک یان وشترێک زیاتر بخوات. هەروەها دەزانین ئەو گۆشتەی کە دەمێنێتەوە لە ماوەی ئاماژەپێکراو زیاتر ناخایەنێت و دواتر خراپ دەبێت. ئەم لایەنە بە تایبەتی دەبێتە هۆی تێکچوونی خۆراکێکی زۆر ئەگەر هەر خێزانێک بە تەنیا دەستی پێکردبێت، و لەوانەیە ببێتە هۆی لەناوچوونی ئەم جۆرە ئاژەڵە لەبەرئەوەی پرۆسەی پاراستن یان فرۆشتنی گۆشت لەو کاتەدا نەدەکرا. هەر لەبەر ئەم هۆکارە وا پێدەچێت کە گروپە مرۆییەکان، دوای تێپەڕین بە چەندین ئەزموونی واقیعی لەم بوارەدا، دەستیان کرد بە ئاگاداربوون لە مەترسی ئەم لایەنە بۆ سەر ئاژەڵەکان، هەر بۆیە سەربڕینیان لە لایەن بنەماڵە یان تاک بە تاکەوە قەدەغە کرد.



(Charles Robert Darwin)( 1809– 1882 ز )

تەنانەت ئەگەر مرۆڤی کۆن بە پێی ئەو بیرۆکەیەی کە چارڵز داروین ( Charles Robert Darwin)( 1809– 1882 ز )پێشنیاری کردووە، لە ڕاستیدا لە شێوەی گروپێکدا ژیاوە کە جیاوازی نەبووە لەگەڵ کۆمەڵە مەیموونە گەورەکان کە پێشتر باسمان کردووە، ئەم گروپانە، بەهۆی ئەوەی باسمان کرد، هەروەها ڕێگەیان بە تاکەکان نە دەدا ئاژەڵەکان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە سەرببڕن، و ئەوان بە تایبەتی بە زیاتر لەوەی پێویستی پێیەتی سەریان نەبڕیوە و نەک بەردەوام. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار: یەکەمیان ئەوەیە کە جێهێشتنی ئاژەڵەکان بە تەنیا یارمەتی زاوزێکردنیان دەدات، بە پێچەوانەی ڕووەکەکانەوە، هۆکاری دووەمیش

ئەوەیە کە ئەگەر مرۆڤ بەردەوام گۆشتی ئاژەڵ بخوات، ئەمە دەبێتە هۆی وەستاندنی زاوزێی و ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی لەناوچوونی. ئەوەی پشتگیری بۆچوونی ئێمە دەکات، پراکتیزەکردنی خێڵەکانی ئۆرانتایە لە ڕێوڕەسمی ئەفسوناوی کە پێی دەوترێت ((ئەنتیکۆما)).

لە ئەنجامی ئەو شتانەی سەرەوە، پرۆسەی سەربڕینی ئاژەڵە گۆشتییە گەورەکان بوو بە بەرپرسیارێتی گروپە مرۆییە بەراییەکان یان تەنها خێڵەکان. تەنها خێڵەکە بڕیاری سەربڕینی ئاژەڵەکە دەدات.

لە نەریتەکانی دواترەوە دەرکەوت کە ئەم جۆرە ئاژەڵانە تەنها لە بۆنە تایبەتەکاندا سەردەبڕدرێن و هەموو ئەندامانی خێڵەکەش هاوبەشی خواردنیان کردووە، نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە خێڵە بەدەوییەکان، تا چاخی ئێستا، تەنها لە بۆنە تایبەتەکاندا تامی گۆشت دەکەن. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەگەر لە دوورەوە بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئاژەڵەکان لە سروشتدا خۆیان بە شێوەیەک ڕێکخستووە کە هیچ بوارێک نەمێنێت بۆ ئەوەی بڕی خۆراکەکانیان بەفیڕۆ بچێت.

وا دیارە کاتێک یەکەم گروپ یان خێڵە مرۆییەکان سەربڕینی ئاژەڵیان قەدەغە کردبوو بۆ خێزانەکان یان تاکەکان، پاساویان بۆ ئەوە دابین دەکرد، لە نێو ئەو پاساوانەشدا ئەوە بوو کە هەموو ئاژەڵەکان بە پیرۆز دادەنران (32)،

، سەربڕینیان بە تاوانێک لە دژی پیرۆزیەکانیان و دژی کۆمەڵگا دادەنرا . هەر لەبەر ئەم هۆکارە بۆمان دەردەکەوێت کە کوشتنی گا لە نێو یۆنانییە کۆنەکاندا بە تاوان هەژمار دەکرا. لە جەژنی جەماوەریی بوفانیەکاندا - Bouphanien ، دوای سەربڕینی گا قوربانییەکە بە بۆنەی ئەو جەژنەی کە پێشتر باسمان کرد، دانیشتنێک بەڕێوەچوو بۆ ئەوەی تاوانە ئەنجامدراوەکە لەبەرچاو بگیرێت و دوای گفتوگۆ، بڕیارێک لەلایەن دانیشتنەکەوە دەردەچوو کە ئەو چەقۆیەی کە... گاکەی پێ سەربڕدراوە تاوانباری ڕاستەقینە بووە، هەر بۆیە دوای دەرچوونی بڕیارەکە فڕێدراوەتە ناو دەریا.(33). (34).

---

(32) Freud, Totem und Tabu, p. 153.

(33)سەیری (فرۆید) بکە هەمان سەرچاوە و لاپەڕە .

لەمانەی سەرەوە بۆمان ڕوون بووەتەوە کە ئەندامانی یەک خێڵ تەنیا لە بۆنە تایبەتەکاندا و لە یەک سەرچاوەوە گۆشت دەخۆن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئەو هەستە لە نێویاندا گەشەی کردووە کە هەموویان لە یەک مادده پێکهاتوون، و نەریتەکە لەدایک بووە لە نێوانیاندا کە هاوبەشکردنی یەک خواردن برایەتی دروست دەکات و ئەو برایەتییە لە نێوانیاندا سەرهەڵنادات تەنها لە ڕێگەی خواردنەوە نەبێت. ئەوەی پشتگیری ئەم گریمانەیە دەکات ئەوەیە کە تا ئێستا هەمانە وەک ئەم نەریتە، کە دایکێک شیر بە منداڵێکی تر دەدات جگە لە منداڵە بایۆلۆژییەکەی، ئەم منداڵە دەبێتە برایەک بۆ منداڵەکانی چونکە لە سەرچاوەیەکەوە خواردنی لەگەڵدا هاوبەش کردووە.

لە ڕاستیدا ئەم پەندە بەڵگەیەکی ڕوونە کە پرۆسەی خواردنی هاوبەش بەڕاستی ئامرازێکی گرنگ بووە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی برایەتی لە نێوان ئەندامانی خێڵەکەدا. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو داب و نەریتە لە نێو خێڵەکانی تۆتەمدا ڕوویداوە کە ناوبەناو لە گۆشتی تۆتەمەکەیان بخۆن، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێڵەکە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بەهێزتر بکەن دەست، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ئەوان و تۆتەمەکەیان، چونکە گۆشتی تۆتەمەکە بۆ ناو سکی هەر ئەندامێکی خێڵەکە بەو مانایەیە کە ئەمە تاک و تۆتەمەکەی بوونەتە یەک سروشت و یەک پیرۆزی.

لەوەی بە وردی پێشکەشمان کرد ڕوونمان کردەوە کە بۆچی خێڵەکانی تۆتەم تەنها لە بۆنە تایبەتەکاندا تۆتەمەکانیان دەخوارد و بۆچی دوای خواردنیان هەستیان بە دڵتەنگی دەکرد بەرامبەریان، چونکە ئاژەڵەکان، وەک ئەوەی نیشانمان داوە، پێش ئەوەی ببنە تۆتەم، بە خەرمانەیەکی پیرۆزی دەورە دراون، و سەربڕینیان بە تاوان دادەنرا، وەک چۆن لە نێو یۆنانییە کۆنەکاندا ڕوویدا. ڕوونمان کردەوە کە ڕەگ و ڕیشەی هۆکاری ئەم کارە ئایینی نییە، بەڵکو دەرئەنجامی هۆکارە ئابوورییەکانە.

ئێستا دەبێت ئەو هۆکارە ڕوون بکەینەوە کە هۆکاری قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکانە. ئەگەر گریمانە بکەین کە مرۆی یەکەم بەڕاستی لە شێوەی گروپی هاوشێوەی کۆمەڵە مەیموونە گەورەکاندا ژیاوە و سەرکردەی گروپەکە بە تەنیا بووە لە خاوەندارێتی مێینەکانی گروپەکەیدا، من پێموایە ئەم ناوازەیە لە خاوەندارێتی و

---

(34)سەیری (فرۆید) بکە هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

بێبەشکردنی ئەوانی دیکەدا لە نێرەکاندا بەرکەوتن لەگەڵ مێینەکاندا لە ئەنجامی ئەوە نییە کەسێکی تر خۆخوازی سەرکردەبێت لە مێینەکانیدا، وەک فرۆید پێیوابوو، هەروەها ژێردەستەیی نییە، ڕق و کینەی ئەو نییە لە نێرەکانی گروپەکەی، هۆکاری ئەمەش بەهۆی لایەنی خۆراکییەوەیە، چونکە ڕێگەدان بە نێرەکان بە ئازادی لەگەڵ مێینەکاندا بڕۆن، ئەمەش یارمەتیان دەدات بە خێرایی زۆر بن و ژمارەیان نارێژەیی بێت لەگەڵ بڕی ئەو خۆراکەی کە ناوچەکە دابینی دەکات.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، سەرۆک بەبێ ئەوەی هەست بە ئەنجامەکەی بکات، بەڵکو بە غەریزەیی، پەیوەندی نێرینەکانی گروپەکەی لەگەڵ مێینەکان قەدەغە کرد. تەنانەت ئاژەڵەکانیش لە سروشتدا لە ڕەفتاری سێکسی و شێوازی زاوزێیاندا جۆرێک لە هاوسەنگی لە نێوان ژمارەیان و بڕی ئەو ماددە خۆراکیانەی کە لە دەوروبەریاندا هەن دەدۆزنەوە.

بەڵام ئەگەر مرۆی کۆن لە شێوەی بنەماڵە لە ناو یەک خێڵدا ژیاوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان هەمان پاڵنەری پەیڕەو کردووە، چونکە بێ گومان بنەماڵێک لە کوخێکی بچووکدا دەژیا کە مێینە و نێرەکانی تێدابوو، و بەبێ داب و نەریتی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری لە نێوان خزمەکاندا، زۆربوونی تاکەکان بە خێرایی ڕوودەدات.

هەر لەبەر ئەم هۆکارە، باوەڕم وایە، داب و نەریتی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان دامەزرا، هەروەها گرنگییەکی تەواو بۆ پابەندبوون بەوەوە درا، بەجۆرێک تەنانەت پەیوەندییە سۆزدارییە زووە تێپەڕەکان بۆ خزمەکان قەدەغەکرابوون و هەرکەسێک ئەم یاسایە پێشێل بکات بە دڵنیایی بەمردن سزا دەدرێت ، وەک پێشتر ڕوونمان کردۆتەوە.

ئەوەی پشتگیری لەوە دەکات کە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری هیچ پەیوەندییەکی بە ئایینەوە نییە، بۆمان دەردەکەوێت کە سزای کەسێک کە تۆتەمەکەی بکوژێت زۆر سووکترە لە سزای کەسێک کە سەرپێچی لە داب و نەریتی قەدەغەکردن دەکات. جگە لەوەش بۆمان دەردەکەوێت کە خێڵە تۆتەمیەکان پەیوەندی گەنجەکانیان قبوڵ ناکەن تا

له تاقیکردنەوەیەکی سەخت دەرنەچن (35)، بە مەبەستی بەهێزکردنی ویستی ئەو بۆ پابەندبوون بە یاساکانی خێڵ کە گرنگترینیان قەدەغەکردنی هاوسەرگیرییە لە نێوان خزمەکان. هەروەها بینیومانە کە چۆن خێڵەکە خۆی ڕێکخستووە بۆ چینەکانی هاوسەرگیری و چۆن لەگەڵ ئەم ڕێکخستنەدا مەودای هاوسەرگیری بۆ تاکەکان بەرتەسک کردەوە، چونکە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزم و زیادکردنی مەودای هەڵبژاردنی ژن ڕێگە بۆ هاوسەرگیری تەنها بۆ ئەو کەسە هەمواردەکات کە توانای ژیانی هەیە و ڕێگا بۆ لاوازەکان دادەخات، کە پێشتر چێژیان لە سێکس دەبینی وەک پیاوانی دیکە کاتێک هاوسەرگیری نێوان خزمان هەبوو ولە نێوان خزمەکاندا قەدەغە نەبوو.

ڕەنگە تەواو ئەگەری ئەوە هەبێت کە ئەو گروپە دڕندانەی کە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن کە پێیان دەوترێت ماکانبیالییەکان، سەرچاوەی داب و نەریتیان بگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی پێش سەرهەڵدانی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزم وکەسوکار و قەدەغەکردنی سەربڕینی ئارەزوومەندانەولەخۆڕای ئاژەڵان.

ئەوەی پشتگیری لەو قسانەی سەرەوەمان دەکات، دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی کچانە (36)، کە مرۆی کۆن پەیرەوی کردووە،جگە لە هەموو ڕێوشوێنە خۆپارێزییەکانی لە زیادکردنی ژمارەی کەسەکاندا. وا دیارە مرۆی کۆن زیادەڕەوی لە کوشتنی کۆرپەی کچانی کردووە، بەجۆرێک کە ژمارەی ژنان کەم بووەتەوە تا ئەو ڕادەیەی کە پێویست بووە ژنێک لەگەڵ زیاتر لە پیاوێک هاوسەرگیری بکات. لە بەڵگە کۆن

---

(35)قەدە کاتێک گەنجێک لە قۆناخی لەئاوهەڵکێشان -مەعمودیەت نزیک دەبێتەوە واتە دەگاتە قۆناخی چوونە کۆڕی پیاوان ، خۆی لە خەڵک دادەبڕێت و لە شوێنێکی دوور و بە دڵی خۆی لە جەرگەی شاخێک یا دارستانێک خۆی دادەبڕێت، لەو ماوەیەدا ئەو خۆی لە هەموو چێژ و پێداویستییە پێویستەکانی بێبەش دەکات، بۆیە پابەند دەبێت بە ڕۆژووگرتن لە زۆربەی خواردن و خواردنەوەکان، و هیچیان بەکارناهێنێت تا دەگاتە ئەوەی لە مردن نزیک دەبێتەوە و تا ئەو ڕادەیەی کە پێویست بێت، ژیانی ڕزگار بکات، و تێر ناخوات، بەم ڕەفتارەی و ئەشکەنجەدانی جەستەیداوازناهێنێت، بەڵکو پەنا بۆ ئامرازە ئەرێنییەکانی ئەشکەنجەدان دەبات، وەک داغکردن و سووتاندن و پارچەپارچەکردن. (بڕوانە دکتۆر عەبدولواحید وافی، سەرچاوەی پێشوو،ل ، 83).

(36) **القرآن الكريم– سورة التكوير الاية** 7: ((**واذا المرؤودة سئلت باي ذنب قتلت**)) **سورة الاسراء، الاية** 30: ((**ولا تقتلوا اولادكم خشية املاق نحن نرزقهم واياكم**)).

و تایبەتەکان لەم بارەیەوە ئەوەیە کە لە لایەن پاشای سۆمەری ((ئورو کاگینا)) (لە دەوروبەری ساڵی ٢٣٥٥ پێش زایین حوکمڕانی کردووە) باسی کردووە، وەک ئەم پاشایە لە نووسینەکانیدا دەڵێت گوایە ئەوەی کردووە کە ژنێک لەگەڵ زیاتر لە پیاوێک هاوسەرگیری بکات (37).

ئەگەر ئەم هەواڵە ئاماژە بە شتێک بکات، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە داب و نەریتی ژنێک کەلەگەڵ زیاتر لە پیاوێک هاوسەرگیری بکات، پێش هاتنی سۆمەرییەکان لە عێراقی کۆندا بەربڵاو بووە و بەهۆی ئەوەی شارستانیەتی سۆمەرییەکان دابینی کردووە، ئەم داب و نەریتە بەسەرچووە وبەخراپ داندراوە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش( ئوروکاگینا) هەڵیوەشاندۆتەوە. جگە لەم بەڵگە کۆنە، بەڵگەیەکی تریش هەیە، هەرچەندە لە یەکەمیان نوێترە، ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە هاوسەرگیری ژن لەگەڵ زیاتر لە پیاوێکدا، داب و نەریتێکی باو بووە لە نیمچە دوورگەی عەرەبی پێش هاتنی ئیسلام (38).

سەبارەت بەوەی کە چۆن ئاژەڵ، ڕووەک، یان شتە بێ گیانییەکان لەلایەن ئەم خێڵانەوە پەرستراون، پێم وایە تیۆری( فرایزەر) لە نێو تیۆرییەکانی دیکەدا نزیکترینە لە ڕاستییەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێویستی بە هەندێک دەستکاری هەیە و هەروەها پێویستی بە بنەمایەکی دیاریکراو هەیە لە بیرکردنەوە، بۆیە من بەردەوام دەبم، لە لێکدانەوەی تیۆری پرایزەر لەسەر هەمان بنەمای قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزم و چۆنیەتی پێدانی خەرمانەی پیرۆزکردن بە ئاژەڵەکان.

کاتێک ژنێک نەیدەزانی چۆن کۆرپەلە لە سکی دایکیدا دروست دەبێت، دوای قۆناغی پیرۆزکردنی ئاژەڵەکان دەستی کرد بە باوەڕکردن بەوەی کە ئەو ئاژەڵەی کە مێشکی داگیرکردبوو لەو ساتەدا کە هەستی بە جووڵەی کۆرپەلەکەی کرد لە سکیدا، ئەو ئاژەڵە بووە کە کۆرپە کەی پەیداکردووە، باوەڕەکەی لە ئەنجامی ئەوەدا نەبوو چونکە

---

(37) Fischer Weltgeschichte S, p. 84.

(38) Hastinge, Encyclopeadia of Religion and Ethies 8, p 267.

**وانظر كذلك: الدكتور جواد علي، تاريخ العرب قبل الاسلام، الجزء الخامس، الصفحات** 261 **و** 298– 303.

تەنها شتێک بوو کە مێشکی داگیرکردبوو لەو ساتەدا کە هەستی بە جوولەی کۆرپەکەی کرد، بە گوتەی فرایزەر، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئاژەڵێکی پیرۆزبووە، و چونکە خواردنی دروستی دەکات پەیوەندییەکی برایەتی لە نێوان ئەندامانی خێڵەکەدا دروست دەکات. بۆیە من پێم وایە تۆتەمەکان لە سەرەتای دەرکەوتنیاندا تەنها تۆتەمی ئاژەڵ بوون و دەرکەوتنیان دوای ئەوە هات کە داب و نەریتی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری نێوان خزمەکان جێگیر بوو و دوای ئەوەی ئاژەڵەکان هەندێک ئاستی پیرۆزییان پێدرا.

بە تێپەڕبوونی کات، دوای ئەوەی بیرۆکەکە ڕسکا بوو کە ئەو شتەی مێشکی ژنەکەی سەرقاڵ کردبوو لەو ساتەدا کە کۆرپەکەی دەجووڵا، پەیداکەری ڕاستەقینەی کۆرپەلە بووە، تۆتەمەکانی دیکە چوونە ناو گروپی تۆتەمی ئاژەڵەکانەوە، کە لە پێشەوەیاندا تۆتەمی ڕووەکییەکان بوون. دڵنیاین کە هەندێک لە ژنان هەست بە جوڵەی کۆرپەلە دەکەن و ئەوانەی لە ناوچەیەکی خاڵی لە ئاژەڵان دان و تێیدا تەنها ڕووەک یان هەر شتێکی بێگیانی جیاواز یان دەرکەوتەیێکی سروشت یان ئاژەڵێکی لەو جۆرە هەیە کە ناخورێت. ئەو شتەی کە پشتگیری لەو باوەڕەمان دەکات کە تۆتەمی ئاژەڵان پێش ئەوانی تر دەرکەوتوون و نوێنەرایەتی سەرچاوەی سەرهەڵدانی تۆتەمەکان دەکەن، لەبەر ئەوەیە کە ژمارەیان زۆرتر و بەربڵاوترن لە تۆتەمەکانی تر.

لە کۆتاییدا دەڵێین سێکس ناتوانێت هۆکاری ڕاستەقینەی سەرهەڵدانی تۆتەم بێت، چونکە لە بنەڕەتدا پێویستی بە مەرجدارکردن و سنووردارکردن نییە، تەنها ئەو سنووردارکردنانە نەبێت کە بەهۆی پێویستی ڕێژەیی لە نێوان ژمارەی کەسەکان و بڕی خۆراکی کە لە ناوچەکەوە دابین دەکرێت دەی سەپێنێت، بە مەرجێک مرۆڤ لەو ماوەیەدا هیچ ئامرازێکی جێبەجێکراوی نەبووە بۆ زۆرکردنی خۆراک.

## زیندەبەچاڵکردنی کچان و

## سیستەمی فرە مێردی لە چاخەکانی پێش مێژوودا



لە بەرگی بیست و نۆی گۆڤاری سۆمەر بۆ ساڵی ١٩٧٣، بابەتێکم بە ناوی ((بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی لە چاخەکانی پێش مێژوو و پەیوەندییەکەی بە هونەری سۆمەرییەوە) بڵاوکردەوە بابەتێک سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و پرۆسەی زیندەبەچاڵکردنی کچان ، لە خوارەوە هەندێک لەو شتانە دەهێنمەوە کە لە پێشەکی وتارەکەی پێشوودا هاتووە.

ئەو شارستانییەتانەی لە سەردەمی بەردینی نوێدا (نزیکەی ١٠٠٠٠ - ٥٠٠٠ پ.ز) لە ناوچەکانی باکوری عێراق زاڵ بوون، شارستانیەتێکی کشتوکاڵی بوون کە بەرهەمەکانیان بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە باران دەبەست (١). بۆ بەرهەمهێنانی زۆر تەنها پێویستی بە پیتوفەڕ بوو. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دانیشتوانی ئەم شارستانیەتانە بیرۆکەی پیتوفەڕ و هەموو ئەو شتانەیان دەپەرست کە ژیانی نوێ بەرهەم دەهێنن، هەروەها بووکەڵەی دایکیان کردە هێمای پەرستنی خۆیان ،کەبەخوداوەندەی دایک ناسراوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دایک بە ڕواڵەت تاکە توخمە کە ژیان لە نێو رەچەڵکی مرۆڤدا بەرهەم دەهێنێت.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە ڕەگ و ڕیشەی ئەم پەرستنە لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخەکانی سەهۆڵبەندان، وەک بەهۆی ئەو سەهۆڵەوە کە ڕووبەرێکی فراوانی کیشوەری ئەوروپای گرتبووەوە (ناوچەی دەوروبەری بەرزاییەکانی چیای ئەلب و ناوچەکانی باکووری کیشوەری ئەوروپای) ، ئەوروپا بوو بە ناوچەیەکی فشاری بەرز لە کاتێکدا کە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ئەفریقا و ناوچەکانی تری باشووری ئاسیا بوون بە ناوچەیەکی پەستانی نزم بە بەراورد بە ئەوروپا.

ئەم نایەکسانییە لە پەستاندا بووە هۆی هێرشی بای سارد کە هەڵمی ئاویان لە ئەوروپاوە دەگواستەوە بۆ ناوچەکانی پەستانی نزم. ئەم بایانە بارگاوی بوون بە هەڵمی ئاو، بە شێوەیەکی سروشتی بووە هۆی بارانبارین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و چیمەن و ڕووەک لە سەردەمی سەهۆڵبەنداندا گەشەیان کردووە، تەنانەت لەو ناوچانەی کە لە ئێستادا بیابانن.

گومانی تێدا نییە کە بەردەستبوونی باران لە ناوچەکەدا لە سەردەمی سەهۆڵبەنداندا وایکردووە کە مرۆڤەکان سەرنجیان لەسەر پیتوفەڕ و زاوزێی ئاژەڵان بێت بە شێوەیەک کە پێویستی دانیشتووان بۆ گۆشتەکانیان مسۆگەر بکات. بۆ دابینکردنی ئەم پێویستییە، دانیشتووان دەستیان کرد بە بەخێوکردنی ئاژەڵ و کارکردن بۆ زیادکردنی زاوزێیان، ماوەیەک تاڕادەیەک کورت پێش ئەوەی کشتوکاڵ لە ژیانی مرۆڤدا دەربکەوێت (2).

ئەم لایەنە تایبەتە ئەوەیە کە بیرۆکەی پیتوفەڕ و زاوزێی لە ئاژەڵەکاندا کردە بنەمای باوەڕی ئاییینیی دانیشتوانی ئەم قۆناغە. بەڵگە بۆ ئەمەش ئەوەیە کە هەموو ئەو پراکتیزە جادووییانەی مرۆڤی کۆن بەکاریان هێناوە ئامانجیان زیادکردنی بەرهەمهێنان و زاوزێی ئاژەڵەکان بووە (3). ئەگەر ئەو بنەمایانە شی بکەینەوە کە ڕێوڕەسمی جادوویی لەسەریان دامەزراوە، بۆمان دەردەکەوێت کە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی پەسەندکراو لەم ڕێوڕەسمانەدا ئەو بنەمایەیە کە هۆکارە هاوشێوەکان ئەنجامێکی هاوشێوە بەرهەم دەهێنن. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، جادووگەرە کۆنەکان پێیان وابوو کە دەتوانن بە لاساییکردنەوە ئەو ئەنجامە خوازراوانە بەدەست بهێنن.




تا ئەو کاتەی کە پرۆسەی زۆربوون لە بەرهەمهێنان و زیادبوونی ژمارەی ئاژەڵەکان تەنها لە ڕێگەی پیتاندنەوە ڕوودەدات، ئەوە بووەتە پێویست بۆ مرۆڤ، بۆ ئەوەی بتوانێت زۆریی بەرهەم بەدەستبهێنێت، سەرەتا لە ڕێگەی پراکتیزە جادووییەکانییەوە، پرۆسەی پیتاندن خۆی دڵنیا بکاتەوە. بەڵگەی ئەمەش پرۆسەی هاوسەرگیری پیرۆزە کە لە عێراقی کۆن لە کاتی ئاهەنگەکانی ئاکیتو و سەریساڵدا ڕوویدا.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەش من پێم وایە لە ئێستادا ئەو بووکەڵانەی دایک وێنادەکەن (٤)، کە بەزۆری بە شێوەیەک دروست دەکرێن کە جەخت لەسەر ناوچەکانی پیتوفەڕ لەژندا دەکەنەوە، تەنها یەکێکە لە ئامرازەکانی پێگەی بەرز لە نێوان ئەو شێوازە

زۆرانەی کە لە کاتی ڕێوڕەسمی ئەفسون وجادوویيدا بەکاردەهێنران کە ئامانجیان زۆرکردنی ئاژەڵەکان و زیادکردنی بەرهەمهێنان بوو.



ثلاث دمى مختلفة للالهة الام ، يشاهد فيها التركيز على المناطق الخصبة في المرأة

نیگار:سێ بووکەڵەی جیاوازی خوداوەندی دایک، کە نیشاندانی گرنگیدان بە لایەنی پیتوفەڕی ژنە

لەگەڵ کشانەوەی سەردەمی سەهۆڵبەندانی چوارەم – فورم (Wurm) کە لە نزیکەی ١٢٠ هەزار - ١٠ هەزار پێش زایین بەردەوام بوو. ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی باران لە ناوچەکەدا و تەنها لە وەرزی زستان و بەهاردا باران دە باری ، وەک لە ئێستادا. ئەم کەمی باران بارینە وایکردووە زۆرێک لە دانیشتوانی ناوچەکە کۆچ بکەن بۆ ئەو ناوچانەی کە دەتوانن خۆراکیان لێ دەستبکەوێت، هەروەها بەشێکیانی ناچار کردووە کە کشتوکاڵ بکەن، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە بارانبارینی ساڵانەیان بەس بووە بۆ گەشەکردنی بەروبوومەکان.

تا ئەو کاتەی ئەو دانیشتووانەی کە کشتوکاڵیان دەکرد، وەک ئەوانەی پێش خۆیان، بە هەمان شێوە پشتیان بە باران دەبەست بۆ بەدەستهێنانی پێداویستی خۆراک، و ئەوەی پێویستیان بوو و هەروەها بۆ بەدەستهێنانی پیتوفەڕ و زاوزێی ئاژەڵان، پەرستنی پیتوفەڕ و زاوزێ بەردەوام بوو، کە هێمای بووکەڵەکان بوو کە دایکی وێنا دەکرد ، وەک لە پێشەکی بابەتەکەدا ئاماژەم پێکرد.

گومانی تێدا نییە کە کشتوکاڵ بووە هۆی سەقامگیری و باشتربوونی بارودۆخی ژیان، واتە بووە هۆی دروستبوونی هەلومەرجی نوێ و ئەم هەلومەرجانەش لە بەرامبەردا یارمەتیدەر بوون بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زیادبووانی دانیشتووان بگوێزنەوە بۆ نیشتەجێبوون لە شوێنی دیکەی نوێ ئەو ناوچانەی کە بارانبارینی ساڵانەیان ناجێگیرەو دڵنیایی و گەرەنتی نییە (٥). پرسەکە هەر بەوەوە کۆتایی نەهات بەڵکو زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتووان بووە هۆی ئەوەی خەڵکی باکوور لە ناوچەکانی دیکەدا نیشتەجێ بن کە دەکەونە باشووری هێڵی بارانبارینەوە، تا گەیشتنە شاری سامەرا.



دەفری گڵینەی وێنەی
چوار ژنی لەسەرە ،
پرچیان کراوەتەوە
وبۆچوارلا بڵاوبووەتەوە،
هێمای سواستیکا -خاچی
چەماوە-چوارئاراستە-
دەنوێنێت ئاماژەبووبۆ
پیتوفەڕ،سەماونزای
بارانبارین بوو،لە
هەزارەی شەشەمی
پ.زبەشێک بوولە
رۆشنبیریی سامەرا

گومانی تێدا نییە کە بارانبارینی ساڵانەی ئەو ناوچانە ناوەناوە و ناجێگیرە، واتە لە یەک ساڵدا باران بەسە بۆ گەشەکردنی بەروبوومەکان، لە ساڵی دواتریشدا ڕەنگە کەم بێت و بەس نەبێت بۆ ئەو مەبەستە، هەروەک چۆن حاڵەتەکە لە ئێستادا لە زۆرێک لە ناوچەکانی باکوور، بە تایبەت لە ناوچەی جزیرە هەروایە. ئەم ناوەناوە و ناجێگیرییە لە ڕووی بارانبارینەوە وای لە خەڵک کرد لەم ماوەیەدا بیر لە چەندین ڕێگا بکەنەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەم مەترسییە ببنەوە کە بەردەوام هەڕەشە لە ژیانیان دەکات.

یەکێــک لەو لایەنــانەی کە بیــری لێکــردۆتەوە، کە لە وتــارەکەی بــزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا ڕوونمـان کـردەوە، ئەوەیە کە مـرۆی ئەم قۆنـاغە دەسـتی کـردووە بە گرنگیدان بەو هۆکارانەی کەشوهەوا کە کاریگەرییان لەسەر باران و چاندن و دروێنە هەیە زیــاتر لەوەی کە بــایەخ بــدات بەپیتــوفەڕ و زۆربــوونی ئاژەڵەکــان، چــونکە پیتوفەڕبەبێ بـاران بـێ بەهایە و ئەو ئـاژەڵانەی کە ژیـانی نـوێ دروست دەکەن بەبـێ چاندن وکشتوکاڵ مەترسی لەسەر ژیانیان دروست دەبێت، ئەم لایەنە و بابەتەکانی تر کە دواتر ڕوونی دەکەینەوە، وادیارە بووەتە هۆی سەر هەڵدانی بزووتنەوەیەکی ئـایینی نـوێ کە لەڕێوڕەسمەکانیدا پشت دەبەستێت بە پیرۆزی ئەو هۆکـارە سروشتیانەی کە کاریگەرییان لەسەر باران و چاندن و دروێنە هەیە.



شــكل ــ ٣
نماذج من الدمى الممثلة للالهة الام من موقع تــل الصوان

ئەم بزووتنەوەیە بە تایبەتی لە سەردەمی شارستانیەتی سامەڕا و بە تـایبەتی لە شوێنی تەل ســـەوان بڵاوبـــووەوە. وردەکارییەکـــانی ئەم بـــزووتنەوەیە و دەرئەنجـــام و

کاریگەرییەکانی لەسەر هونەری سۆمەری دەتوانرێت لە ژمارەی سەرەوەی گۆڤاری سۆمەردا بخوێندرێتەوە.

لە ڕاستیدا بۆ مرۆی شارستانییەتە کشتوکاڵییە دواییەکانی باکوور کە بیرۆکەی پیرۆزکردنی هۆکارەکانی کەشوهەوا لە جیاتی پیتوفەڕ وەک وەڵامێک بۆ ناجێگیری باران لە ناوچەکەی خۆیدا پەسندکردووە، لە ڕوانگەیەکی پراکتیکییەوە سوودی پێ ناگەیەنێت، چونکە ناوچەکەی ساڵانێکە لەبەروشکەساڵیناهەمواره، بۆیە گومانەکانی لە ئایینەکەی یارمەتی ماددی بۆ دابین ناکات مەگەر هەنگاوی کاریگەرتر لەم بوارەدا نەنێت لە مەترسی برسێتی و شەڕکردن بیپارێزێت.

لە ڕاستیدا ئەو ئەنجامانەی کە لەلایەن هەڵکۆڵینەکانی دامەزراوەی گشتی شوێنەوارەکانەوە لە شوێنی تەل سەوان ئاشکرا بوون، پێموایە گرنگن بە تایبەتی لە ڕوونکردنەوەی ئەم هەنگاوانەدا کە دانیشتوانی ناوچەکانی باکوور سەبارەت بە کەمی باران گرتوویانەتەبەر.

چونکە ئەو شوێنەی کە باسمان کرد، قۆناغی گواستنەوە دەنوێنێت لە نێوان ئەو شارستانیەتانەی کە لە باکوری عێراقدا زاڵ بوون و ئەوانەی لە بەشی باشووری عێراقدا دەرکەوتن، بە واتایەکی تر، هەموو نەسازییەکانی-تناقضات- بیرۆکەی باکووری بە شێوەیەک چڕکردەوە ، کە بە ئاشکرا داوای سەرهەڵدانی بیرۆکەیەکی ئایینی نوێی دەکرد، جگە لە بیرۆکەی پەرستنی پیتوفەڕ و ئەوەی ژیانی نوێ بەرهەم دەهێنێت.

یەکێک لە یەکەمین ئەم نەسازیانە کە وای لە دانیشتوان کرد باوەڕیان بە بێهودەیی پەرستنی بیرۆکەی پیتوفەڕ و ئەوەی ژیانی نوێ دروست دەکات، لا دروستبێت و بووە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی پەرستنی هۆکارەکانی کەشوهەوا کە کاریگەرییان لەسەر باران و چاندن و دروێنەکردن هەیە، یەکەمی ئەونەسازیانە پرۆسەی کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی کچانە، کە پێمان وایە لە سەردەمی شارستانیەتی سامەڕا و حەلەفدا لە زۆربەی شوێنەکانی باکوور و لە شوێنی تەل سەوان بە تایبەتی باو بووە، ئەو پرۆسەیەی کە بووە هۆی گۆڕانکارییەکی هەمەلایەنە لە سیستەمی خێزاندا لەم قۆناخەی ڕۆژگاردا لە مێژووی کۆنی عێراقدا.

پێش ئەوەی وردبینەوە لە سروشتی ئەو سیستەمە نوێیە خێزانییەی کە لە سەردەمی شارستانیەتی سامەرا ،یان پێش ئەوە لە ناوچەکانی باکوور کە دەکەونە سەر هێڵی باران، یان لە باشووری هێڵی باران هەبووە، دەبێ بە ڕوونی ئەو هۆکارانە ڕوون بکەینەوە کە وای لێکردین وا دابنێین کە دانیشتوانی شارستانیەتی سامارا و ئەوانەی کەمێک پێش ئەوان زیندەبەچاڵکردنی مێینەیان ئەنجامداوە.

ئەو هەڵکۆڵینانەی کە بۆ ماوەی چەند وەرزێک لەلایەن دەزگای گشتی شوێنەوارەوە لە شوێنی تەل سەوان ئەنجامدراون، تا ئێستا زیاتر لە چوار سەد گۆڕیان دەرکەوتووە، ئەوەی سەرنجی خەڵک لەسەر ئەم گۆڕانە ڕادەکێشێت ئەوەیە کە نزیکەی سێ سەد لەو گۆڕانە تەرمەکانیان منداڵانی تەمەنی شیرپێدانیان تێدابووە . جگە لەوەش شوێنەکانی تەپە گەورە، قالنج ئاغا، حەسونە، ئەلئەربجیە و یارم تەپە هەمان ڕێژەی سەدی، یان زیاتریان تەرمەکی منداڵانی تەمەنی شیرپێدانیان تێدابووە ، بەو پێیەی لە هەڵکۆڵینەکانی نێردەی ڕووسیا لە یارەم تەپە لە ساڵی ١٩٧٦دا یازدە گۆڕ دەرکەوتووە کە نۆ گۆڕیان تەرمەکانیان منداڵانی تەمەنی شیرپێدانیان تێدابووە ، بە ئاماژەدان بەوەی کە وەرزەکانی هەڵکۆڵینی پێشووی نێردەی ڕووسیا گۆڕی منداڵانی تەمەنی کۆرپەیی بە هەمان ڕێژەی ساڵی ١٩٧٦ نیشان داوە (٦).




نماذج قبور قاليج اغا

له ڕاستیدا هەموو گۆڕەکانی تەرمەکانیان منداڵانی تەمەنی شیرپێدانیان تێدابووە لە زۆربەی شوێنەکان لە ژێر زەوی ماڵەکاندا دۆزراونەتەوە و لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا نەدۆزراونەتەوە ئەمەش ڕەنگە هەندێک کەس بڵێن کە گەورەکانیش لە ژێر زەوی ماڵەکاندا نێژراون ،جگە لەوەش هێشتا مەسەلەکە جێی پرسیارە کە ئایا دانیشتوانی شوێنەکانی باکور سەرەتا گۆڕستانی بەکۆمەڵیان هەبووە، هەرچەندە پرۆفیسۆر مەلوان گۆڕێکی گشتی لە شوێنی ئەرەبجییە دۆزیوەتەوە، بەڵام ئی سەردەمی عوبەیدبووە (٧)، واتە لەئەو سەردەمەی کە باشوور بوو بە ناوەندێکی شارستانییەت و کاریگەری لەسەر ناوچەکانی دراوسێ هەیە.

هەروەها نێردەی ڕووسیا گۆڕستانێکی دیکەی لەسەر گردی یارێم تەپە دۆزیەوە بە ناوی یارەم تەپە( ژمارە یەک)، پێدەچێت مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو گردە بە ناوی یارێم تەپە ژمارە ٢، هەروەها ئەویش ئی سەردەمی دواییەکانە (٨).

گومانمان سەبارەت  نەبوون ونەزانینی گۆڕستانە گشتیەکان لەناوچەکانی باکوور لە سەردەمی بەردینە نوێکاندا ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەڵکۆڵینانەی کە لە گردی سەوان و قالینج ئاغا و تەپەگەورە و شوێنی دیکەش  ئی چاخەکانی پێش مێژوو ئەنجامدراون، نەزانراوە هەڵکەندنکاران دۆزینەوەی گۆڕستانێکی گشتی ڕابگەیەنن لە کاتی کارەکانیاندا کە تایبەتە بە هەریەکێک لەو شوێنانەی کە باسکراون .

ئەمەش بەو مانایەیە کە ناشتن لەم شوێنانەدا لەناو ماڵەکاندا ئەنجامدراوە نەک لە گۆڕستانێکی گشتیدا، وەک ئەوەی گۆڕستانی  گشتی هەبووە لەلایەن دانیشتوانی ئەو شارستانیانەی کە لە بەشی باشووردا هەبوون لە عێراق، بە سۆمەری و ئەکەدیەکانیشەوە.

گومانمان سەبارەت  نەبوون ونەزانینی گۆڕستانە گشتییەکان لەناوچەکانی باکور لە سەردەمی بەردینە نوێکاندا بۆ گۆڕستانە بەکۆمەڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەڵکۆڵینانەی کە لە گردی سەوان و قالینج ئاغا و تەپەگەورە و شوێنی دیکەش  ئی چاخەکانی پێش مێژوو ئەنجامدراون نەزانراوە هەڵکەندنکاران دۆزینەوەی گۆڕستانێکی گشتی ڕابگەیەنن لە کاتی کارەکانیاندا کە تایبەتە بە هەریەکێک لەو شوێنانەی کە باسکراون .

ئەمەش بەو مانایەیە کە ناشتن لەم شوێنانەدا لەناو ماڵەکاندا ئەنجامدراوە نەک لە گۆڕستانێکی گشتیدا، وەک ئەوەی گۆڕستانی  گشتی هەبووە لەلایەن دانیشتوانی ئەو شارستانیانەی کە لە بەشی باشووردا هەبوون لە عێراق، بە سۆمەری و ئەکەدیەکانیشەوە.

لەسەر ئەم بنەمایەوە ئێستا دەتوانین بە هەندێک متمانەوە بڵێین ،کەوا شوێنەکانی باکوور لە سەردەمی بەردینی نوێدا بە شێوەیەکی گشتی ئەو گۆڕستانە بەکۆمەڵانەیان نەبووە، کە لە پەراوێزی شارەکەدان، کە لە بەشی باشووری عێراقدا باو بوون (٩).

لە ڕاستیدا ئەو شوێنەی کە بۆ گۆڕستانە گشتیەکە لە بەشی باشووری عێراق هەڵدەبژێردرا، شوێنێکی بەرز بووە (١٠). ئەو هۆکارەی کە وای لە دانیشتوانی باشوور کرد شوێنێکی بەرز هەڵبژێرن بۆ ناشتنی مردووەکانیان ونەبوونی نەریتی ناشتنی مردووەکانیان لەناو ماڵەکانیان، یان لە نێو گەڕەکەکانی شارەکەدا ، دەگەڕێتەوە

بۆ ئەوەی کە باشوور بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی لافاو وئاوی ژێر زەوی دایە،کە لە قوولایی کەمی زەویەوە دەردەکەوت، جگە لە بوونی قۆپییەکان لە بەشەکەی باشووری عێراق و بەو هۆیەشەوە دەبوو شوێنێکی بەرز هەڵبژێرن بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی گۆڕی مردووەکانیان لە ئاوی لافاو و ئاوی ژێر زەوی.

لەمانەی سەرەوە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە سروشتی بەشی باشووری عێراق ئەوەیە کە دانیشتوانی ناچار کرد مردووەکانیان لە شوێنی تاڕادەیەک بەرزدا بنێژن. بەهۆی نەبوونی بەرزاییەکانی باشوور، هەر شوێنێکی بەرز بووایە دەبووبە گۆڕستانێکی گشتی بۆ دانیشتوانی شارەکە.

لەمانەی سەرەوە دەتوانین بەو ئەنجامە بگەین کە سروشتی بەشی باشووری عێراق ئەوەیە کە دانیشتوانی ناچار کرد مردووەکانیان لە شوێنی تاڕادەیەک بەرزدا بنێژن. بەهۆی نەبوونی بەرزاییەکانی باشوور، هەر شوێنێکی بەرز هەبووایە دەبووبە گۆڕستانێکی گشتی بۆ دانیشتوانی شارەکە.

بەهۆی ئەم دەرەنجامەوە، من پێموایە پێشبینیی هەڵکەندنکاران لە شوێنی تەپەگەورە ، کە دەڵێت "دەبێت گۆڕستانێک هەبێت کە هێشتا نەدۆزراوەتەوە، لە شوێنێک لە دەشتەکەدا لە نزیک گردە شوێنەوارییەکە" (١١). پێشبینییەکە دروست نەبووە ،چونکە شوێنەکانی باکوور ئاسایی گۆڕستانی گشتان نەبووە .

ئێستا دەبێت پرسیار لە هۆکارەکان بکەین کە بووە هۆی ئەوەی ڕێژەی مردنی منداڵان لە شوێنی تەل سەوان و شوێنەکانی تری باکووردا ئەوەندە بەرز بێت، بێ گومان دەتوانین لە یەکەم نیگادا وا دابنێین کە ڕێژەی مردنی منداڵان لە ڕابردوودا زۆر زیاتر بووە لەوەی ئێستا بەهۆی پەتا و تاعون بەدخۆراکیەوە (١٢) ، بەڵام ئەمە بەتەنها پاساو نادات بۆ ئەم ڕێژە بەرزەی مردن لەنێو منداڵانی تەمەنی شیرپێدان، ڕێژەیەک کە لەڕێگەی هەڵکۆڵینەکانەوە ، تەنها لەو شوێنانەی کە دەکەوێتە ناوچەکانی باکوری عێراق دەرکەوت ، هیچ شتێکی هاوشێوەی ئەو لە بەشەکانی باشوری عێراقدا نەدۆزراوەتەوە ، هەر لەبەر ئەم هۆکارە و بە هۆکاری تریشەوە، کە لەم بابەتەدا دەیخەینەڕوو، پێمان وایە زۆربوونی گۆڕی منداڵانی شیرەخۆرە بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆ زیندەبەچاڵکردنی کۆرپەی مێینە لەلایەن دانیشتوانی شوێنی تەل سەوان و شوێنەکانی تری باکوور کە بەدەست بارانی ناجێگیرەوە دەناڵێنن.

هەرچەندە ئێمە پێمان وایە دانیشتوانی شوێنەکانی باکور ئەم پرۆسەیەیان کردووە، کە لە ڕوانگەی ئێمەوە بە وەڵامێکی قەناعەت پێکەر دادەنرێت بۆ ئەو ژمارە زۆرەی گۆڕی منداڵان لەو شوێنانە، بەڵام ئەم باوەڕە بێ پرسیاری دیکە نییە تێدا کە لە بەرامبەردا پێویستی بە وەڵامی قەناعەت پێکەر هەیە ، یەکێک لە پرسیارە بەراییەکانی ئەم پرسیارانە ئەوەیە: لە کوێوە ئەو بەڵگانەمان دەست دەکەوێت کە بیسەلمێنێت ڕێژەی بەرزی منداڵانی ناشتراون لە مێینەن و نێرینە نین؟

لە ڕاستیدا تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری لەسەر دیاریکردنی جۆری کۆرپە بە خاک سپێردراوەکان ئەنجام نەدراوە، چونکە نەبوونی زیندەبەچاڵکردنی کۆرپەی مێینە لە مێشکی توێژەراندا وایکردووە، بەپێویست نەزانروە بە خێرا لێکۆڵینەوە لە ئێسکەپەیکەرەکان بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەکەم خستە بەردەم پزیشکێک کە پسپۆڕە لە ئێسکدا ، د. گۆرۆسلاڤ سلیپکا Dr. Goroslav Slipka ،



هاوولاتییەکی چیکۆسلۆڤاکیایە، لەسەر بانگهێشتی کۆلێژی پزیشکی عێراقی، چەند جارێک سەردانی عێراقی کردووە بۆی دووپاتکردمەوە کە نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر لێکۆڵینەوەی لە دوو ئێسکەپەیکەری منداڵانی شیردەر کردووە کە لە کۆگاکانی مۆزەخانەی عێراقدا هەڵگیراون و بۆی دەرکەوتووە کە ئەوان هی دوو کچن.

بۆیە ژیانی مرۆڤ لەو قۆناغانەی پێش ئەو ڕێکەوتەی پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەتەواوی وابەستەی باران بووە، کە لە بەرامبەردا بە هۆی هەڵگەڕان وداگەڕانی کەشوهەوا کاریگەری لەسەرهەیە، هۆکاری ئەوەی چارەنووسی پاشا و وڵاتان بەسترابووەوە بە هەڵگەڕان وداگەڕانی کەشوهەوا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێشطۆ وئەو فەرمانڕەوایانە لە قۆناغەکانی پێش هەزارەی سێیەمی پێش زایین ، دەسەڵاتەکانیان سروشتی ئایینی هەبووە ، ڕاستەوخۆ بەرپرسیار بووین لە دابینکردنی خۆراک بۆ کۆمەڵگاکەیان، هەربۆیە ئەو کەمییەی کە لە بڕی خۆراکدا ڕوودەدات، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر فەرمانڕەواکان و چارەنووسیان دەبێت، و لێرەوە جووڵەی هەسار و ئەستێرەکان بووەتە نیشانەی ئاماژەدان بە داهاتووی وڵاتان و فەرمانڕەواکانیان.

لە نێو ئەو نموونە زۆرانەی لە مێژووی کۆن و ناوەڕاستدا، کە ئاماژەن بۆ بەرپرسیارێتی پاشا و فەرمانڕەواکان سەبارەت دابینکردنی خۆراک بۆ کۆمەڵگاکانیان، ئێمە لێرەدا یەکێک لەو نموونە زۆر و بێشومارانە دەخەینەڕوو کە لە نێو هۆزەکانی (لاتۆن)دان ، کە لە سەرەوەی ڕووباری نیل دەژین، کاتێک بەرهەمەکان وشک دەبنەوە و هەموو هەوڵەکانی سەرۆکی هۆزەکە بۆ باران بارین شکست دەهێنن، خەڵکەکە هێرش دەکەنە سەری، بەزۆری لە شەوداو هەموو موڵک و

ماڵی لێ دەسەننەوە و لەو خاکەی کە لەسەری دەژین دەری دەکەن و تەنانەت ڕەنگە بیکوژن.

لەسەر دوورگەی ساڤاج The Savage Islands or Selvagens Islands ،کە دەکەوێتە باشووری زەریای هێمن، زنجیرەیەکی دوور و درێژ لە پاشاکان لە ڕابردوودا حوکمڕانییان دەکرد، کە دەسەڵاتی کاتی و ئایینییەکانیان لە دەستەخۆدا کۆکردبۆوە.

خەڵک ئەوانیان بە بەرپرسیار دەزانی لە بەردەستبوونی خۆراک لە دوورگەکەدا، هەر بۆیە لە کاتی برسێتیدا دژیان دەوەستان و دەیانکوشتن. بابەتەکە دوای ئەوەی یەک لە دوای یەک ئەم پاشایانە کوژران پاشایەتی کۆتایی هات، وەک چۆن کەسێک نەمابوو کە ئاواتەخوازی پۆستی پاشا بێت و بەم شێوەیەش پاشایەتی لە دوورگەکە کۆتایی هات.




The Savage Islands or Selvagens Islands

سەبارەت بە عێراقی کۆنیش، ئەو زانیاریانەی کە لەبەردەستدایە، ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو فەرمانڕەوایانەی لە قۆناغەکانی پێش هەزارەی سێهەمی پێش زایین دەسەڵاتداربووین ، لەهەمانکات بەرپرسیار بوون لە دۆخی خۆراک لە وڵاتەکەدا، هەر بۆیەش جووڵەی هەسار و ئەستێرەکانیش کاریگەرییان هەبووە لەسەر چارەنووسی خۆیان و چارەنووسی وڵاتەکانیان، هەر بۆیەش پێوارزانەکان لە پێشبینی بەخت وئایندەی ئەو فەرمانڕەوایانە و وڵاتەکانیان دەخوێندەوە.

بەو پێیەی هەسار و ئەستێرەکان لە ئاسماندا دەردەکەون و ون دەبن و شوێنەکانیان بەپێی قۆناغی دیاریکراو دەگۆڕن، چونکە بە خولگەیەکی جێگیر دەجولێن، هەرکاتێک خولێکی فەلەکییان تەواو کرد، حاڵەتەکانیان، یان باشتر بڵێین گەشتەکەیان، لە ئاسماندا دووبارە دەکەنەوە. بۆ نموونە مانگ دوای تێپەڕبوونی ۲۹.۵ ڕۆژ لە هەر لایەک، هەریەک لە ڕووخسارەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە.

ئەگەر مانگ پڕ بوو،ئەوە دوای ۲۹.۵ ڕۆژ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر پڕ بێتەوە. ئەمەش لە تەنە ئاسمانییەکانی دیکەدا هەیە. بەم پێیە بۆ پێوارزانەکان پشتڕاستبوویەوە کە هەڵگەڕانەوەی کەشوهەوایانەی کاریگەرییان لەسەر سەرچاوە خۆراکییەکان هەیە، پێشوەختە دیاریکراون و ناتوانرێت خۆیان لێ دوور بخەنەوە یان بگۆڕدرێن، چونکە ئەوان هیچیان لەبارەی ئەو خولگەیانە نازانن کە هەسار و ئەستێرەکان تێیدا دەسوڕێنەوە ، کە کاریگەرییان لەسەر ئەم هەڵگەڕانەوە کەشوهەوایە هەیە. ئەم ڕاستییە بەم بڕگانەی خوارەوە پشتڕاست دەکرێتەوە:

۱- ئەگەر زانیت هەسارەی زوحەل لە کەلووی شێردایە و مانگ لە مانگگیراندایە، لەو ماوەیەدا نرخی یەک (کور) جۆ یەکسان بووە بە یەک شیقڵ زیو، * ئەوا پێویستە بزانیت، ئەگەر هەمان شت ڕوویدات لە داهاتوودا، کە نرخی یەک (کور) جۆ یەکسان یەکسان دەبێت بە یەک شیقڵ زیو.

۲- ئەگەر تۆ پاشای بابل بوویت و زانیت کە ئەوەی پێشووت بەهۆی هەمان بارودۆخەوە شەڕێکی دۆڕاندووە (واتە بوونی زوحەل لە کەلووی شێر و مانگ لە مانگگیراندایە)، دەبێت دڵنیا بیت کە گرنگ نییە چی دەکەیت و نەخێر گرنگ نییە چەندە لە خوداوەندەکان بپاڕێیتەوە و لێیان نزیک ببیتەوە، ناتوانیت خۆت لە چوونە ناو شەڕێکەوە بەدوور بگرێت وهیچت پێناکرێت جگە لە شکست.



ئەمانە ئەو هۆکارانەن کە وایکرد عێراقییە کۆنەکان باوەڕیان بەوە هەبێت کە ئەوەی بەسەر پاشاکان و وڵاتەکانیاندا دێت پێشوەختە دیاریکراوە و دەتوانرێت لەڕێگەی جووڵەی هەسار و ئەستێرەکانەوە ئەمە بزانرێت. بێگومان ئەم ڕاستییە وای لێکردن باوەڕیان بەوە هەبێت کە ئەوەی بەسەر مرۆڤایەتیدا دێت،ئەویش دەبێت پێشوەختە دیاری کرابێت، بۆیە سەیری هەموو شتێکیان دەکرد لەجووڵە وگۆڕان دابوایە وەک ئاماژەیەک بۆ ناسینی بەخت ونێوچاوانی مرۆڤی ئاسایی، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە جوڵەی ئاژەڵان و ئاراستەی باڵندەکان لە کاتی فڕینیاندا بەکارهێناوە، ڕۆن ڕژاندنە سەر ئاو و خوێندنەوەی جگەر،بەشێک بووە لەو ڕێوڕەسمە، چونکە دەرکەوتەی دەرەکی جگەر و ئەو نیشانانەی کە تێیدایە لە جگەرێکەوە بۆ جگەرێکی تر جیاوازە و حاڵەتێکی جێگیری نییە.

دیاردە سروشتییەکانی دیکەی کەوا ئەو باوەڕەیان دامەزراندووە ،کە ئەوەی بەسەر مرۆڤی ئاساییدا دێت پێشوەختە دیاری کراوە، ئەو چوار وەرزە و ئەو دیاردە و ڕووداوانەن کە هاوکاتیانن و بێگومان ئێستاش هەن.

بۆ نموونە هەموو ساڵێک لافاو هەمیشە لە هەمان ماوەدا دێت، بۆیە بەلای خەڵکەوە وا دیار بوو کە پێشوەختە بڕیار دراوە بۆ ئەوەی لافاوەکە لە وەرزی بەهاردا ڕووبدات و هەمان شت لە بابەتەکانی دیکەی وەک کاتی باران بارین، یان ئەو ماوەیەی کە گەرما یان سەرما توند دەبێت و هتد...

* یەک (کور) یەکسانە بە 100 کیلۆگرام لە کێشی ئێستامان، یەک شیقل یەکسانە بە 4.8 گرام.

پێوار:الرمز

پێوارەتی:الرمزیە (لیستەی زاراوەکانی فەلسەفەو ژیربێژی، ل ٤٤٩،گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد،ب ٤ ، ١٩٧٦)

د. فوزی رشید، السحر والعرافة لدى الانسان القديم ،افاق عربية ،مجلة فكرية شهرية عامة ،ژمارە(١)،ساڵی یازدەم، ١٩٨٦\١\١

## (شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکان لە بیروباوەڕە کۆنەکانی عێراق )




(شۆڕشە کولتوورییەکان لە بیروباوەڕە کۆنەکانی عێراق )

پەیکەری نووسەری سۆمەری (دۆدۆ) لە دەوروبەری ساڵی ٢٥٠٠ پێش زایین. م. پێگەی دەستەکان لە ئەودا و لە پەیکەرەکانی دیکەدا لە ژێر کاریگەری شوێنی دەستە بەستراوەکاندایە.

**شۆڕش ڕێکەوت نییە، بەڵکو لەدایکبوونێکی ناچارەکییە**

من لە لاپەڕەکانی مێژووی کۆن و بە تایبەت مێژووی زۆرکۆن دەگەڕام بۆ بەڵگەیەک کەئەوە پشتڕاست بکاتەوە ، شۆڕش ڕێکەوت نییە، بەڵکو لەدایکبوونێکی ناچارەکییە ، هەروەک چۆن ژنێکی دووگیان لە مانگی نۆیەمیدابێت بە ناچاری منداڵەکەی لەدایک

دەبێت ، شۆڕشی کولتووریش تەنیا نوێبوونەوە و قووڵبوونەوە و پەرەپێدانی شۆڕشەبنجییەکەیە.




ئەو زانیاریانەی لەبەردەستماندایە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە مرۆڤ لە عێراقی کۆن نزیکەی ٨٠٠٠ پێش زایین، دەستیان بە کشتوکاڵ کردووە، سەرەتا لەو ناوچانە دەستی پێکرد کە بارانبارینی وەرزی مسۆگەر بووە و بەس بووە بۆ گەشەکردنی بەروبووم، واتە لە دامێنی شاخەکانی ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات. کشتوکاڵیش بێ گومان بارودۆخی ژیانی زۆر باشتری بۆ مرۆڤ دابینکردووە لە چاو سەردەمەکانی

پێشووتری، ئەمەش لە بەرامبەردا بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان. ئەم زیادبوونە بووەتە هۆی ئەوەی دانیشتوانانی زیادە بەدوای ناوچەی نوێ بگەڕێن بۆنیشتەجێ بوون ، تا لە کۆتایی هەزارەی شەشەمی پێش زایین گەیشتنە ناوچەی سامەرای ئێستا.

لە ڕێگەی ئەو شوێنەوارانەی کە لەلایەن ئەو شارستانییەنەوە دروستکراون ،کە لە ئەنجامی کشتوکاڵی دێمیی کردنەوە سەریان هەڵداوە، دڵنیاین کە دانیشتووانەکانیان پیتوفەڕ(الخصوبة ) و هەموو ئەو شتانەش کە یارمەتیدەرن بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی زۆریانِ بەپیرۆزداناوە ، هەروەها هێمای ئەم بەپیرۆزدانانە یان بە بووکەڵەیەک وێناکردووە،بە خوداوەندی دایک ناسراوە . هۆکاری ئەوەی کە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی هان دا بۆ بە پیرۆزدانانی پیتوفەڕ ، لەبەر ئەوەیە کە هۆکاری بنەڕەتییە کە ژیانیان کۆنترۆڵ دەکات، تا ئەو کاتەی بڕی باران بەس بێَت بۆ گەشەکردنی بەروبوومەکانیان، واتە بەرهەمی زۆر تەنها لەگەڵ بەردەستبوونی پیتوفەڕی خاکەکە دێتەدی.

بەڵام بڵاوبوونەوەی ئەم شارستانییانە لە سەرەتای هەزارەی شەشەمی پێش زایین لە ناوچەکانی باشووری هێڵی باران و درێژبوونەوەی تا شوێنی تەل ئەلسەوان کە دەکەوێتە باشووری شاری سامەرای ئێستا، بووەتە هۆی ناسەقامگیری بناغەکانی ئەو بەپیرۆزدانانە، بە واتایەکی تر، بووەتە هۆی چاندنی تۆو بۆ شۆڕشێک کە دەبێت لەدایک بێت، چونکە بارانبارین لەم ناوچانەدا دەگۆڕێت وناوەناوە و ناجێگیر بووە.

مەبەستمان لە ناوەناوە و ناجێگیر ئەوەیە کە بڕەکەی لە ساڵێکدا بەسە بۆ گەشەکردنی بەرهەم و لە ساڵێکی دیکەدا بەس نییە، ئەم ناجێگیرییە لە ڕێژەی باران بارین وای لە خەڵکی ئەو ناوچانە کرد ، زیاتر سەرنجی خۆیان بخەنە سەر هۆکارەکانی کەشوهەوای کاریگەرییان لەسەر باران و چاندن و دروێنە هەیە، نەک بۆ بەپیتی و هەموو ئەو شتانەی کەدەبنە هۆی زۆری لە بەرهەمهێناندا ، چونکە بە پیتبوون گرنگ نییە، ئەگەر بارانەکە بەس نەبێت بۆ گەشەی بەرهەمەکان.

بەردەوامیی بارودۆخی ئەم حاڵەتە و پیتوفەڕ بەتەنها نەیتوانیوە بارودۆخەکان بگۆڕێت بە قازانجی خۆی ، ئەم هۆکارانە بوونە هۆی لەدایک بوونی ئەو شۆڕشەی کە تۆوەکانی دوای ماوەیەکی کورت لە نیشتەجێبوون لەو ناوچانەی بارانبارینی ناوەناوە و ناجێگیربووچێندرا ، شۆڕشێک کە لە ڕێوڕەسمی پیرۆزکردندا پشتی بەستبوو بەر پیرۆزکردنی ئەو هۆکارە سروشتیانەی کاریگەرییان لەسەر باران و چاندن و دروێنە

هەبوو، بەتایبەتی ئەو هەوایەی کە جووڵەی هەورەکان کۆنترۆڵ دەکات و دەبێتە هۆی بارانبارین.
ئەوەی ئەمەش پشتڕاست دەکاتەوە،ئەفسانەو داستانەکانە سەبارەت بە دروستکردنی گەردوون و مرۆڤ، وەک چۆن دواترلە ئەفسانەو داستانەکانی ئایینی سۆمەری وبابلی کاریگەری ئەم قۆناخە بەدەرکەوتووە، کۆنترین جۆرەکانیان ڕۆڵێکی سەرەکییان بە خوداوەند ئێنلیل، خوداوەندی هەوا بەخشی و کردیان بە دروستکەری گەردوون و مرۆڤ و نازناوێکیان پێبەخشی هاوتا بوو لەگەڵ سروشتی ئەو ناوچەیەی کە شارستانییەتە کشتوکاڵییەکانی دێمی تێیدا زاڵ بوون، کە نازناوی "چیای گەورە"یە و پەرسگاکەی ناوی ماڵی شاخ بوو.




لە خوارەوە کۆنترین داستانەکانی پەیوەست بە دروستکردنی گەردوون و مرۆڤ دەخەینەڕوو، کە بە ((بیور)) ناسراون، بەم شێوەیەن:
((پەروەردگار خوداوەندی گەورە ئێنلیل وایکردووە ئەوەی بەسوودە گەشاوە دەربکەوێت.
پەروەردگار ، کە چارەنووس نووسینی ناگۆڕدرێت.

پەلەی کرد بۆ جیاکردنەوەی ئاسمان لە زەوی.
پەلەی کرد بۆ جیاکردنەوەی زەوی لە ئاسمان.
دوای ئەوە کاری کرد بۆ ئەوەی مرۆی یەکەم دەربکەوێت.
بۆیە لە ناوچەی دورانکی درزێکی لە زەویدا هەڵکەند.
پاشان بیوری دروست کرد، پاشان ڕۆژەکە کۆتایی هات.
پاشان ئەرکی کارکردنی بڕیاریدا و چارەنووسی بڕیاریدا.
لە کاتێکدا دەسکی بیور و دەسکی سەبەتەی کارەکەی توند دەکرد.
شکۆمەندی خوداوەند ئێنلیلی کرد و ئەو بیورەی کە دروستی کردووە.

بیورەکەی هێنا بۆ ((ئۆزۆ - ئایا))،
سەرەتاکانی مرۆڤایەتی لە درزەکەدا دانا.
کاتێک مرۆڤەکان وەک چیمەن لە زەویەوە دەرکەوتن،
خوداوەند ئێنلیل بە ئاسوودەیی سەیری گەلی سۆمەری خۆی دەکرد.


ثلاث دمى تصور الآلهة الام التي ترمز الى تقديس فكرة الخصوبة

سێ بووکەڵەی خوداوەندی دایک نیشانەی پیتوفەڕو زۆربوون

مێخوداوەندەکانی ئەنونناکی لە تەنیشتی وەستابوون.
دەستیان لەسەر دەمیاندا دانابوو.
نزایان بۆ خوداوەند ئێنلیل دەکرد.
بیورەکەی خستە دەستی گەلی سۆمەری. ))

لە نێو ئەو داستانانەی تر کە لە دوای داستانی ((بیور)) نووسراون، داستانی ناسراو بە ((خودای جۆ ئەنشان و مەڕ) دیارە کە ئەم داستانە دوای ئەوەی ڕابردوو نووسراوە چونکە باسی لە دروستکردنی هەموو شتێک دەکات کە پێویستە بۆ ژیانی مرۆڤ دوای ئەوەی یەکەم باسی دروستکردنی مرۆڤی کردبوو، ئەوانیش بەم شێوەیە:
((لەسەر چیای ئاسمان و زەوی.
مێخوداوەندە گەورەکانی ئەنونناکی لەدایک بوون،
چونکە ئەنشان خوداوەندی جۆ هێشتا لەدایک نەبووە و هێشتا نەڕواوە.
خوداوەند ((ئوت-تو)) داوی لە وڵاتدا دروست نەکردووە.
خوداوەند ((ئوت-تو)) داوی لە وڵاتدا دروست نەکردووە.

خوداوەند ((ئوت - تو)) هێشتا چاڵەکەی هەڵنەکەندووە.
هێشتا مەڕی دروست نەکردووە و بەرخەکانیش زۆرنەبووین
هێشتا بزنەکەی دروست نەکردووە و بەچکەکانی زۆرنەبووین.

تا ئێستا مەڕەکە دوانەیەکی نەبووە.
تا ئێستا مەڕەکە دوانەیەکی نەبووە.
چونکە مێخوداوەندە گەورەکانی ئەنونناکی و ئەنشان، پڕ لە پاکی، نەناسرابوون مەڕەکە دوای...
چونکە هێشتا جۆی سی ڕۆژە ((شیکوشو)) نەزانراوە.
چونکە هێشتا جۆی چل ڕۆژە ((شیکوشو)) نەزانراوە.
چونکە هێشتا جۆی پەنجا ڕۆژە ((شیکوشو)) نەزانراوە.
لەبەر ئەوەی جۆی بچووک ، جۆی ناوچەی شاخاوی و جۆی ((ئادەم - کۆ))
هێشتا نەزانراوە، ئەو جلانەی مرۆڤ لەبەری دەکات هێشتا نەزانراوە.
خوداوەند ((ئوتو)) هێشتا لەدایک نەبووبوو و هێشتا تاجەکەی لەسەر نەکردبوو.

خوداوەند ((سموقان)) هێشتا نەچووەتە وڵاتی وشکاتی
مرۆڤی سەرەتایی هێشتا نەیانزانیوە نان بخۆن.
هێشتا نەیاندەزانی جل و بەرگ لەبەر بکەن.
لەسەر دەست و قاچەوە دەڕۆیشتن
ئەوان وەک مەڕ بوون، چیمەنیان دەخوارد
لە کجۆطەاڵەکانەوە ئاو دەخۆنەوە.
پاشان و لەو شوێنەی کە خوداوەندەکانی لێ بوون.
لە پەرسگاکەیدا کە گردە پیرۆزەکە بوو، خوداوەندەکان بڕیاریان دا کە مەڕ و جۆ دەربکەون.
لە پەرسگادا ئەو شوێنەی خوداوەندەکان نانی تێدا دەخۆن،
لەسەر بەرهەمهێنانی مەڕ و جۆ ڕێککەوتن.
مێخوداوەندەکانی ئەنونناکی خۆراکیان خوارد، خوداوەندەکانی گردە پیرۆزەکە،
بەڵام نەگەیشتنە ئاستی تێربوون.
خواردنەوە بە تامەکە، کە لەلایەن کۆزی مەڕانەوە بەرهەم دەهێنرێت،
مێخوداوەندەکانی ئەنونناکی، مێخوداوەندەکانی گردە پیرۆزەکە، خواردیانەوە،
بەڵام نەگەیشتنە ئاستی تێربوون.
لە کۆزی مەڕەکانی پاکدا ئەوەی دڵخۆشیان دەکات بەجێیان هێشت.
مرۆڤایەتییان بەجێهێشت، گیانی ژیانیان.
ئەوکات خوداوەند ئێنکی لەگەڵ خوداوەند ئێنلیل قسەی کرد:




باوکە ئێنلیل، مەڕ و جۆ،
کە لەسەر گردە پیرۆزەکە گەشەیان کرد،
هیوادارین لە گردی پیرۆزەوە بیگوازینەوە بۆ سەر زەوی.
لەسەر بنەمای داواکاری خوداوەند ئێنکی، و وەڵامی خوداوەند ئێنلیل بۆی.
مەڕ و جۆ لە گردە پیرۆزەکەوە گوێزرانەوە سەر زەوی)).
سەرەڕای ئەوەی سەرنجی خەڵک ئاراستەی هۆکارەکانی کەشوهەوا دەکرا، بەڵام بەرژەوەندی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بە پێی پیرۆزکردنی(ئایینی) یەکەم کە پیرۆزکردنی پیتوفەڕوهۆکارەکانی زۆربوونە، وایکردووە هەموو ئەو کەسانەی سوودی لێ وەردەگرن، بە هەموو هێزو تواناکانی خۆیانەوە بەرەنگاریی بیرۆکەی پیرۆزکردنە ( ئایینییە) نوێیەکە ببنەوە . لە هەمان کاتدا ئەم بەرەنگاربوونەوەیە وای لە هەموو ئەو تاکانە کرد کە هیچ بەرژەوەندییەکیان نەبووە یان بەرژەوەندییەکانیان زیانیان بەرکەوتووە، ئەو بیرۆکە نوێیانە لە باوەش بگرن و بیکەن بە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە، بەو هیوایەی سەرکەوتنی بیرۆکە نوێیەکان ڕەنگە بارودۆخەکانیان باشتر بکات.

به پشتبەستن بەو شتانەی لە سەردەمی ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازە زۆرانەدا ڕوویانداوە لە سەردەمە مێژووییەکانەوە و تا سەردەمی ئێستاد ، دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە لایەنگرانی بیرۆکە نوێیەکان ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و ئاوارەبوون بوونەتەوە و نەیارەکانیان هەوڵی چاکسازییان داوە ،کە هەوڵی ڕاکێشانی خەڵک دەدەن بۆ بیرۆکە کۆنەکان ،کە لەسەر بنەمای پیتوفەڕو هۆکارەکانی زۆربوونەوە دامەزراون.
لە نێو ئەم چاکسازیانەدا کە پێشبینی دەکەین لەم قۆناغەدا ئەنجام دراون، هێنانەکایەی توخمی پیاوە وەک هێمایەکی زیادەی پیتوفەڕ، ئەوان بە ئەندامی نێرینەی پیاو ئاماژەیان بۆ ئەمە کردووە ، کە زۆرلەو بووکەڵانەی ئەم ئاماژەیان تێدایە لە گردی ئەلسەوان لە نزیک قائیم دۆزراونەتەوە لە باشووری شاری سامەڕا، کە شارستانیەتی سامەڕا تێیدا باو بوو.
پێدەچێت ئەم هەوڵە چاکسازییە، بەڕای ئێمە، هەوڵێکی زیرەکانەیە و بیری لێکراوەتەوە ، چونکە لە ڕووی کرداریەوە دوو دیوی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە ناساندنی توخمی نێرینەیە واتەپیاوە لە پاڵ ژندا وەک هێمایەکی پیتوفەڕو هۆکارەکانی زۆربوون ، بەوەش پیرۆزکردنی (پەرستنی) کۆن لە چوارچێوەی خۆیدا ناخاتە دەرەوە ، دووەمیان ئەوەیە کە پیاوان لە ڕووی سۆزدارییەوە بەدەستبهێنێت و هانیان بدات بەرامبەر بیرۆکەی نوێ بوەستنەوە، چونکە یاخیبوونی پیاو لە بیرۆکەی پیتوفەڕو هۆکارەکانی زۆربوون، دوای ئەم هەوڵە چاکسازییە، لەم حاڵەتەدا یاخیبوونێک دەبێت لە دژی خۆی.
بەم پێیە ئێمە پێمان وایە ئەم هەوڵە چاکسازییە و ئەو ئامرازانەی دیکە کە لەگەڵیدا بووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بیرۆکەی نوێ، بە دڵنیاییەوە پاڵنەری دانیشتوانی شارستانیەتی سامەرایان بەرەو پیرۆزکردنی هۆکارە سروشتییەکان کەمکردووەتەوە.
سەبارەت بە لایەنگرانی بیرۆکەی نوێ ، دەبێ ڕووبەڕووی ضەوساندنەوە و ئاوارەبوون بوونەتەوە، ئەمەش وای لێکردوون کە ناوچەکە بەجێبهێڵن و بەرەو بەشی باشووری عێراق بڕۆن، کەئەوکات لە سەرەتای دروستبوونیدا بووە، ئەمە جگە لەوەی هیچ شوێنێکی دیکە نەبووە بۆی بڕۆن. هەربۆیە بیرۆکە نوێیەکان لەو ناوچانەدا سەرکەوتوو نەبوون کە بارانبارینی ناجێطیری تێدابوو، بەڵکو لە بەشی باشووری عێراقدا گەشەیان کرد و بڵاوبوونەوە، هەر لەوێش بۆ یەکەمجار لە مێژووی میزۆپۆتامیادا پەرسگا وەک دامەزراوەیەکی ئاینی دروستکرا. پەرسگاکان ماوەیەکی یەکجار زۆربوو ئەو شوێنەبوون کە ڕێوڕەسمەکانی پەرستنی خوداوەندەکانی هێزە سروشتییەکانی تێیدا ئەنجام دەدرا.

دەرکەوتنی پەرسگا بۆ یەکەمجار لە بەشی باشووری عێراق خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی ڕوونە کە باشووری عێراق بیرۆکەی ئایینی نوێی وەرگرتووە کە جیاوازە لە بیرۆکەکانی باکوورەکەی، بە جۆرێک کە پێویستی بە سەرهەڵدانی پەرستگا بووة و وەک دامەزراوەیەک دروستی کردووە.




بەڵگە هەیە کە ئەوانەی هەڵگری بیرۆکەی نوێ بوون ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و ئەشکەنجە و ئاوارەبوون بوونەتەوە ،ئەویش لە کۆنترین پارچەی پەیکەرسازی سێ ڕەهەندیدا نمایش کراوە کە لە بەشی باشووری عێراقدا دۆزراونەتەوە هەموویان پیاوانێک پێشان دەدات لەسەر ئەژنۆکەوتوون و کۆت و بەندکراون و لە دۆخێکدا دەکەن کە بە هیچ شێوەیەک جیاواز نییە لەو دۆخەی کە لە ڕابردوودا دیلەکانی جەنگ تێیدا بە کۆت و بەندەوە بەستراونەتەوە، هەربۆیە ئێمە پێمان وایە ئەم پارچە پەیکەرسازییانە لە ڕاستیدا هیچ نین جگە لە وێناکردنی ئەو چەوساندنەوە و ئەشکەنجەیە ڕووبەڕووی ئەو کەسانە بووەنەوە کە بیرۆکەی پەرستنی هێزە سروشتییەکانیان هەبووە ، لە کاتی خەباتیان دژی پەرستنی بیرۆکەی

پیتوفەڕوهۆکارەکانی زۆربوون ، بیرۆکەیەک کە ئێمە گوتمان بۆ ئەو ناوچانە بووەتە بیرۆکەیەک کە بارانبارینی ناجێگیریان هەیە، بیرۆکەیەک ،پێداویستییەکانی دانیشتووانی دابین نەدەکرد.
پێدەچێت شوێنی دەستەکان لە پەیکەرە یەکەمەکاندا کاریگەری لەسەر پەیکەری سۆمەری و بابلییەکان هەبووبێت، هەربۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو ئەو پەیکەرانەی باسکراون دەستەکان لە دۆخێکدا وێنا دەکەن کە زۆر هاوشێوەی دەستە بەستراوەکانە.



ژنێکی ڕووتی سەرمارمێلکە -منداڵێک شیر دەدات، لە ئور، سەردەمی ئوبەید، ج. ٤٥٠٠- ٤٠٠٠ پێش زایین؛ مۆزەخانەی عێراق

ئەمەش زیاتر لە پەیکەرە سەرەتاییەکانی سۆمەرییەکان پشتڕاست دەکرێتەوە ، دەبینین شوێنی دەستەکان جیاواز نییە لە شوێنی دەستەکان لە یەکەم پارچە پەیکەرسازییەکاندا کە پیاوان بە زنجیرەوەبەندکراون وێنا دەکەن. بەڵگەیەکی تر هەیە کە پشتگیری لە ڕەوایەتی ئەم گریمانەیە دەکات، ئەویش ئەوەیە کە هەموو پەیکەرەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی ناڕاستەقینە نەخشێنراون، بە جۆرێک اماژەی ئەو ئازارە دەکەن ، کە ئەوانەی هەڵگری بیرۆکەی نوێ بوون ڕووبەڕوویان بوونەتەوە.

ئەوەی کە ئەو باوەڕە بەهێزتر دەکات ، پەیکەرەکانی مرۆڤی سۆمەری لایەنێکی ئازاراویی تایبەتمەندیان هە بوو، بەو هۆکارەی باسمان کرد، ئەوەیە کە هونەرمەندی سۆمەری بابەتگەلێک وێنا دەکات کە هیچ پەیوەندییەکیان بە قۆناغی خەباتەوە نییە کە ئێمە گریمانەمان کردووە، وەک ئاژەڵ، بۆ نموونە بە شێوازێکی تاڕادەیەک واقیعی وێنایان دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە هونەرمان لە سەردەمی ئەکەدیەکان (٢٣٤٠ - ٢١٥٩ پ.ز) بینی، بەتایبەتی ئەو هونەرەی کە لە ویستی دەسەڵاتی فەرمانداراەوە سەریهەڵداوە، تا ڕادەیەک ڕزگاری بووە لەو دەربڕینگەرایی و ئازارنماییانەی کە لە پەیکەرەکانی سۆمەریدا دەبینرێت، چونکە مێژووی ئەکەدییەکان هیچ پەیوەندییەکی بە مێژووی سۆمەرییەکانەوە نییە.

کەواتە، ناڕاستەقینەیی پەیکەرە مرۆییەکانی سۆمەری و ئازارنمایی ئەم پەیکەرانە هەڵیدەگرن بە مەبەست بووە و ئەم شێوازە لە ژێر کاریگەری پەیکەرە یەکەمەکاندا بووە. ئەوەی ئەم لایەنە پشتڕاست دەکاتەوە، ئەو ڕاستییەیە کە هەموو هونەرەکانی جیهان لەسەری بنیات نراون، ئەویش ئەوەیە کە هونەرەکان بەردەوام و بۆ هەمیشە خزمەت بە ئامانجەکانی مرۆڤ دەکەن و گوزارشت لە بیروباوەڕ و کارەسات و خۆشییەکانی دەکەن ،گومانی تێدا نییە کە هەمووان بە ڕوونی هەستیان بە کاریگەرییەکانی ئازارەکانی شکۆمەندعیسای مەسیح کردووە لەسەر هونەرە مەسیحییەکان، چونکە ئەو خاچەی کە لەسەری هەڵواسرابوو بوو بە هێمایەکی گرنگ بۆ مەسیحییەکان و بنەمایەک بۆ نەخشەسازی بۆ کەنیسەکانیان، هەموو بەرهەمە هونەرییە مەسیحییەکان تارمایی ئەو ئازارانەی تێدایە کە ئەزموونی کردووە. بۆیە بەهیچ شێوەیەک سەیر نییە کە وابزانین ئەوەی لەگەڵ هونەرە مەسیحییەکان ڕوویدا، لە ڕابردوودا شتێکی هاوشێوە ڕوویدابێت لەگەڵ هونەری ئەو کەسانەی کە هەڵگری بیرۆکەی نوێ بوون، کەلە بەشی باشووری عێراقیان نیشتەجێ بوون.

گواستنەوەی پەرستنی هێزە سروشتییەکان بۆ بەشی باشووری عێراق، خستویەتیە دۆخێکەوە کە ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەرئەو حاڵەتەی کە تێیدا بووە لەو ناوچانەی کە باران بارینی ناجێگیرە، چونکە سروشتی بەشی باشووری عێراق تەواو جیاوازە لە سروشتی ئەو ناوچانەی کە پێشتر باسمان کرد. لە سەرووی هەمووشیانەوە کشتوکاڵ لەو بەشەی کە ئاماژەمان پێدا، واتە بەشی باشوور، پشتی بە ئاودێری بەستبوو، هەر بۆیە باران و هۆکارەکەی ئیتر هیچ ڕۆڵێکی لە ژیانی دانیشتوانی باشووردا نییە. ئەمەش لە لایەک و لە لایەکی ترەوە پشتبەستنی کشتوکاڵی باشوور بە ئاودێری و زۆری زرنگاوەکانی باشوور وایکرد ئەو ئاو و گڵانەی کە دانیشتوانی باشوور لێیەوە هەموو شتێکی پێویستیان لیانەوە دروست دەکەن لە گرنگییەکەی گرنگتر بوو لە ئەو بایانەی کە دەبنە هۆی باران ،بۆیە ئەو بیرۆکە نوێیانەی کە لە سەرەتاوە بەخشرابوون بە خوداوەندی ئێنلیل، خوداوەندی هەوا ، ئەو کۆنترۆڵی ئەو بایانە دەکات کە دەبنە هۆی بارانبارین، و پیرۆزییەکەی لە خوداوەندەکانی دیکە گەورەتربوو ، چیتر لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا ناگونجێت کە کۆچبەرانی باشوور ڕووبەڕووی دەبوونەوە.

ئەوانەی خاوەن ئاوەزی گەشاوەن و حەزیان لە پاراستنی کۆمەڵگایە لە داڕمان، درکیان بەوە کرد کە ئەو بیرۆکانەی جێگەی پیتوفەڕو هۆکارەکانی زۆربوون گرتبووەوە، کاتیان هاتووە بۆ نوێکردنەوە تا بتوانن بەپێی هەلومەرجە نوێیەکان گەشە بکەن، ئەگینا ڕووبەڕووی سەختی گەورە دەبێتەوە بۆیە لە ڕاستیدا ئەم کەسانە سەرکردایەتی شۆڕشێکی ڕۆشنبیرییان کرد لە ڕێگەیەوە ئەو ئاستەنگانەیان



وێنەی خوداوەندی سۆمەری ئێنکی نزیکەی ٢٣٠٠ پێش زایین

لابرد کە لە ڕێگەی پیرۆزکردنی هۆکارە سروشتییەکانەوە دەرکەوتن و خستیانە سەر ڕێگای ڕاست، خوداوەند ئێنکی بە خوداوەندی زەوی و ئاو، دروستکەری گەردوون و مرۆڤ و گڵیان کردە ئەو مادەیەی مرۆڤ لێی دروست بووە.
مرۆڤەکان لە ڕاستیدا شۆڕشێکی کولتوورییان بەڕێوەبرد کە لە ڕێگەیەوە بەربەستەکانیان لابرد کە لە ڕێگەی پیرۆزی هۆکارە سروشتییەکانەوە سەریان هەڵدا و خستیانە سەر ڕێگای ڕاست، لەڕێگەی ئەوەی خوداوەندی زەوی و ئاو، ئێنکیان کرد

به خوداوەندی زەوی و ئاوو دروستکەری گەردوون و مرۆڤ ، و گڵیان کردە ئەو مادەیەی کە مرۆڤ لێی دروست بووە.

ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵەی دووەمی داستان و ئەفسانە پەیوەندیدارەکان بە دروستکردنی مرۆڤەوە بۆمان پشتڕاست کراوەتەوە.

لە دیارترین ئەفسانەی گرووپی دووەمدا ئەفسانەی ناسراوە بە ((خوداوەندی ئێنکی و مێخوداوەند نینماخ) ە،لە خوارەوە ناوەڕۆکی ئەم ئەفسانەیە دەخەینەڕوو:

((کاتێک خوداوەندە دایکەکان زان، دایکان.

کاتێک خوداوەندە دایکەکان هاوسەرگیریان کرد، دایکان.



کاتێک خوداوەندە دایکەکان لە نێوان ئاسمان و زەویدا دابەش بوون.
کاتێک خوداوەندە دایکەکان زان لە - ئاخا - .
لەو سەردەمەدا خوداوەندەکان پێویست بوو کار بکەن و پێویست بوو خواردن و خواردنەوە بۆ خۆیان دابین بکەن، وەک ئەوەی خوداوەندە گەورەکان سەرپەرشتی کارەکە بکەن و خوداوەندە بچووکەکان سەبەتەکان هەڵبگرن.
لە خەرالی - خوداوەندەکان خۆڵەکانیان کەڵەکە دەکرد بۆ ئەوەی جۆگاو دروست بکەن.
خوداوەندەکان بەپەلە دەهاتنە ئەوێ و گلەییان لە جۆری کارەکە دەکرد.
لەو سەردەمەدا خوداوەندی ژیری ئێنکی کە خوداوەندەکانی دروست کردووە،
لە – ئینکور - ئەو دەفرەی کە ئاو لێیەوە دەڕژێت،
ئەو شوێنەی کە خوداوەندەکان ناتوانن بچنە ناویەوە،
خوداوەند ئێنکی لە ژووری نووستنەکەیدا لە قووڵایی خەودا پاڵکەوتبوو.
لە کاتێکدا خوداوەندەکان دەگریان و دەناڵین، چونکە ئەو ماندوون بەشی ئەوان بوو.
بەڵام خوداوەندەکان نەیانوێرا بچنە ژووری نووستنەکەیەوە



بەڵام خوداوەند ـ نەممو ـ ئەو دایکەی کە لە هەمووان باڵاترە و ژمارەیەکی زۆری خوداوەندەکانی بووە.

کوڕەکەی باسی سکاڵای خوداوەندەکانی بۆ خوداوەند ئێنکی کرد و وتی؛

کوڕم بەڕاستی خەوتووی.

خوداوەندە گەورەکان لە جەستەی خوداوەندە بچووکەکان دەدەن.

کوڕم لە ژووری نوستنەکەت دەربکەوە!

لە ڕێگەی حیکمەتەکەتەوە لە هەموو هونەرێک تێدەگەیت.

جێگرەوەیەک بۆ خوداوەندەکان دروست بکە تا لەبری ئەوە سەبەتەی کارەکە هەڵبگرێت.
خوداوەند ئێنکی بە قسەی دایکی، خوداوەندی نەممو ، هەستا.
چووە ناو هۆڵی پیرۆز و لەکاتێکدا بیری لێدەکردەوە بە دەستی لە ڕانی دەدا:
دانا، زانا، بینا، ئەو کەسەی لە هەموو شتێک تێدەگات و هەمووی هونەرە.
دوای ئەوە خوداوەند ئێنکی دەستی هێنا و سنگی مرۆڤی دروستکرد.
ئێنکی، دروستکەر بەشێک لە داناییەکانی لەناو دروستکراوەکەیدا دانا ،
پاشان بانگی دایکی کرد کە خوداوەندە بە ناوی نەممو و پێی گوت:
دایکم: ئەو بوونەوەرەی کە من دروستم کرد، کاری خوداوەندەکانی پێ سپێردرا
دوای ئەوەی ئەو گڵانە تێکەڵ دەکەیت کە لە ئاوی ئەبو وەریدەگریت،
دەبێت ئەندامەکان دروست بکەیت و ببێتە مرۆڤ.
دەشێ مێخوداوەند نینماخ لەم کارەدا یارمەتیت بدات،
هەروەها ئەو خوداوەندانەی کە لە تۆ بووین،
لە کاتی کارکردندا یارمەتیت بدەن.
دایە، چارەنووسی مرۆڤ بڕیار بدە، مێخوداوەندی نینماخ وەڵامی دەداتەوە:
ڕەنگە کار چارەنووسی ئەو بێت.)

ئەفسانەیەکی تر هەیە بە ناوی ((ئینکی و خوداوەندی ننخورساگ))، و وردەکاری ئەم ئەفسانەیە سەرەتای شۆڕشی ڕۆشنبیری دەنوێنێت، کە هەوڵیدا پیرۆزیی هۆکارە سروشتییەکان بخاتە ڕێچکەیەکەوە کە لەگەڵ سروشتی بەشی باشووری عێراق بگونجێت، بە تیشک خستنە سەر ڕۆڵی خوداوەند ئێنکی لە دروستکردنی خوداوەندەکان و مرۆڤدا. ئەو ئەفسانەیەی بەوە دەست پێدەکات خوداوەند ننخورساگ




دەچێتە دیلمون (لە ئێستادا بەحرەین و ئیماراتی یەکگرتووی)، سۆمەرییەکان بە بەهەشتەکەی خۆیانیان بینیوە و داوای لە خوداوەند ئێنکی دەکات ئاوی ژێر زەوی بگۆڕێت بۆ ئاوی شیرین کە گونجاو بێت بۆ خواردنەوە و ئاودێریکردنی بەروبوومەکان، بەو پێیەی ئەو بەرپرسیارە لە ئاوی ژێر زەوی.

دوای ئەوەی خوداوەند ئێنکی ئەرکەکە بە باشی بە ئەنجام دەگەیەنێت، لەگەڵ مێخوداوەند ((نین-تو)) کە ناوی تری خوداوەند نونخرساکە، جووت دەبێت و دوای ماوەی نۆ ڕۆژ لە دووگیانی، مێخوداوەند ((نین-مو) ) لەدایک دەبێت. کە ئەم مێخوداوەندە لەدایک دەبێت، خوداوەند ئێنکی بە خۆشەویستییەکی زۆرەوە خۆشی دەوێت، ئەمەش وای لێدەکات پەیوەندی لەگەڵیدا بکات. لەگەڵی جووت دەبێت، دوای دووگیانی نۆ ڕۆژ، مێخوداوەند((نین-کورا)) لەدایک دەبێت، خوداوەند ئێنکی هەمان کار لەگەڵ مێخوداوەند ((نین-کورا)) دەکات و دوای ماوەی نۆ ڕۆژ لە دووگیانی، مێخوداوەند ((ئوت-تو))، خوداوەندی تەونکاری و شۆردن، لەدایک دەبێت. لەم خاڵەدا مێخوداوەند ننخورساگ دەست لە بابەتەکە وەردەدات و خوداوەند ((ئاوت-تو)) فێر دەکات کە چۆن لەگەڵ خوداوەند ئێنکی ڕەفتار بکات، بەم شێوەیە ئەم لەدایک بوونە یەک لە دوای یەکانە دەوەستێنن.

بەڵام خوداوەند ئێنکی دەتوانێت بە دزییەوە بچێتە ناو باخچەی ماڵی مێخوداوەند ((ئوت-تو)) بە بیانووی ئەوەی کە باخەوانێکی شارەزای دارە میوەجاتەکانە. لە ڕێگەی ئەم فێڵەوە خوداوەند ئێنکی لەگەڵ مێخوداوەند ((ئوت-تو)) جووت دەبێت. لێرەدا مێخوداوەند ننخورساگ دێت و بە ڕاستی دەست لە بابەتەکە وەردەدات، بەجۆرێک ئەو تۆوەی کە خوداوەند ئێنکی لە سکی مێخوداوەند ((ئوت-تو))ی چاندووە، لەبری ئەوەی ببێتە هۆی لەدایکبوونی خوداوەندێک،یا مێخوداوەندێک ، هەشت جۆر ڕووەک

دروست دەکات. هەروەها لە ئەفسانەدا دەردەکەوێت کە خوداوەندی ئێنکی داوای لە وەزیرەکەی کردووە کە ((ئیسیمو))ی ناوە، ئەی گیایانەی بۆ کۆبکاتەوە. دوای ئەوەی ئەو کارەی کرد هەموویانی خوارد، بۆیە مێخوداوەند ننخورساگ تووڕە بوو و نەفرەتی مەرگی لێکرد. بۆ ئەوەی بڕیارەکەی نەگۆڕێت، لە نێو خوداوەندەکاندا خۆی ون کرد. تەندروستی خوداوەند ئێنکی دەستی بە تێکچوون کرد و هەشت لە ئەندامەکانی نەخۆشکەوتن. کاتێک خوداوەند ئێنکی خەریک بوو بمرێت، خوداوەندە گەورەکان بۆی دڵتەنگ بوون و بە خەمەوە دانیشتن تەنانەت خوداوەندی ئێنلیل، خوداوەندی هەوا، دڵەڕاوکێی هەبوو لەسەر ئەو بابەتە و نەیتوانی هیچ بکات بۆ ڕزگارکردنی ئێنکی ، ڕێوی هەستا و بە خوداوەند ئێنلیلی گوت ئەگەر پاداشتی باشی پێ بدرێت، خوداوەند ئێنکی لە شوێنی حەشاردانی دەهێنێتەوە. ڕێویەکە بە شێوەیەک سەرکەوتوو بوو، بەهۆی کەمی دەقی مێخەوە نەمانتوانی بزانین چۆن وایکرد خوداوەند نونخارساک بڕیار بدات بگەڕێتەوە بۆ کۆڕی خوداوەندەکان و خوداوەندە ئێنکی، کە خەریک بوو بمرێت چاکبێتەوە، لە تەنیشتی دانیشت و دەستی کرد بە پرسیارکردن لەبارەی نەخۆشییەکانییەوە باسی هەشت جۆر نەخۆشی بۆ کرد، بۆیە خوداوەندەکان نونخیرساک بۆ هەریەکەیان خوداوەندێکی دروست کرد بۆ ئەوەی

چاکی بکاتەوە. کاتێک خوداوەند ئێنکی لە نەخۆشیەکانی چاک بووەوە، گەڕایەوە بۆ پێگەی خۆی لەناو خوداوەندەکاندا وبڕیار لەسەر چارەنووسی هەر یەکێکیان دا و خوداوەندێکی بۆ وڵاتی دڵمون دیاری کرد بە ناوی ((ئینزاک)).

جگە لە دوو ئەفسانەی ((ئینکی و مێخوداوەند نینماخ)) و ((ئینکی و مێخوداوەند نینخێرساک))، ئەفسانەی سێیەم هەیە کە گرنگی خوداوەندی ئێنکی لە دامەزراندنی ڕێکهاتنی گەردووندا نیشان دەدات، هەر بۆیەش ئەو پێی دەوترێت ((ئەنکی و ڕێکخستنی گەردوون)) و پوختەکەی ئەمەیە: خوداوەند ئێنکی گەشتێکی بە جیهاندا کردووە و لە وڵاتی سۆمەرەوە دەستی پێکردووە، بۆ ئەوەی چاکەوخۆشی بە دانیشتوانی جیهان ببەخشێت و لەنێواندائاوەدانی و شارستانی بڵاوبکاتەوە و دوای ئەوە دەستی کرد بە ڕێکخستنی بارودۆخی زەوی و ڕووبار و دەریاکانی و ڕووباری دیجلە و فوراتی پڕکرد لە ئاوی شیرین و ماسی ، هەروەها چەندان خوداوەندی دیاری کرد، هەریەکەیان کە بەرپرسیار بوو لە لایەنێکی تایبەتی چالاکیی شارستانی.

بەو زانیاریانەی خستوومانەتەڕوو، پێدەچێت ڕوون بێت ئەو داستانانەی کە پێش ئەوەی هەڵگرانی بیرۆکەی نوێ بگوازرێنەوە بۆ بەشی باشووری عێراق، تەنیا گوزارشت لە بیرکردنەوەی کشتوکاڵی دەکەن لە تێڕوانینیان بۆ پرۆسەی خوڵقاندنی مرۆڤ.
جگە لەوەش ڕووداوەکانی ئەفسانەی ((خودای جۆ، ئەنشان و مەڕ)) کۆمەڵێک وەسفی پەیوەست بە سەرەتای کشتوکاڵ وماڵیکردنی ئاژەڵەکانی لەخۆگرتبوو، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەو بیرۆکانەی بۆ ئێمە گوازرابووەوە سەبارەت بە سروشتی مرۆڤەکان کە لە سەردەمی پێش سەرهەڵدانی کشتوکاڵدا ژیاون، ئاماژەی بەوە

دەکرد کە لەسەر پێ و دەستەکانیاندەڕۆن، وەک مەڕ بوون، چیمەنیان دەخوارد و ئاویان لە چەمەکانەوە دەخواردەوە. ئەمەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە مرۆڤی کۆن - بە بۆچوونی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە بارانیکیناجێگیریان هەیە - لە تایبەتمەندییەکانیدا هاوشێوەی ئاژەڵ بووە و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا نەبووە کە چارڵز داروین خەیاڵی بۆ چووبوو، بە پێچەوانەی ئەو داستانانەی کە باس لە دروستکردنی مرۆڤ دەکەن کە لە بەشی باشووری عێراق نووسراون، وەک چۆن مرۆڤیان لە گڵ دروست کردووە و بە یەکجاری و تەواو دروست کراوە.
هۆکاری ئەم جیاوازییە لە نێوان چەمک وتێگەیشتنی باکوور و باشوور بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دانیشتوانی ئەو شارستانییە کشتوکاڵیە دێمیانەی کە لە بەشەکانی باکووری عێراقدا بڵاوببوونەوە، هێشتا لە قۆناغێکدا دەژیان کە تاڕادەیەک نزیک بوو لە قۆناغی کۆکردنەوەی بژێوی و خۆراک، واتە قۆناغی جووڵەوگەڕیان بۆ ئاو و خواردن وەک ئاژەڵەکان و هەر بۆیەش یادەوەرییەکانی ئەو قۆناغەی پێشتر باسمان کرد هێشتا لە مێشکیاندا دەژیا. سەبارەت بە مرۆی بەشی باشووریش، ئەو لە گەشەپێداندا ڕێگەیەکی دووری بڕیوە، هەروەها ماوەیەکی زۆر لە نێوان خۆی و قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراکدا هەیە، جگە لەوەی کە دەوروبەرەکەی بە تەواوی جیاوازە لە ژینگەی ناوچەکانی لە قۆناغی کۆکردنەوەی خۆراک دابوون. هەموو ئەم شتانە وای لێکرد کاریگەرییەکانی ئەو قۆناغەی لەبیربچێتەوە، هەربۆیە ئەفسانە و داستانەکانی مرۆی بەشی باشوور ،لەئەفسانەکانیاندا مرۆڤێکی تەواو گەورە و گەشەسەندوویان دروستکردووە، بەپێی وێناکردنێکی تەواو سازکارانەودەستکرد و لەناو ئەومرۆڤیشدا شتێک لە دانایی-حیکمەتی خوداوەندی دروستکەر ئێنکی تێدا هەبووە.

سەرەڕای ئەم پێگە گەورەیەی کە خوداوەند ئینکی Enki لە بەشی باشووری عێراق بەدەستی هێنا، بەڵام نەیتوانی بە درێژایی سەدەکانی دواتر ئەم پێگەیە بپارێزێت، چونکە ژیان وەک دەزانین لە گەشەسەندنی بەردەوامدایە و لە سەریەک حاڵەتدا جێگیر نییە، سەرەتا زانیارییە مێژووییەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە سەرکردایەتی بنەماڵەکان یان بەناو شارە-دەوڵەتەکان لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پێش زایین گواستنەوەی دەسەڵات لە دەستی دەسەڵاتی ئایینی بۆ دەستی دەسەڵاتی سەربازی، واتە دەسەڵاتی سیاسی دەستپێکرد ، چونکە بارودۆخی دەوروبەری ئەم شارە-دەوڵەتانە وای لێکردن پێویستیان بە سەرکردەیەکی سەربازی هەبێت، کە سنوور و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بپارێزێت زیاتر لەوەی کە پێویستی بە پیاوانی ئایینی هەبێت.
هەڵبەت سەرهەڵدانی ئەم پێویستییە ئەوەیە کە بووە هۆی گواستنەوەی سەرکردایەتی بۆ دەستی دەسەڵاتی سیاسی. ئەم پرۆسەی گواستنەوەیە ئاسانکاری بۆ کرا بە هۆی بەرژەوەندیی زۆری خودی دەسەڵاتی ئایینی ، ئەمیش وای دەویست دەسەڵاتی سیاسی سەرکردایەتی بخاتە دەستی خۆی، چونکە ڕێژەیەکی زۆر لەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە دەسەڵاتی ناوبراو کار بۆ پاراستن و دابینکردنی ئاویان بۆ دەکات، سەر بە پەرسگابوون، واتە سەر بە دەسەڵاتی ئایینی بوون.
ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەم هەلومەرجانەی دەوروبەری شارە-دەوڵەتەکان نەک هەر سەرکردایەتییان لە دەستی دەسەڵاتی ئایینیەوە بۆ دەستی دەسەڵاتی سیاسی گواستەوە، بەڵکو بووە هۆی دەرکەوتنی خوداوەندە نوێیەکان کە هێمای دەسەڵاتی



سیاسی و شکۆمەندییەکەی بوون. ئەم خوداوەندە نوێیانە دەستیان کرد بە وەرگرتنی زۆرێک لە ئەرکەکانی خوداوەندە سەرەکییەکان و هەر بۆیە خوداوەند ئێنکی ئیتر تاکە خوداوەندی گرنگ نەمابوو لە بەشی باشووری عێراق.
ئەمەش لە لایەک و لە لایەکی ترەوە ئەو سوێرییەی لە خاکی بەشی باشووردا زیادی کرد ،کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی هەبوو، یەکێک لە ئەنجامە بەراییەکانیشی ئەوە بوو کە پاڵی بە دانیشتوانی باشوورەوە نا بۆ چاندنی جۆ لەبری گەنم، چونکە جۆ زیاتر بەرگەی سوێری دەگرێت لە گەنم.
جۆ - وەک دەزانرێت - بڕێکی بەرچاو لە بەپیتی خاک دەبات، بۆیە خاکی بەشی باشووری عێراق وردە وردە دەستی کرد بە لەدەستدانی بەشێکی زۆری بەپیتی خۆی، لە ئەنجامدا بەرهەمەکەی کەمیکرد، بەجۆرێک ساڵی ٢٤٠٠ پێش زایین ،یەک هێکتار زەوی، بەرهەمێکی جۆی دەبوو یەکسان بە ٢٥٣٧ لیتر؟، لە دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠ بەرهەمی لە ٨٩٧ لیتر؟ زیاتر نەبوو.

ئەم دابەزینەی بەرهەمهێنان تەنانەت ناوەندەکانی دەسەڵاتی سیاسیشی ناچار کرد واز لە پێگەی خۆیان لە باشوور بهێنن و کەمێک بەرەو باکوور بچنە سەرەوە، بۆیە گرنگی شاری بابل لە نزیکەی ٢٠٠٠ پێش زایین دەستی بە زیادبوون کرد. لە دەوروبەری ساڵی ١٨٠٠ پێش زایین. بوو بە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی لە میزۆپۆتامیا، چونکە خوداوەند مەردوک خوداوەندی شاری بابل و هێمای دەسەڵاتە سیاسییەکەی بوو،

سروشتی بوو بۆی لە پێگەدا لە خوداوەندی ئێنکی تێپەڕێت، کە بە زمانی بابلی(ئایا) ((Ea)) پێی دەگوترا. بۆیە دیسان کاتی ئەوە هاتەوە ،



لە سەردەمی پاشای بابلی مەلیشیپاکی دووەمەوە خوداوەند مەردوک لەگەڵ خزمەتکارەکەی کە ئەژدیها موشسوسو وێناکراوە. ئەمە وێناکردنی پەرستنی مەردوک بوو لە بابل.



شۆڕشێکی نوێی
ڕۆشنبیری ئەنجام بدرێت ، ڕێڕەوی باوەڕەئایینەکانی عێراقی کۆن ڕێکبخاتەوە بۆ ئەوەی هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ سروشتی ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوودەدەن.
بەڕاستی ئەم شۆڕشە ڕۆشنبیرییە بە نووسینی داستانێکی نوێ سەبارەت بە دروستکردنی گەردوون و مرۆڤ وێنا کرا، بە ناوی ((چیرۆکی ئافراندنی بابلی))(ئینوما ئیلیش **Enuma elish**)، ئەو چیرۆکەی کە خوداوەند مەردوکی کردە دروستکەری زەوی و ئاسمان، دوای ئەوەی جەستەی مێخوداوەند ((تیامەت))ی بۆ دوو نیوە کەرت کرد، نیوە ئاسمانی پێ دروست کرد و نیوەی دووەم زەوی پێ دروست کرد.
تیامەت ئاوی سوێر دەنوێنێت، واتە دەریا. سەبارەت بە مرۆڤیش، خوداوەند مەردوک فەرمانی دروستکردنی دەدات، بەڵام دروستکەری ڕاستەقینەی خوداوەند ئیا (ئینکی) دەبێت، چونکە ڕۆڵی زەوی و ئاو بە دەرکەوتنی ئەو خوداوەندەی نوێنەرایەتی دەسەڵاتی سیاسی دەکات کۆتایی نەهاتووە . لە خوارەوە ئەو بەشەی چیرۆکی چیرۆکی ئافراندنی بابلی دەخەینەڕوو کە پەیوەندی بە دروستکردنی مرۆڤەوە هەیە:
دوای ئەوەی خوداوەند مەردوک گوێی لە قسەی خوداوەندەکان بوو،

دڵی دەسوتێنێت بۆ ئەوەی کامڵبوون دروست بکات
پاشان بڕیارەکەی بە خوداوەند ئایا(ئێنکی) گوت.



( چیرۆکی ئەفراندنی بابلی The Babylonian Creation Story

بە (ئینیما ئیلیش Enuma Elish) ناسراوە ، یەکەم دێڕی ئەم ئەفسانەیە بەم دەستەواژەیە دەست پێدەکات : واتای (ئەو کاتەی لە باڵادا) دەگەیەنێت ،ئەم داستانە لەسەر حەوت دەپی قوڕین نووسراون کۆی دێڕەکانی هەزار دێڕ دەبێت ، دەپە بەراییەکان لە کتێبخانەی پاشای ئاشووری ئاشور بانیپال (٦٦٨ – ٦٢٦ پ.ز) لە نەینەوا دۆزراونەتەوە ، دواتر دەپی دیکە دۆزراونەتەوە لە ئاشور (قەڵای شرقات) و (کیش) و (ئووروک-وەرکاء) و لە هەمووان چیرۆکێکی دروست پێکهات سەبارەت چیرۆکی ئەفراندن لای بابلییەکان .

یەکەم دوو بەیتی داستانەکە لە چیرۆکی ئەفراندن :

-ئینما ئیلیش لانبوء شمامو

-شابلیش ئامتم لازاکرات

بێگومان ئەم ئەفسانەیە هەرچەندە ناوی چیرۆکی ئەفراندنە ، مەبەست لە دانانی بەرز ڕاگرتنی خواوەندی بابل (مەردوخ) بووە ، بەهۆی ئەو پلە بەرزەی بە دەستی هێنا ،

له سه‌رده‌می ئیمپراتۆری بابل حه‌مورابی ، بوو به تاکه مه‌زنی خواوه‌نده‌کانی دیکه ، که‌چی پێشتر ئه‌و پله و پایه‌ی نه‌بوو .




ئه‌م ئه‌فسانه‌یه له په‌رسگه بابلیه‌کان ده‌خوێنرا و به هۆنراوه نووسرا بوو . مردوخ : کوڕی (ئیا) ی نۆبه‌ره‌یه ، ناوی واتای (کوڕی رووناکی ، یا کوڕی خۆر, ده‌گه‌یه‌نێت ، واته له خواوه‌ندانی خۆر یا ڕووناکی – رۆشناییه ، سه‌ره‌تا خواوه‌ندێکی جێواری (محلی) بوو ، ته‌نیا له شاری بابل ده‌په‌رسترا ، به‌ڵام له سه‌رده‌می بنه‌ماڵه‌ی یه‌که‌می بابل ، بنه‌ماڵه‌ی حامورابی پله و پایه‌ی به‌رز بوویه‌وه ، دوای ئه‌وه‌ی بابل بووه پایته‌ختی ئیمپراتۆریه‌تی یه‌کی گه‌وره و تا کۆتایی کلدانیان هه‌ر پله و پایه‌ی به‌رز بوو .

مه‌به‌ست له چیرۆکی ئه‌فراندن ، به‌رز ڕاگرتنی مه‌ردۆخ بووه ، بۆ به‌رزکردنه‌وه‌ی پله و پایه‌ی له‌نێو خواوه‌ندان ، خواوه‌ندان هه‌ڵیانبژارد بۆ شه‌ڕی (تیامت) ، ده‌په‌کانی چاره‌نووسی پێدرا ، خواوه‌ندانی له خراپه‌ی (تیامت) رزگارکرد ، ئه‌وانیش سیفه‌ته‌کانی خۆیانیان پێدا ، باوکی (ئیا) هه‌موو تواناکانی پێدا ، نهێنیی په‌ندزانی و زانیاری و بنچینه‌کان و نهێنییه‌کانی جادووی پێدا .

زۆر جاران بابلیەکان بە دوو گوێی درێژ وێنایان دەکرد ، واتە خاوەن پەندزانی و زانیارییە  هەموو ساڵێک ، لە سەری ساڵدا ، خواوەندانی بابل دەهێنرانە پەرسگە ی مەردوخ لە بابل و بە وجادەی بەکەژاوە ناسرابوو دەرشۆیشتن .

ژنی مردۆخ ناوی (سر بنیتم) واتە (گەشاوە ، بریسکەدار) بوو . پەرسگەی لە (ئیساکلا) لە بابل گەورەترین شوێن و پیرۆزترین شوێن بوو. )

د. فوزی رشید، ،الثورات الثقافية في معتقدات العراق القديم،مجلة افاق عربية،العدد (١٢)،اب ١٩٨٤.

پێڕست


- سەرهەڵدانی بیرو باوەڕە ئاینییەکان. 9-89

-بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی لە سەردەمی چاخەکانی پێش مێژوو و
پەیوەندیی  بە هونەری سۆمەرییەوە. 90-128

- سەرهەڵدانی ئایین و شارستانی و چاخە سەهۆڵینەکان. 129-196

- زیندە بەچاڵکردنی کچان و سیستەمی فرەمێردی لە چاخەکانی
پێش مێژوودا . 197-226

جادوو و پێوارزانی لای مرۆڤی کۆن 227-247

شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکان لە بیروباوەڕە کۆنەکانی عێراق 249-275

## سەرچاوەکان


- د. فوزی رشيد،الديانة-المعتقدات الدينية،حضارة العراق،تاليف نخبة من الباحثين العراقيين،ج ١ ، بغداد، 1985 .

- د. فوزی رشيد،حركة تحررية في فترة عصور ماقبل التأريخ وعلاقتها بالفن السومري،مجلة ( سومر) ،ج ١و٢ ،مجلد ٢٩، ١٩٧٣ .

-الدكتور فوزي رشيد ،نشأة الدين والحضارة والعصور الجليدية،مجلة ( سومر) ،ج ١و٢ ،مجلد 32، 1976 .

- د. فوزی رشيد،وئد البنات ونظام تعدد الازواج في عصور ما قبل التاريخ ،مجلة ( سومر) ،ج ١و٢ ،مجلد ٢٩، ١٩٧٣ .

**-جعفر عبد المهدي صاحب**، الذكرى الثانية عشر لرحيل العلامة الأستاذ الدكتور فوزي رشيد
**الحوار المتمدن-العدد: 7561 - 2023 / 3 / 25 - 07:53**
**المحور: مواضيع وابحاث سياسية**

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=787575

د. فوزی رشيد، السحر والعرافة لدى الانسان القديم ،افاق عربية ،مجلة فكرية شهرية عامة ،ژمارە(١)،ساڵی یازدەم، ١\١١\١٩٨٦

د. فوزی رشيد، ،الثورات الثقافية في معتقدات العراق القديم،مجلة افاق عربية،العدد (١٢)،اب ١٩٨٤.



**محەمەد وەسمان عەزیز**

لە دایکبووی: 1953/1/18- هەولێر

ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا

کارنامەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی:

* بواری کارکردن: نووسەرو رۆژنامەنووس: سەرنووسەری گۆڤاری داد.

* (20) ساڵ لە رۆژنامەی (هەرێم) و گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) کاری کردووە.

* ئەندامی لێژنەی بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی. لە (2008)ەوە تا (2019).

* ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردە.

* ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

بەرهەم و چاپکراوەکانی:

1- دەروازەیەکی زیندەوەرزانی, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, چ١, هەولێر, ٦٤ لاپەڕە, 1991.

2- بەرەو رۆشنبیری هاوچەرخ, هەولێر, ٤٨ لاپەڕە چاپی یەکەم، 1992.

3- د. شێرزاد نەجار، لەبارەی ڕۆشنبیری سیاسی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2002.

4- چەند لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوکراوەکانی بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر، 2004، 232 لاپەڕە.

5- کەسێتی تاکی عێراقی، نووسینی: د. عەلی وەردی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە, لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانکۆ, چ١, چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە, هەولێر, ٧٢ لاپەڕە. چاپی یەکەم، 2004.

6- ئینسایکلۆپیدیای فەیلەسوفان، م. رۆزنتال، ب. یوردین ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی 2004، 550 لاپەڕە.

7- گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، 2004، 75 لاپەڕە، قەبارە: (21×14. 5)سم.

8- ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر, 2005.

9- من گەورەبووم، ڕێبەری کچان, وەرگێڕان, لەلایەن وەزارەتی تەندروستی چاپ کراوە, (2005)

10- نوێگەری، کۆمەڵێک وتار، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی 2004، 107 لاپەڕە.

11- کریس هارمان، مارکسیزم چۆن کاردەکات، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، 2005.

12- د. شێرزاد نەجاڕ، هزرو سیاسەت، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان ( o. p. l. c)، چاپی یەکەم، هەولێر، 2005، 50 لاپەڕە.

13- ڕێبەری کابان بۆ شیرنەمەنی و چێشت لێنان، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، 2005.

14- نەوال سەعداوی، ڕوخساری رووتی ئافرەتی عەرەب، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان, چاپی یەکەم، 2006.

15- ئێرک فرۆم، هونەری خۆشەویستی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی چاپی یەکەم، 2006.

16- ئەجێندای کارەکان لە هەرێمی کوردستان، وەرگێڕان، هاوبەش, ژوورە بازرگانییەکانی هەرێم، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، 2007, ١٧٢ لاپەڕە.

17- فەلسەفەی دوالیزم لە هزری د. زەکی نەجیب مەحموددا، ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2007.

18- دەستوور کلیلی ماف و ئازادییەکانە، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی یاسایی لە کوردستان (O. P. L. C)، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008، 62 لاپەڕە.

19- کورتنووسیی لە زمانی کوردیدا، وەرگێڕان، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009.

20- ڕێسا بۆ فێربوونی ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتینی، ئامادەکردن، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2009، 76 لاپەڕە، قەبارە: (22×15. 5)سم، نرخ: (2000) دینار.

21- مێژوو و شارستانیەتی کورد، د. محەمەد مەحمود مەندەلاوی، لە لایەن دەزگای زهرە الرافدین بۆ ڕۆژنامەوانی و پەخش و بڵاوکردنەوە، بە هاوکاری کۆمپانیای ئاسیا سێل چاپکراوە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009، 367 لاپەڕە.

22- ئینگلیزی گشتگیر- ڕێبەرێکی گشتگیر بۆ ڕێزمانی ئینگلیزی، وەرگێڕان، هاوبەش، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.

23- ڕێبەر بۆ ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان، 2010.

24- بیبلۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی، بەشی یەکەم، زمان بەرگی یەکەم، هەولێر، 2010وەک ئەندامێکی لیژنەی بیبلۆگرافیا.

25- رەخنەو دەقی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2010.

26- فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان، چاپی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2011.

27- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969، تیایدا هەموو هەموارکردنەکان دەستنیشانکراون کە لە هەرێمی کوردستان- عێراق تا کاتی چاپکردنی کارپێکراون، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، هەولێر، 2011.

28- ئیتێکی ڕۆژنامەنووسی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2011، 91 لاپەڕە.

29- توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ٢٠١١, هاوبەش، رۆڵی رەگی کار لە زاراوەداناندا, ل ٢٤٥-٢٨٢, چاپخانەی رۆشنبیری چ١, هەولێر ٢٠١٢, ٣٧٠ لاپەڕە

30- سوقرات، وەرگێڕان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.

31- فەلسەفەی سۆفیگەری، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2010، 327 لاپەڕە.

32- لەبارەی سەرچاوەکانی پابەندبوون، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2013.

33- زمانی یاسا، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یاسایی لە کوردستان (o. p. l. c) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم هەولێر، 2013.

34- فەرهەنگی زاراوە یاساییەکان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2014.

35- دادکارییەکانی یاسای جێبەجێکردن، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەبایی, هەولێر، 2014

36- ڕێبەری داواشارستانییەکان، وەرگێڕان, هەولێر، 2015.

37- یاسای بازرگانی تیۆری گشتی, وەرگێڕان, نووسینی: د. باسم محمدصالح محمدسامی, چاپخانەی رۆژهەلات, چ٣, هەولێر, ٢٠١8, ٤١٥ لاپەڕە.

38- یاسای بازرگانی پەڕاوە بازرگانییەکان, وەرگێڕان, نووسینی: د. فوزی محمدسامی و د. فائق محمودالشماع, بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی تەبایی, چاپخانەی هێڤی, چ١, هەولێر2019, ٤٣٠ لاپەڕە.

39- فەرهەنگی نەوەکان- الاجیال, چاپخانەی سنوور، چاپی یەکەم، هەولێر، 2019. ٢٩٤ لاپەڕە.

40- ژیاندۆستی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سنوور، هەولێر، ژمارەی سپاردن، (596)، 2019، 275 لاپەڕە.

41- له ژیاننامەی فەیلەسووفان,چاپ: سنوور- هەولێر,نۆرەی چاپ: یەکەم: ٢٠٢٠,٥٦٤ل

42-زاراوەزانی,چاپخانەی سنوور,هەولێر,٢٠٢١

43-فەرهەنگی فەرهەنگەکان,بەهاوبەشی لە لێژنەی بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی,.٢٠٢٣

44- ئایینی سۆمەری، پوختەوشیکردنەوە،2024.

45- زانستی فەلسەفەکان ،2023..

46- سەرهەڵدانی بیرو باوەڕە ئاینییەکان ، د. فەوزی ڕەشید محەمەد بەرزنجی، وەرگێڕان، هەولێر-2024

فەیسبووک: MohamadWasman ژمارەی مۆبایل: 07504616628

**الدكتور فوزي رشيد**

**نشأة**

# المعتقدات الدينية

ترجمة

محمد وسمان

اربيل-2024